# هونەری ڕۆمان

**سەرچاوە :**
Milan Kundera
Die Kunst des Romans
Fischer Taschenbuchverlag
Frankfurt am Maink 1989

---

ناوی کتێب: هونەری ڕۆمان
نووسینی: میلان کۆندێرا
وەرگێڕانی: کەریم پەڕەنگ
بابەت: لێکۆڵینەوە
مۆنتاژی کۆمپیوتەر: سەیران عەبدولڕەحمان فەرەج
هەڵەچنی: سازان قادر
تیراژ: 1000 دانە
نرخ: 3000دینار
ژمارەی سپاردن: 1465 ی 2008
دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
چاپی : یەکەم ساڵی 2008
کوردستان -سلێمانی
www.serdam.net
www.serdam.info

---

میلان کۆندێرا

# هونەری ڕۆمان

کەریم پەڕەنگ
لە ئەڵمانییەوە وەریگێڕاوە

سلێمانی 2008

زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
کتێبی سەردەم ژمارە (460)

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە
**ئازاد بەرزنجی**

# بەشەکانی ئەم کتێبە


| | | |
|---|---|---|
| | پێشەکی وەرگێڕ | 7 |
| | پێشەکی نووسەر | 21 |
| بەشی یەکەم | میراتی دانپێدانەنراوی سێرڤانتەس | 25 |
| بەشی دووەم | گفتوگۆ دەربارەی هونەری ڕۆمان | 51 |
| بەشی سێیەم | تیبینی دەربارەی (خەوڕۆ)، بینای کاری هونەری | 83 |
| بەشی چوارەم | گفتوگۆ دەربارەی بینای کاری هونەری | 113 |
| بەشی پێنجەم | لە شوێنێک لە پشتەوە | 159 |
| بەشی شەشەم | شەستو یەک وشە | 187 |
| بەشی حەوتەم | وتاری ئورشەلیم: ڕۆمان و ئەورووپا | 229 |

# پێشەکی وەرگێڕ

ڕەنگ بێ نووسین دەربارەی داهێنان لە لایەن داهێنەر خۆیەوەو بەرجەستەکردنی ئەو پرۆسێسەی فانتازیای پێدەوترێ گەورەترین ئاستەنگێک بێ کە ڕوو بە ڕووی دەبنەوە. دەشێ ئەو ئەزموونانەی داهێنەر دەیانکا ببنە هەوێن و کەرەستەی داهێنانو سنوورە تەسکەکان بیەزێنن و ڕێگای بوونە دەق بگرنە بەر. ئەوەی دژوارو ئەستەمە هەوڵدانە بۆ بە عەقڵانیکردنو تیۆریزەکردنی پرۆسەی داهێنانو ڕۆچوون بە مێژووی ئەو ژانرەو تۆژینەوەی ڕەهەندەکانی. میلان کوندێرا وەکو ڕۆماننووسێکی خاوەن ئەزموونێکی کۆنو قووڵ هەوڵدەدا مێژووی ڕۆمان لە سێرڤانتسەوە هەتا کافکاو برۆخ، نەک هەر وەکو ژانرێکی ئەدەبی، بەڵکو وەکو دەروازەیەکی سەربەخۆ بۆ چوونە نێو جیهانەوە بەرجەستە بکا.

هەندێ نووسەر هەن کە هەمیشە خوێنەر بەوە گومڕا دەکەن کتێبەکانیان بە تۆپزیی بەرخۆریی بکەن، شێتۆکەییەکی وا بۆ خوێندنەوەی سەرجەمی کتێبو نووسینەکانیان پەرەپێدەدەن کە دەلاقەی خوێندنەوە قبوڵ ناکا، بێگومان میلان کوندێرا یەکێکە لەو نووسەرانە. دەمەوێ بڵێم: کاتێک خوێنەرێک ڕۆمانێکی کوندێرا دەخوێنێتەوە، دەیەوێ سەرجەم کتێبەکانی دیکەشی بخوێنێتەوە، گەر یەکێک لە ڕۆمانەکانیشی لە دەست بچێت هەست بە ویژدانکرۆژیی و

خالێتییەک لە پێگەیاندنی ڕۆشبیریی خۆیدا بکاتو هەست بە کەلێنێک لە کتێبخانەکەیدا بکات.

ڕەخنەگرێک- وا بزانم ئولریش گراینەر بوو، جارێکیان نووسیبووی، کە گولیە کوندێرا نووسەرێکە بۆ ژنە خوێنەرە مامناوەندییەکان، بێگومان ئەمە تەعبیرێکی نەیارانەیە، بەڵام لە لایەکی دیکەوە زۆر هەڵە نییە. هەر کەسێک کوندێرا بخوێنێتەوە دەزانێ چی چاوەڕوانی دەکا: مۆدێرنە لە بەرگێکی ئابو تابدراری ڕازاوەدا، نزیکبوونەوەی گێڕانەوە لە وتار، بە بیردا هاتنێکی کتوپڕی فەلسەفی یان دەروونزانیی، کە بەرگی بەسەرهاتێکی ڕوونو ئاشکرا بنەما بۆکراو و مۆدێل ئامێزی بۆ براوە، ژیریی بە بێ هەستیاریی. ئەم هێڵە هەر لە یەکەم ڕۆمانی کوندێراوە "گەمە" هەتا "ئاسانیی بووردەبار نەکراوی بوون" درێژ دەبێتەوە. مرۆڤ لای کوندێرا گومانی ئەوەی لێناکرێ هەواداری لەزەتی ساکار بێ، بەڵام ڕۆمانەکانی داواکاری مێشک گوشینیش نین بۆ تێگەیشتن لێیان.

کوندێرا لە پاڵ ڕۆمانو چیرۆکەوە هەمیشە وتاری نووسیوە، بە پلەی یەکەم دەربارەی پرسیارەکانی ئەدەب، بەڵام بە بێ ئەوەی ڕەهەندی سیاسەت ئافەرۆز بکا. وتاری کوندێرا دەتوانرێ لە ڕێی کۆششکاریی پەخشانەوە، لە ڕێی بەکارهێنانی چڕی هۆیەکانی ئەدەبەوە پێناسە بکرێ. بەمەش ئاسان نییە مەرزێکی جیاکەرەوە لە نێوان کاری گێڕانەوەو وتاری کوندێرادا بکێشین. ئەم کتێبەی لە بەردەستاندایە تێبینیو بیرکردنەوەن دەربارەی کێشە بنەڕەتییەکانی ئەدەب بە گشتییو

ڕۆمان بە تایبەتی، لێرەدا خوێنەر ڕوو بە ڕووی ئەو کارانە دەبێتەوە، کە کانۆنی کوندێرا پێکدەهێنن‌و لە سەرجەمیاندا سیگناڵی بڕیاری جۆرێکی گێڕانەوە لێدەدەن.

لە ساڵانی شەستەکاندا، کاتێک کوندێرا هێشتا لە دەرەوەی سنووری چیکوسلۆڤاکیادا نەدەناسرا، ئەو کاتە تەمەنی نەگەیشتبووە چل ساڵان، لە خوێندنگای فیلمدا لە پراگ وانەی ئەدەبی دەگوتەوە. هەر ئەو کاتە حەزو ئارەزووی خەملاوی ئەدەبیی هەبوو، ماندوو نەدەبوو بە جۆش‌و خرۆشێکی پەروەردەییەوە ریکلام بۆ هەڵبژاردە ئیستاتیکییەکانی بکا، کە دژی دۆگمای ریالیزمی سۆسیالیستی‌و ئەو ئیستاتیکایە بوو، کە لە ئەڵمانیا پرۆپاگەندەی بۆ دەکرا.

کوندێرا وەکو خۆی دەڵێ سوود لە ئەزموونەکانی زۆر لە ڕۆماننووسەکانی پێش خۆی وەردەگرێ. لە پاڵ دیدەرۆوە، رابەلێ، سێرڤانتەس، ستێرن، فیدلینگ، کافکا، موزیل، برۆخ، گۆمبرۆڤیچ، گارسیا مارکیز نموونەی ڕۆماننووسی سەدەکانی نۆزدە و بیستن. لە گەڵ ئەماندا بەڵگە دەهێنێتەوە، لە ڕێی ئەمانەوە، سەرەتا گشتیەکانی دەنەخشێنێ. بەڵام کوندێرا ریالیستەکانی ڕووس‌و فەرەنسی سەدەی نۆزدە باش دەناسێ بۆ ئەوەی هەندێ لە پرینسیپەکانی لە ڕێی ئەمانەوە بنوێنێ.

ئێمە ناتوانین حوکمی ئەوە بدەین، ئایا سەرقاڵبوونی کوندێرا بە مێژووی ڕۆمانەوە زۆر کاریگەریی لە سەر بەرهەمی خۆی هەبووە، یان پتر کاری ئەدەبیی ئاراستەی نیگای بەرەو مێژووی ئەدەب نەگۆڕیوە.

بەلام دەتوانین هێندە بڵێین کە ڕۆمان بەهایەکی بەرزی لە لای هەیەو چۆن فەلسەفە و ڕشتەکانی دیکەی بیرکردنەوە ڕێخۆشکەرن بۆ گۆڕینی جیهان، بە هەمان شێوەیش ڕۆمان لای کوندێرا دەروازەیەکی تایبەتە بۆ چوونە نێو جیهانەوەو هەوڵدانە بۆ گۆڕینی.

خوێنەری شارەزای وتارەکانی کوندێرا زۆر لە بیرۆکەکانی ئەم وتارانەدا دەبینێتەوە کە لە وتارەکانی دواتریدا بڵاو بوونەتەوە. وشەگەلی "کیچ"[1]، "گاڵتەوگەپ"و چەندان وشەی دیکە فەرهەنگی نووسینی کوندێرا پێکدەهێنن. خوێنەر وا هەست دەکا کوندێرا پرینسیپەکانی جارێکی دیکە خانەبەند دەکا، باشتر تەعبیریان لێدەکا.

---

[1] وەرگێڕانی چەمکی "کیچ" بۆ زمانی کوردی شتێکی ئاسان نییە، بەڵام دەتوانین کیچ وەکو تەعبیرێک لە هەستێکی عاتیفیانەی تاسەئامێزی نزم پێناسە بکەین، کە پێچەوانەی هەوڵێکە بۆ گوزارشتکردن لە حەقیقەت یان ئیستاتیکایەکی بەرز، ڕەخنەگرەکان بە ڕێگایەکی سانا بۆ گوزارشتکردن لە هەست بە کیچ ناوزەد دەکەن. لێرەدا نامەوێ درێژە بە پێناسەی کیچ بدەم بەڵام بە شێوەیەکی گشتیی دەتوانین بڵێین کیچ بە ئەدەبێکی سادەو ساکار دەوترێ، ئەم وشە ئەڵمانییە پەڕیوەتە نێو زمانی ئینگلیزیو فەرەنسیو بۆ هەمان مەبەست بە کاردەهێنرێ. "وشەی کیچ تەعبیر لە هەڵوێستی مرۆڤێک دەکا، کە بە نرخێک بێ و هەر چی چۆنێک بێ بە دڵی خەڵکێکی زۆر بێ. بۆ ئەوەی پەسەند بکرێ، دەبێ هەموو ئەو شتانە بسەلمێنرێ کە هەموو کەسێک ئارەزووی گوێلێبوونی هەیە، مرۆڤ دەبێ ستایشی ئاخاوتنە پووچەکان بکا. کیچ گواستنەوەی گەمژەیی ئاخاوتنە پووچەکانە بۆ زمانی جوانیی و عاتیفە. دەمانگەیەنێتە ڕشتنی فرمێسکی نیگەرانیی بۆ خودی خۆمان، دەربارەی ئەو شتە هیچو پووچانەی بیری لێدەکەینەوەو هەستی پێدەکەین". بڕوانە لاپەڕە 159ی ئەم کتێبە. (وەرگێڕ)

یەکێک لە خەسڵەتەکانی ئەم وتار و چاوپێکەوتنانەی ئەوەیە کە لە لێکۆڵینەوەی زانستیی جیاوازن، خۆی جەختی لێدەکا، کە بە هیچ شێوەیەک مەبەستی نووسینی وتاری زانستیو ئەکادیمی نییە، ئەم نووسینانە خودگەراترن. ئەو نەک هەر بۆی هەیە بڵێ "من"، بەڵکو دەبێ بڵێ "من". لەمەدا کوندێرا نموونەییە. بە بێ لووتبەرزیی خۆی دەهێنێتە قسە، گەر ئەوەی بینیویەتی یان بیستویەتی لە خزمەتی بەڵگەکانیدا بن، بە بێ هیچ بانگەشەیەکی خۆ بە زلزانین دەیانخاتە ڕوو، یان بۆچی هەندێ هەڵوێستگیریی بەرامبەر هەندێ شت هەیە، بێفیزانە بۆمان شی دەکاتەوە . ئەم هێنانە بەرباسی گۆشەنیگایانەو سەرهەڵدانیان هەتا بڵێی ڕێخۆشکەرو یارمەتیدەرن بۆ تێگەیشتن لە کارەکانی و کارئاسانیی بۆ خوێنەر دەکەن، بۆ ئەوەی باشتر لە پێگەی هەڵویستی نووسەر بگا .

کوندێرا چەند ساڵێکە بە زمانی فەرەنسی دەنووسێ. بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا-پاش ئەوەی ماوەیەک دوورەپەرێزی گرتبوو- بە خۆشحاڵییەوە دەگەڕێتەوە بۆ لای گەلی بچووکی چیک، گەر بیەوێ و نەیەوێ لە ناو ئەم گەلەوە سەری هەڵداوەو ئەزموونی نەتەوەیی وەکو تاراوگەی فەرەنسا خەملاندویەتی. بەڵام لەو ساڵانەیشدا کوندێرا خۆی لەوە بە دوور دەگرت، شوێنگەی فیگورەکانی بە چیکسلۆڤاکیا ناو بەرێ، خۆی دەڵێ: "بۆ ئەوەی ناوی وڵاتی فیگورەکانم بهێنم هەمیشە وشەی کۆنی مۆراڤیا بە کار دەهێنم. لە ڕوانگەی جوگرافیای سیاسییەوە

ناتەواوە (زۆر جار وەرگێڕەکانم یاخی دەبن)، بەڵام لە ڕوانگەی شیعرییەوە تاقە ناولێنانێکی شیاوە."

میلان کوندێرا لە ساڵی 1929دا لە شاری (برنەو)ی چیکوسلۆڤاکیا لە دایکبووەو یەکێکە لە نووسەرە چیکییە بەناوبانگەکان. میلان کوندێرا لە ڕێی پەخشانەکاری سێ بەرگیی "کتێبی پێکەنینی تەوساویی"یەوە ناو و دەنگی پەیداکرد. کوندێرا لە خێزانێکی بۆرژوازی کولتوور دۆستەوە چاوی هەڵهێناو گەورە بوو. لودڤیک کوندێرای باوکی زانستەوانی مۆسیقاو پیانۆژەنێکی ناودار بوو. دوا تر بووە بەڕێوەبەری ئەکادیمیای مۆسیقای برنەو. میلان هەر زوو فێری پیانۆ ژەنین بوو. هەر بۆیە مۆسیقا بە سەرجەمی کارەکانییەوە دیارەو زۆر لە داهێنانەکانی خەملاندووە. میلان کوندێرا هەر لە تەمەنی دواناوندییەوە دەستی بە شیعر نووسین کردووە. لە ساڵی 1945و لە تەمەنی دواناوەندیدا شیعری شاعیری ڕووسی ڤلادیمیر مایاکۆفسکی وەرگێڕایە سەر زمانی چیکی. ڕەنگ بێ لە ژێر کاریگەریی شیعری مایاکۆفسکیو لودڤیک کوندێرای ئامۆزایەوە بووبێ هەر بە تەمەنی هەرزەکاریی کەوتە بڵاوکردنەوەی یەکەمین هەوڵە شیعرییەکانی.

لە پاش جەنگ، پێش ئەوەی دەست بە خوێندنی دانیشگا بکا بە کرێکارییو وەکو مۆسیقاژەنی جاز بژێوی خۆی پەیدا دەکرد. وەکو زۆربەی هاوتەمەنەکانی بووە ئەندامی پارتی کۆمۆنیست. لە دانیشگا مۆسیقاو، زانستی مۆسیقاو ئەدەبی خوێند، بەڵام هەر زوو ڕشتەکەی

گۆڕییە ئەکادیمیای فیلمو سیناریۆو ڕێژی تەواو کرد. ئەو و نووسەرێکی دیکە لە بەر (تەکەتول دژی حیزب) لە حیزب دەرکرانو بۆ دوو ساڵیش خوێندنی لێپچڕێترا. کوندێرا بەهرەی لە ڕووداوەکانی ئەو کاتەوە وەرگرتووە بۆ نووسینی ڕۆمانی "گەمە". ساڵی 1967 کوندێرا لە پارتی کۆمۆنیست وەرگیرایەوە، بەلام ساڵی 1970 بۆ هەمیشە وەدەرنرا.

کوندێرا پاش تەواو کردنی خوێندن لە سەرەتاوە بووە وانەگۆ لە ئەکادیمیای هونەری مۆسیقا لە پراگو ئەدەبی جیهانیی دەوتەوە، لە کۆشیعری "مرۆڤ: باخچەیەکی دوور" ڕەخنەگرانە خۆی بە دۆکترینی فەرمیی ڕیالیزمی سۆسیالیستی چیکوسلۆڤاکیاوە سەرقاڵ کردووە، بەلام لە ڕوانگەیەکی بنەماگەیی کۆمۆنیستییەوە. شیعری "یەکی مایس"، کە کوندێرا ساڵی 1955 بڵاوی کردەوە، ڕێزلێنانێکی لە گەڵ سیستەمی ئەو کاتەدا گونجاوی بۆ "یولیوس فوچیک"ی دژە فاشیستو خەباتگێڕ نووسیوە. بەلام پاڵنەرێکی دیکەی کوندێرا لەم کارەشیدا ئامادەیە: کەلتوری گەلی مۆراڤا، کە ئەمەش بە سەرچەمی کارەکانی کوندێراوە دیارن، وەکو ڕەمزی بەهای ناسیۆنالیستیو نیشتمانپەروەریی بە کاردەهێنرێ.

لە دیوانی "مۆنۆلۆگ"ی ساڵی 1957 کوندێرا خۆی لە سیاسەت دوور دەخاتەوەو چەقی قورسایی تێڕامانی دەخاتە سەر پەیوەندییە نێو مرۆڤانەکان. کەشکۆڵێکی پڕ بە شیعری ئەڤینی ڕۆشنبیرانە موتربەکراو دەخاتە بەر نیگای خوێنەر.

کوندێرا وەکو زۆربەی نووسەرانو هونەرمەندان لە ساڵانی 1950اکانو سەرەتای شەستەکاندا تا ڕادەیەک لە گەڵ سیستەمی کۆمۆنیستی ئەو کاتەی چیکوسلۆڤاکیادا گونجاو بوو؛ لە زۆر لە گۆڤارە ئەدەبییەکاندا وتاری دەربارەی شیعری ئاڤانگارد دەنووسی. کۆنگرەی چوارەمی نووسەرانی چیک لە ساڵی 1967دا خاڵی وەرچەرخان لە ژیانی کولتووری چیکو پەرەسەندنی بەهاری پراگدا بەرجەستە دەکا. کوندێرا بووە فیگەری ڕەمزیی ئەم بزاوتە، ئەو بزاوتەی کە ڕابوو و داوای ئازادیی ئەدەبو هونەری دەکرد. لە بەشی فیلم ئەدەبی جیهانیی دەوتەوە، پاشان بووە پرۆفیسۆر لە ڕشتەی فلیمی ئەکادیمیای پراگ بۆ مۆسیقاو دراما. لەو ماوەیەدا چەندان شیعر و وتار و شانۆنامەی بڵاو کردەوە. لە هەمان کاتدا ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤارە ئەدەبییەکانی "ئەدەبی نوێ("Literarni noviny") و ("پەڕە" ("Listy") بوو. لە ساڵی 1948 دا وەکو زۆربەی ڕووناکبیرەکان بە جۆشو خرۆشەوە بووە ئەندامی پاری کۆمۆنیست لە ساڵی 1950 دا لە بەر مەیلی تاکگەرایی لە پارت دەرکرا. دوای تەواوکردنی خوێندنی دانیشگا بووە وانەگوی ئەدەبی جیهانی لە ڕشتەی فلیم. لە ساڵی 1956 هەتا ساڵی 1970 جارێکی دیکە ئەندامی پارتی کۆمۆنیست بوو. لە ساڵی 1953دا یەکەم کتێبی بڵاوکردەوەو لە ناوەڕاستی ساڵەکانی پەنجادا وەکو وەرگێڕو وتارنووسو شانۆنامەکار کاری دەکرد. کوندێرا لە ڕێی کۆی بەرهەمە شیعرییەکانیو بەرهەمە پەخشانییە

سێیەرگییەکەی "کتێبی ئەوینی تەوساوی" کە لە نێوان ساڵانی 1958و 1968دا سەریان هەڵداو بڵاوکرانەوە ناوبانگی دەرکرد. لە یەکەم ڕۆمانیدا "گەمە"و لە چیرۆکی یەکەمی "کتێبی ئەڤینی تەوساوی" خۆی بە ستالینیزمەوە سەرقاڵ کردووەو مەحاڵیی کۆنترۆڵکردنی واقیعو ڕەخنەی بنەمایی کوندێرا لە تۆتالیتاریزم ڕەنگەدەنەوە. دواتر "کتێبی ئەڤینی تەوساوی" لە لایەن کوندێرا خۆیەوە بە یەکەم کتێبی "ڕەخساو" لە قەڵەم دراوە. بەوەی لە حەوت کورتەچیرۆکدا پەیوەندییە نێو مرۆییەکان دەگێڕێتەوە، لە هەمان کاتدا پەردە لە سەر چەمکگەلی ڕاستیی و درۆ، متمانەو فریو هەڵدەداتەوە.

پاش لەشکرکێشیی سۆڤیەت لە 21.08.1968داو کۆتایی بەهاری پراگ کۆتایی بە قۆناغی ئازادیی کەلتوورو میدیا لە چیکوسلۆڤاکیادا هێنرا. ستالینیزم بە سەرومڕیی گەڕایەوە. وەکو یەکێک لە کارا سەرەکییەکانی بزاوتی ڕیفۆرمو "بەهاری پراگ" پایەی وەکو یاریدەدەری پرۆفیسۆر لە دەستداو کتێبەکانی لە سەرجەم کتێبخانە گشتییەکان دوورخرانەوەو لە بەر چالاکیی لە بەهاری پراگدا لە 1970ەوە بڵاوکردنەوەی لێقەدەغەکرا. لە "ژیان لە جێگەیەکی دیکەیە"و لە "ڤاڵسی ماڵئاواییی"[1]دا کوندێرا تەسفیەی حیسابی ڕابردووی کۆمۆنیستانەی خۆی دەکا. لە بەر ئەوەی لە ژیانی کەلتووریی چیکدا بە کەسیەتییەکی

---

[1] ئەم ڕۆمانەی کوندێرا ڕەووف بێگەرد لە فارسییەوە وەریگێڕاوە، لە ساڵی 2002دا دەزگای چاپو پەخشی سەردەم بڵاویکردۆتەوە، بەڵام نازانم بۆچی ناوی ڕۆمانەکە بووە بە "ئاهەنگی ماڵئاوایی". (وەرگێڕی کوردی)

بێ رمود ناوزەد کرابوو، بڵاوکرینەوەی ڕۆمانو وتارەکانی لە وڵاتەکەیدا مەحاڵ بوو، ئەم دوو کتێبە بە بێ ڕەچاوکردنی سیاسەتو سانسۆر بڵاوبوونەوە. لە ئازادییەکی هونەریی و ڕوونییەکی زمانی تازە دۆزراوە دا کوندێرا دەیەوێ جیهانبینی خۆی بخاتە ڕوو.

ئەم دوو کارە دوا کاری کوندێرا نەبوون، بەڵام دوا کارەکانی بوون لە چیکوسلۆڤاکیا. لە ساڵی 1975دا پەیماننامەیەکی وانە وتنەوەی لە دانیشگای ڕێنیە (بریتان، فەرەنسا) وەرگرت، وڵاتەکەی بە جێهێشتو لەو ساوە لە پاریس دەژی. لە ساڵی 1979دا وەکو کاردانەوەیەک بۆ "کتێبی پێکەنینو لە بیرچوونەوە" کە کوندێرا ساڵی 1978 نووسی، دیسان کوندێرا تەسفیەی حیسابی لە گەڵ ڕابردووی کۆمۆنیستی خۆی کرد، ڕژێمی چیک ڕەگەزنامەی وڵاتەکەی لێسەندەوە. ڕۆمانەکانی دوایی لە چیکوسلۆڤاکیا قەدەغەکران. لە ساڵی 1981ەوە ڕەگەزنامەی فەرەنسی هەیە. لە ساڵی 1982دا ڕۆمانی "ئاسانیی بووردەبارنەکراوی بوون" کوندێرای بە جیهان ناساند.

"نەمریی" یەکەم ڕۆمانێتی کە لە فەرەنسا نووسیویەتی. لە ڕۆمانی "نەمریی"دا بۆ یەکەمجار کاراکتەرەکانی مۆراڤاییو چیکی نین و مەیدانی ڕووداوەکان مۆراڤیاو چیک نین. ئەم ڕۆمانە دەتوانرێ وەکو یەکەمین ڕۆمانی فەرەنسی کوندێرا لە قەڵەم بدرێ لە گەڵ ئەوەیشدا کە بە زمانی فەرەنسی نەنووسراوە، ئەم ڕۆمانە نە کەشو هەواکەی کەشو هەوای چیکە، نە کەسایەتییەکانی چیکین. ئەمە و ئەو ڕۆمانەی بە دوایدا هات

"لەسەرخۆیی"، کە یەکەمین ڕۆمانی کوندێرایە بە فەرەنسی نووسرابێ و ساڵی 1994 بڵاو بوویەوەو ڕەخنە لە ژیاری ئەورووپای ڕۆژئاوا لە کۆتایی سەدەی بیستدا دەگرێو سەرزەنشتی سەناعیەتو تەکنۆکراتیاو نامرۆڤایەتی کۆمەڵگای سەرمایەداریی دەکا.

ڕۆمانی دووەمی بە زمانی فەرەنسی نووسراوی کوندێرا "شوناسنامە"یە، ئەمیشیان وەکو "لەسەرخۆیی" ڕۆمانێکی ئەڤینی سەرنجڕاکێشە، کە بەهای خۆشەویستیی لە جیهانێکی نەیار و ساکاری مۆدێرندا بەرز دەنرخێنێ.

کاری سێیەمی لە "بازنەی فەرەنسیدا"، ڕۆمانی "ئاگالێنەبوون"ە[1]، کە ساڵی 2000 نووسراوە، وەکو زۆر لە ڕۆمانەکانی پێشوی بە قەبارە بچووکو لاپەڕە کەمو کەم کاراکتەرە، بەڵام هەتا بڵێی چڕو پشتینە بە گێڕانەوە دەوڵەمەندە. لەم ڕۆمانەیدا لە بەدحاڵیبوونو ئاڵۆزیی ئەڤین دەدوێو ئەو مەحاڵییەی کە ناتوانین بگەڕێینەوە بۆ بنجو بنەوانی خۆشەویستییو تێگەیشتن لە هۆکار و پاڵپێوەنەرەکانی.

لە ساڵی 1985ەوە کوندێرا تەنیا چاوپێکەوتن بە نووسین دەکا، چونکە زۆریەی کاتەکان وای هەست دەکرد، هەڤپەیڤینەکانی بە ناتەواویی و هەڵە دەنووسرێنەوە. لە ساڵی 1986دا یەکەم کاری

---

[1] ئەم ڕۆمانە ئەحمەدی مەلا لە فەرەنسییەوە وەریگێڕاوە، لە ساڵی 2003دا دەزگای چاپ و پەخشی ئاراس بڵاویکردۆتەوە، بەڵام نازانم بۆ ناوەکەی بۆ " خاتون T" گۆڕیوە. (وەرگێڕی کوردی)

تۆژینەوەی بە فەرەنسی نووسراوی "هونەری ڕۆمان" „ L'Art du Roman"ی بڵاو کردەوە.. وانە وتنەوەی لە بواری زانستی بەراوردکاریی زماندا لە ژانکۆی ڕێنیە هەتا ساڵی 1978 درێژەی کێشا. لە ساڵی 1991ەوە کوندێرا ئەندامی لێژنەی سەرپەرشتیاری دەزگای بڵاوکردنەوەی گالیمارە لە پاریس. لە ساڵی 1994دا وتاری "میراتە خیانەتلێکراوەکانی" بڵاو کردەوە، کە ڕوو بە ڕووبوونەوەیەکە لە گەڵ شێوێنەر و ڕاڤەگەر و وەرگێڕەکاندا، کە کوندێرا خۆیشی بە یەکێک لە قوربانییەکانیانی ئەوان دەزانێ. لە ئەڵمانیا داوای کرد ڕۆمانەکانی سەر لە نوێ وەربگێڕدرێنەوە، لە فەرەنسا خۆی بە هەموو کارە لە چیکییەوە وەرگێڕاوەکانیدا چووەوە. ڕۆمانە نوێیەکانی کوندێرا "لە سەرخۆیی" (1994)و "شوناسنامە" (1998)ن. لە ساڵی 2000دا کوندێرا ڕۆمانی "ئاگالێنەبوون"ی لە سەرەتاوە بە ئیسپانی، لە پاشدا لە ساڵی 2001دا بە فەرەنسیو ئەڵمانی بڵاوکردەوە.

کوندێرا وەکو خۆی جەختی لێدەکاتەوە هەوێنی ڕۆمانەکانی لە ڕێنیسانسو ڕۆشنگەریی وەردەگرێ، بە تایبەتی لە کارەکانی بۆکاچیۆ، ڕێیەلیە، ستێرنە، دیدەرۆ، بەڵام هەروەها لە کارەکانی گۆمبرۆڤیتس، برۆخ، موزیل ،کافکاو هایدێگەر. نەک تەنیا دەزگای بڵاوکردنەوەکانی، بەڵکو ڕەخنەگرەکانیش ئەمڕۆ کوندێرا بە ڕۆماننووسێکی گەورەی نیوەی دووەمی سەدەی پێشوو و کتێبەکانی بە باشترین کتێبەکانی سەدەی بیست ناوزەد دەکەن. باشترین کتێبی کوندێراو پڕفرۆشترین کتێبی لە گۆشەنیگای

بازرگانییەوە "ئاسانیی بووردەبارنەکراوی بوون"ە کە ساڵی 1982 بڵاوی کردۆتەوە، بە پێچەوانەی ئەو نووسەرانەوە کە ئاڵودەی جەماوەرو قەڵەباڵغین، لە ڕەوتی ساڵاندا کوندێرا ئەو ڕەفتارەی کردۆتە کەلتوور، وەکو شەخس هەمیشە خۆی لە پشتی کتێبەکانییەوە بشاریتەوە .

ئەم کۆمەڵە وتارەی لە بەردەستاندایە لە گەرمەی شەڕی ساردبا نووسراون، ڕەنگ بێ لە هەندێ شوێندا ئەو ئاماژانەی کوندێرا بۆ ئەو سەردەمە بە تایبەتی بۆ خوێنەرگەلێکی لاو کە لەو سەردەمەدا نەژیاون هەنوکەیی نەبنو ئەبستراکت بێنە بەرچاو، بەڵام لە سیاقی خوێندنەوەدا خوێنەر بۆی دەردەکەوێ مەبەستی کوندێرا لەو ئاماژانە بۆ ئەو ئەدەبە ریالیزمییە سۆسیالیستییە فەرمییەیە کە لەو ساڵانەدا لە وڵاتانی بە ناو سۆسیالیستیدا سەروەر بوو. بۆ تێگەیشتن لە تاوبانەوەکانی کوندێرا ئاماژەکانیم بۆ ئەو ئەدەبەو لەو سەردەمەدا لە وڵاتانی سۆڤیەتو چیکوسلۆڤیاکیادا سەروەر بوون لا نەبردن و وەکو خۆی وەرمگێڕان.

کرستیان سالمۆن شارەزایەکی باشی داهێنانی کوندێرایەو لە میانەی گفتوگۆکانیدا کوندێرا دەدوێنێ و زۆر نهێنیو پەنهانیی ڕۆمانەکانی پێدەدرکێنێ. دەتوانین ئەم گفتو گۆیانە وەکو نموونە وەربگرینو زۆر شتیان لێوە فێربین، کوندێرا دەزانێ چۆن وەڵامی پرسیارەکان بداتەوەو

دەزانێ نەک هەر سالمۆن بەڵکو خوێنەری ڕۆمانەکانی بە شێوەیەکی گشتیی دەیانەوێ گوێیان لە چی بێ.[1]

لە " شەستو یەک وشە"دا کوندێرا بۆ ڕیگەئاسانکردن بۆ خوێنەر بۆ باشتر تێگەیشتن لە ڕۆمانەکانی ئەو وشانەی وەکو شەبەنگێک بە زۆربەی ڕۆمانەکانییەوە دیارن ڕاڤە دەکاتو خۆی بە وشە کلیلییەکان ناوزەدیان دەکات. ئەم فەرهەنگۆکە کلیلی زۆر لە دەرگای ڕۆمانەکانی کوندێرامان دەدەنە دەست بۆ ئاسانکردنی گەشتەکانمان بە جیهانی ئەودا.

کەریم پەڕەنگ

ڤیێنا 17.12.2007

---

[1] بۆ نووسینی ئەم پێشەکیو ژیننامەیەی کوندێرا سود لە ڕۆمانەکانیو توێژینەوەکانیو وێبسایتەکەی خۆی بە ئەڵمانیو http://www.kundera.de و فەرهەنگی http://de.wikipedia.org/wiki/Milan_Kundera وەرگێڕاوە. (وەرگێڕی کوردی)

# پێشەکی نووسەر

لە گەڵ ئەوەشدا ئەم دەقانەی بەردەستتان هەر یەکەو سەرهەڵدانی سوپاسگوزاری هۆیەکی جیاوازی کۆنکریتییە، بەو مەبەستەوە بەرنامەڕێژیم بۆ کردوون، دواییتر وەکو کەوماڵی بیرکردنەوەم دەربارەی هونەری ڕۆمان لە وتارێکدا کۆیان بکەمەوە.

(دەبێ جەختی لێبکەمەوە، کە من کەمترین تەماحی تیۆریم نییە، کە سەرجەمی ئەم کتێبە لە دانپێدانانێکی پیادەکارێک پتر نین؟ کاری ڕۆماننووسێک هەمیشە گوزارشت لێنەکراو وێنایەکی مێژووی ڕۆمانی لە خۆ گرتووە، وێنایەکی ئەوەی،، ڕۆمان چییە؛ ویستم ئەم وێنایەی ڕۆمان کە ڕۆمانەکانم لێوە سەرچاوە دەگرن گوزارشت لێبکەم.)

لە میراتی دان پێدانەنراوی سێرڤانتس[1]دا لە بەراییدا «چەند وتارێک لە حەوت بەشدا» بۆچوونی شەخسیی خۆم دەربارەی ڕۆمانی ئەوروپی بەرجەستە دەکەم.

پێش چەند ساڵێک کرستیان سالمۆن بۆ گۆڤاری نیۆرکی Paris- review دەربارەی منو عادەتی نووسەرانەم چاوپێکەوتنی لە گەڵ کردم. هەر زوو ئەو چاوپێکەوتنە بووە دیالۆگ دەربارەی ئەزموونە

---

[1] لێکچەر لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا (1983) ئەڵمانیەکەی لە die Zeit دا.

پراکتیکییەکانم لە گەڵ هونەری ڕۆماندا. من دابەشمکردنە سەر دوو دەقی ناوابەستە بە یەک، دەقی یەکەمی، بەشی دووەمی ئەم کتێبە پێکدەهێنێ.

بە هۆی دووبارە چاپکردنەوەی خەوڕۆ لە دەسگای گالیمارد بە مەبەستی بەشداریکردن بۆ جارێکی دیکە دۆزینەوەی بڕۆخەوە لە Nouvel Observateur وتاری[1] Le testament des «Somnabules» م نووسی لە بەر ئەوەی Introduction à Hermann Broch ی نایابی گەی سکارپیتاس دەرچوو، دەستبەرداری ئەوە بووم لێرەدا جارێکی دیکە چاپی بکەمەوە. بەڵام لە بەر ئەوەی کە خەوڕۆ لە مێژووی شەخسیی ڕۆمانی مندا شوێنگەیەکی تایبەتی هەیە، نەمتوانی بە سەریدا تێپەڕم، وەکو بەشی سێیەم تێبینی بە هۆی «خەوڕۆ»وەم نووسی، ئەنجامی

تاودانەوە، کە ئەم کارە زۆر ڕاڤە ناکەن، بەڵکو گوزارشت لەوە دەکەن، من چەند قەرزاریم، ئێمە چەند قەرزارین.

لە بەشی دووەمی دیالۆگ لە گەڵ کرستیان سالمۆن، لە گفت و گۆ دەربارەی هونەری بینای کاری هونەریی، لە ڕێی ڕۆمانەکانی خۆمەوە کێشەی هونەریی، «کاری دەستیی» ڕۆمانەوە، بە تایبەتی کێشەی بیناسازییەوە تاوتوێ دەکرێ.

---

[1] لە: Broch Materialien, hrsg. Von Paul M. L□tzler, Frankfurt/Main 1986.

له شوێنێک، له پشته‌وه[1] کورته‌یه‌کی ڕاو بۆچوونی منه ده‌رباره‌ی ڕۆمانه‌کانی کافکا.

شه‌ستو یه‌ک وشه[2] فه‌رهه‌نگی وشه کلیلییه‌کانی ڕۆمانه‌کانم و وشه کلیلییه‌کانی ئیستاتیکای ڕۆمانی منه.

**له به‌هاری** 1985**دا**

---

[1] لێکچه‌ر له مه‌کسیک له سالّی 1979 دا.

[2] ڕوونووسێکی ئه‌م ده‌قه، Quatre-vingt-neuf mots، له Le D□bat (1985) بلاّو بوویه‌وه.

# بەشی یەکەم

## میراتی دانپێدانەنراوی سێرڤانتەس

## 1

ئێدموند هوسەرڵ لە ساڵی 1935دا، واتە سێ ساڵ پێش مردنی، لە ڤیێنا و پراگ لێکچەرە بەناوبانگەکانی دەربارەی قەیرانی مرۆڤبوونی ئەوروپی دەووتەوە. بە ئاوەڵناوی "ئەوروپی" ئەو شوناسنامە ڕۆحییەی ناوزەد دەکرد، کە بۆ دەرەوەی جوگرافیای ئەوروپا (بۆ نموونە لە ئەمەریکا) فراوان بوویەوەو سەرەتای بە فەلسەفەی یۆنانییە کۆنەکان دەستی پێکرد. بە ڕای وی ئەم فەلسەفەیە بۆ یەکەمجار لە مێژوودا جیهان (بە سەرجەم)، وەکو پرسێکی چارەسەرکراو تێدەگا. ئەم فەلسەفەیە ناپرسێ بۆ ئەوەی پێویستییەکی پراکتیکی (عەمەلی) دیاریکراو ڕایی بکا، بەڵکو لە بەر ئەوەی "جۆش و خرۆشی کۆششێکی مەعریفە مرۆڤی" داگرتووە.

هوسەرڵ ئەم تەنگژییەی هێندە بە قووڵ دەزانی کە لە خۆی بپرسێ، ئایا ئەوروپا لە توانایدایە بە سەر ئەم تەنگژییەدا زاڵببێ؟ بە ڕای وی ئەم تەنگژییە لە گەڵ سەردەمی نوێدا، لە گەڵ گالیلۆ و دیکارتداو لە ئەنجامی یەکلایەنی زانستە سروشتییەکانی ئەوروپاوە دەستی پێکردووە. ئەو زانستەی دنیا تەنیا بۆ تۆژینەوەی بابەتێکی تەکنیکی-ماتماتیکی کورت دەکاتەوەو جیهانی کۆنکریتی ژیان، جیهانی ژیان، وەکو هوسەرڵ گوزارشتی لێدەکا، لە بازنەی ڕووخساری خۆیان دوور خستۆتەوە.

گەشەی زانستە سروشتییەکان مرۆڤی بەرەو دەربەندی ڕشتە تایبەتییەکان پاڵنا. هەتا مرۆڤ پتر زانستی وەدەست دەهێنا، پتر

سەرجەمی دنیاو خۆی لە بەر چاو ونەبوو و بەم جۆرەیش ڕۆچوو، بەو جۆرەی هایدێگەری قوتابی هوسەرڵ بە دەستەواژەیەکی جوانو تەلیسماویی بە "لە بیر چوونەوەی بوون"ی ناوزەد کرد.

ئەو مرۆڤەی ڕۆژێک لە ڕۆژان لە لایەن دیکارتەوە بۆ "سەروەر و خاوەنی سروشت" بەرز کرابوویەوە دەبێتە بابەتی هێزەکان (تەکنیک، سیاسەتو مێژوو)، ئەو بابەتانەی تێیدەپەڕێن، شتی باشتر وەدەست دەهێننو داگیری دەکەن. بۆ ئەم هێزانە، بوونی کۆنکریتی، "جیهانی ژیان"ی هیچ بەهاو مانایەکی نەماوە؛ ئەو جیهانەی هەر لە دەستپێکەوە ئافەرۆز دەکرێو لە بیر دەکرێ.

## 2

بەڵام ساویلکانە دەبێ بەو توند و تیژییەی سەردەمی نوێ تێی دەنوارێ تەنیا وەکو مەحکومکردن بنرخێنرێ. ئەوەی زیاتر مەبەستمە ئەوەیە، کە ئەم دوو فەیلەسووفە مەزنە پەردەیان لە سەر دوو مانایی ئەو قۆناغە هەڵداوەتەوە کە هاوکات داڕوخانو گەشەکردنەو وەکو هەموو شتێکی مرۆڤانە تۆوی کۆتایی خۆی لە گەڵ لە دایکبوونیدا لە خودی خۆیدا هەڵگرتووە. لە دیدی منەوە ئەم دوو ماناییە لە نرخی ئەم چوار سەد ساڵەی ڕابردووی ئەورووپا کەم ناکاتەوە؛ من زیاتر هەست بە پابەندبوونی خۆمیان پێوە دەکەم، کە من فەیلەسوف نیم، بەڵکو ڕۆماننووسم. لە بەر ئەوە بۆ من نەک هەر دێکارت، بەڵکو (سێرڤانتەس)یش دامەزرێنەری سەردەمی نوێیە.

لەوانەیە ئەم دوو دیاردەگەرە لە حوکمیاندا دەربارەی سەرەدەمی نوێ کەم ڕەچاویان کردبێ. بەمە دەمەوێ بڵێم: گەر ڕاست بێ، کە فەیلەسوفـو زانستەکانی سروشت بوونی مرۆڤیان لە بیر کردووە، ئەوا ڕوونو ئاشکرا تر دەبێ کە لە گەڵ سێرڤانتەسدا هونەرێکی ئەورووپی مەزن شێوەی خۆی وەرەگرێ، هونەرێک کە ئەم بوونە لە بیرکراوە دەپشکنێ.

لە ڕاستیدا هەموو تێما مەزنەکانی وجود، کە هایدێگەر لە *بوونو کات*دا ڕاڤەیان دەکاو لەو بڕوایەدایە ئەم تێمایانە لە لایەن سەرجەمی فەیلەسوفانی پێشووی ئەورووپاوە پشتگوێ خراون، ڕۆمان لە گەشەکردنی پتر لە چوار سەدەی خۆیدا (لە چوار سەدەی دۆنادۆنی بەردەوامی ڕۆمانی ئەورووپیدا) ئەو تێمایانەی پیشانداوە، خستویانیەتیە ڕوو و ڕووناکی خستونەتە سەر. ڕۆمان بەرە، بەرە، بە جۆری خۆیو بە پێودانگی لۆژیکی خۆی، لایەنە جیاوازەکانی وجودی دۆزیوەتەوە: لەگەڵ هاوچەرخەکانی سێرڤانتەسدا پرسیاری سەرەڕۆیی (مغامرە) قوتدەکاتەوە، لە گەڵ سامویل ریچاردسندا دەست بە تۆژینەوەی "چی لە ناخدا ڕوودەدا" دەکاو پەنجە نومای نهێنییەکانی ژیانی هەست دەکا؛ لە گەڵ بەلزاکدا ڕەگداکوتانی مرۆڤ لە مێژوودا دەدۆزێتەوە؛ لە گەڵ فلاوبێرتدا دەڤەرێکی تا ئەو کاتە نەناسراو دەپشکنێ، خاکێکی نەدۆزراوەی ڕۆژانە، لەگەڵ تۆڵستۆیدا خۆی بە بڕیار و جۆری ڕەفتارە ناعەقڵانییەکانی مرۆڤەوە خەریک دەکا. ئەمجا بە دووای قووڵاییەکانی

کاتدا دەگەڕێ: لە گەڵ مارسیل پرۆستدا گەڕان بە دوای ئەو شتانەی کە گوزەراوون و دەستیان پێیناگا، لە گەڵ جەیمس جۆیسدا گەڕان بە دووای چرکەساتەکانی ئێستاو دەست پێنەگەیشتنیان دەست پێدەکا، لە گەڵ تۆماس ماندا لە رۆڵی ئەو ئەفسانە هەرەکۆنانەی لە دوورەوە هەنگاوەکانمان ئاراستە دەکەن دەکۆڵێتەوە. هەتا دوولیی، هەتا دوولیی.

لە دەستپێکی سەردەمی نوێوە رۆمان هاوڕێیەکی هەمیشەیی و دڵسۆزی مرۆڤ بووە. »کۆششی بە جۆش و خرۆش بۆ مەعریفە« (کە بە رای هوسەرڵ جەوهەری راستەقینەی عەقڵانیەتی ئەوروپی پێکدەهێنێ) خۆی بە سەر رۆماندا زاڵکرد، بۆ ئەوەی لە ژیانی کۆنکریت (بەرجەستە)ی مرۆڤ بکۆڵێتەوە و لە »بیرچوونەوەی بوون« ی بپارێزێ؛ بۆ ئەوەی »دنیای ژیان« هەمیشە رووناک بکرێتەوە. بەم مانایە لە هێرمان برۆخ تێدەگەم و لە گەڵیدا هاوڕای ئەو لێبڕاوییەم کاتێ دووبارەی دەکردەوە: تاقە پاساوی بوونی رۆمانێک لەوەدایە کە لایەنێکی نەناسراوی ژیان بدۆزێتەوە، نەک تەنیا هەر ئەوەندە، بەڵکو لایەنێک کە تەنیا رۆمان دەتوانێ بیدۆزێتەوە. رۆمانێک تا ئێستا بوارێکی نەناسراوی بوون نەدۆزێتەوە بێ مۆراڵە. مەعریفە تاقە مۆراڵی رۆمانە.

حەز دەکەم ئەمەیشی بخەمە سەر: رۆمان کاری ئەوروپایە؛ دۆزینەوەکانی، ئەگەر چیی بە زمانی جیاواز بە ئەنجامگەیاندراوون، هی هەموو ئەوروپان. مێژووی رۆمانی ئەوروپی لە ***دۆزینەوە یەک لە دووای یەکەکان*** پێکهاتووە (نەک لە کۆی ئەو شتانەی نووسراون)،

تەنیا لەم هاوپەیوەندییەی بان نەتەوەوە دەتوانین بە ڕاستی لە بەهای کارێک (واتە مەودای دۆزینەوەی) بڕوانین و تێی بگەین.

## 3

کاتێک خودا بە کاوەخۆ ئەو جێیەی چۆڵکرد کە گەردوون و نەزمی بەهای لێوە دەئاژووی، باشی لە خراپ جودا کردەوەو هەر شتەو مانای خۆی پێبەخشی، دۆن کیخۆتە لە ماڵەکەی هاتە دەرێ و نەیتوانی دنیا بناسێتەوە. چونکە لە نائامادەیی بەرزترین حاکمدا لە پڕ دنیا لە فرەمانایییەکی دژواردا دەرکەوت؛ تاقە حەقیقەتی خوایی بۆ سەدان حەقیقەتی ڕێژەیی پارچە پارچە بوو، مرۆڤیش لەم حەقیقەتە ڕێژەییانە دا پشکی هەبوو. بەمجۆرە دنیای سەردەمی نوێ و لە گەڵیدا ڕۆمان وەکو وێنەو نموونەی سەردەمی نوێ سەریانهەڵدا.

ئەگەر دیکارت منی بیرکەرەوەی بە بنەمای هەموو شتێکو هەموو کەسێک دەزانی، بەمە بە تەنیا ڕوو بە ڕووی گەردوون دەبوەوە، ئەمە هەڵوێستێکە، هێگل بە حەق بە هەڵوێستێکی پاڵەوانانە ناوزەدی کرد بوو.

کە سێرڤانتەس جیهان بە فرەمانا تێگەیشتو لە جیاتی بەرامبەر تەنیا حەقیقەتێکی تاق و تەنیای ڕەها، لە بەرامبەر کۆمەڵێ حەقیقەتی ڕێژەیی و ناکۆک ڕاوەستا (حەقیقەتگەلێک کە لە لایەن منی خەیاڵییەوە بەرجەستە دەبن و فیگوریان ناو دەنرێ)، ئەگەر بەمەش تاقە یەقینی

*حیکمەتی گومانی هەبوون* هەبوو، ئەوا پێویستی بە لای کەمەوە بە هێزێکی وەکو ئەوی پێشووتر هەیە .

ڕۆمانە مەزنەکەی سێرڤانتەس دەیەوێ بڵێ چی؟ دەربارەی ئەم بابەتە نووسینێکی زۆر هەیە . هەندێک لەم ڕۆمانەدا ڕەخنەیەکی عەقڵانی لە ئیدیالیزمی تەمو مژاوی دۆن کیخۆتە دەبینن. هەندێکی دی بە خرۆشاندنی ئیدیالیزمێکی لەو بابەتەی تێدەگەن. ئەم ڕاڤانە هەردووکیان هەڵەن، چونکە لەو بڕوایەدان کە بنەمای ڕۆمان پرسیار کردن نییە، بەڵکو حوکمێکی مۆراڵیی پێشوەخت دراوە .

مرۆڤ جیهانێکی دەوێ تیایدا باش‌و خراپ بە ڕوونیی لە یەکدی هەڵاوێر درابن، مرۆڤ بەو داواکارییە زگماکە خەملاوە حوکم بدا پێش ئەوەی تێبگا. ئایین‌و ئایدۆلۆژییەکانیش هەر لەم خواستەوە سەرچاوە دەگرن. خواستەکان تەنیا کاتێک دەتوانن ڕۆمان قبووڵ بکەن، کاتێک زمانە بە ڕێژەیی‌و فرەمانایی خەملاوەکەی بۆ ئیدیۆمە حاشاهەڵنەگر و دۆگماتیکییەکانی خۆیان وەردەگێڕن. داوا دەکەن کە یەکێک لە سەر حەق بێ؛ یان ئانا کارینینا قوربانیی ملهووڕێکی کەلەڕەقە، یان قوربانیی ئافرەتێکی بێ ئاکارە، یان (ک)ی بێتاوان لە لایەن دادگایەکی نادادپەروەوە غەدری لێدەکرێ یان عەدالەتێکی خودایی لە پشتی دادگاوە حەشارەو (ک) ئەوسا تاوانبارە .

ئەم»یان ئەمە-یان ئەویان« نیشانەی بێتوانایی ڕوو بە ڕوو بوونەوەی ڕێژەیی جەوهەری شتە مرۆییەکانە، نیشانەی بێتوانایی قبووڵنەکرنی

نائامادەیی بەرزترین دادوەرە. سەختە لە سەر بنەمای ئەم بێتوانایيە حیکمەتی ڕۆمان (حیکمەتی نادڵنیایی) قبووڵبکەینو پەی پێ ببەین.

## 4

دۆن کیخۆتە ڕووی کردە جیهانێک کە بە فراوانی لە بەردەمیدا ئاواڵە بوو، توانی بچێتە ناویەوەو هەر کاتێک بیویستایە جارێکی تر بۆ ماڵەوە بگەڕێتەوە. ڕۆمانە بەراییەکانی ئەوروپا سەفەرن بە ناو دنیایەکدا کە بە ڕووکەش بێ سنوور دەردەکەوێ. لە سەرەتای ژاک لو فاتالیست بە ڕێگادا لە پڕو لە ناکاو هەردوو پاڵەوانەکە تووشی سەرسووڕمان دەکەین، مرۆڤ نازانێ لە کوێوە دێنو بۆ کوێ دەڕۆن. لە سەردەمێکدا دەژین نە سەرەتای هەیەو نە کۆتاییش ؛ لە جێگایەکی بێ سنوور، لە ناوەندی ئەوروپایەکدا، کە داهاتووی هەرگیز کۆتایی نایەت.

لای بەلزاک، نیو سەدە پاش دیدرۆ، ئاسۆی فراوان وەکو دەشتو دەرێک لە پشتی ساختمانی مۆدێرنی دەزگا کۆمەڵایەتییەکانەوە- پۆلیس، دادوەریی، جیهانی دراو و تاوانکاریی، لەشکر، دەوڵەت- ونبووە. سەردەمی بەلزاک ئیدی سەردەمی تەوەزەلی خۆشنوودی سێرڤانتەسو دیدرۆ ناناسێت. ئەو سەردەمە سواری ئەو شەمەندەفەرە بووە کە مرۆڤ بە مێژوو ناوی دەبا. سوار بوون ئاسانە، دابەزینەوە سەختترە. بەڵام ئەم شەمەندەفەرە لە گەڵ ئەوەشدا هێشتا هیچی سامناکی نییە، تەنانەت شتێکی دیاریکراوی سەرنجڕاکێشیشی هەیە، پەیمانی سەرەڕۆییو لە گەڵیشیدا پەیمانی حەیزەرانی مارشاڵ بە هەموو موسافیرەکان دەدا.

دوواییتر، لای ئێما بۆڤاری ئاسۆ بە جۆرێک تەنگ دەبێ کە وەکو پەرژینێک دەردەکەوێ. سەرەڕۆییەکان لەو لای دیکەوە ڕوو دەدەن و نۆستالژیا بووردەباریی ناکرێ. لە وەڕسیی ژیانی ڕۆژانە، خەون و خەیاڵپڵاویی گرنگیی پەیدا دەکەن. بێکۆتایی ونبووی جیهانی دەرەوە بە بێکۆتایی جیهانی ڕۆح جێی دەکرێتەوە. بەو خەیاڵە مەزنەی کە تاک (فرد) دانسقەیەو هیچ شتێک جێگای ناگرێتەوە، یەکێک لە جوانترین خەیاڵە ئەورووپییەکان چەکەرە دەکا.

بەڵام خەونی بێکۆتابوونی ڕوح تەلیسمی خۆی لەو چرکەساتەدا ون‌دەکا کە مێژوو یان ئەوەی لە مێژوو ماوەتەوە هێزێکی سەرووی مرۆڤی کۆمەڵگایەکی بە سەر مرۆڤدا سەروەر زاڵدەبێ. ئەم هێزە ئیتر پەیمانی حەیزەرانی مارشاڵ بە مرۆڤ نادات، زۆر، زۆر پەیمانی پلەو پایەی پێوەر(مساح)ێکی بداتێ. (ک) دەتوانێ چی بەرامبەر دادگا، چی بەرامبەر کۆشک بکا؟ ئیدی ناتوانێ شتی زۆر بکا. دەتوانێ بە لای کەمەوە وەکو کاتی خۆی ئێما بۆڤاری خەون ببینێ؟ نەخێر، دوای بارو دۆخەکە دژوارەو تێکڕای بیر و هەستەکانی وەکو گسکی کارەبایی هەڵدەمژێ: تەنیا دەتوانێ بیر لە دادگاییکردنەکەی، بیر لە پلەو پایەکەی وەکو پێوەر بکاتەوە. بێکۆتابوونی ڕۆح ئەگەر بوونی هەر هەبێ، تا ڕادەیەک بۆتە پاشەڵێکی ناپێویستی زیادەی مرۆڤ.

5

ڕێگەی ڕۆمان جۆرە هاوتەریبییەکی بە مێژووی سەردەمی نوێ ڕێکردووە. گەر ئاوڕێک بدەمەوە بۆ ئەوەی بە سەریدا بڕوانم، بە شێوەیەکی سەیر کورتو داخراو دێتە بەرچاوم. ئەی هەر ئەوە دۆن کیخۆتە خودی خۆی نییە، پاش سەفەرێکی سێسەدەیی وەکو پێوەر(مەساح) خۆی پۆشیوەو بۆ گوندەکەی دەگەڕێتەوە؟ ڕۆژێ لە ڕۆژان ئەو ڕێی گرتە بەر، بۆ ئەوەی خۆی بداتە دەستی سەرکێشییەوە، بەڵام وا لە گوندێکی پایینی کۆشکدا توانای هەڵاوێردنی نییە، سەرکێشیی — شەڕێکی بێ بایەخ لە گەڵ فەرمانبەرێتیدا لە بەر هەڵەیەک لە دۆسییەکەیدا- ***بە سەریدا دەسەپێنرێ***. کەواتە پاش سێسەد ساڵ، ئەو سەرچڵییەی تێمای یەکەمی مەزنی ڕۆمان بوو چی بە سەردا هاتووە؟ ئەمە لاساییکردنەوەیەکی تەوسبازییانەی خۆی نییە؟ ئەی ئەمە چی دەگەیەنێ؟ گەر ڕێگەی ڕۆمان لە دژلیەتییەکدا کۆتایی بێ؟

بەڵێ مرۆڤ دەتوانێ وا هەست بکا. تەنیا ***یەک*** ناکۆکیش نییە؛ بە ناکۆکی تژییە. لەوانەیە **سەرکێشییەکانی شڤایکی سەربازی سەلار** دوا ڕۆمانی مەزنی گەلی(شعبي) بێ. سەیر نییە ئەم ڕۆمانە کۆمیدییە لە هەمان کاتدا ڕۆمانێکی جەنگیو، لەشکر و بەرەی جەنگ شوێنی ڕووداوەکانی بێ؟ چی بە سەر جەنگو دژوارییکانیدا هاتووە، کە بوو بێتنە مایەی تەوسو پێکەنین؟

لای هۆمیرۆسو تۆلستۆی جەنگ مانایەکی زۆر ڕوونو ئاشکرای هەبوو: مرۆڤ خۆی بۆ هێلینای شۆخو شەنگ یان بۆ ڕووسیا بە لێدان

ده‌دا. شڤایکو هاوه‌ڵه‌کانی ده‌چنه به‌ره‌ی جه‌نگ، به بێ ئه‌وه‌ی بزانن له به‌رچی‌و له هه‌مووی ڕاچڵه‌کێنه‌ر تر ئه‌وه‌یه، به بێ ئه‌وه‌ی خه‌می ئه‌وه بخۆن.

به‌ڵام گه‌ر هێلیناو وڵات نه‌بن ئه‌ی چی ده‌توانێ ببێته غه‌ریزه‌ی پاڵنه‌ر بۆ جه‌نگ؟ به ئاسانیی هێزێک که ده‌یه‌وێ وه‌کو هێز بسه‌لمێنرێ، ئه‌و "ویسته‌ی بۆ ویست"ی که له پاشاندا هایدیگه‌ر باسی ده‌کا؟ ئه‌ی ئه‌و هێزه له پشتی هه‌موو جه‌نگێکه‌وه نه‌بووه؟ به‌ڵێ بێگومان. به‌ڵام ئه‌و هێزه ئێستا لای هاشه‌ک هه‌موو به‌ڵگه‌یه‌کی عه‌قڵانی له ده‌ستداوه. که‌س بڕوای به هاشو هوشی پڕوپاگه‌نده نییه، ته‌نانه‌ت ئه‌وانه‌یش نا که خۆیان پڕوپاگه‌نده ده‌که‌ن. هێز ڕووته، ڕووت وه‌کو له ڕۆمانه‌کانی کافکادا. له ڕاستیدا دادگا قازانج له هه‌ڵواسینی (ک) ناکا، کۆشک هیچی پێنابڕێ کاتێ پێوه‌ره‌که ئه‌زیه‌ت ده‌دا. بۆچی ئه‌ڵمانیای دوێنێ‌و ڕووسیای ئه‌مڕۆ ده‌یانه‌وێ ده‌ست به سه‌ر جیهاندا بگرن؟ بۆ ئه‌وه‌ی ده‌وڵه‌مه‌ندتر بن؟ به‌خته‌وه‌رتر بن؟ نه‌خێر. توندو تیژیی هێز بۆ قازانجی خۆ نییه، بێ پاڵنه‌ره، ته‌نیا ویستی خۆی ده‌وێ، ناعه‌قڵانییه‌تێکی ڕووته.

کافکاو هاشه‌ک ڕوو به ڕووی ئه‌م ناکۆکییه گه‌وره‌یه‌مان ده‌که‌نه‌وه: له سه‌رده‌می نوێدا لۆژیکی کارتیانی به‌ره به‌ره هه‌موو ئه‌و به‌هایانه‌ی له چاخه‌کانی ناوه‌ڕاسته‌وه به میرات مابوونه‌وه شیته‌ڵکرده‌وه. به‌ڵام له چرکه‌ساتی سه‌رکه‌وتنی ڕه‌های لۆژیکدا ناعه‌قڵانییه‌ت (ئه‌و هێزه‌ی ته‌نیا

ویستی خۆی دەوێ) بە سەرومڕی ڕووداوی جیهانی خستە ژێر دەستەڵاتی خۆیەوە، چونکە سیستەمێکی گشتگری دانپیانراوی بەها نەماوە بتوانێ دژی کار بکا.

ئەو ناکۆکییەی هێرمان برۆخ وەستایانە لە *خەوڕۆکان*دا بەرجەستەی کردووە لەو ناکۆکییانەن کە من حەز دەکەم ناوی *ئاخرزەمانی* لێ بنێم. هی دیکەیش هەن. بۆ نموونە سەردەمی نوێ ئاواتی خەونی مرۆڤایەتییەکی دەکرد کە پاش هەپروون بە هەپروون بوونی بۆ ژیاری جوداوازو لە یەکدابڕاو ڕۆژێ لە ڕۆژان یەکێتییەکو ئاشتییەکی هەمیشەیی بە خۆوە دەبینێ. ئەمڕۆ مێژووی هەسارەکەمان گشتێکی دابەشنەکراو پێکدەهێنێ، بەڵام جەنگ، ئەو جەنگەی درێژە دەکاو هەمیشە دەگەڕێتەوەو بە کاوە خۆ خەونی یەکبوونی مرۆڤایەتی بە واقیعو دەستەبەر دەکا. یەکبوونی مرۆڤایەتی واتە: کەس ناتوانێ بۆ هیچ شوێنێک دەربازی بێ.

## 6

لێکچەرەکانی هوسەرڵ دەربارەی تەنگژیی ئەوروپاو ئەگەری ڕۆچوونی مرۆڤایەتی ئەوروپی وەسیەتنامەی فەلسەفی و

ی بوون. ئەم لێکچەرانەی لە دوو پایتەختی ئەوروپای ناویندا وتەوە. ئەم هاوکاتییە هەتا بڵێی پڕ بایەخە: لە ڕاستیدا بۆ یەکەمجار بوو لە هەمان خۆرئاوادا، خۆرئاوا لە مێژووی مۆدێرنی خۆیدا لە ئەوروپای

ناویندا مەرگی خۆرئاوا، یان باشتر بڵێین برینەوەی پارچەیەک لە جەستەی خۆی بە چاوی خۆی ببینێ، کاتێ وارشۆو بۆدابێستو پراگ لە لایەن ئیمپراتۆریەتی ڕووسیاوە هەڵلووشران. ئەم بەدبەختییە دەرئەنجامی شەڕی یەکەمی جیهان بوو، کە لە لایەن پادشایەتی هابسبوورگەکانەوە بەرپاکرا، ئەمەش بووە هۆی کۆتایی خۆیان‌و ئەوروپای لاوازی بۆ هەمیشە لە هاوسەنگیی خۆی ترازان.

دووا سەردەمەکانی ئاشتی، ئەو کاتانەی مرۆڤ دەبوو تەنیا لە دێوەکانی ڕۆحی خۆی ڕزگاریی‌ێ، کاتەکانی جۆیس‌و پرۆست بە سەرچووبوون. لە ڕۆمانەکانی کافکا، هاشەک، موزیل‌و برۆخدا ئەم دێوە لە دەرەوە دێ‌و ناوی مێژووە: ئەم مێژووە لە گەڵ ڕەوی سەرکێشەکاندا هاوشێوە نەماوە، چونکە ئەم مێژووە ڕەسەن نییە، ئاڕاستە ناکرێ، حسابی بۆ ناکرێ، پەی پێ نابرێ‌و کەسیش لێی دەرباز نابێ. لەم کاتەدا (ماوەیەکی کەم پێش جەنگی 1914) کۆمەڵێ ئەستێرەی ڕۆماننووسە گەورەکانی ئەوروپای نێوین لە **ناچیزەیی ئاخرزەمانی** سەردەمی نوێ ئاگادار بوون‌و دەرکیان پێکردو بەرجەستەیانکرد.

بەڵام مرۆڤ نابێ ڕۆمانەکانیان وەکو پێشبینییەکی کۆمەڵایەتی‌و سیاسی بخوێنێتەوە، وەکو لە گەڵ ئۆروێڵێکی پێشوەختکراو بخوێنرێتەوە! ئەوەی ئۆروێل دەیەوێ پێمانی بڵێ دەتوانرا هەر بەو شێوەیە (یان باشتریش) لە وتارێک یان لە بەیاننامەیەکدا گوزارشتی لێبکرێ. بە پێچەوانەوە ئەم ڕۆماننووسانە شتگەلێک دەدۆزنەوە کە «**هەنیا**

ڕۆمانێک دەتوانێ بیاندۆزێتەوە«: ئەم ڕۆماننووسانە پیشانی دەدەن چۆن لە ژێر مەرجەکانی «ناکۆکیی ئاخرزەماندا» هەموو کاتەگۆریاکانی بوون (وجود) لە پڕ مانایەکی دی لە خۆ دەگرن. ***سەرکێشیی*** چییە، گەر ئازادیی هەڵسوکەوتی (ک) وەهم بێ؟ ***ئاینده*** چییە، گەر ڕووناکبیرەکان لە ***پیاوە بێ خەسڵەتەکە***دا هیچو بچووکترین پێشبینییەکیان نەبێ کە ڕۆژی داهاتوو جەنگێک ڕایانەماڵێ؟ ***تاوان*** چییە گەر هوگوەنۆی برۆخ ئەو کوشتنەی پێی هەستاوە نەک هەر لێی پەشیمان نییە، بەڵکو سووک و سانا لە بیریشی چۆتەوە؟ وگەر تاقە ڕۆمانی گەورەی کۆمیدیایی ئەو کاتە هی هاشەک بێ، کە جەنگ شوێنگەیەتی، ***کۆمیدیا*** چی بە سەر هاتووە؟ جیاوازی لە نێوان ***شەخسیو گشتی***دا چییە، گەر (ک) نەتوانێ لە نوێنی جیماعیشدا بە بێ دەستو پێوەندەکانی کۆشک پاڵبکەوێ؟ لەم حاڵەتەدا ***تەنیابوون*** یانی چی؟ تەنیابوون نەنگییە، ترسە یان نەفرەتە کە دەیانەویست وامان پێبفرۆشن؟ یان بە پێچەوانەوە بە تەنیا بوون بە نرخترین بەهایە لە چرکەساتێکدا مرۆڤ بەر لافاوێکی لە هەموو شوێنێ ئامادەی دەستەجەمع کەوتبێ.

قۆناغەکانی مێژووی ڕۆمان زۆر درێژە دەکێشن (ئەم قۆناغانە هیچ پەیوەندییەکیان بە گۆڕانی شپرزەی مۆدەکانەوە نییە) و نایەڵن ئەم یان ئەو لایەنەی وجود کە بە تایبەتی ڕۆمان جەخت لە دەرکەوتنیان دەکا خەسڵەتداریان بکا، بەمجۆرە ئەگەری دۆزینەوەی شتە ڕۆژانەکان لە

لایەن فلاوبێرتەوە پاش حەفتا ساڵ ئەمجا جەیمس جۆیس لە کارە مەزنەکانیدا ڕەنگیان دایەوە. ولم بۆ دەردەکەوێ ئەو قۆناغەی (قۆناغی ناکۆکییەکانی ئاخر زەمان) پێش پەنجا ساڵ ئەستێرە گەشە ڕۆماننووسەکانی ئەوروپای نێوین دەستیان پێکرد هێشتا کۆتایی نەهاتووە.

## 7

مرۆڤ زۆر جار و لە مێژەوە باسی ئەوە دەکا کە ڕۆمان کۆتایی هاتووە، بە تایبەتی فوتوریستو سوریالیستەکان، بەڵێ زۆربەی پێشڕەوەکان بانگەشەی ئەوەیان کردووە. بە دیدو بۆچوونی ئەوان دەبوو ڕۆمان لە میانەی پێشکەوتندا بە قازانجی دڵهاتوویەکی دیکەی ڕادیکاڵ، بە قازانجی هونەرێک ون ببێ کە هیچی هاوبەشی لە گەڵ ئەوی پێشوودا نەبێ. بەو پێودانگە بێ دەبێ ڕۆمان وەکو بێنەولیی، چینە سەروەرەکان، ماشێنە کۆنەکانو شەپقە قووچەکەکان بە ناوی دادپەروەریی مێژووییەوە بنێژرێ.

بەڵام گەر سێرڤانتەس یەکێک بێ لە دامەزرێنەرانی سەردەمی نوێ، دەبێ ڕۆچوونی میراتەکەی لە تەنیا گۆڕانێک لە مێژووی شێوازە ئەدەبییەکان زیاتر بگەیەنێ؛ ئەم ڕۆچوونە کۆتایی چاخی نوێی بەیان دەکرد. لە بەر ئەم هۆیە وام بۆ دەردەکەوێ ئەو زەردەخەنە پڕ لەزەتەی کە لاوانەوەی ڕۆمان گوزارشت پێدەکا بێشەرمانە دێتە بەرچاو. لە بەر ئەوەی منیش مەرگی ڕۆمانم بە چاوی خۆم بینی، لە بەر ئەوەی بینیم

(لە ڕیگای قەدەغەکردن، سانسۆر، سەرکوتکردنی ئایدیۆلۆژی) بە تۆپزی ڕۆمان لە جیهانێکدا دەکوژرا کە بەشێکی زۆری ژیانی خۆم لەو جیهانەدا بە سەر بردو بە نەریت بە تۆتالیتێر ناو دەبرێ. لە ئاشکرا ئاشکراتر بوو کە ڕۆمان کاتی بە سەر دەچێ، هەر وەکو چۆن خۆرئاوای چاخی نوێ بە سەر دەچێ. ڕۆمان وەکو مۆدێلێکی لە سەر ڕێژەگەرایی‌و فرەمانایی شتە مرۆییەکان ڕەگداکوتاو لە گەڵ گەردوونی توتالیتێردا ناگونجێ. ئەم نەگونجانە هۆیەکەی لەوە قووڵترە لادەرێک لە بیری گشتیی لە کارمەندێکی دەوڵەت، یان خەباتگێڕێک بۆ مافی مرۆڤ لە ئەشکەنجەدەرێک جیادەکاتەوە، چونکە ئەم جووداوازییە تەنیا سیاسی‌و ئەخلاقی نییە، بەڵکو بوونناسییە. کە دەڵێ: جیهانی لە سەر تەنیا یەک حەقیقەت بیناکراو لە جەوهەردا لە ڕەگەوە جیاوازە لەو دنیایەی لە سەر فرەمانایی‌و ڕێژەگەرایی ڕۆمان بیناکراوە. حەقیقەتی تۆتاڵیتاری ڕێگە لە ڕێژەگەرایی‌و گومان‌و خستنە ژێر پرسیاری شت دەگرێ‌و لە بەر ئەوە هەرگیز هاوئاهەنگ ناکرێ لە گەڵ ئەوەی کە من حەز دەکەم ڕۆحی ڕۆمانی نێو لێ بنێم.

بەڵام لە ڕووسیای کۆمۆنیستدا سەدان، هەزاران ڕۆمان بە سەرکەوتوییەوەو بە تیراژی زۆرەوە بڵاوناکرێنەوە؟ بەڵێ، بەڵام ئەم ڕۆمانانە درێژە بە داگیرکردنی بوون نادەن. زەمینەی نوێی بوون نادۆزنەوە، تەنیا وتراوەکان دەسەلمێنن؛ لەوەش زیاتر: پاساوی ئەو بوونە، شوهرەت، قازانجیان بۆ کۆمەڵگا، کە قازانجی خۆیانە دەدەنەوەو

ئەم قازانجەش هەر لەوەدایە ئەو شتە پیرۆزکەن کە مرۆڤ دەیڵێ (دەبێ بیڵێ). لە بەر ئەوەی هیچ نادۆزنەوە، بەشداریش نین لە بە دواداچوونی دۆزینەوەکان، ئەو دۆزینەوانەی کە من بە مێژووی ڕۆمانیان تێ دەبەم؛ ئەم ڕۆمانانە لە دەرەوەی ئەم مێژووەن، مرۆڤ دەتوانێ بڵێ: ئەمانە ڕۆمانی پاش مێژووی ڕۆمانن.

نزیکەی نیو سەدەیە مێژووی ڕۆمان لە ژێر کاریگەریی کۆمۆنیزمی ڕووسیادا ڕاوەستاوە. بە پێوانەی گەورەیی ڕۆمانی ڕووسی ئەمە ڕووداوێکی مەزنە، لە گۆگۆلەوە هەتا بێلیج. مەرگی ڕۆمان بیرۆکەیەکی بە واقیع نامۆ نییە. مەرگی ڕۆمان ڕوویداوەو. ئێستا دەزانین ڕۆمان چۆن دەمرێ: ڕۆمان ونابێ، ڕۆمان دەکەوێتە دەرەوەی مێژووی خۆیەوە، مەرگی ڕۆمان بە بێدەنگیی ڕوودەدا، بێ ئەوەی تێبینی بکرێ، کەس بە مەرگی ڕۆمان ناوروژێ.

## 8

بەڵام ڕۆمان بە پێودانگی لۆژیکی ناوەوەی خۆی ڕێگای خۆی نەبڕیوە؟ هەموو ئەگەرو مەعریفەو شێوازەکانی خۆی هەڵنەسەنگاندووە؟ مرۆڤ مێژووی ڕۆمانی لە گەڵ کانەڕەژووی لە مێژەوە خاڵی بەراورد کردووە. بەڵام ئەم مێژووە پتر بە گۆڕستانی هەلە لە دەستدراوەکان ناچێ؟ بەو بانگانە ناچێ کە نابیسترێن؟ بۆ چوار بانگ بە تایبەتی گوێ قوڵاخم.

بانگی یاری- **تریسترام شاندی** لاورێنس ستێرنەس و **ژاک لو فەتالیست**ـی دەنیس دیدرۆ ئەمڕۆ بۆ من وەکو باشترین دوو کاری ڕۆمانی سەدەی هەژدە دەردەکەون، دوو کاری ڕۆمانی وەکو یاری مەزن بەرنامە بۆ داڕێژراو، دوو لووتکەی پێشترو پاشتر پەی پێنەبراوی ئاسانیی. ڕۆمانی دوواتر خۆی بە زۆرداریی شیمانەکان، دیکۆری واقیعی و نەزمی کرۆنۆلۆژییەوە کۆتو بەند کرد. لە ئەگەری ئەم دوو شاکارەوە کە دەیانتوانی پەرەسەندنێکی دیکەی ڕۆمان بە خۆوە بگرن، لەو پەرەسەندنەی کە ئێمە دەیزانین (بەڵێ مرۆڤ دەتوانێ وێنایەکی دیکەی مێژووی ڕۆمانی ئەوروپی بکا...).

**بانگی خەون**- ئەو خەیاڵەی لە سەدەی نۆزدەدا خەوی لێکەوت لە پڕ فرانتس کافکا بێداریکردەوە، ئەوەی بۆ کافکا لوا، ئەوەی پاشان سوریالیستەکان داوایان دەکرد؛ بەڵام لە ڕاستیدا بە دییان نەهێنا: ئاوێتەبوونی خەونو ڕاستیی بوو. لە ڕاستیدا ئەمە کۆششێکی ئیستاتیکی کۆنی ڕۆمانە و نۆڤالیس خەملی بۆ لێدابوو، بەڵام هونەری کیمیای پێویست دەکا، کە سەد ساڵێ دووا تر کافکا ئەم هونەرەی دۆزییەوە. ئەم دۆزینەوە مەزنە هێندە کۆتایی گەشەیەک بەرجەستە ناکات، زۆرتر هاو ئامێزبوونێکی چاوەڕوانەکراو دەردەبڕێ، کە ڕۆمان لە فەرمانی مەرجە هەرە پێویستە شیمانەییەکان ڕزگار دەکاو ڕۆمان وەکو ئەو شوێنە دیاریدەکا کە خەیاڵ دەتوانێ وەکو خەون خۆی تیادا خاڵیبکاتەوە.

**بانگی بیرکردنەوە**- لە گەڵ موزیلو برۆخدا هۆشێکی سەروەرو بە جیلوە لە مەیدانی ڕۆماندا دەرکەوت. نەک بەوەی ڕۆمان بگۆڕنە فەلسەفە، بەڵکو لە سەر بنەمای گێڕانەوەی جەوهەری مرۆڤ بە هەموو ئامرازێک، عەقڵانیو ناعەقڵانی، گێڕانەوەو تێڕامان ڕووناک بکەنەوەو ڕۆمان بگەیەنە بەرزترین سینتێزەی ڕووناکبیری. ئایا دەستکەوتەکانیان کۆتایی مێژووی ڕۆمانە یان پتر بانگهێشتە بۆ سەفەرێکی درێژ؟

**بانگی کات**- قۆناغی ناکۆکی ئاخرزەمان داوا لە ڕۆماننووس دەکات پرسی کات لەوە زیاتر وەکو تەگەرەی یادەوەری شەخسی پرۆستیانە سنووردار نەکرێ، بەڵکو بۆ ئەوەی وەکو مەتەڵی کاتی دەستەجەمعی، کاتی ئەوروپا بەرفراوان بکرێ، ئەوروپایەکی سەیری ڕابردووی خۆی دەکاو ئەنجامگیریی دەکا، بۆ ئەوەی لە مێژووی خۆی تێبگات، وەکو مرۆڤێکی پیر نیگایەک بە سەر ژیانی گوزەراوی خۆیدا دەگێڕێ. لە بەر ئەوە ئەو تەوژمەی، سنوورەکانی کاتی ژیانی تاکێک، کە تا ئەو کاتە ڕۆمان خۆی پێوە پابەندکردبوو بەزێنرێو چەند قۆناغێکی مێژوویی پانتاییان بدرێتێ (ئاراگۆنو فوێنتەس هەوڵی ئەوەیان داوە).

بەڵام من نامەوێ دەربارەی ڕێگاکانی داهاتووی ڕۆمان، کە نایانناسم پێشبینی بە دەستەوە بدەم؛ تەنیا دەمەوێ بڵێم: ئەگەر ڕۆمان بە ڕاستی ونبێ، ئەوا نەک لە بەر ئەوە وندەبێ کە لە کۆتایی هێزیدایە، بەڵکو لە بەر ئەوەی خۆی لە دنیایەکدا دەبینێتەوە کە ئیدی دنیای ئەو نییە .

# 9

به یەککردنی مێژووی جیهان، ئەو خەونە مرۆخولزییەی خودا بۆ خراپەکاریی رێی بە واقیعکردنی داوە، هاورێی پرۆسێسێکی سنووردارکردنی سەر سوورهێنەرە. ئەوە راستە کە سیسارکەکانی سنووردارکردن لە کەوناراوە ژیانی مرۆڤیان خواردووە: تەنانەت ئەوین بۆ ئێسکبەندی (جمجمة)یەکی هەژاری یادەوەریی سنووردار دەکرێ. بەڵام رەوشی کۆمەڵگای مۆدێرن پێشدەستییەکی ناوازە لە رێخۆشکردن بۆ ئەم نەفرەتە دەکا: ژیانی مرۆڤ بۆ وەزیفەی کۆمەڵایەتی، مێژووی گەلێک بۆ چەند رووداوێک سنووردار دەکرێ، ئەمانەیش بۆ راڤەیەکی رەوتگەرا تەسکەکرێنەوە؛ ژیانی کۆمەڵایەتی بۆ خەباتی سیاسیو خەباتی سیاسی بۆ روو بە رووبوونەوەی تەنیا دوو هێزی جیهانی تەنگ دەکرێتەوە. مرۆڤ گیرۆدەی گەردەلوولی سنووردارکردن بووە، کە تیایدا ئەو "جیهانی ژیان"ەی هوسەرڵ باسیکرد، خۆی کارەسات ئامێزانە تاریک دەکاو وجود دەبێتە قوربانیی بیرچوونەوە.

بەڵام دەبێ پاساوی بوونی رۆمان لەوەدا بەرجەستە بێ هەمیشەو دووبارە "دنیای ژیان" رووناکیی بخرێتە سەرو ئێمە لە "لە بیرچوونەوەی بوون" بپارێزێ، ئەوسا لە هەموو کاتێک پێویستتر نییە کە رۆمان هەبێ؟

بە هەر حاڵ من وام بۆ دەردەکەوێ. بەڵام مخابن سیسارکەکانی سنووردارکردن دەکەونە گیانی رۆمانیش، کە نەک تەنیا مانای جیهان، بەڵکو مانای کارە هونەرییەکانیش بەرتەسک دەکەنەوە. رۆمان (وەکو

کەلتوور بە شێوەیەکی گشتی) هەمیشە پتر تەسلیمی ئەو میدیایانە دەبێ وەکو پاشەدزی بە یەککردنی مێژووی جیهان پرۆسێسی سنووردارکردن بەرفراوان دەکەنو ئاراستەی دەکەن؛ لە هەموو جیهاندا هەمان ئەو ئاسانکرینەوەو کلێشانە بڵاو دەکەنەوە، کە ئەگەر بتوانرێ لە لایەن ژمارەیەکی زۆری شیاوەوە، لە لایەن هەموولەوە، لە لایەن سەرجەمی مرۆڤایەتییەوە قبووڵبکرێن، لەم سەر و بەندەدا ئیدی ئەوەش زۆر گرنگ نییە کە ئۆرگانە جیاوازەکانیان گوزارشت دەبەخشنە بەرژەوەندییە سیاسییەکان. لە پشتی ئەم جیاوازییە رووکەشەوە عەقڵێکی هاوبەش سەروەرە، هەر ئەوەندە بەسە لاپەڕەی گۆڤارە هەفتانە سیاسییەکانی ئەمەریکیو ئەوروپاییەکان لە ڕاسترەوەوە بۆ چەپڕەو، لە **شپیگڵ**ەوە بۆ **تایم** هەڵبدەینەوە: هەموویان ڕوانگەی هاوشێوەیان بۆ ژیان هەیە کە لە بە دووای یەکداهاتنی هاوشێوەی پێڕستەکان، هاوشێوەیی مانشێتەکان، شێوازە رۆژنامەوانییەکان، ئەلفبا و ستایلی هاوشێوە، لە ئاراستەی چەژی هونەری لە یەکچوو و هەرەمی هاوشێوە ڕەنگ دەداتەوە، کە چی بە گرنگ دەزانن و چی بە بێ بایەخ دەزانن. ئەو زەینە گشتگرەی ماسمیدیای لە پشتی فرەڕەنگیی سیاسییەوە خۆی مەڵاسداوە، عەقڵی ئەم سەردەمەمانە. من وایدەزانم کە ئەم عەقڵە لەگەڵ عەقڵی ڕۆماندا ناکۆکە.

عەقڵی ڕۆمان عەقڵی ئاڵۆزییە: هەموو ڕۆمانێک بە خوێنەری خۆی دەڵێ: "شتەکان لەوە ئاڵۆزترن کە بیریان لێدەکەیتەوە." ئەمە

حەقیقەتی سەرمەدیی ڕۆمانە، کە بەڵام لە هەراو هوریای وەڵامە سادەو خێراکان، کە پێش پرسیارەکان دەکەونو ئافەرۆزیان دەکەنو هەمیشە کەمتر دەتوانن گوێگر بۆ خۆیان بدۆزنەوە. بۆ عەقڵی ئەم سەردەمەمان یان ئانا یان کارینین یەکێکیان لە سەر حەقە و، حیکمەتی کۆنی سێرڤانتەس، کە سەختیی ناسینەوەو نەگەیشتنمان بە حەقیقەت بۆ ڕوون و ئاشکرا دەکا، وەکو وەڕسکەرو بێسوود تەماشادەکرێ.

عەقڵی ڕۆمان عەقڵی بەردەوامییە: هەموو کارێکی هونەری وەڵامی کارێکی هونەری پێشووترە، هەموو کارێکی هونەری سەرجەمی ئەزموونی پێشووتری ڕۆمانی وە خۆگرتووە. بەڵام عەقڵی سەردەممان لە هەنووکەیی چەقی گرتووە، ئەمە هێندە پانتایی گرو بەرفراوانە کە ڕابردووی لە بازنەی سیمامان دوور خستۆتەوە و، کاتی لە یەک چرکەساتی ئێستادا سنووردار کردووە. ڕۆمانی لەم سیستەمەدا قەتیسکراو ***کاری هونەری*** نییە (واتە شتێکی کە بەردەوامە و دەبێ ڕابردوو بە داهاتووەوە ببەستێتەوە)، بەڵکو پێشهاتێکی ئێستاییە وەکو هەموو پێشهاتێکی دی، ئاماژەیەکە بۆ سبەی.

## 10

کەواتە ڕۆمان لە جیهانێکدا کە "هی خۆی نییە"، ونەبێ؟ ئەورووپا ڕۆمان بۆ "لە بیر چوونەوەی بوون"ی بە جێدەهێڵێ؟ جگە لە چەنەبازیی بێکۆتایی گرامافۆنەکان هیچی تر دەمێنێتەوە، هیچی تر جگە لە **مێژووی ڕۆمان لە پاش مێژووی ڕۆمان** بە جێدەمێنێ؟ من نازانم، بەڵام لەو بڕوایەدام،

که ڕۆمان ناتوانێ له گه‌ڵ ڕۆحی سه‌رده‌ممانا هه‌روا به ئاشتی بژی: ئه‌گه‌ر له‌مه‌ودواش بیه‌وێ نه‌دۆزراوه بدۆزێته‌وه، گه‌ر له خه‌سڵه‌تیدا وه‌کو ڕۆمان بیه‌وێ هێشتا"گه‌شه بکات"، ته‌نیا ده‌توانێ دژی گه‌شه‌کردنی جیهان بیکا.

پێشڕه‌ولیه‌تیی شته‌کانی به جۆرێکی دیکه ده‌بینی؛ ئه‌و ته‌ماحه‌ی ده‌رگیری کردبوو له گه‌ڵ داهاتوودا هاوئاهه‌نگ بێ. هونه‌رمه‌نده پێشڕه‌وه‌کان کارگه‌لێکیان ئه‌نجامداوه، که ئازایانه‌و سه‌ختو شه‌ڕه‌نگێز بوون‌و ته‌وسیان پێکرا، به‌ڵام ئه‌م پێشڕه‌ولنه ئه‌م کارانه‌یان به‌و یه‌قینه ئه‌نجامداوه که "ڕۆحی سه‌رده‌م" له گه‌ڵیاندایه‌و به‌م زووانه حه‌قیان ده‌داتێ.

منیش له ڕابردوودا له داهاتووم وه‌کو تاقه دادوه‌ری کارو ڕه‌فتاره‌کانمان ده‌ڕوانی. دوواییتر ده‌رکم کرد که له‌گه‌ڵ

ئاینده چاوپرکێکردن خراپترین خۆگونجاندنه، خزمه‌تکارییه‌کی ترسنۆکانه‌یه به‌رامبه‌ر به هێزتر. چونکه ئاینده هه‌میشه له ئێستا به هێزتره. بێگومان ئاینده ده‌مان نرخێنێ و. به دڵنیاییه‌وه به بێ هیچ پسپۆڕییه‌ک.

به‌ڵام گه‌ر ئاینده له گۆشه‌نیگای منه‌وه به‌هایه‌ک به‌رجه‌سته نه‌کا، من پابه‌ندی چی شتێک بم؟ خوا؟ نیشتیمان؟ گه‌ل؟ تاک؟

وه‌ڵامه‌که‌م جێگای ته‌وسه‌و به هه‌مان شێوه‌یش ڕاشکاوانه‌یه: من تاقو ته‌نیا پابه‌ندی میراتی دانپێدانه‌نراوی (سێرڤانته‌س)م.

# بەشی دووەم

## گفتوگۆ دەربارەی هونەری ڕۆمان

**کرستیان سالمۆن:** *دەمەوێ ئەم گفتوگۆیە بۆ ئیستاتیکای ڕۆمانەکانت تەرخان بکەم. بەڵام چۆن دەست پێبکەین؛*

**میلان کوندێرا:** بەو دڵنیاییەوە: ڕۆمانەکانم سایکۆلۆژی نین. باشتر بڵێین: دەبێ لە دەرەوەی ئەو ئیستاتیکایەی کە بە نەریت بە سایکۆلۆژی ناو دەبرێ سەیریان بکرێ.

**کرستیان سالمۆن:** *بەڵام هەموو ڕۆمانەکان بە حەتمیی سایکۆلۆژی نین؛ واتە بە مەتەڵی دەروونەوە سەرقاڵ نین؛*

**میلان کوندێرا:** با وردتر بین: هەموو ڕۆمانەکانی هەموو سەردەمەکان بە مەتەڵی (ئیگۆ)وە سەرقاڵ بوون. هەر لە گەڵ مرۆڤ بوونەوەرێکی خەیاڵی، فیگورێک دەخووڵقێنێ، خۆکار دەرگیری ئەو پرسیارە دەبێ: (ئیگۆ) چییە؟ چۆن دەتوانین پەی بە (ئیگۆ) ببەین؟ ئەمە یەکێکە لەو پرسیارە بنچینەییانەی کە ڕۆمان سەرچاوەی لێوە دەگرێ. لە ڕێی وەڵامە جیاوازەکانەوە بۆ ئەم پرسیارە دەتوانی، گەر بتەوێ، ڕەوشی جیاواز و لەوانەیە قۆناغی جیاواز لە مێژووی ڕۆماندا لە یەک جیا بکەیتەوە. چیرۆکنووسە بەراییە ئەورووپاییەکان ئەم دەست بۆ بردنە سایکۆلۆژییە هەر ناناسن. بۆکاچیۆ سووکو ئاسان ڕووداو و سەرکێشیمان پێ دەناسێنێ. بەڵام لە پشتی ئەم چیرۆکە سەرگەرمکەرانەوە قەناعەتێک هەیە: وەکو ڕەفتارگەر مرۆڤ لە جیهانی ڕۆژانەی هاوشێوەی دەچێتە دەرێ، ئەو جیهانەی هەر کەسەو بەوی دیکە دەچێ، وەکو ڕەفتارگەر لەوانی دیکە جیاوازەو دەبێتە فەرد. دانتی

ئاوا گوزارشتی لێکرد: "لە هەموو ڕووداوێکدا مەبەستی سەرەکی ڕەفتارگەر، پەردەهەڵدانەوەیە لە سەر وێنەی خۆ." لە پێشدا ڕووداو وەکو پۆرتریتی خودی ڕەفتارگەر دەرک پێدەکەین. دیدرۆ، چوار سەدە پاش بۆکاچیۆ، بە گومانترە: **ژاک لو فەتالیست**ەکەی دەزگیرانی هاوڕێکەی لا دەداو لە خۆشیدا خۆی مەست دەکا، لە ئەنجامدا باوکی باشی لێدەدا؛ لە تووڕەییدا بە داوای ئەو تابوورە سەربازەی لەو کاتەدا لەوێوە تێدەپەڕێ ڕازی دەبێ‌و دەبێ بە سەرباز، لە یەکەم جەنگدا ئەژنۆی بریندار دەبێ‌و پاشماوەی ژیانی دەشەلێ. بەو بڕوایەی بە سەرکێشییەکی ئەوین هەڵدەستێ، لە ڕاستیدا پێشمەرجێکی بۆ کەمئەندامبوونی خۆی خوڵقاند. ناتوانێ لە کردەوەکەیدا خۆی بناسێتەوە. لە نێوان کردەوەکەی‌و خۆیدا کەلێنێک دروستبووە. مرۆڤ دەیەوێ بە دەم کردارەوە پەردە لە سەر وێنەی خۆی هەڵماڵێ، بەڵام ئەم وێنەیە هاوشێوەی خۆی نییە. دژواز(تناقض)ی ڕەفتار یەکێکە لە گەورەترین دۆزینەوەکانی ڕۆمان. بەڵام گەر لە ڕێی کردارەوە پەی بە (ئێگۆ) نەبەین، لە کوێ‌و چۆن دەتوانین پەی پێ بەرین؟ بەمەش ئەو چرکەساتە هاتە ئاراوە کە ڕۆمان لە گەڕانیدا بە دووای (ئێگۆ) پشت لە جیهانی دیاری کردار دەکاو دەبوو خۆی بە ژیانی نادیاری ناخ سەرقاڵ بکا. لە دەورووبەری ناوەڕاستی سەدەی هەژدەدا ڕیچاردسن شێوەی ڕۆمانی نامەی دۆزییەوە، بەوەی فیگورەکان بیرکردنەوەو هەستکردنیان پاساو دەدەنەوە.

**کرستیان سالمۆن**: *لەدایکبوونی ڕۆمانی سایکۆلۆژی؛*

**میلان کوندێرا:** بێگومان ئەم گوزارشتە ورد نییەو بە تەواوەتی شتەکە ناپێکێ. با خۆمانی لێ لابدەینو ئاوەها وەسفی بکەین: ڕیچاردسن ڕێی کەشفکردنی ژیانی ناوەوەی مرۆڤی بە ڕۆمان پیشاندا. ناوە گەورەکان ئەمەیان دریژە پێدا وەکو زانراوە، ڤێرتەری گوێتە، لاکلۆس، بینیامین کۆنستانت، ئەمجا ستێندھالو نووسەرەکانی سەدەکەین. چڵەپۆپەی ئەم گەشەکردنە بە ڕای من پرۆستو جۆیسن. جۆیس شتێکی لە «کاتی لەدەستچوو»ی پرۆست پەیپێنەبراوتر ڕاڤە دەکا: چرکەساتی ئێستا. بەوە دەچێ هیچ شتێک ڕوونو ئاشکراتر، هیچ شتێک هێندە نزیک نەبێ تا دەستمان پێی بگات لە چرکەساتی ئێستا نەبێ. لە گەڵ ئەوەشدا بە تەواوەتی لە دەستمان دەچێ. سەرجەمی کڵۆڵیی ژیان لەم چرکەساتەی ئێستاوە سەرچاوە دەگرێ. لە چرکەیەکدا بە هەستی ڕووخسارمان، بە هەستی بیستنو بۆنکردنمان (بە ئاگایی یان بێ ئاگایی) بڕەیەکی فرەی ڕووداو پەی پێدەبەین و بە نێو سەرماندا پۆلێک هەستو بیرۆکە گوزەر دەکا. هەموو چرکەساتێک گەردوونێکی بچووک نمایش دەکا، کە لە چرکەساتی داهاتوودا بۆ هەمیشە لە بیر دەکرێ. میکرۆسکۆبی گەورەی جۆیس دەتوانێ ئەم چرکەساتە تیژڕەوە بگرێ، ڕایبگرێو پەی پێ بباو بۆمان نمایش بکا. بەڵام گەڕان بە دووای (ئێگۆ)دا جارێکی دیکەیش بەرەو دژوازیی دەچێ: هەتا عەدەسەی میکرۆسکۆپی لە (ئێگۆ) ڕامان گەورەتر بێ، پتر (ئێگۆ)و دانسقەییمان لە دەست دەچێ: لە ژێر لێنزە گەورەکەی جۆیسەوە، کە ڕۆح دەکاتە گەردیلە، هەموو وەک یەک

دەربەکەوین. بەڵام گەر (ئێگۆ)و دانسقەبیەکەی لە ژیانی ناخی مرۆڤدا پەی پێنەبرێن، لە کوێو چۆن مرۆڤ لێیان تێبگا؟

**کرستیان سالمۆن:** *مرۆڤ دەتوانێ هەر بچیان بێبا؛*

**میلان کوندێرا:** بێگومان نەخێر. گەڕان بە دووای )ئێگۆ)دا هەمیشە بە ناڕازیبوونێکی دژواز کۆتاییهاتووەو هەمیشەیش بەو جۆرە کۆتایی دێت. من باسی نسکۆ ناکەم. چونکە ڕۆمان ناتوانێ سنووری ئەگەرەکانی خۆی ببەزێنێ‌و، پیشاندانی ئەم سنوورانە دۆزینەوەیەکی زۆر گەورەیە، دەستکەوتێکی مەعریفیانەی مەزنە. ئەمە ڕێ لەوە ناگرێ کە ڕۆماننووسە گەورەکان لە پاش ئەوەی ئەو شوێنە پەنهانانەیان تەیکرد کە وردەکاریی کەشفکردنی ژیانی ناوەوەی (ئێگۆ) بە خۆ دەگرێ، بە ئاگایی یان نائاگایی دەستیان بەوە کرد ئاراستەی بگۆڕن. مرۆڤ زۆر جار باسی سێڤاقەیی پیرۆزی ڕۆمانی مۆدێرن دەکا: پرۆست، جۆیس و کافکا. بەڵام بۆ من، لە مێژووی ڕۆمانی شەخسیی خۆمدا، کافکا ڕێ بۆ ئاراستەیەکی دیکە خۆش دەکا. ئاراستەیەکی پاش-پرۆست. جۆرو شێوەی پەی بە (ئێگۆ) بردنی بە شێوەیەکی فرە جیاواز موفاجیئە. بە چی ک. دەبێتە بوونەوەرێکی دانسقە؟ نە لە بەر شێوەی دەرەوەی (هەر هیچی دەربارە ناووترێ)، نە لە بەر ژیاننامەکەی (کە مرۆڤ نایزانێ)، نە لە بەر ناوەکەی (ناوی نییە)، نە لە بەر یادەوەریی، مەیلەکانی یان ئاڵۆزییە دەروونییەکانی. لە بەر هەڵسرو کەوتی؟ پانتایی ئازاد بۆ ڕەفتارەکانی فرە سنووردار کراون. لە ڕێی جۆر و شێوەی بیرکردنەوەیەوە؟ بەڵێ، کافکا هەمیشە بە دوای بیرکردنەوەکانی ک... ەوەیە، بەڵام

بیرکردنەوەکانی تەنیا بارو دۆخی ئێستای دەگرنەوە: مرۆڤ دەبێ لەم بارەدا، لە چرکەساتی ئێستادا چی بکا؟ بە دووای بانگکردنەکەدا بچێ یان خۆی لێ بدزێتەوە؟ بە دووای بانگی قەشەکەدا بچێ یان نا؟ سەرجەمی ژیانی ناوەوەی ک.... لە لایەن ئەو بارو دۆخەوە پاوان دەکرێ بەوەی وەکو لە تەڵەدا گیر مابێ، ئەوەی دەتوانێ لە دەرەوەی ئەم بار ودۆخەدا بێ (یادەوەرییەکانی ک.... ،بیرکردنەوە میتافیزیکییەکانی، بیرو ڕای دەربارەی ئەوانی دیکە)، پێمان ڕاناگەیەندرێن. بۆ پرۆست گەردوونی ناخی مرۆڤ پەرجوو (معجزە)یەکی بەرجەستە دەکرد، بێکۆتاییەک، کە هەمیشە تووشی سەرسووڕمانمان دەکات. بەڵام لای کافکا سەرسووڕمان بە شێوەیەکی دیکەیە. کافکا پرسیاری پاڵپێوەنەرەکانی ناخ ناکا، کە هەڵسو کەوتی مرۆڤ دیاریدەکەن. ئەو پرسیارێکی دیکەی ڕادیکال دەکا: ئەو ئەگەرانە چین کە بۆ مرۆڤ لە جیهانێکدا دەمێننەوە کە وابەستەیی دەرەکی هێندە سەروەر بووە، کە پاڵنەری ناوەکی هیچ گرنگییەکی نەماوە؟ لە ڕاستیدا وایە، تا چەند دەیتوانی چارەنووسو ڕەفتاری ک... بگۆڕێ، گەر کە مەیلی هۆمۆسیکسواڵی (هاوڕەگەزبازیی) یان چیرۆکێکی ئەوینی ئازاراویی لە ڕابردوودا هەبایە؟ بە هەموو شێوەیەک هیچ.

**کرستیان سالمۆن:** لە ئاسایی بوورکەبارەکراوی بوونیدا دەڵێی «ڕۆمانێك دانپێدانانی نووسەرێك نییە، بەڵکو کەشفکردنی ئەوەیە ژیانی مرۆڤ لە داودا چی

دەگەیەنێ، لەو جیهانەدا کە بۆتە داو.» *بەڵام مەبەستت لە <داو> چییە؛*

**میلان کوندێرا**: کە ژیان داوە هەمیشە زانراو بووە. مرۆڤ توڕدراوەتە نێو دنیاوە، بە بێ ئەوەی خواستی لێ بووبێ، تەپێنراوەتە نێو جەستەیەکەوە، کە خۆی نەیتوانیووە هەڵیبژێرێ و لە چارەی نووسراوە بمرێ. بۆ ئەمە جیهان لە پانتایی ڕووبەری خۆیدا هەمیشە ئەگەری هەڵاتنی پێیەخشیووە.

سەربازێک دەیتوانی هەڵبێ و لە وڵاتێکی دراوسێدا ژیانێکی نوێ دەست پێبکا. لەم سەدەیەماندا لە پڕ جیهان لە دەورمان تەسکو تەسکتر دەبێتەوە. ڕووداوی بنەبڕکەری ئەم وەرچەرخانەی بوونی جیهان بە داو بێگومان جەنگی 1914 بوو، کە (بۆ یەکەمجار لە مێژوودا) بە جەنگی جیهانی ناوزەد کرا. بەڵام بە ناحەق. تەنیا ئەوروپا تێوە گلابوو، نەک هەموو ئەوروپایش. بەڵام وشەی«جەنگی جیهانی» ئەوەندە ڕەواتر گوزارشت لە هەستێکی هێندە سامناک دەکا لە سۆنگەی ئەو حەقیقەتەی کە لەو ڕۆژەوە هەر شتێک کە لە سەر ئەم هەسارەیەمان ڕوودەدا تەنیا پێشهاتێکی سنووردار دەڤەرێک نییە، بەڵکو هەموو کارەساتەکان هەموو جیهان دەگرنەوەو لە ئەنجامدا هەمیشە پتر لە دەرەوە، بە بارو دۆخێکەوە پابەستین، کە کەس ناتوانێ لێی قورتار بێ و هەمیشە هەمووومان هاوشێوە تر دەکا.

بەڵام ڕاست لێم تێبگە. کە من دەڵێم، شوێنگەی من لە دەرەوەی ڕۆمانی بە ناو ڕۆمانی سایکۆلۆژییەوەیە، ئەمە ئەوە ناگەیەنێ، کە ژیانی

ناوەوە لە فیگۆری ڕۆمانەکانم بستێنمەوە، بە پلەی یەکەم واتە کە ڕۆمانەکانم بە دوای لوغزی دیکەو پرسیاری دیکە دەکەون. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ، کە من ئەو ڕۆمانانە ڕەتدەکەمەوە کە سەرسامی سایکۆلۆژیان. ئەو گۆڕانی بارو دۆخەی پاش پرۆست بە نۆستالژیا دەمخەملێنێ. لە گەڵ پرۆستدا بەرە، بەرە شتێکی تا بڵێی جوان لێمان دوور دەکەوێتەوە. بۆ هەمیشە، بێ گەڕانەوە. گۆمبرۆڤیچ بیرۆکەیەکی سەیر و لە هەمانکاتدا داهێنەرانەی هەبوو. دەیگووت کێشی خودی ئێمە پابەندی چڕیی دانیشتووانی سەر زەوییە. دێمۆکریت یەک لە سەر چوارسەد ملیۆنی بەرجەستە دەکرد. برامس یەک لە سەر ملیارد. گۆمبرۆڤیچ خۆی دوو لە سەر ملیارد گەر بڕوا بەم ڕوانگە ئەریتماتیکییە بکەین، سەنگی بێکۆتای پرۆست، سەنگی منێک، سەنگی ژیانی ناوەوەی خوێنێک هەمیشە کەمتر دەبێتەوە. لەم ڕەوشەدا بەرەو سووکیی ئێستا سنوورێکی کارەساتسازمان تێپەڕاندووە.

**کرستیان سالمۆن:** *«ئاسانیی بووردەبارنەکراوی بوون» خود لە کتێبەکانی سەرەتاتاندا وێنای تۆیزی ئێوەن. من بیر لە کتێبی ئەڤینی تەواوی دەکەمەوە: بۆ نموونە بیر لە نۆڤێلەی ئێدوارد و خوا دەکەمەوە. پاش یەکەم شەوی ئەوینی لە گەڵ ئەلیسی گەنجدا ئێدوارد ناڕەحەتییەکی سەیر و بۆ چیرۆکەکە بنەبڕکەر دایدەگرێ: لە کچە هاوڕێ چکۆلەکەی ڕادەمێنێ، وا دێتە بەرچاوی* «وەکو بۆچوونەکانی تەنیا بە چارەنووسییەوە نووسابن، وەکو چارەنووسی بە جەستەیەوە نووسابن، ئەو وەکو ئاوێتەیەکی ڕێکەوتی جەستە، بیرکردنەوەو بیۆگرافیا، وەکو تێکەڵێکی

نائۆرگانی، خۆکردو ناسەقامگیر دەبینی». *لە ئۆفیلیێکی دیکەیشدا، بە فێڵ پاگرتنی ماشێن، کچە گەنجەکە لە کۆتایی چیرۆکەکەدا بە هۆی دڵنیانەبوونی لە سەر شوناسنامەی خۆیەوە هێندە پاڕایە کە بە دەم قوڵپی گریانەوە هەر دووبارەی بکاتەوە:*«من منم، من منم، من منم . . .»

**میلان کوندێرا**: لە ئاسانیی بووردەبارنەکراوی بووندا تێرێزا لە ئاوێنە لە خۆی رادەمێنێ. لە خۆی دەپرسێ، چی روویدەدا، گەر هەر هەر رۆژەو لووتی میلیمەترێک درێژتر بوایەتەوە. پاش چەند رۆژ رووخساری نەدەناسرایەوە؟ گەر رووخساری بە رووخساری تێرێزا نەچووبایە، تیرێزا هەر تێرێزا دەمایەوە؟ ئێگۆ لە کوێوە دەست پێدەکا و لە کوێدا کۆتاییدێت؟ دەبینن: سەرسامبوون لە بێکۆتابوونی بێهۆی رۆحەوە سەرچاوە ناگرێ. زۆرتر سەرسامییەکی نادڵنیابوونە، کە مرۆڤ لە ئاستی ئێگۆی خۆی و شوناسنامەکەی خۆیدا هەستی پێدەکا.

**کرستیان سالمۆن**: *لە رۆمانەکانتدا مۆنۆلۆگی ناوەوە بە هیچ جۆرێ بە کار ناهێنرێ.*

**میلان کوندێرا**: جۆیس میکرۆفۆنێکی لە سەری بلوومدا داناوە، سوپاس بۆ ئەو سیخوورە فەنتازییە کە مۆنۆلۆژی ناوەوە بەرجەستە دەکا و لە رێی ئەوەوە زۆر فێر بووین کە ئێمە چین. بەڵام من ناتوانم ئەم میکرۆفۆنە بە کاربهێنم.

**کرستیان سالمۆن**: *لای جۆیس مۆنۆلۆگی ناوەوە سەرتاپای رۆمانەکەی تەنیوە، مۆنۆلۆگی ناوەوە بناغەی ساختمانەکەیە، میتۆدی سەروەرە. لای ئێوە لە خود رامانی (Meditation) فەلسەفییانە ئەم دەورە دەگێرێ؟*

**میلان کوندێرا:** من وشەی «فەلسەفی» نەگونجاو دەبینم. فەلسەفە بیرکردنەوەی خۆی لە پانتاییەکی ئەبستراکتدا بە بێ فیگور و بێ بار و دۆخ پەرەپێدەدا.

**کرستیان سالمۆن:** *ئێوە ئاسانیی بووردەبارنەکراوی بوون بە بیرکردنەوە دەربارەی گەڕانەوەی هەمیشەیی نیتشە دەست پێدەکەن. ئەمە لە خودڕامانێکی فەلسەفییانە نییە، کە ئەبستراکت، بە بێ فیگور و بێ بار و دۆخ، پەرەی پێدەدرێ؟*

**میلان کوندێرا:** نەخێر، بە هیچ شێوەیەک! ئەو بیرکردنەوە ناو براوە ڕاستەوخۆ لە یەکەم دێڕی ڕۆمانەکەوە بۆ نێو بارودۆخی فیگوری ڕۆمانەکەمان دەبا، واتە بۆ حاڵی تۆماسمان دەبا؛ گرفتەکەیمان بۆ بەرجەستە دەکا: سانایی وجود لە جیهانێکدا کە گەڕانەوەی هەمیشەیی بوونی نییە. دەبینی، ئێمە لە کۆتاییدا دەگەڕێینەوە بۆ پرسیارەکەمان: چی لە دەرەوەی ڕۆمانی بە ناو سایکۆلۆژییەوە هەیە؟ یان بە جۆرێکی دیکە بڵێین: چۆن مرۆڤ دەتوانێ بە شێوەیەکی نا-سایکۆلۆژی لە ئێگۆ تێبگا. <دەرککردن بە ئێگۆیەک> دەیەوێ لە ڕۆمانەکانمدا بڵێ، تێگەیشتن لە جەوهەری گرفتە وجودییەکانی. تێگەیشتن لە کۆدە وجودییەکانی. کاتێ سانایی بووردەبارنەکراوی بوونم نووسی، بۆم ڕوونبووەوە کە کۆدی ئەم یان ئەو فیگورە لە چەند وشەکلیلێک پێکدێن. بۆ تێرێزا جەستە، ڕۆح، سەرسووڕانەوە، لاوازیی، ژیانێکی هێمن، بەهەشت. بۆ تۆماس: سانایی، قورسیی. لە بەندی ئەو وشانەی لێیان تێناگەین کۆدە وجودییەکانی فرانتسو سابینە دەپشکنم، بەوەی وشەی

جیاواز، جیاواز ڕاڤە دەکەم: ژن، دڵسۆزیی، خیانەت، مۆسیقا، تاریکیی، تیشک، ماڵگواستنەوەکان، جوانیی، وڵات، گۆڕستان، بەهێزیی. هەموو یەکێک لەم وشانە لە کۆدی وجودییانەی هەردووکیاندا مانایەکی دیکەی هەیە. بێگومان ئەم کۆدە لە ئەبستراکتدا مامەڵەی لە گەڵ ناکرێ؛ بە کاوەخۆ لە ڕووداوەکەدا، لە بارودۆخەکەدا دەردەکەوێ بۆ نموونە بەشی سێیەمی ژیان لە جێگەیەکی دیکەیە وەرگرە: پاڵەوانەکە، یارۆمیلی شەرمنۆک، هێشتا ئەزموونی لە سێکسدا نییە. ڕۆژێک لە گەڵ کچە هاوڕێکەیدا دەچێ بۆ پیاسە، کچەکە لە پڕ سەری دەخاتە سەر شانی. یارۆمیل فرە ئاسودەیەو جەستەی وروژاوە. لە لای ئەم ڕووداوە گچکۆکەیە دەمێنمەوەو بۆم دەردەکەوێ: «هەستکردن بە سەری کچێک لە سەر شانی گەورەترین شادی بوو تا ئەو کاتە یارۆمیل بە خۆوە بینیبوو.» لێرەوە هەوڵدەدەم لە ئێرۆتیکای یارۆمیل تێبگەم: «سەری کچێک بۆ ئەو لە جەستەی کچێک زیاتر دەگەیەنێ.» ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە دەمەوێ جەخت لەوە بکەم، کە جەستەی بە لاوە گرنگ نەبووە، بەڵکو: «ئەو تاسەی ڕووتیی جەستەی کچێک ناکا؛ ئەو بە تاسەی ڕووخساری کچێکەوەیە، کە بە ڕووتیی جەستە ڕووناک بۆتەوە. ئەو تاسەی بوونە خاوەندی جەستەی کچێک ناکا؛ ئەو تاسەی بوونە خاوەندی ڕوخساری کچێک دەکا کە وەکو بەڵگەی خۆشەویستی جەستەی دەداتێ.» هەوڵدەدەم بۆ ئەم هەڵوێستە ناوێک بدۆزمەوە. وشەی دڵۆڤانی هەڵدەبژێرم. ئەم وشەیە دەپشکنم: بەڵێ لە ڕاستیدا

دلۆڤانیی چییە؟ بە دووای یەکدا چەند وەڵامی جیاواز دەبینمەوە: «دلۆڤانیی لەو چرکەساتەدا لە دلیکەبێ، کە ئێمە دەبێ ئاستەنگەی گەورەبوون بە جێبهێڵینو لەو شوێنەدا سوودی منداڵیی، کە ئێمە وەکو منداڵ تێینەدەگەیشتین، بە ترسەوە تێبگەین.»و ئەمجا «دلۆڤانیی سڵەمینەوەیە لە گەورە بوون.»و پێناسەیەکی دیکەیش: «دلۆڤانیی واتە، ئێمە شوێنێکی سناعی بخوڵقینین بۆ ئەوەی ئەوی دیکە وەکو منداڵ مامەڵەی لە گەڵ بکرێ.» وەکو دەبینی، ئەوە پیشان نادەم چی لە سەری یارۆلیمدا ڕوو دەدا، بەڵکو زیاتر چی لە سەری خودی خۆمدا ڕوو دەدا: ماوەیەکی زۆر لە یارۆلیم ڕادەمێنمو هەوڵدەدەم هەنگاو بە هەنگاو لە هەڵوێستی ناخی نزیکببمەوە، بۆ ئەوەی لێی تێبگەم، ناوی لێ بنێم، دەرکی پێبکەم.

لە سانایی بووردەبارنەکراوی بووندا تێرێزا لە گەڵ تۆماسدا دەژی، ئەم خۆشەویستییە هەموو وزەیەکی پاوان دەکا، لە پڕ لەوە زیاتر ناتوانێ، دەیەوێ بگەڕێتەوە بۆ ئەو «خوارەوە»یەی لێوەی هاتووە: لە خۆم دەپرسم چی بە سەر دێ؟و وەڵامەکەی دەدۆزمەوە: هەستێکی سەرەگێژکە هەراسانی کردووە. بەڵام سەرەگێژکە چییە؟ بە دووای پێناسەیەکدا دەگەڕێم و دەڵێم: «تاسەیەکی گێژکەرە بۆ کەوتن، کە ناتوانێ بە سەریدا زاڵ بێ». بەڵام من یەکسەر خۆم ڕاست دەکەمەوەو وردتر پێناسەکە دەردەبڕم: «..سەرەگێژکە مەستییەکە بە هۆی لاوازییەوە. مرۆڤ بە لاوازیی خۆی دەزانێو نایەوێ ڕوو بە ڕووی

ببێته‌وه‌، به‌ڵکو خۆی به‌ ده‌ستیه‌وه‌ ده‌دا. مرۆڤ مه‌ستی لاوازیی خۆیه‌تی، مرۆڤ ده‌یه‌وێ لاوازتر بێ، مرۆڤ ده‌یه‌وێ له‌ ناوه‌ڕاستی جاده‌دا به‌ به‌رچاوی خه‌ڵکییه‌وه‌ بکه‌وێ، مرۆڤ ده‌یه‌وێ له‌ خواره‌وه‌، قووڵتریش له‌ خواره‌وه‌ بێ.» سه‌ره‌گێژکه‌ یه‌کێکه‌ له‌ کلیله‌کان بۆ ئه‌وه‌ی له‌ تێرێزا بگه‌ین. ئه‌مه‌ ئه‌و کلیله‌ نییه‌، بۆ ئه‌وه‌ی له‌ ئێوه‌ یان له‌ من بگه‌ین. به‌ڵام ئێمه‌ به‌ لای که‌مه‌وه‌ ئه‌م شێوه‌یه‌ی سه‌ره‌گێژکه‌ وه‌کو ئه‌گه‌رێک ده‌ناسین، وه‌کو ئه‌گه‌رێکی وجود. من ده‌بوو تیرێزا بدۆزمه‌وه‌، «ئێگۆی ئه‌زموونگه‌ریی»، بۆ ئه‌وه‌ی له‌م ئه‌گه‌ره‌ تێبگه‌م، بۆ ئه‌وه‌ی له‌ سه‌ره‌گێژکه‌ تێبگه‌م.

به‌مجۆره‌ ته‌نیا بارو دۆخی ناوێزه‌ پرسیارناکرێ؛ سه‌رجه‌می ڕۆمانه‌که‌ پرسگه‌رییه‌. پرسگه‌ریی له‌ خودڕامان (له‌ خودڕامانی پرسیارکه‌ر) ئه‌و بنه‌مایه‌یه‌، که‌ هه‌موو ڕۆمانه‌کانمی له‌ سه‌ر بینا کراوه‌. با لای ژیان له‌ شوێنێکی دیکه‌یه‌ بمێنینه‌وه‌. له‌ سه‌ره‌تاوه‌ ئه‌م ڕۆمانه‌ ناوی: ته‌مه‌نی شاعیرانه‌ی لێنرابوو. له‌ دووا ساتدا له‌ سه‌ر داواکاریی هاوڕێیان، که‌ به‌ وه‌ڕه‌سکه‌ر و وشکیان داده‌نا گۆڕیم. گێلیی بوو که‌ به‌ قسه‌م کردن. له‌ بنچینه‌دا به‌ ڕاستی ده‌زانم گه‌ر تایتڵی ڕۆمان په‌نجه‌نومای که‌ته‌گۆرییه‌ سه‌ره‌کییه‌کانی بکا. گه‌مه‌. کتێبی پێکه‌نینو بیرچوونه‌وه‌. سانایی بووربه‌بارنه‌کراوی بوون. ته‌نانه‌ت کتێبی ئه‌ڤینی ته‌وساوی. ئه‌م تایتڵه‌ نابێ به‌ مانای «چیرۆکی ئه‌ڤینی پێکه‌نیناوی» تێبگه‌ین. بیرۆکه‌ی خۆشه‌ویستیی هه‌میشه‌ به‌ شتێکی جدیه‌وه‌ هاوپه‌یوه‌ست ده‌کرێ. به‌ڵام

«ئەڤینی تەوساوی» ئاماژە بۆ کاتەگۆڕیایەکی ناجیدی دەکا. چەمکێکی بڕیاردەر بۆ مرۆڤی مۆدێرن. بەڵام با بگەڕێینەوە بۆ لای ژیان لە جێگایەکی دیکەیە. ئەم ڕۆمانە لە سەر چەند پرسیارێک بینا کراوە: هەڵوێستێکی شاعیرانە چی لە خۆ دەگرێ؟ لاوێتی ئەوەندەی تەمەنی شاعیرانە بێ چی دەگەیەنێ؟ پەیوەستی سێڤاقانەی «شاعیرانە-شۆڕش-لاوێتی» دەیەوێ چی بڵێ؟ ئەی شاعیر بوون مانای چییە؟ لە بیرمە کە ئەم ڕۆمانەم بە هیپۆتێزەیەکی کار بەم پێناسەیە لە دەفتەری تێبنییەکانمدا یاداشت کردووە دەست پێدەکەم: «شاعیر پیاوێکی گەنجە، دایکی ناچار دەکا ڕوو بە ڕووی جیهان ببێتەوە، ئەو جیهانەی شاعیر نایەوێ خۆی پێی بخاتە ناو.» دەبینن، ئەم پێناسەیە نە سۆسیۆلۆژییە، نە ئیستاتیکییە، نە سایکۆلۆژییە.

**کرستیان سالمۆن:** *پێناسەیەکی دیاردەگەرایی (فینۆمینۆلۆژی)ە.*

**میلان کوندێرا:** ئەم وشەیە خراپ نییە، بەڵام من دەستبەرداری بەکارهێنانی دەبم. ترسێکی زۆرم لەو پرۆفیسۆرانە هەیە کە لایان هونەر تەنیا شتێکی لە فەلسەفەو تەوژمە تیۆرییەکان هەڵهێنجراوە. ڕۆمان نەست لە پێش فرۆیدەوە دەناسێ، ململانێی چینایەتی لە پێش مارکسەوە، پیادەی فینۆمینۆلۆژیا (دۆزینەوەی جەوهەری بارو دۆخی مرۆڤانە)، لە پێش ئەوەی فینۆمینۆلۆژ هەبن. چی «وەسفێکی فینۆمینۆلۆژیانە»ی نایاب لای پرۆست دەبینین، کە فینۆمینۆلۆژەکانیشی نەخوێندۆتەوە!

**کرستیان سالمۆن:** *با ئێستا لای چەند خاڵێک هەڵوەستە بکەین. شێوەی جیاواز زۆرن بۆ تێگەیشتن لە ئێگۆ. یەکەمجار بە هۆی ڕەفتارەکانییەوە. ئەمجا لە ڕێی ژیانی ناوەوەی. ئەوی پەیوەندی بە ئێوەوە هەیە، ئێوە دڵنیامان دەکەنەوە: کە خود لە ڕێی جەوهەری تەگەرە وجوودییەکانییەوە دیاری دەکرێ. ئەم هەڵوێستە لای ئێوە چەند ئەنجامگیرییەکی هەیە. بە هۆی ئەو جۆش و خرۆشەتەوە بۆ تێگەیشتن لە جەوهەری بارو دۆخەکان بەوە دەچێ هەموو تەکنیکەکانی وەصف بە بەسەرچوو بزانی. دەتوانین بڵێین زۆر کەم شت دەربارەی شێوەی دەرەوەی فیگورەکانت دەڵێی. لە بەر ئەوەیش ڕاڤەی بارو دۆخەکانت لە کەشفکردنی پاڵنەرە سایکۆلۆژییەکانت بە لاوە گرنگترە، زۆر دەستنووقاوانە گوزارشت لە ڕابردووی فیگورەکانت دەکەی. لە شێوەیەکی گێڕانەوەی هێندە ئەبستراکتدا ئەو خەتەرە لە ئارادا نییە، کە فیگورەکانت کەمتر زیندووانە کاریگەر بن؟*

**میلان کوندێرا:** هەوڵبدە ئەم پرسیارە لە کافکا یان لە موزیلیش بکەی. ئەم پرسیارە لە موزیلیش کرا. تەنانەت کەسایەتی زۆر کەسایەتی شارەزا سەرزەنشتی ئەوەیان دەکرد کە ئەو لە ڕاستیدا ڕۆمانتووس نییە. ڤاڵتەر بێنیامین بە ژیرییەکەی سەرسام بوو، بەلام نەک بە هونەرەکەی. ئێدوارد ڕۆدیتی فیگورەکانی کەمتر زیندوو دەبینێ و پێشنیاری پرۆست وەکو نموونەیەکی شایان بۆ لاساییکردنەوە دەکا: دەڵێ مەدلم ڤێردورین بە بەراوورد لە گەڵ دیۆتیما چەند زیندوو و حەقیقییە! لە واقیعدا دوو سەدە کە ڕیالیزمی سایکۆلۆژی تیایدا سەروەر بووە چەند نۆرمێکی دەستلێنەدراوی خوڵقاندووە:

1. مرۆڤ دەبێ دەربارەی فیگورێکی ڕۆمان هەتا دەکرێ زانیارییەکی زۆر بە دەستەوە بدا: دەربارەی شێوەیان، دەربارەی شێوەی قسەکردنو ڕەفتاریان؛ 2. مرۆڤ دەبێ ڕابردووی فیگورێک بخاتە بەرچاو، چونکە هەموو پاڵنەرە هەنووکەییەکانی ئێستای لە سەر هەڵچنراوە؛ 3. فیگورەکە دەبێ بە تەواوەتی ناوابەستە بێ، واتە نووسەر و بیرو ڕاکانی دەبێ ونبن، بۆ ئەوەی خوێنەر کە دەیەوێ خۆی بداتە دەست ئەو وەهمەی شتی دۆزراوە بە واقیع بزانێ، ئیزعاج نەکەن. بەڵام موزیل ئەم پەیمانە کۆنەی نێوان ڕۆمانو خوێنەری شکاند. چەند ڕۆماننووسێکی دیکەیش هەروەها. ئێمە دەزانین "ئێش" فیگوری سەرەکی برۆخ شێوەی چۆنە؟ نەخێر. تەنیا ئەوەندەی دەمو دانی بە هی ئەسپ دەچن. ئێمە چی دەربارەی منداڵیی ک... یان شڤایک دەزانین؟و لە گەڵ ئەوەشدا موزیل وەکو برۆخ وەکو گۆمبرۆڤیچ بە بیرۆکەکانیانەوە بێشەرمانە لە ڕۆمانەکانیاندا ئامادەن. فیگوری ڕۆمان وێنەی تاودەرەوەی هیچ بوونەوەرێکی زیندوو نییە. بوونەوەرێکی خەیاڵییە. ئێگۆیەکی ئەزموونگەرییە. ڕۆمان دیسان لە گەڵ سەرەتاکانیدا پەیوەست دەبێ. دۆن کیخۆت وەکو بوونەوەرێکی زیندوو جێی وێناکردن نییە. وەلی چی فیگورێکی ڕۆمان لە یادەوەریماندا لەو زیندوو ترە؟ بە دروستی لێم تیبگە، من نامەوێ ئەو خوێنەرەی بە خواستە ساکار، بەڵام ڕەوالەیەوە خۆی بداتە دەم دنیا خەیاڵییەکەی ڕۆمانەوەو هەندێ جار لە گەڵ واقیع تێکەڵی دەکا لە سەرەوە لێی ڕامێنم. بەڵام من لەو بڕوایەدا نیم پێویست

به تەکنیکی ڕیالیزمی سایکۆلۆژی بکا. من کۆشکم بۆ یەکەمجار بە چوارده ساڵی خوێندەوە. سەرسامبووم بە یاریکەرێکی هۆکی بەفر کە نزیکمان دەژیاو وا وێنام دەکرد ک.... شێوەی وەکو وی وایە. هەتا ئەمڕۆیش وای دەبینم. دەمەوێ بەمە بڵێم خەیاڵی خوێنەر خەیاڵی نووسەر خۆنەویستانە تەواو دەکا. تۆماس قژ زەردە یان قژ ڕەش؟ باوکی دارا بوو یان هەژار؟ خۆت هەڵیبژێرە!

**کرستیان سالمۆن:** *بەڵام ئێوە خۆتان هەمیشە پابەست نین بەم ڕێسایەوە: لە ئەڵمانیی بووردەبارنەکراوی بووندا تۆماس ڕابردوویەکی زۆر کەمی هەیە. بەڵام تیرێزا نەک هەر بە منداڵی خۆیەوە، بەڵکو بە منداڵیی دایکیشییەوە پێمان دەناسێنی!*

**میلان کوندێرا:** لە ڕۆمانەکەدا ئەم ڕستەیە دەبینیتەوە: «..هەندێ جار ئەو ئینتیباعەم لە لا دروست دەبێ، کە ژیانی تەنیا درێژبوونەوەیەکی ژیانی دایکی بوو، هەروەکو چۆن ڕەوتی تۆپێکی بلیارد درێژبوونەوەی جووڵەی دەستی یاریکەرەکەیە.» من باسی دایک دەکەم، بەڵام نەک بۆ ئەوەی لیستەیەک زانیاری دەربارەی تێرێزا ڕیز بکەم، بەڵکو لە بەر ئەوەی دایک تێمای سەرەکییەتی، لە بەر ئەوەی تێرێزا «درێژبوونەوەی دایکییەتی»و ئازار بەمەوە دەچێژێ. دەیشزانین، کە مەمکەکانی بچووکن‌و «خەرمانەی گەورەی ڕەش دەوری گۆی مەمکەکانیان داوە»، وەکو لە لایەن «نیگارکێشێکی گوندییەوە کێشرابن، کە بیەوێ هونەری ئیرۆتیکی بۆ هەژاران بکێشێ.» ئەم زانیارییە زۆر گرنگە، چونکە بۆ تێرێزا جەستەی خۆی تێمایەکی دیکەی

گرنگه. بەڵام ئەوەی پەیوەندیی بە تۆماسی مێردییەوە هەیە، تەنیا وشەیەک دەربارەی منداڵیی، باوکو دایکی بە فێرۆ نادەمو، خێزانەکەیو جەستەی و ڕووخساری بە تەواوەتی بۆ ئێمە بە نەناسراوی دەمێننەوە، چونکە جەوهەری گرفتە وجودییەکەی ڕەگی لە تێمای دیکەدایە. ئەو کەمتر «زیندوو» نییە، لە بەر ئەوەی ئەم زانیارییانەمان دەربارەی نییە. فیگورێک کاتێک «زیندوو»ە، گەر نووسەر بچێتە بنجو بنەوانی تەگەرە وجوودییەکانی. ئەمەش واتە کە مرۆڤ بچێتە بنجو بنەوانی هەندێ بارو دۆخ، هەندێ پاڵنەر یان هەندێ وشە، کە پێی خەملاون. ئەمە هەموو شتێکە.

**کرستیان سالمۆن:** *کەواتە دەتوانرێ بەرنامەڕێژی ڕۆمانت وەکو لە خودڕامانی شاعیرانە دەربارەی وجوود ڕاڤە بکرێ. مرۆڤ هەمیشە وا لە ڕۆمانەکانت نەگەیشتووە. زۆر ڕووداوی سیاسییان بە خۆ گرتووە کە داوای ڕاڤەی سۆسیۆلۆژی، مێژوویی یان ئایدۆلۆژی دەکەن. چۆن ئێنتەرێسەتان بۆ مێژووی سۆسیۆلۆژی لە گەڵ قەناعەتتان کە ڕۆمان پێش هەموو شتێک مەتەڵی وجود دەپشکنێ یەک دەخەن؟*

**میلان کوندێرا:** هایدێگەر بوون لە ڕێی گوزارشتێکی ناسراوەوە وەسفدەکا: لە-جیهان-دا-بوون. مرۆڤ وابەستەی جیهان نییە وەکو سوبژێکت بە ئۆبژێکتەوە، وەکو چاو بە وێنەوە، تەنانەت وەکو ئەکتەریش نا بە کەرەستەی شانۆوە. مرۆڤو جیهان وەکو هێلکەشەیتانۆکەو قاوغەکەی بە یەکەوە بەستراوون: جیهان بەشێکە لە مرۆڤ، ڕەهەندەکەیەتی، بەو ئاستەی دنیا بگۆڕێ، وجوودیش دەگۆڕێ

(لە-جیهان-دا-بوون). لە کاتی بەلزاکەوە «دنیا»ی بوونمان ڕەووشێکی مێژوویی هەیە و ژیانی فیگورەکان لە پانتایی کاتێکی پڕ لە زانیاریدا دەگوزەرێ. ڕۆمان ناتوانێ ئیدی هەرگیز خۆی لەم میراتەی بەلزاک قورتار بکا. تاوەکو گۆمبرۆڤیچ، کە چیرۆکی نایابو سەرسووڕهێنەر دەدۆزێتەوەو هەموو ڕێساکانی شیمانە دەشکێنێ، ناتوانێ خۆی لەم میراتە دەرباز بکا. ڕۆمانەکانی لە کاتێکی دیاریکراوی، بەروار بۆ کراوی مێژوویيدا ڕوودەدەن. بەڵام مرۆڤ نابێ دوو شت تێکەڵبکا: لە لایەکەوە ڕۆمان هەیە، کە ڕەهەندی مێژوویی بوونی مرۆڤ دەپشکنێ، لە لایەکی دیکەوە ئەو ڕۆمانەی بەرجەستەکردنی بارو دۆخێکی مێژووییە، وەسفی کۆمەڵگایەکە لە چرکە ساتێکی دیاریکراودا. بە شێوەی ڕۆمان مێژوو نووسینەوەیە. هەموو ئەو ڕۆمانانە دەناسن کە دەربارەی شۆڕشی فەرەنسین، دەربارەی ماریا ئەنتوانێت یان دەربارەی ساڵی 1914ن، دەربارەی بە کۆڵخۆزکردنن لە شورەویدا (ئەوانەی لە گەڵیدان یان ئەوانەی کە دژین) یان دەربارەی ساڵی 1984 نووسراوون؛ ئەمانە ڕۆمانگەلێکن کە ئەو مەعریفەیەی تایبەت نیە بە ڕۆمان دەگۆڕدرێتە سەر زمانی ڕۆمان. من هەمیشە دووبارەی دەکەمەوە: تاقە ڕەوایەتی بوونی ڕۆمانێک لەوەدایە، ئەوە بڵێ کە تەنیا ڕۆمان دەتوانێ بیڵێ.

**کرستیان سالمۆن:** *بەڵام ڕۆمان دەتوانێ چی تایبەت دەربارەی مێژوو بڵێ؟ یان: چۆن مامەڵە لە گەڵ مێژوو دەکەی؟*

**میلان کوندێرا:** لێرەدا چەند پرینسیپێکی خۆم دەخەمە ڕوو. یەکەم: من هەتا بۆم بکرێ ئابوورییانە لە گەڵ ڕووداوە مێژووییەکان مامەڵە

دەکەم. من لە گەڵ مێژوو وەکو نەخشەسازێکی شانۆ هەڵسو کەوت دەکەم، کە نەخشەیەکی ئەبستراکت بە چەند شتێکی بۆ ڕووداوەکان پێویست دادەڕێژێ.

پرینسیپی دووەم: لە ڕووداوە مێژووییەکاندا تەنیا ئەوانە وەردەگرم کە بۆ فیگورەکانم بارو دۆخێکی وجودی ڕوونکەرەوە دەخوڵقێنن. نموونەیەک: لە گەمەدا لودڤیک بە چاوی خۆی دەبینێ چۆن هەموو هاوڕێو هاوکارەکانی دەست هەڵدەبڕنو بە سانایییەکی گەورەوە دەنگ بۆ لە زانکۆ وەدەرنانی دەدەن، بەوەش سەرتاپای ژیانی دەشێوێ. لودڤیک لەو یەقینەدایە، کە لە کاتی پێویستدا لە توانایاندا دەبوو، بە هەمان سانایی دەنگ بۆ لە سێدارەدانیشی بدەن. لە بەر ئەوە پێناسەی لودڤیک بۆ مرۆڤ: بوونەوەرێکی کە لە توانایدایە، لە بارو دۆخێکی دیاریکراودا نزیکترین کەسی خۆی بەرەو مەرگ ڕەوانە بکا. ئەزموونی بنەمەکی ئەنترۆپۆلۆژی لودڤیک ڕەگی مێژوویی هەیە، بەڵام وەسفی مێژوو خودی خۆی (مێژووی ئەو دەورەی حیزب دەیبینێ، مێژووی ڕەگی سیاسیی تیرۆر، مێژووی ڕێکخستنی دامەزراوە سۆسیالەکان، هتد.) بە لامەوە گرنگ نیە، شتێکی لەو بابەتەیش لە ڕۆمانەکەمدا نابیینیتەوە.

پرینسیپی سێیەم: مێژوونووسینەوە سەرەدەری لە گەڵ مێژووی کۆمەڵگادا هەیە نەوەکو لە گەڵ مێژووی مرۆڤ. لە بەر ئەوە ئەو پێشهاتە مێژووییانەی لە ڕۆمانەکانمدا دەردەکەون زۆر جار لە لایەن مێژوونووسانەوە نابینرێن. نموونەیەک: لە ساڵانی پێش هێرشی ڕووسیا

بۆ سەر چیکوسلۆڤاکیا لە ساڵی 1968 دا پێش دەستکردن بە تیرۆر دژی مرۆڤ ڕەشەکوژییەکی ڕەسمی ڕێکخراو بۆ سەر سەگ دەستپێکرابوو. ڕووداوێکی بە تەواوەتی لە بیرکراو یان بۆ مێژوونووس‌و سیاسەتزان ناگرنگ، بەڵام لە ڕووی ئەنترۆپۆلۆژییەوە مانایەکی بەرزی خۆی هەیە! من تەنیا لە ڕێی ئەم پێشهاتەوە کاریگەریم بە کەشی مێژوویی بە ڤاڵسی ماڵئاوایی دا. نموونەیەکی دیکە: لە چرکەساتی بڕیاردەری ژیان لە شوێنێکی دیکەیە مێژوو خۆی لە ڕێی دەرپێی ناشیرین‌و شڕەوە (لەو کاتەدا لەوە زیاتر هیچی دیکە نەبوو) خۆی دەردەخا؛ لە مەڕ خۆشترین هەلی ئێرۆتیکی ژیانیدا یارۆمیل جورئەت ناکا خۆی ڕووت بکاتەوەو هەڵدێ، لە بەر ئەوەی دەترسێ بەو دەرپێیەوە ببێتە جێگای تەوس. ئەم ناشیرینییە! جارێکی دیکەیش پێشهاتێکی دیکەی لە بیرکراو، بەڵام بۆ یەکێکی ناچار بوو کە لە ڕژێمێکی کۆمۆنیستیدا بژی شتێکی گرنگ بوو!

بەڵام پرینسیپی چوارەم لە هەمووی بەرفراوانترە: هەڵو مەرجی مێژوویی دەبێ بۆ فیگورێکی ڕۆمان بارودۆخێکی وجودی نوێ بخوڵقێنێ، لە پاڵ ئەمەشدا بەڵام دەبێ ئێمە لە مێژوو خۆی بۆ خۆی وەکو بارو دۆخێکی وجوودی تێبگەین‌و ڕاڤەی بکەین. نموونەیەک: لە سانایی بوورکەبارەکراوی بوونڕدا ئەلیکساندەر دوبچەک دووای ئەوەی لە لایەن سوپای ڕووسەوە دەگیرێ‌و دەستبەسەر دەکرێ، دەڕفێنرێ، زیندانی دەکرێ، هەڕەشەی لێدەکرێ‌و ناچار دەکرێ لە گەڵ برێجنێڤدا دانووستان

بکا، دەگەڕێتەوە بۆ پراگ. لە ڕادیۆو تەلەفزیۆندا قسە دەکا، بەڵام ناتوانێ قسە بکا، هەناسەبڕکەی پێدەکەوێ، لە ناوەڕاستی ڕستەدا پشووی دریژ و دژوار دەکا. ئەم ڕووداوە مێژووییە (لە ڕاستیدا بە تەواوەتی لە بیر کراوە، لە بەر ئەوەی دوو سەعات دوواییتر تەکنیککارەکانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن ئەم پشووە شەرمهێنەرانەیەی وتارەکەیان بڕیبوو) لاوازیان خستە بەرچاومان. لاوازیی وەکو کەتەگۆریایەکی گشتگری بوون؛ «مرۆڤ هەمیشە زەعیفە کاتێ ڕوو بە ڕووی سەرەهێزێک دەبێتەوە، هەتا ئەگەر مرۆڤ جەستەیەکی ئەتلێتیکی وەکو دوبچەکیشی هەبێ.» تیریزا ناتوانێ نیگای ئەم زەعیفییە بکا، ناتوانێ ئەم زەعیفییە قێزەوونو سووکایەتیپێکەرە تەحەممول بکاو کۆچی پێباشترە. بەڵام لە بەرامبەر نادڵسۆزیی تۆماسدا هێندە لاواز و بێدیفاعە وەکو زەعیفیی دوبچەک لە ئاستی بریجنێڤدا. ئاماژەشمان بەوەدا کە سەرەسوڕکێ چییە: مەستیی بە هۆی لاوازییەوە، تاسەی بە سەردا زاڵ نەبوو بۆ کەوتن. لە پڕ تێریزا دەرک دەکا کە «ئەویش لە لاوازەکانە، سەر بە دەستەی لاوازەکانە، سەر بە وڵاتی لاوازەکانەو دەبوو بە دڵسۆزی بۆیان بمێنێتەوە، لە بەر ئەوەی لاواز بوونو لە ناوەڕاستی ڕستەدا هەڵپەی هەناسەدانیان بوو». مەستیش بە لاوازیی خۆی، تۆماس بەجیدەهێڵێو دەگەڕێتەوە بۆ پراگ، دەگەڕێتەوە بۆ «شاری لاوازان». لەم حاڵەتەدا بارو دۆخی مێژوویی پشتەزەمینە نییە، ئەو نەخشە شانۆییە نییە لە بەردەمیدا بارو دۆخی مرۆڤ دیاری بکرێ؛

خۆی لە خۆیدا بارو دۆخێکی مرۆڤە، بارو دۆخێکی وجودیانەی گەورەکراوە.

بەم جۆرەیش لە کتێبی پێکەنین و بیرچوونەوە بەهاری پراگ تەنیا لە رەهەندە سیاسی- مێژوویی- کۆمەڵایەتییەکەیەوە وەسف نەکراوە، بەڵکو وەکو یەکێک لە بارو دۆخە وجودییە بنەماگەییەکان وەسف کراوە: مرۆڤ (وەچەیەک لە مرۆڤ) رەفتار دەکا (شۆرشێک بەرپادەکا)، بەڵام کۆنترۆڵی رەفتاری لە دەست دەردەچێ، گوێڕایەڵی نابێ (شۆڕش دژواری دەهێنێتە ئاراوە، دەکوژێ، وێران دەکا)؛ لە بەر ئەوە هەموو هەوڵێک دەدا ئەم کاری تەجاوزە جارێکی دیکە کۆنترۆڵ بکا، رامی بکا (وەچەکە بزاوتێکی ئۆپۆزیسیونی چاکخوازانە دادەمەزرێنێ)، بەڵام لە خۆرا. ئێمە بە هیچ جۆرێک ناتوانین کارێکی لە کۆنترۆڵ دەرچوو رام بکەینەوە.

**کرستیان سالمۆن:** *ئەوەی وەزعی ژاک لو فاتالیست، کە لە بەرەتاوە بلاتکرد بیر دەخاتەوە.*

**میلان کوندێرا:** بەڵام ئەمجارەیان باردۆخێکی دەستەجەمعی، مێژووییە.

**کرستیان سالمۆن:** *دەبێ مرۆڤ ئاشنای مێژووی چیکوسلۆفاکیا بێ بۆ ئەوەی لە رۆمانەکانت تێبگا؟*

**میلان کوندێرا:** نەخێر، هەموو ئەو شتانەی مرۆڤ دەبێ لەم بارەیەوە بیانزانێ، لە رۆمانەکاندا هاتوون.

**کرستیان سالمۆن:** *کەواتە زانیاری مێژوویی پێشمەرج نییە بۆ خوێندنەوەی رۆمانەکان؟*

**میلان کوندێرا:** مێژووی ئەوروپا لە ئازادیە. هەر لە سالَی هەزارەوە هەتا ئەمرۆ تەنیا سەرچلَییەکی هاویەشە. ئێمە پشکمان تیایدا هەیەو تەنیا کاتێک دەتوانین مانای بڕیاردەری هەموو هەلَسو کەوتەکانمان، جا چی هەلَسو کەوتی تاک یان نەتەولیەتیمان بێ بناسینەوە، کە بۆ ئەم مێژووەی بگێڕینەوە. من دەتوانم لە دۆن کیخۆتە تێبگەم بە بێ ئەوەی مێژووی ئیسپانیا بناسم. بەلاَم ناتوانم لێی تێبگەم گەر بە لای کەمەوە وێنایەکی گشتیی سەرچلَیی مێژوویی ئەوروپام نەبێ، هەر لە سەردەمی سوارچاکییەوە بۆ نموونە، دەربارەی ئەوین لە کۆشکی پادشادا یان ئەو سەردەمەی چاخەکانی ناوەڕاست بۆ سەردەمی نوێ وەردەچەرخێ.

**کرستیان سالمۆن:** *ژیان لە جێگەیەکی دیکەیە هەموو قۆناغێکی ژیانی پارۆمیل ڕووبەڕووی بەشێکی بیۆگرافیای ڕامبۆ، کیتس، لێرمەنتۆف هتد دەکرێتەوە. پێبێوانی یەکی مایسی پراگ ئاوێتەی پێبێوانی خوێندکارانی مایسی 68ی پاریس دەکرێ. بەمەیش بۆ پالَەوانەکانت شانۆیەکی گەورەی، گشت ئەوروپا گرەوە دەخولَقێنی. لە گەلَ ئەوەشدا رۆمانەکەت لە پراگ ڕوودەدا. چلەپۆپەی کودەتای کۆمۆنیستییە لە سالَی 1948دا.*

**میلان کوندێرا:** بۆ من ئەمە ڕۆمانی شۆڕشی ئەوروپییە وەکو خودی خۆی، لە فۆرمێکی چڕکراوەدا.

**کرستیان سالمۆن:** *شۆڕشی ئەوروپی، کوبەتایەکی ئاوەها؛ هەر باری ئەویش لە مۆسکۆوە هێنراوە؛*

**میلان کوندێرا:** کودەتاکە ئەسڵی نەبوو، باشە؛ بەڵام وەکو شۆڕش بینرا. لە گەڵ هەموو ڕیتۆریک (بەلاغە)ێک، وەهمێک، تاوانەوەیەک، ئامارژەکانی، تاوانەکانی ئەمڕۆ وەکو خەستبوونەوەیەکی لاسییکەرانەوەی نەریتی شۆڕشی ئەوروپی دێتە بەرچاوم، وەکو درێژ بوونەوەو تەواوکەری ئەبسورد (ناماقوڵ)ی قۆناغی شۆڕشە ئەوروپییەکان. بەو جۆرەیش یارۆمیل، پاڵەوانی ئەم ڕۆمانە، «درێژبوونەوەی» ڤیکتۆر هوگۆ و ڕامبۆیە، تەواوکەری گرۆتیسک (تەوس)ی شیعری ئەوروپییە. لە گەڵ ئەوەدا یارۆسلاڤ لە کاتێکدا درێژە بە فۆلکلۆر دەدا کە لە گەرمەی ونبووندایە. دکتۆر هاڤێل لە کتێبی ئەوینی ئەوساوەدا لە کاتێکدا دەوری دۆن خوان دەبینێ، کە دۆن خوانێک مەحاڵە. لە سالیی بووردەبارەکراوی بووندا فرانتس دووا زایەڵەی میلانخۆلی مارشی گەورەی چەپە ئەوروپییەکان بەرجەستە دەکا. تێرێزاش نەک هەر خۆی لە گوندە مۆراڤاییە دوورەدەستەکەی خۆی لە سەرجەمی ژیانی گشتی دوورەپەرێز دەگرێ، بەڵکو لە شەقامیش خۆی بە دوور دەگرێ، ئەو شەقامەی «مرۆڤایەتی بە سەرییەوە وەکو (سەروەر و خاوەنی سروشت) بەرەو پێشەوە ڕێدەکا». هەموو ئەم فیگوارنە نەک هەر چیرۆکی شەخسی خۆیان، بەڵکو لە سەروو ئەمانەشەوە مێژووی سەرووی شەخسیی سەرچڵیی ئەوروپی بەرەو کۆتایی دەبەن.

**کرستیان سالمۆن:** *واتە ڕۆمانەکانت لە دووا ئاکتی سەردەمی نوێدا ڕوودەدەن، ئەوەی ئێوە بە «قۆناغی کاتی کۆتایی پارادۆکسەکان» ناویدەبەن.*

**میلان کوندێرا:** با وابێ. بەڵام با خۆمان لە بەدحاڵیبوونێک لابدەین. کاتێ من لە کتێبی پێکەنین و لەبیرچوونەوەدا مێژووی هاڤێلم نووسی، بەو مەبەستە نەبوو لە کاتێکدا چیرۆکی دۆن خوانێک بگێڕمەوە، کە ژیانی سەرچڵییانەی دۆن خوان بەرەو مەرگ هەنگاو دەنێ. من چیرۆکێکم نووسی کە پێکەنیناوی بینینم. لەوە زیاتر نەبوو. هەموو ئەو بیرکردنەوانە دەربارەی کاتی کۆتایی پارادۆکسەکان هتد. پێش ڕۆمانەکانم نەکەوتوون؛ ئەم بیرکردنەوانە لە ڕۆمانەکانەوە هەڵقوڵاون. کاتێ من سانایی بووردەبارنەکراوی بوونم نووسی، فیگورەکانم کە هەموو خۆیان هەرچی چۆنێ بێ لە دنیا دەکێشنەوە، پاڵیان پێوە نام بیر لە چارەنووسی گوزارشتی ناسراوی کارتیانی بکەمەوە، کە مرۆڤ وەکو «سەروەر و خاوەنی سروشت» ناو دەبا. پاش ئەوەی ئەم «سەروەر و خاوەنە» لە زانستە سروشتییەکانو تەکنیکدا پەرچووی بۆ لواوە، لە پڕ پاساوی ئەوە دەدا کە هیچی نییەو نە خاوەنی سروشتە (بە کاوەخۆ خۆی لە هەسارەکەمان دەکێشێتەوە) نە مێژوو (خۆی لە دەستی کێشایەوە)، نە خاوەنی خۆیەتی (لە لایەن هێزە ناعەقڵانییەکانی ڕۆحییەوە ئاراستە دەکرێ). بەڵام گەر خوا خۆی کشاندبێتەوەو مرۆڤ خودان نەبێ، ئەی کێ سەروەرە؟ هەسارە بێ سەروەر لە بۆشاییدا دەسووڕێتەوە. ئەوەتا سانایی بووردەبارنەکراوی بوونمان هەیە.

**کرستیان سالمۆن:** *بەڵام ئەمە فێڵێکی خۆچەقیی نییە، کە ئێمە ئەم قۆناغە وەکو قۆناغێکی نایاب و گرنگترین چرکەسات، واتە وەکو چرکەساتی کۆتایی تێدەگەین؛ چەندان جار ئەوروپا لەو بڕوایەدا بووە کۆتایی خۆی، ئەپۆکالیپسە (ئاخرزەمان)ی خۆی دەبینێ!*

**میلان کوندێرا:** لە گەڵ هەموو کاتی کۆتایی پارادۆکسەکان، پارادۆکسی کۆتایی خۆی دێتە پاڵ. گەر لە دووری دوورەوە ونبوونێکی چاوەڕوانکراوی دیاردەیەک بەیان دەکرێ، زۆرێک هەن دەیسەلمێننو لەوانەیشە خەمی بۆ بخۆن. بەڵام کە گیانەڵا کۆتایی دێت، سەیری شوێنێکی دیکە دەکەین. مەرگ نادیار دەبێ. لە مێژە کە چەم، بولبول، ئەو ڕێگایانەی پێچاو پێچ بە نێو چیمەناکاندا دەڕۆن لە سەری مرۆڤدا سڕراونەتەوە. پێویستیان پێیان نەماوە. گەر سبەی سروشت لە سەر گۆی زەوییەکامان ون بێ کێ هەر هەستی پێدەکا؟ کوان ئەوانەی لە پاش ئۆکتاڤیۆ پاز، لە پاش ڕێنیە چار دێن؟ شاعیرە گەورەکان لە کوێن؟ ونبوونە یان دەنگیان ناگاتە گوێمان؟ بە هەر حاڵ گۆڕانێکی گەورەیە لە ئەوروپاکەماندا کە ڕۆژێ لە ڕۆژان بە بێ شاعیر وێنا نەدەکرا. گەر مرۆڤێک پێویستیی بۆ شیعر ونکردبێ، هەست دەکا کە شیعر ونبووە. کۆتایی تەقینەوەیەکی ئەپۆکالیپتیکیی نییە. لەوانەیە هیچ شتێک لە کۆتایی ئاشتییانەتر نەبێ.

**کرستیان سالمۆن:** *دانی پێدا دەنێم. بەڵام کە شتێک کۆتایی دێت، مرۆڤ دەتوانێ شیمانەی ئەوە بکا، کە شتێکی نوێ لە سەرهەڵداندایە.*

**میلان کوندێرا**: بە دڵنیاییەوە.

**کرستیان سالمۆن**: *بەڵام چی لە سەرهەڵداندایە؟ ڕۆمانەکانت ئەمەمان بۆ نالێن. لە بەر ئەوە ئەم گومانە: لەوانەیە تەنیا نیوەی بلاو نەخشی مێژوویمان ببینی؟*

**میلان کوندێرا**: لەوانەیە، بەڵام ئەمە هێندە بەد نییە. مرۆڤ دەبێ تیبگا کە ڕۆمانێک چییە. مێژوونووسێک ڕووداوگەلێک دەگێڕێتەوە کە ڕوویانداوە. تاوانەکەی ڕاسکۆلنیکۆف هەرگیز ڕووینەداوە ڕۆمان وجوود دەپشکنێ نەک واقیع. بوون ئەوە نییە کە ڕوویداوە، بوون کایەی ئەگەرەکانی مرۆڤە، بوون هەموو ئەو شتانەیە کە مرۆڤ دەتوانێ ببێتە ئەو شتانە. ڕۆماننووسەکان نەخشەی وجوود دەکێشن. بەوەی پەردە لە سەر ئەم یان ئەو ئەگەرانەی مرۆڤ لادەبەن. بەڵام جارێکی دیکەیش بوون واتە :«لە-دنیادا-بوون». مرۆڤ دەبێ چی فیگور و هەروەها جیهانەکەی وەکو ئەگەر تێبگا. لای کافکا هەموو شتێک ڕوون و ئاشکرایە: دنیای کافکایی بە واقیعی مەوجود ناچێ، ئێکستریمێکە، ئەگەری بە واقیعکراوی دنیای مرۆڤ نییە. بەڵام ئەم ئەگەرە لە پشتەوەی دنیای واقیعی ئێمەوە دەردەکەوێ و لە هەمان کاتدا پێشبینیی ئایندە دەکا. لە بەر ئەوەیە مرۆڤ باسی ڕەهەندی پێغەمبەرانەی کافکا دەکا. بەڵام گەر ڕۆمانەکانی هیچی پێغەمبەرانەشیان نەبا، لە بەهای خۆیان ون نەدەکرد، چونکە دەرک بە ئەگەرێکی بوون دەکەن (ئەگەرێکی مرۆڤ و جیهانەکەی) و لە ڕێیەوە پیشانمانەدەن، ئێمە چین و چیمان لە توانادایە.

**کرستیان سالمۆن:** *بەڵام ڕۆمانەکانت لە جیهانێکی سەرتاپا واقیعیدا ڕوو دەدەن!*

**میلان کوندێرا:** خەورۆی بڕۆخت بیر دێتەوە، سیانەیەک کە بە سەر سی ساڵی مێژووی ئەوروپادا دەکشێ. بڕۆخ مێژوو لە ڕێی کەلەپینی بەردەوامی بەهاکانەوە بە ئاشکرا پێناسەکراو دەبینێ. فیگورەکان لەم گەشەیەدا وەکو لە قەفەزێک توند کرابن دەبێ لە دەربارەی ونبوونی بەردەوامی بەها گشتییەکان ڕەفتارێکی گونجاو پەرە پێبدەن. بێگومان بڕۆخ قەناعەتی بە دروستیی حوکمی مێژوویی خۆی هەبوو یان، بە جۆرێکی دیکە گوزارشتی لێ بکەین، ئەو قەناعەتی بەوە هەبوو کە ئەگەری ئەو جیهانەی ئەو گوزارشتی لێدەکرد، ئەگەرێکی بە واقیعکراو کراوە. بەڵام با جارێک هەوڵ بدەین وێنای ئەوە بکەین کە سەهوو بووو هاوتەریب بۆ ئەم پەرەسەندنی نسکۆیە پەرەسەندنێکی دیکە بەڕێوە بووە، پەرەسەندنێکی پۆزەتیف (ئەرێتی)، کە بڕۆخ نەیدەبینی. بە هەر کلۆجێ کاری دەکردە سەر بەهای خەورۆ؟ نەخێر. چونکە پرۆسیسی هەڵوەشانی بەهاکان ئەگەرێکی مشتو مڕ هەڵنەگری جیهانی مرۆڤە. کە مرۆڤ لەو مرۆڤانەی فڕێدراونەتە نێو گێژاوی ئەم پرۆسێسەوە تێدەگا، لە ڕەفتاریان، هەڵوێستیان، تەنیا ئەمە گرنگە. بڕۆخ بوارێکی نادیاری بوونی کەشف کرد. ئەو بوارەی بوون کە دەیەوێ بڵێ: ئەگەرێکی بوون. ئایا ئەم ئەگەرە دەگۆڕڕێتو سەر واقیع یان نا ئەمە مانایەکی لاوەکی هەیە.

**کرستیان سالمۆن:** *کەواتە دەبێ مرۆڤ ئەو قۆناغی کاتی کۆتاییەی پارادۆکسەکان کە ڕۆنامەکانتی تێدا ڕوودەدەن نەک وەکو واقیع، بەڵکو وەکو ئەگەر تێبیبڕوانێ؛*

**میلان کوندێرا:** وەکو ئەگەرێکی ئەوروپا. وەکو ڕوئیایەکی ئەوروپا. وەکو ئەگەرێکی بارو دۆخی مرۆڤ.

**کرستیان سالمۆن:** *بەڵام گەر ئێوە هەوڵدەدەن ئەگەرێک نەک واقیعێک بەرجەستە بکەن، چۆن مرۆڤ بۆ نموونە ئەو وێنەیەی بۆ پراگ و ڕووداوەکانی پراگ داتاشتووە بە جدی وەرگرێ؛*

**میلان کوندێرا:** گەر نووسەرێک بارو دۆخێکی مێژوویی وەکو ئەگەرێکی نوێی پەردەداماڵەری جیهانی مرۆڤ تێبگا، دەیەوێ وای دابڕێژێ وەکو هەیە. ئەمەش ڕێ لەوە ناگرێ دەستپاکیی واقیعی مێژوویی لە مەڕ بەهای ڕۆمانەوە مانایەکی لاوەکی هەبێ. ڕۆماننووس نە مێژوونووسە نەیش پێغەمبەر: ڕۆماننووس دۆزەرەی وجودە.

# بەشی سێیەم

## بینای کاری هونەری

## تێبینی دەربارەی ڕۆمانی "خەوڕۆ"

سیانەیەک، کە لە سێ ڕۆمان پێکدێ: پاسەنۆڤ یان ڕۆمانتیک؛ ئێش یان ئەنارشی؛ هوگیەناو یان بابەتگەرایی. مێژووی ئەم سێ ڕۆمانە هەریەکەو پازدە ساڵ پاش ئەوی دیکەی پێش خۆی ڕوو دەدا: 1888؛ 1903؛ 1918. هیچ یەکێک لەم ڕۆمانانە لە گەڵ ئەو دووانەی دیکەدا بە هاو هۆکارەوە بە یەکەوە پەیوەست نییە: هەریەکەو بازنەی فیگەری خۆیو بینای خۆی هەیەو لەو دووانەی دیکە جیاوازە.

لە گەڵ ئەوەشدا پاسەنۆڤ (بەشداری ڕۆمانی یەکەم)و ئێش (بەشداری ڕۆمانی دووەم) لە زەمینەی ڕۆمانی سێیەمدا دەردەکەونو، بێرتراند (فیگەرێکی ڕۆمانی یەکەم دەورێک لە ڕۆمانی دووەمدا دەگێڕێ. بەڵام ئەو ڕووداوەی بێرتراند لە ڕۆمانی یەکەمدا (لە گەڵ پاسێنۆڤ، ڕوزێنا، ئێلیزابێت) بە سەری هاتووە، لە ڕۆمانی دووەمدا هەر لێو هەڵناهێنێو پاسێنۆڤی ڕۆمانی سێیەم بچووکترین یادەوەریی لاوێتیی خۆی نییە (وەکو لە ڕۆمانی یەکەمدا مامەڵەی لە گەڵ کراوە).

واتە جیاوازییەکی ڕادیکال لە نێوان خەوڕۆ و (تابلۆ) گەورەکانی سەدەی بیستەمدا هەیە (ئەوانەی پرۆست، موزیل، تۆماس مان هتد.): یەکەی سەرجەم لای برۆخ نە لە سەر بەردەوامیی ڕووداوەکە نە لە سەر بەردەوامیی بیۆگرافی (فیگەرێک، خێزانێک)، بەڵکو لە سەر شتێکی دیکە، کەمتر دیار، کەمتر مەلموس، لە سەر شتێکی شارراوە: لە سەر بەردەوامیی هەمان تێما (تێمای ئەو مرۆڤەی ڕوو بە ڕووی پرۆسیسی داوەشانی بەهاکان دەبێتەوە).

## ئەگەرەکان

مرۆڤ له داوێدا، که جیهانەکەمان بۆته داو چی ئەگەرێکی له بەردەمدایه؟

پێشمەرجی وەڵام ئەوەیه که مرۆڤ وێنایەکی دیاریکراوی بۆ ئەوە هەبێ که جیهان چییه. که مرۆڤ دەربارەی هیپۆتێزەیەکی ئۆنتۆلۆژی هەبێ.

جیهانی کافکا: گەردوونێکی بویرۆکراتیزە کراو. نووسینگە نەک وەکو دیاردەیەک له دیاردەکانی سۆسیال، بەڵکو وەکو جەوهەری دنیا.

هەر ئەوەنده له یەکچوونێکی (سەیر، موفاجیئ) له نێوان کافکای داخراو و هاشەکی خاکیدا هەیه. هاشەک سوپا وەکو میلیۆیەکی کۆمەڵگای نەمسا- هەنگاریا وەسف ناکا (وەکو ڕیالیستێک یان ڕەخنەگرێکی کۆمەڵایەتی دەیکرد)، بەڵکو وەکو نووسخەیەکی مۆدیرنی جیهان. وەکو دادوەریی لای کافکا سوپا لای هاشەک تەنیا دامەزراوێکی بیرۆکراتی بێ سەرو بەرە، سوپایەکی کارگێڕی که تیایدا فەزیلەتە کۆنە سوپاییەکان (ئازایەتی، فڕوفێڵ، بەسەلیقەیی) ئیدی بە کاری هیچ نایەن.

بیرۆکراته سوپاییەکانی هاشەک گەمژەن؛ لۆژیکی پووچو له هەمان کاتدا ڕێکو پێکی کارمەندەکانی کافکایش دوورن له هەموو

تێگەیشتنێکەوە. لای کافکا ئەو گەمژەییە بە پاڵتۆی پەنهانیی داپۆشراوە دەبێتە جۆرە هاوکێشەیەکی میتافیزیکی. دەترسێنێ. یوسف ک... هەموو شتێک دەکا بۆ ئەوەی لە فرتو فێڵەکانیان، لە وشە ناڕوونەکانیان مانایەک بخوێنێتەوە. چونکە زۆر سامناکە حوکمی مەرگت بە سەردا بدرێ، بەڵام هەرگیز جێی تەحەممول نییە لە هیچو خۆڕا وەکو شەهیدی بێمانایی حوکمت بە سەردا بدرێ. ک... دان بە گوناهەکەیدا دەنێو بە دووای هەڵەکەیدا دەگەڕێ. لە دووا فەسڵدا میرغەزەبەکانی لە نیگای سیخوڕەکان دوور دەخاتەوە (ئەو سیخوڕانەی کە لەوانە بوو قورتاری کەن)و چەند دەقەیەک پێش مردنی دەکەوێتە سەرکۆنەکردنی خۆی، کە نەیتوانیوە هێندە هێز بە خۆی بدا بۆ ئەوەی خۆی بکوژێ، بۆ ئەوەی ئامرازە چەپەڵەکانیان لە کۆڵ بکاتەوە.

شڤایک بە تەواوەتی پێچەوانەی ک..یە. لاسایی جیهانی دەوروبەری (جیهانی گەلحۆیی) هێندە بە ڕێکو پێکیو سەرو مڕی دەکاتەوە، کەس ناتوانێ بڵێ کە ئایا بە ڕاستی گەلحۆیە یان نا. خۆی بە ئاسانیی (بە چی لەزەتێکیشەوە!) لە گەڵ نەزمی سەروەردا دەگونجێنێ، بەڵام نەک لە بەر ئەوەی مانایەک لەمەدا دەبینێ، بەڵکو لە بەر ئەوەی بە هیچ جۆرێک مانا نابینێ. ئەو ڕادەبوێرێو دڵی ئەوانی دیکەیش خۆشدەکا. لە ڕێی زیاد پێوەنانی خۆگونجاندنییەوە جیهان دەکاتە تاقە نوکتەیەکی گەورە.

(ئێمە کە نووسخەی کۆمۆنیستی تۆتالیتاری جیهانی مۆدێرنمان بینیوە، دەزانین کە ئەم دوو هەڵوێستە بە ڕووکەش هونەری، ئەدەبی و موبالەغە پیکراوەوە چەند واقیعین؛ ئێمە لە لایەکەوە لە پانتایی سنووردارکراوی ک..و لە لایەکی دییەوە لە پانتایی بە ئەگەری شڤایک سنووردار کراوودا ژیاین، ئەمەیش واتا: لەو پانتاییەدا، کە جەمسەرێکی شوناسنامەیە لە گەڵ دەستەڵاتدا تا هاوکاریی قوربانیی لە گەڵ جەللادەکەیداو جەمسەرەکەی دیکە کە قبوڵنەکرنی دەستەڵاتە بەو هێزی ڕەتکرنەوەیەوە، کە شتێک بە جدی وەرگری؛ ئەمەش واتا: لە شوێنێک لە نێوان ک..ی زۆر جدیو شڤایکی تەواو ناجیدیدا.)

ئەی برۆخ؟ هیپۆتێزە(گریمانە)ی ئۆنتۆلۆژی(بوونناسیی) ئەو کامەیە؟

جیهان پرۆسێسی پووچانەوەی بەهاکانە (ئەو بەهایانەی هی سەدەکانی ناوەڕاستن)، پرۆسیسێکە باڵی بە سەر چوار سەدەی سەردەمی نوێدا کێشاوەو جەوهەرەکەی دیاریدەکا.

ئەگەرەکانی مرۆڤ دەربارەی ئەم پرۆسێسە چین؟

برۆخ سێ ئەگەر دەدۆزێتەوە: ئەگەری پاسێنۆڤ، ئەگەری ئێش، ئەگەری هوگیەناو.

## ئەگەری پاسینۆف

براکەی یواخیم پاسێنۆف لە دوێلێکدا دەکوژرێ. باوکی دەڵێ: «لە پێناوی شەرەفدا مرد.» ئەم وشانە یادەوەریی یواخیم بۆ هەمیشە دەخەملێنن.

بەڵام بێرتراندی هاوڕێی سەری سووڕ دەمێنێ: چۆن لە سەردەمی شەمەندەفەر و کارخانەدا دوو پیاو بەرامبەری یەکتر دەوەستن، ڕاستو ڕەپ، بە قۆڵو باڵی درێژکراوەوە، دەمانچە بە دەستەوە؟

یواخیم بە خۆی دەڵێ: بێرتراند هەستی شەرەفی نییە.

بێرتراند بەردەولم دەبێ: هەستەکان دژی پەرەسەندنی کات دەوەستنەوە. بناغەیەکی لە ڕووخان نەهاتووی کۆنزێرڤاتیزم (کۆنەخوازیی)ن. میراتێکی باوو باپیرانە.

ولبەستەیی عاتیفیانە بە بەها بۆ ماوەکانەوە، بە میراتی باو و باپیرانەوە هەڵوێستی یواخیم پاسێنۆڤە.

پاسینۆڤ بە ناو پاڵنەری ئونیفۆرمەوە تێوە دەگلێنرێ.

حیکایەتخوان ڕوونیەکاتەوە کە ڕۆژێ لە ڕۆژان کنیسە بەرزترین عەرشی دادوەریی بە سەر مرۆڤدا داگیرکردووە. جلو بەرگی پیاوانی ئایینی نیشانەی دەستەلاتی سەرووی دنیایی بوو، لە کاتێکدا ئونیفۆرمی ئەفسەر یان جلی ڕەسمی کارمەند دنیایی بوونیان بەرجەستە دەکرد. بەو ئەندازەیەی کاریگەریی سیحریانەی کلێسە لە کزبووندا بوو، ئونیفۆرم جیگای جلی قەشەی دەگرتەوەو بەرەو ئاستی ڕەها بەرز بووەوە.

ئێمە ئونیفۆرم هەڵنابژێرین، ئونیفۆرم بە سەرماندا دابەشدەکرێ؛ ئونیفۆرم یەقینی گەردوونییە لە بەرامبەر نادڵنیایی تاکەکان. گەر ڕۆژێک لە ڕۆژان بەها یەقینییەکان بخرێنە ژێر پرسیارەوەو بە شەرمەوە دوور بخرێنەوە، ئەوەی بە بێ ئەم بەهایانە ناتوانێ بژی (بە بێ دڵسۆزیی، بە بێ خێزان، بە بێ وڵات، بە بێ دیسپلین، بە بێ ئەڤین) تا دووا قۆپچەی سەری سەرەوە لە گەردوونی ئونیفۆرمەکەیدا دەجەرپێنرێ، وەکو بڵێی ئەم ئونیفۆرمە دووا پاشماوەی بڵندگەرایی (Transzendenz)ەو دەتوانێ لە سەرمای ئایندەی بپارێزێ، لەوێی کە ئیتر هیچ شتێک نەماوە ڕێزی لێبگیرێ.

چیرۆکی پاسێنۆف لە شەوی زەماوەندیدا دەگاتە چڵەپۆپەی. ئەلیزابێتی ژنی خۆشیناوێ. پاسێنۆف جگە لە ئایندەی ناخۆشەویستی هیچی دیکە نابینێ. لە تەنیشت ژنەکەیەوە ڕادەکشێ، بە بێ ئەوەی خۆی ڕووت بکاتەوە: «بە هۆی ڕاکشانەکەیەوە چاکەتی ئونیفۆرمەکەی کەمۆکەیەک لە یەک ترازاوە بوو، بە هۆی پالێمە لێکترازاوەکەیەوە پانتۆڵە ڕەشەکەی دەردەکەوێت، کاتێ یواخیم هەستی بەمە کرد خێرا ئەمەی چاککردەوەو ئەو جێیەی داپۆشی. لاقی ڕاکیشا بۆ سەرەوە بۆ ئەوەی نەوەکو پێڵاوە بۆیاخکراوە بریقەدارەکانی بەر کەتانەکە بکەون، بە زەحمەت پێیەکانی لە سەر کورسییەکەی تەنیشت سیسەمەکەوە دانابوو.»

### ئەگەری ئێش

بەها بۆ ماوەکانی ئەو سەردەمەی کڵێسا کە بە تەواوەتی سەروەری مرۆڤ بوو لە مێژەوە داتەپیبوو، بەڵام بۆ پاسێنۆڤ ناوەڕۆکەکەی هێشتا ڕوونو ئاشکرا بوو. گومانی لەوەدا نەبوو وڵاتەکەی چی بوو، دەیزانی دەبوو بۆ کێ دڵسۆز بێو کێ خودای بوو.

لە بەردەم ئێشدا بەهاکان ڕووخساری خۆیان دادەپۆشن. نەزم، دڵسۆزیی، قوربانیی، ئەم وشانە بۆی بە نرخن، بەڵام لە ڕاستیدا دەیانەوێ چی بڵێن؟ مرۆڤ قوربانیی بۆ چی شتێک بدا؟ مرۆڤ دەبێ داوای چی نەزمێک بکا؟ نازانێ.

چی لە بەهایەک دەمێنێتەوە گەر ناوەڕۆکە بەرجەستەبیەکانی ونکردبێ؟ هیچ نییە لە فۆرمێکی خاڵی زیاتر؛ فەرمانێکی بێ وەڵام، بەڵام ئەوەندە بە جۆشو خرۆشتر داوای گوێلێگرتنو گوێڕایەڵیی دەکا. هەتا ئێش کەمتر بزانێ چی دەوێ، ئەوەندە بە جۆشو خرۆشتر دەیەوێ.

ئێش: فەناتیزمی چاخ بە بێ خودا. لە بەر ئەوەی هەموو بەهاکان داپۆشراوون، هەموو شتێک دەتوانرێ وەکو بەها تێی بنوانرێ. جارێک بە دووای یاساو نەزمدا لە خەباتی سەندیکاییدا دەگەڕێ، ئەمجا لە ئاییندا، ئەمجا لای پۆلیس، لە کۆتاییدا لە وێنەیەکی جوانکراوەی ئەمەریکادا، کە خەونەکانی کۆچ بۆ کردنین. دەیتوانی تێرۆریست بێ،

بەڵام تیرۆریستێکی کە پەژیوان دەبێتەوەو هاوەڵەکانی کەشف دەکا، ئەندامێکی کارای حیزب، ئەندامی سێکتەیەک، بەڵام خۆکوژێکیش کە ئامادەیە، ژیانی بکاتە قوربانیی. هەموو ئەو جۆش‌و خرۆشانەی کە لە چیرۆکی خوێناوی ئەم سەدەیەماندا نێڵەیان دێ، لە نێو سەرکێشییە خاکییەکانیدان‌و پەردەیان لە سەر هەڵدەماڵرێ، دیاریدەکرێن‌و دژوارانە تیشکیان دەخرێتە سەر.

لە نووسینگەکەیدا ناڕازییە، گۆبەن دەنێتەوەو وەدەردەنرێ. ئاوەها چیرۆکەکەی دەست پێدەکا. هۆکاری هەموو بێ نەزمییەک کە سەری لێدەشێوێنێ بەڕای ئەو نێنتقیگی ژمێریارە. هەر خوا خۆی دەزانێ بۆ ئەو. ئەمەش ڕێ لە ئێش ناگرێ کە بڕیار بدا، لای پۆلیس ڕاپۆرتی لێبدا. ئەمە ئەرکی ئەو نییە؟ نابێ بەرامبەر هەموو ئەوانەی وەکو ئەم داوای دادو نەزم دەکەن ئەرکی سەرشانی بەجێبهێنێ؟

بەڵام ڕۆژێک لە ڕۆژان نێنتقیگ کە مەزەندەی هیچ ناکات لە کاباریتێک بە دڵۆڤانی داوەتی دەکات لە گەڵیدا لە سەر مێزەکەی دانیشێ‌و گلاسێکی لە گەڵ بخواتەوە. ئێش دڕدۆنگە بە هەموو هێزی هەوڵدەدا گوناهی نێنتقیگ بیری خۆی بخاتەوە، بەڵام ئەم گوناهە «هێندە سەیر مایەی تێگەیشتن نەماوەو بێشێوەو بێڕەنگ بووە، کە ئێش بێمانایی مەبەستەکەی یەکسەر بۆ دەرکەوت، کەمێک ناشییانەو کەمێک تەریقانە دەستی بۆ گلاسە شەرابەکەی برد».

جیهان بۆ ئێش بە سەر ئیمپراتۆریەتێکی باش‌و ئیمپراتۆریەتێکی بەدوا دابەشبووە، بەڵام ئاخ، چی باش‌و چی خراپ بە هەمان شێوە ناتوانرێ بناسرێنەوە (هەر ئەوەندە بەسە نێنتفیگ ببینین، مرۆڤ ئیتر نازانێ، کێ باشەو کێ خراپە). لەم ئاهەنگی دەمامکەدا، کە جیهان ئاهەنگی دەمامکە، تەنیا بێرتراندە تا کۆتایی نیشانەی بەدیی بە ڕووخسارییەوە هەڵگرتووە، چونکە گوناهەکەی جێگای گومان نییە: ئەو هۆمۆسێکسوێڵ (هاوڕەگەزباز)ە. ئەو نەزمی خودلیانە دەشێوێنێ. لە سەرەتای ڕۆمانەکەدا ئێش ئامادەیە، خەبەر لە نێنتفیگ بدات، لە کۆتاییدا ڕاپۆرتی کەشفکردنی بێرتراند دەخاتە سندووقی پۆستەوە.

### ئەگەری هوگیەناو

ئێش ڕاپۆرتی لە بێرتراند دا، هوگیەناو ڕاپۆرت لە ئێش دەدا. ئێش دەیویست بەمە جیهان ڕزگار بکا. هوگیەناو دەیەوێ بەمە سەرکەوتنی خۆی لە کارەکەیدا قورتار بکا.

هوگیەناو، کۆششکەرێکی بێتاوان، لە جیهانێکدا بە بێ پابەند بوون بە بەهاکانەوە هەست بە خۆشییەکی بێسنوور دەکا. نەبوونی فەرمانی مۆراڵ بۆ ئەو ئازادییە، ڕزگار بوونە.

هەتا بڵێی پڕ مانایە، کە ئەوە ئێش دەکوژێ، بەڵام بە بێ هیچ ویژدان زەدەبوونێک. چونکە «هەمیشە وایە، کە مرۆڤی گروهی بچووکی بەها مرۆڤی گروهی گەورە تر کە لە ناوچووندایە لە ناو دەبا، هەمیشە

بەدبەختترین کەس لە پرۆسێسی داڕزانی بەهاکاندا دەوری جەلاد دەگێڕێ‌و لەو ڕۆژەدا کە جۆقەکانی دادگا لێدەدەن، ئەوە مرۆڤی لە بەها ئازادە کە دەبێتە جەلادی ئەو جیهانەی خۆی بۆ خۆی چێی کردووە.» .

بە ڕای برۆخ سەردەمی نوێ پردی نێوان سەروەریی ئیمانی ناعەقلانی‌و سەروەریی ناعەقلانیەتە لە جیهانێکی بێ ئیماندا. مرۆڤ کە تارماییەکەی لە کۆتایی پردەکەدا دەردەکەوێ هوگیەناوە. بکوژێکی بەختەوەر، تاوانبار ناکرێ. کۆتایی سەردەمی نوێیە لە دەقە بە جۆش‌و خرۆشەکەیدا.

ک...، شڤایک، پاسێتۆڤ، ئێش، هوگیەناو: پێنج ئەگەری بنەمایی، پێنج خاڵی ئاڕاستەیی، بە بێ ئەمانە بۆم مەحاڵ دەردەکەوێ نەخشەی بوونی ئەم کاتەمان بنەخشێنین.

## لە ژێر کەوانەی

## ئاسمانی سەدەکاندا

ئەو هەسارانەی لە ئاسمانی سەردەمی نوێماندا دەخولێنەوە، هەمیشە لە پێکهاتەیەکی تایبەتمەنددا، لە ڕۆحی فەردێکدا ڕەنگدەدەنەوە؛ لە ڕێی ئەم پێکهاتەیەوە بارو دۆخی فیگورێک، مانای وجودی پێناسە دەکرێ.

برۆخ باسی ئێش دەکاو لە پڕ بە لوتەر بەراوردی دەکا. هەردووکیان سەر بە گروهی یاخیبووانن (کە برۆخ بە درێژیی ڕاڤەی دەکا). ئێش یاخیگەرە، هەروەکو لوتەر یاخیگەرێک بوو. بە عادەت مرۆڤ بە دووای

ڕەگی کەسایەتییەکدا لە منداڵییدا دەگەڕێ. ڕەگەکانی ئێش لە سەدەیەکی دیکەدان. ئێمە هیچ شتێک دەربارەی منداڵیی نازانین. ڕابردووی ئێش لوتەرە.

بۆ ئەوەی لە پاسێنۆف، پیاوە ئونیفۆرمپۆشەکە تێبگەین، دەبوو برۆخ لە پرۆسێسی درێژی مێژووییدا بینای بکا کە جلو بەرگی پیاوانی ئایینی بە ئونیفۆرمی دنیایی دەگۆڕێتەوە؛ بەمەیش کەوانەی ئاسمانی سەردەمی نوێ بە سەر ئەم ئەفسەرە داماوەدا بە جارێ بە سەرتاپای ڕەهەندییەوە گەشایەوە.

لای برۆخ فیگور وەکو دانسقەییەکی بێلاساییکردنەوەی ڕاگوزەر، وەکو چرکەیەکی سەرسوورهێنەر، کە بەسەرچوونی دیاریکراوە، بەرنامەڕێژ نەکراوە، بەڵکو وەکو پردێکی پتەو لە بان کاتەوە، ئەو پردەی لە سەری لوتەر و ئێش، ڕابردوو و ئایینده بە یەکتر دەگەن.

ولم بۆ دەردەکەوێ کە برۆخ لە خەوڕۆکاندا نەک زۆر لە ڕێی فەلسەفەی مێژووەوە، بەڵکو زیاتر لە ڕێی ئەو شێوە نوێیەوە مرۆڤی پێدەبینرێ (مرۆڤ لە ژێر کەوانەی ئاسمانی سەدەکاندا) پەنجەنومای ئەگەرەکانی پاشەڕۆژی ڕۆمان دەکا.

لەم ڕووناک کردنەوەیەی برۆخدا دوکتۆر فاوستوس‌ی تۆماس مان دەخوێنمەوە، ڕۆمانێک کە نەک هەر خۆی بە دەنگسازکارێکی ئادریان لێڤەرکوین ناوەوە خەریک دەکا، بەڵکو خۆی بە چەندان سەدەی مۆسیقای ئەڵمانییشەوە خەریک دەکا. لێڤەرکوین تەنیا دەنگسازکار

نییە، ئەو دەنگسازکارەیە کە مێژووی مۆسیقا بەرەو سەرومرپی دەبا (گرنگترین ئاوازی نێوی ڕۆژی قامەتە). ئەو تەنیا دووا ئاوازدانەریش نییە (کە ڕۆژی قیامەتی نووسیوە)، ئەو فاوستیشە. تۆماس مان بە هۆی شەیتانێتی نەتەوەکەیەوە (لە کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانیدا ئەم ڕۆمانەی نووسیووە) بیر لەو پەیمانە دەکاتەوە، کە ئەم بیچمە ئەفسانەییە، کە بەرجەستەکردنی ڕوحی ئەڵمانییە لە گەڵ شەیتاندا بەستوویەتی. مژووی سەرجەمی وڵاتەکەی بۆ سەرەڕۆییەکی تاقە فیگورێک بەرز دەبێتەوە: سەرەڕۆیی فاوست.

لە بەر ڕووناکی برۆخدا تێرا نۆسترای کارلۆس فوێنتەسیش دەخوێنمەوە، لەو شوێنەدا سەرجەمی سەرکێشیی گەورەی ئیسپانیی (سەرکێشیی ئەوروپیو سەرکێشیی ئەمەریکی) لە وێنەیەکی تەلەسکۆپی بێ ئەندازە، لە شێواندنێکی بێ ئەندازەی خەونئامێزدا بەرجەستە دەکرێ. بنەماگەی برۆخ ئێش وەکو لوتەرە لای فوێنتەس بۆتە بنەماگەیەکی ڕادیکال: ئێش لوتەرە. فوێنتەس کلیلی میتۆدەکەیمان دەداتە دەستەوە:« مرۆڤ پێویستی بە چەند ژیانێکە، بۆ ئەوەی تاقە فیگورێک بخوڵقێنێ.» ئەفسانەی کۆنی دۆنادون لە تەکنیکێکی ڕۆماندا خۆی بە مادە دەکا، کە تێرا نۆسترا دەکاتە خەونێکی گەورەی سەیر و سەمەرە، بەوەی هەمان ئەو فیگورانەی بەردەولم دۆنادون دەکرێن، چیرۆک دروست دەکرێو دەبینرێ. هەمان ئەو لودۆڤیکۆیەی لە مەکسیک کیشوەرێکی تا ئەو کاتە نەدۆزراوەی دۆزیوەتەوە، پاش چەند

سەدەیەک لە پاریسە، لە گەڵ هەمان سێلەستیندا کە پێش دوو سەد ساڵ دۆستی فیلیپی دووەم بووە. هەتا دوولیی.

لە چرکەساتی کۆتاییدا (هی ئەوینێک، ژیانێک، قۆناغێک) لە پڕ کاتی بەسەرچوو خۆی وەکو سەرجەمێک دەرەخاو شێوازی ڕوونی بریقەدار و کامل لە خۆ دەگرێ. چرکەساتی کۆتایی بۆ برۆخ هوگیەناوە، بۆ تۆماس مان هیتلەرە. بۆ فوێنتەس سنووری ئەفسانەیی بڕەری نێوان دوو هەزار ساڵە؛ لەم ڕوانگە خەیاڵییەوە مێژوو، ئەم شتە نائاساییەی ئەوروپا، ئەم پەڵەیەی بە سەر پاکیزەیی کاتەوە وەکو شتێکی کۆتایی پێهاتوو، دەست لێبەردراو، بە جێهێڵراو دەردەکەوێ، هەر لە دەستپێکەوە هێندە خۆ بە کەمزان، هێندە هەژێنەر وەکو چیرۆکێکی بچووکی فەرنێک، کە مرۆڤ هەر زوو لە بیری دەچێتەوە.

لە ڕاستیدا گەر لوتەر ئێش بێ، ئەو حیکایەتەی لە لوتەرەوە بۆ ئێش دەمانبا، تەنیا بیۆگرافیا (ژیننامە)ی تاقە کەسێکە: مارتین لوتەر-ئێش. هەموو مێژووش تەنیا حیکایەتی چەند فیگورێکە (حیکایەتی فاوستێک، حیکایەتی دۆن خوانێک، حیکایەتی دۆن کیشۆتێک، حیکایەتی ڕاستیگناکێک، حیکایەتی ئێشێک)، کە بە یەکەوە بە ناو سەدەکانی ئەوروپادا تێپەڕیوون.

## لەمڕووی هەڵپچوەندیدا

لە سەر مولّکی لیڤین پیاوێکو ژنێک یەکدی دەبینن، دوو مرۆڤی تەنیاو مێلانخۆلی. حەز لە یەک دەکەنو بە پەنهانی خوازیاری ئەوەن بۆ یەک بن. بە دوای هەلێکدا دەگەڕێن، بۆ ئەوەی تاوێک بە تەنیا بن، بۆ ئەوەی بە ئەو ڕاز و نیازە بە یەکتر بلّێن. ڕۆژێک لە دارستانێکدا لە کاتی بە دووای کوارگە کێوی گەڕاندا هەر هەردووکیانن. بە شلّەژاوییەوە بێدەنگ دەبن، چونکە دەزانن، کە ئەو چرکەساتە هاتووەو مرۆڤ نابێ لە دەستی بدا. کپییەکە زۆر دەخایەنێ، لە پڕ ژنەکە لە خۆیەوە «دژی ویستی خۆی، چاوەڕوانتەکراو» دەست بە باسی کوارگ دەکا. جارێکی دیکە بێدەنگیی سەروەر دەبێ، پیاوەکە بە دوای وشەدا دەگەڕێ، بۆ ئەوەی خۆی بەیان بکا، بەلّام لە جیاتیی ئەوەی باسی ئەوین بکات «لە پاڵنەرێکی چاوەڕوانتەکراوەوە» ئەویش باسی کوارگە کێوی دەکا. لە ڕێگەی گەڕانەوەدا هێشتا باسی کوارگە کێوی دەکەن، بێ هێزو دڕدۆنگانە، چونکە ئێستا دەزانن، کە هەرگیزاو هەرگیز بە یەکەوە باسی ئەڤین ناکەن.

لە ماڵەوە پیاوەکە بە خۆی دەڵێ، لە بەر ژنە مردووەکەی نەیتوانیوە باسی خۆشەویستیی بکا؛ نەیتوانیوە ناپاکیی لە یادەوەری بکات. بەلّام ئێمە دەزانین:ئەمە بەهانەیەکە، تەنیا بە کاری دەهێنێ بۆ ئەوەی دلّنەوایی خۆی بکا. دلّنەوایی خۆی؟ بەڵێ. چونکە مرۆڤ لە بیری خۆی دەباتەوە گەر خۆشەویستییەکی لە دەست بچێ، گەر هۆیەکی

دیاریکراو لە ئارادا بێ. بەڵام مرۆڤ هەرگیز لە خۆی نابوورێ، گەر ئەم خۆشەویستییەی بە بێ هۆ لە دەستدابێ.

ئەم پێشهاتە جوانە بچووکە جۆرە هاوسەنگییەکە بۆ یەکێک لە گەورەترین دەستکەوتەکان لە ئانا کارینینادا: دەرخستنی لایەنێکی نا-هاوپەیوندی، ، بێ حیسابی یان پڕ نهێنی کردارێکی مرۆڤانە.

کردار چییە؟ پرسیاری هەمیشەیی ڕۆمان، پرسیاری تا ڕادەیەک بنەماکیی. چۆن بڕیارێک وەردەگیرێ؟ چۆن ئەم بڕیارە دەبێتە کردارێک، ئەی کردارەکان چۆن ڕیز دەبن بۆ ئەوەی ببنە سەرکێشیی؟

ڕۆمانووسەکانی سەرەتا هەوڵیاندەدا سەرەداوێکی ڕوونو عەقڵانی لە گڵۆڵەی نامۆو تێکچڕژاوی ژیان لێک بکەنەوە؛ بە گوێرەی ڕوانگەی ئەوان کردار دەگەڕێتەوە بۆ پاڵنەرێکی عەقڵانی بەرجەستە، ئەم کردارەش کردارێکی دیکە بە دوای خۆیدا دەهێنێ. سەرکێشیی کردارێکی ڕوونو ئاشکرا، بە بەدەمیەکدی ڕیزبوونێکی کردارەکان.

ڤێرتەر ژنی هاوڕێکەی خۆش دەوێ. ناتوانێ خیانەت لە هاوڕێکەی بکا، ناتوانێ دەستبەرداری عەشقەکەی بێ، کەواتە خۆی دەکوژێ. خۆکوشتنێک شەفاف وەکو هاوکێشەیەکی ماتەماتیکی.

بەڵان ئانا کارینینا بۆ خۆی دەکوژێ؟

ئەو پیاوەی لە جیاتی باسی خۆشەویستیی باسی قارچکە کێوی دەکرد، قەناعەت بە خۆی دەکا کە ئەمە لە ئەنجامی پابەندیی بە ژنە مردووەکەیەوە ڕوویدا. ئەو هۆیانەی دەمانتوانی بۆ کردارەکەی ئانا

بیاندۆزینەوە هەمان بەهایان دەبوو خەڵکەکە کینەی خۆیان بۆ ئانا دەسەلمێنن، بەڵام لە لایەنی خۆیەوە ئەویش نەیدەتوانی رقی لە خەڵکەکە ببێتەوە؟ کەس ڕێی لێ دەگرێ کوڕەکەی ببینێ، بەڵام ئەمە بارو دۆخێکە بێ گەڕانەوەو بێ ڕێگاچارە؟ ڤرۆنسکی کەمێک وشک بوو، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا هێشتا خۆشی نەدەویست؟

ئانا نایەت بۆ وێستگەکە بۆ ئەوەی خۆی بکوژێ. بە دوای ڤرۆنسکیدا دەگەڕێ. خۆی دەخاتە ژێر قیتارەکەوە، بە بێ ئەوەی پێشووتر بڕیاری ئەمەی دابێ. زیاتر ئانا ئەم بڕیارەی دابوو، مەزەندە نەکراو بەرکەوت و پێوە بوو. وەکو ئەو پیاوەی کە باسی قارچکە کێوی دەکرد، ئاناش «بە پاڵنەرێکی مەزەندە نەکراو» ڕەفتار دەکا. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە کارەکەی بێ مانایە. تەنیا ئەم مانایە لە دەرەوەی هاوپەیوەندی عەقڵانی دەرک پێکراودایە. تۆڵستۆی دەبوو (بۆ یەکەمین جار لە مێژووی ڕۆماندا) مەنەلۆگێکی ناوەکی دەتوانین بڵێین جۆیسی بەکاربهێنێ، بۆ ئەوەی بتوانێ چنینە ناسکەکانی تەوژمە سەرەڕۆکان، هەستە لە پڕەکان، بیرکردنەوە تەواو نەبووەکان دەربڕێ، بۆ ئەوەی بە کاوەخۆی نزیکبوونەوەی خۆکوشتنمان لە ڕوحی ئانادا بێنێتە بەرچاو.

لای ئانا لە ڤێرتەرەوە زۆر دوورین، لە کیریلۆڤیشەوە دوورین. ئەم خۆی دەکوژێ لە بەر ئەوەی بەرژەوەندی زۆر بە ڕوونی پێناسەکراو، پیلانێکی سەرومڕ وەسفکراو پاڵی پێوە دەنێن. ڕەفتاری گەر شێتانەیش بێ، عەقڵانییە، هۆشیارانەیە، بیری لێکراوەتەوە؛ بە هەستەوە تەتەڵە

کراوە. کاراکتەری کیریلۆڤ بە تەواوەتی بە فەلسەفەی سەیری خۆکوشتن خەملاوە، ڕەفتاریشی هەر بە تەواوەتی درێژبوونەوەی مەنتیقی بیرکردنەوەکانێتی.

دۆستۆیەفسکی لە شێتیی عەقڵ تێدەگا، کە دەیەوێ بە کەلەڕەقیی خۆی هەتا کۆتایی مەنتیق بڕوا. بواری تۆژینەوەی تۆڵستۆی بە تەواوەتی پێچەوانەی ئەمەیە: ئەو پەردە لە سەر سەرەتاکانی نامەنتیقیی، ناعەقڵانیی دادەماڵێ. لە بەر ئەوە لێرەدا ناوم هێنا. بە هۆی ئاماژەکردن بە تۆڵستۆی بڕۆخ لە ناوکۆی گەورەترین دۆزینەوەکانی ڕۆمانی ئەورووپییدایە؛ لە ناوکۆی دۆزینەوەی ئەو ڕۆڵەی کە ناعەقڵانییەت لە بڕیارەکانماندا، لە ژیانمداندا دەیگێڕێ.

### ئاوێتەبوونەکان

پاسێنۆڤ پەیوەندی لەگەڵ سۆزانییەکی چیکیدا هەیە ناوی ڕوزێنایە، بەڵام دایکو باوکی ڕێ بە خواستنی کچێکی گەنجی بۆ خۆشدەکەن: ئەلیزابیت. پاسێنۆڤ هیچ خۆشی ناوێ، لەگەڵ ئەوەشدا بە سەرنجراکێشی دەزانێ. ئەوەی سەرنجیڕادەکێشێ لە ڕاستیدا کچەکە خودی خۆی نییە، بەڵکو هەموو ئەو شتانەیە کە ئەو بەرجەستەی دەکا.

کاتێ پاسێنۆڤ بۆ یەکەمجار سەری لێدەدا، جادەکان، باخچەکان، خانووەکانی ئەو گەڕەکەی ئەوی لێ دەژی دەبریقێنەوە، ڕەنگی «دڵنیاییەکی گەورەو دوورگەئاسا» دەدەنەوە؛ ماڵەکەی ئێلیزابێت لە کەشو هەوایەکی بەختەوەرانەدا پێشوازی لێدەکا، کەشو هەوایەکی

«دڵنیایی‌و نەرمو نیانی، پڕ لە دڵۆڤانی، هەتا ئەڤین جێگای هاوڕێیەتی دەگرێتەوەو ئەڤین جارێکی دیکە لە هاوڕێیەتیدا ئاوا دەبێ». ئەو بەهایەی پاسێنۆڤ تاسەی دەکا (دڵنیایی دڵۆڤانەی خێزانێک) دێتە بەرچاوی، پێش ئەوەی ئەوی (بە نەزانی‌و دژی سروشتی خۆی) دەبێ ببێتە هەڵگری بەها هەر بیشبینێ.

لە کڵێسادا دانیشتووەو بە چاوی نووقاوەوە بیری دەکەوێتەوە، چۆن بە منداڵیی لە کڵێسای ئەو گوندەی تیادا لە دایکبوو، لە بەرامبەر وێنەیەکی خێزانی پیرۆزدا بە سەر هەورێکی زیوینەوە لە گەڵ ماریای هەتا بڵێی جوانی پاکیزەی لە ناوەڕاستدا دانیشتوو دەکەوتە خەون بینین. ئەو کاتە چێشتلێنەرێکی پۆڵۆنی لە ماڵو موڵکەکەی باوکیدا خۆشدەویست‌و لە گەڵ ماریای پاکیزەدا ئاوێتەی کردبوو، وێنای ئەوەی دەکرد، لە باوەشیدا ڕاکشاوە، لە باوەشی ماریای پاکیزەی بە کارەکەر بوودا. ئەمڕۆش بە چاوی نووقاوەوە، سەر لە نوێ لە پڕ ماریای پاکیزە دەبینێ‌و بۆی دەردەکەوێ قژی زەردە! بەڵێ، مریەم قژی ئەلیزابێتی هەیە! ئەمە سەرسامی دەکا، ئەمە شاگەشکەی دەکا! وای بۆ دەردەکەوێ وەکو خوا خۆی بیەوێ لە ڕێی ئەم خەونانەوە پێی بڵێ، ئەم ژنەی کە ئەو خۆشی ناوێ، لە بنەمادا خۆشەویستی تاقانەو ڕاستەقینەیەتی.

لۆژیکی ناعەقڵانی دەگەڕێتەوە بۆ میکانیزمی ئاوێتەبوون: پاسێنۆڤ زۆر میزاجی بۆ واقیع نییە؛ هۆکاری ڕووداوەکانی لە دەست دەچێ؛

هەرگیز نازانێ چی لە پشتی نیگای ئەوانی دیکەوە حەشار دراوە؛ لە گەڵ ئەوەشدا جیهانی دەرەوە هەتا ئەگەر دەمامکیشی کربێ بۆ ئەو نەناسراو دەمێنێتەوە، ناهاوپەیوەند دەمێنێتەوە، بۆ ئەم بێدەنگ نییە: قسەی بۆ دەکا. وەکو شیعرە بەناوبانگەکەی بۆدلێر وایە، لەو شوێنەی «سەدای درێژ و زایەڵە....تێکەڵ دەبن»، لە کوێ «بۆنو بەرامەو ڕەنگەکانو دەنگەکان وەڵامی یەک دەدەنەوە»: شتێک لە شتێکی دیکە نزیک دەبێتەوە، ئاوێتەی دەبێ (ئەلیزابێت تێکەڵی ماریای پاکیزە دەبێ)و بەم نزیکبوونەوەیە خۆی بەیاندەکا.

ئێش عاشقی ڕەهاییە.«مرۆڤ دەتوانێ تەنیا یەکجار ئەویندار بێ» ئەمە دروشمێتی، لە بەر ئەوەی هێنتیەنی دایکی خۆشیدەوێ، نەیدەتوانی پیاوی مردووی یەکەمی خۆشبوێ (بە پێدانی لۆژیکی ئێش). ئەم پیاوە بەد مامەڵەی لە گەڵدا کردووە، دەبێ بە تۆپزی ساختەچی بووبێ. ساختەچییەکی وەکو بێرتراند. چونکە نمایندەکانی بەدەکان دەتوانرێ بگۆڕدرێن. ئاوێتە دەبن. شێوەی دەرکەوتنی جیاوازی هەمان بوونەوەرن. لەو چرکەساتەدا کە ئێش ڕاگوزەرانە سەیری پۆرترێتەکەی جەنابی هێنتیەنس بە دیوارەکەوە دەکا، لە پڕ ئەو بیرەی بۆ دێ: یەکسەر بچێ بۆ پۆلیسو خەبەر لە بێرتراند بدا. چونکە گەر ئێش لە بێرتراند بدا، لە هەمان کاتدا بەر یەکەم پیاوی خانمی هێنتیەن دەکەوێ، لە هەمان کاتدا هەمووومان ڕزگار دەکا، ئێمە هەمووومان لە بەشێکی بچووکی بەدییەکی گشتیی ڕزگار دەکا.

## داستانەکانی سیمبۆلەکان

مرۆڤ دەبێ خەوڕۆکان بە ئاگادارییو لە سەرخۆ بخوێنێتەوە، لای ڕووداوە نالۆژیکیو ڕوونەکانیش هەڵوەستە بکا، بۆ ئەوەی مرۆڤ هەست بە نەزمێکی شاراوەو ژێرزەمینی بکا. ئەو نەزمەی بڕپارەکانی پاسینۆف، ڕوزێناو ئێشیان لە سەر بینا کراوە. ئەم فیگورانە لە توانایاندا نییە ڕوویەڕووی واقیع وەکو شتێکی بەرجەستە ببنەوە. بە بەرچاویانەوە هەموو شتێ دەبێ بە سیمبۆڵ (ئەلیزابێت دەبێتە سیمبۆڵی گەرمو گوڕیی ناو خێزان، بێرتراند دەبێتە سیمبۆڵی دۆزەخ)و گەر لەو بڕوایەشدا بن کاردانەوەیان بۆ واقیع هەیە، کاردانەوەیان بۆ سیمبۆڵ هەیە.

بڕۆخ پێشانمان دەدا کە هەموو ڕەفتارە فەردیو دەستەجەمعییەکان دەگەڕێنەوە بۆ سیستەمی ئاوێتەبوون، بۆ سیستەمی بیرکردنەوەی ڕەمزی. مرۆڤ تەنیا پێویستی بەوەیە ژیانی خۆی بخاتە ژێر لێکۆڵینەوەوە، بۆ ئەوەی ببینێ تا چی ئاستێک ئەم سیستەمە ناعەقڵانییە کاریگەریی بە سەر ڕەفتارییەوە هەیە، زۆر زیاتر لە بیرکردنەوەیەکی مەنتیقی: ئەو مرۆڤەی کە بە هۆی سەرسامبوونیەوە بە ماسی ناو حەوز مرۆڤێکی دیکەم بیر دەخاتەوە، کە شتێکی سامناکی دژ کردووم، هەمیشە ئەو بەدگومانییەم تێدا بێدار دەکاتەوە کە بە سەردا زاڵنەبووم.

ژیانی سیاسی بە هەمان شێوە لە لایەن ئەم سیستەمە ناعەقڵانییەوە حوکمڕانی دەکرێ: ڕووسیای کۆمۆنیست لە جەنگی دوویی جیهانیدا لە

هەمان کاتدا جەنگی ڕەمزەکانی بردەوە: بۆی لووا، لەشکری سامناکی „ئێشەکان“، کە تاسەی بەهاکان دەکەنو لە توانایاندا نییە دانیان پێدا بنێن، بە لای کەمەوە بۆ نیو سەدە ڕەمزەکانی باشو خراپ بەرجەستە بکەن. لە بەر ئەوە گولاگ لە هۆشیاریی ئەورووپیدا هەرگیز ناتوانێ جێی نازیزم بە خەسڵەتی خۆی وەکو ڕەمزی خراپیی ڕەها بگرێتەوە. بۆیە بە تۆکمەییو سەرەڕۆیانە دژی جەنگی ڤێتنام ڕێپێوان دەکرێ، بەڵام دژی جەنگی ئەفگانستان نا. ڤێتنام، کۆلۆنیالیزم، ڕەگەزپەرستی، ئیمپریالیزم، فاشیزم، نازیزم، هەموو ئەم چەمکانە وەکو ڕەنگو تۆنەکانی شیعرەکەی بۆدلێر وەڵامی یەکتر دەدەنەوە، لە کاتێکدا جەنگی ئەفگانستان تا ڕادەیەک لە دیدی ڕەمزییەوە لاڵە، بە هەر حاڵ لە دەرەوەی بازنەی سیحری خراپیی ڕەهادا، ئەم کانییە هەڵقوڵاوە گەرمەی ڕەمزەکان لاڵە.

من بیر لە قوربانیی بە لێشاوی ڕۆژانەی سەر جادەکان دەکەمەوە، بیر لەو مەرگە دەکەمەوە هەرچەندە سامناکە ئەوەندەش بێمانایەو نە بە سەرەتان نە بە ئەیدز بەراوورد دەکرێ، چونکە کاری سروشت نییە، بەڵکو کاری مرۆڤە، واتە مەرگێکی تا ڕادەیەک خۆ ویستانەیە. بۆچی بە هۆیەوە دنیامان لێ نغرۆ نابێ، بۆچی مەرگێکی ئاوەها ژیانمان لێ ناشێوێنێ، بۆچی بەرەو چاکسازییەکی گشتگر پاڵمان پێوە نانێ؟ بەخێر دنیامان لێ نغرۆ نەبووە، چونکە ئێمە وەکو پاسێتۆڤ هەستمان بۆ واقیع کەمە، ئەم مەرگە پەنهانەی ژێر دەمامکی ماشێنێکی جوان لە ڕاستیدا لە فەزای بانە واقیعی ڕەمزەکاندا ژیان بەرجەستە دەکا؛ بە

زەردەخەنەوە لە گەڵ مۆدێرنیتی، لە گەڵ ئازادیی، لە گەڵ سەرەڕۆیی تێکەڵ دەبێ، وەکو چۆن ئەلیزابێت لە گەڵ ماریای پاکیزەدا تێکەڵ بوو. مەرگی ئەوەی حوکمی مردنی بە سەردا سەپێنراوە پتر چاودێریمان بۆ خۆی ڕادەکێشێ‌و جۆش‌و خرۆش بێدار دەکاتەوە، لە گەڵ ئەوەیش بێکۆتا دەگمەنە: چونکە لە گەڵ وێنای جەلاد دا ئاوێتە دەبێ، لە لایەنی ڕەمزییەوە بە هێز تر بارگاوی کراوە، زۆر تاریکتر و شەرمهێنترە. هەتا دوواییی.

مرۆڤ منداڵێکی لە «دارستانی سیمبۆڵەکان»دا ونبووە- گەر جارێکی دیکە شیعرەکەی بۆدلێر سیتات بکەین.

(مەرجی پێگەیین: بە توانا بوون بۆ ڕوو بە ڕوو بوونەوەی سیمبۆڵەکان. بەڵام مرۆڤایەتی تا دێ گەنجتر دەبێتەوە.)

## *فرەمێژووگەرایی*

برۆخ چەندان جار ئیستاتیکای ڕۆمانی «سایکۆلۆژی» ڕەتدەکاتەوە و وەکو ئەو ناویان دەنێ ڕۆمانی «تیۆری مەعریفە» یان «فرە مێژووگەرایی»یان لە بە بەرامبەردا دادەنێ. من وای دەبینم، بە تایبەتی دەستەواژەی دووەم لە جێگای خۆیدا نییەو ڕێویڵکەرە. بە پێچەوانەوە هاووڵاتی برۆخ ئەدلبیرت شتیفتەر لە ساڵی 1857دا (بەڵێ لە ساڵی مەزنی *مەدلم بۆڤاریدا*) لە ڕۆمانی *پاش هاوینەکە*دا بە مانای پڕ بە پڕی وشە «ڕۆمانێکی فرە مێژووگەرایی» خولقاندووە. بۆ من ناخوێندرێتەوە: زۆر شت دەربارەی جیۆلۆجیا، گوڵناسیی، ئاژەڵناسیی، دەربارەی هەموو

کارە دەستییەکان، دەربارەی نیگارکێشیی‌و بیناسازیی، بەڵام مرۆڤ‌و بارو دۆخی مرۆڤ بە تەواوەتی لە پەراوێزی ئەم ئینسکلۆپیدیا زەبەلاحە فێرکارییەدا دەمێننەوە. هەر لە بەر «فرە مێژووگەرایی» ئەم ڕۆمانە سەرو مڕ تایبەتمەندی ڕۆمانی لە دەستداوە.

لای برۆخ وا نییە، بە دوای هەموو ئەو شتانە دەکەوێ کە «تەنیا ڕۆمان دەیاندۆزێتەوە». بەڵام دەیشزانێ کە فۆرمی تەقلیدی (کە تەنیا لە سەر سەرکێشیی فیگورێک وەستاوەو تەنیا بە پیشاندانی ئەم سەرکێشییە بەس دەکا) ڕۆمان سنووردار دەکا، ئەگەری مەعریفییانەی سنووردار دەکا. دەیشزانێ کە ڕۆمان توانای لە باوەشگرتنێکی لە ڕادەبەدەری هەیە: لە کاتێکدا شیعرو فەلسەفە لە توانایاندا نییە، ڕۆمان لە باوەش بگرن، ڕۆمان دەتوانێ چی شیعرو چی فەلسەفە لە باوەشبگرێ، بە بێ ئەوەی شوناسنامەی خۆی بە هیچ جۆرێک لە دەست بدا، چونکە ئەمە (مرۆڤ دەبێ تەنیا بیر لە ڕابێلی‌و سێرڤانتەس بکاتەوە) دەتوانێ بەو ڕەوشە کاراکتەریزە بکرێ، ژانرە ئەدەبییەکانی دیکە بقۆزێتەوەو مەعریفە فەلسەفییەکان‌و زانستە سروشتییەکان هەڵمژێ. لە دیدی برۆخەوە وشەی «فرە مێژووگەرایی» واتە«: هەموو هۆ ڕۆشنبیریی‌و شێوە شیعرییەکان بە کار بهێنرێ بۆ ئەوەی ڕووناکی بخرێتە سەر ئەو لایەنەی کە «تەنیا ڕۆمان دەتوانێ بیدۆزێتەوە»: وجودی مرۆڤ.

بێگومان ئەمە بە وەرچەرخاندنێکی بنەڕەتیی شێوەی ڕۆمانەوە وابەستە.

## بەجێنەهێنراو

ڕێ بە خۆم دەدەم، زۆر بابەتییانە بم: دوا ڕۆمانی خەورۆ (هوگیەناو یان بابەتگەرایی)، کە ڕەوشی بەرەو سینتێزەو وەرچەرخانی شێوە تا ئەوپەڕی دەبا، جگە لە خۆشییەکی سەرسامکەرانە، لە هەمان کاتدا جۆرە هەستێکی ناڕازیبوونم لا بێدار دەکا:

– مەبەستی «فرە مێژووگەرایی» تەکنیکێکی قوچەکیی پێویست دەکا، کە هێشتا برۆخ پەی پێنەبردووە؛ ڕوونیی ساختمانگەریی بە دەستییەوە دەناڵێنێ؛

– ڕەگەزە جیاوازەکان (شیعر، گێڕانەوە، پەند، ڕاپۆرت، وتار) زیاتر بە تەنیشت یەکەوە ڕیز دەکرێن وەکو لە یەکەیەکی «فرەدەنگ»ی ڕاستەقینەدا ئاوێتە بکرێن؛

– ئەو وتارە نایابەی دەربارەی داڕووخانی بەهاکان دەیتوانی، لە گەڵ ئەوەیش وەکو دەقێکی لە لایەن فیگورێکەوە نووسراو پێشکەشدەکرێ، بە ئاسانیی وەکو ڕوونکردنەوەیەکی نووسەر، وەکو حەقیقەتی ڕۆمان، وەکو کورتکردنەوەیەک، تێزەکەی دەرک پێبکرێ و لە ڕێیەوە کار بکات بۆ سەر ڕێژەگەرایی پێویستی فەزای ڕۆمانگەرا.

هەموو کارە مەزنەکان (هەر لە بەر ئەوەی مەزنن) شتێکی جێبەجێنەکراویان تێدایە. برۆخ تەنیا لە ڕێی هەموو ئەو شتانەوە ئیلهاممان پێنابەخشێ کە سەرکەووتوانە بەجێیانی هێناوە، بەڵکو لە ڕێی

ئەو شتانەیشەوە، کە لە چاویانی گرتووە، بەڵام پێیان نەگەیشتووە. ئەوی لە کارەکەیدا جێبەجێ نەکراوە ئاماژەیە بۆ: 1. پێویستیی بوونی هونەرێکی نوێی *دانسقەیی ڕادیکاڵ* (بە هۆیەوە دەتوانرێ ئاڵۆزیی بوون لە جیهانی مۆدێرندا دەرک پێبکرێ، بە بێ ئەوەی ڕوونیی بینای هونەریی ونبێ)؛ 2. پێویستیی *فرەدەنگییەکی هونەری* نوێی ڕۆمان (کە فەلسەفە، گێڕانەوەو خەون بۆ تەنیا یەک مۆسیقایەک ئامێتە دەبن)؛ 3. پێویستیی بوونی هونەرێکی *وتاری تایبەتمەندی ڕۆمانگەرا* (واتا وتارێک بانگەشەی ئەوە نەکا پەیامێکی یەقینی دەنێرێ، بەڵکو گریمانەیی، گەمە ئامێز یان تەوسگەرا دەمێنێتەوە).

### *مۆدێرنیزمەکان*

لە ڕۆماننووسە مەزنەکانی ئەم سەدەیەمان لەوەیە برۆخ لە هەمووی کەمتر ناسرابێ. ئەمە ڕوونە. هەر لە گەڵ خە*وڕۆکان* تەواو دەکا هیتلەر دێتە سەر حوکم، ژیانی کەلتووریی ئەڵمانی لە ناو دەبرێ؛ پێنج ساڵ دوا تر نەمسا بە جێ دەهێڵێو دەچێ بۆ ئەمەریکا، تا مردنی لەوێ دەمێنێتەوە. لە ژێر ئەم هەلو مەرجانەدا کارەکەی ناتوانێ، خوێنەرە سروشتییەکانی کە پەیوەندی لە گەڵ ژیانی ئاسایی ئەدەبیدا پچڕاوە، ڕۆڵی خۆی لەو کاتەدا ئیتر ببینێ: کۆمەڵێکی خوێنەر و هەوادار و شارەزا لە خۆی کۆکاتەوە، قوتابخانەیەک بە یەکەوە بنێ، کاریگەریی بە سەر نووسەرانی دیکەوە هەبێ. وەکو کارەکانی موزیلو گۆمبرۆڤیچ زۆر

درەنگ (دووای مردنی نووسەر) لە لایەن ئەوانەوە دۆزرایەوە (جارێکی دیکە دۆزرایەوە)، کە وەکو بڕۆخ خۆی بە جۆشو خرۆشی ئەو فۆرمە تازەیە خەملابوون، یان بە جۆرێکی دیکە دلیڕێژین ئاراستەیەکی «مۆدەرنیستی»ان هەبوو. بەڵام مۆدێرنیزمییەکەیان ئەوی بڕۆخ نەبوو. نەک لە بەر ئەوەی درەنگتر بوو یان گەشەکردوو تر بوو؛ ڕەگو ڕیشەی دیکەی هەبوو، لە کرداریدا لە هەمبەر جیهانی مۆدێرندا بە جۆرێکی دیکە بوو، لە ئیستاتیکایدا بە جۆرێکی دیکە بوو. ئەم جیاوازییە جۆرە سەرسامییەکی دروست کرد: بڕۆخ (وەکو موزیلو گۆمبرۆڤیچ) بە نوێکەرەوەیەکی مەزن خانەبەند دەکرا، بەڵام لە گەڵ وێنەی ئاسایی‌و تەقلیدیی مۆدێرنیزمدا وێک نەدەهاتەوە (چونکە لە نیوەی دووەمی ئەم سەدەیەماندا دەبێ حسێب بۆ مۆدێرنیزمی نۆرمە بە یاساکراوەکان، هی زانکۆکان، با بڵێین دەبێ حسێب بۆ مۆدێرنیزمی بە کارمەند کراو بکەی).

ئەم مۆدێرنیزمی بە کارمەند کراوە بۆ نموونە داوای ڕوخاندنی فۆرمی ڕۆمان دەکا. لە دیدی بڕۆخەوە ئەگەرەکانی فۆرمی ڕۆمان هێشتا بە تەواوەتی هەڵنەهێنجراوون.

مۆدێرنیزمی بە کارمەندکراو دەیەوێ کە ڕۆمان خۆی لە فێڵی فیگور قورتار بکا، بە ڕای وی تەنیا ماسکێکەو بە ناپێویست ڕووخساری نووسەر دادەپۆشێ. لە فیگورەکانی بڕۆخدا ئێگۆی نووسەر نادۆزرێتەوە.

مۆدێرنیزمی بە کارمەندکراو چەمکی گشتێتی لە ناوبرد، بە تایبەتی ئەم وشەیە، کە برۆخ زۆر بە خۆشییەوە بە کاریدەهێنێ، بۆ ئەوەی گوزارشت لەوە بکا: کە لە قۆناغی بێسنووری دابەشکردنی کاردا، لە قۆناغی تایبەتمەندبوونی بێ ئاستەنگدا ڕۆمان یەکێکە لەو دووا پێگانەی کە مرۆڤ دەتوانێ پەیوەندییەکانی بە ژیانەوە لە سەرجەمیدا بپارێزێ.

بە پێوداندی مۆدێرنیزمی بە کارمەندکراو ڕۆمانی «مۆدێرن» بە مەرزێکی نەبەزێنراوەوە لە ڕۆمانی «تەقلیدی» جیاکراوەتەوە (مەبەست لە ڕۆمانی «تەقلیدی» ئەو سەبەتەیەیە کە مرۆڤ هەموو قۆناغەکانی ڕۆمانی پتر لە چوار سەدە بە سەر یەکدا تێ فڕێ دەدا). لە ڕوانگەی برۆخەوە ڕۆمانی مۆدێرن هەمان ئەو گەڕانە درێژە پێدەدا، ئەو گەڕانەی هەموو ڕۆماننووسە گەورەکان لە سێرڤانتەسەوە پشکیان تێیدا هەبووە.

لە پشتی مۆدێرنیزمی بە کارمەندکراوەوە پاشماوەیەکی ساویلکانەی باوەڕ بە ئاخر زەمان بوون دەردەکەوێ: چیرۆکێک کۆتایی دێتو چیرۆکێکی (باشتر)، کە لە سەر بنەمایەکی سەرتاپا نوێ دامەزراوە، دەست پێدەکا. برۆخ هوشیاریی میلانخۆلی چیرۆکێکی لە کاتێکدا کۆتایی دێت کە بە قوولّیی نەیاری گەشەکردنی هونەرە و بە تایبەتی نەیاری ڕۆمانە.

# بەشی چوارەم

## گفتوگۆ دەربارەی بینای کاری هونەری

**کرستیان سالمۆن:** دەمەوێ سەرەتای ئەم گفتوگۆیە بە وەرگرە(سیتات)ێک لە تێکستەکەت دەربارەی هێرمان برۆخ دەست پێبکەم: ئێوە دەڵێن: «هەموو کارە مەزنەکان (هەر لەبەر ئەوەی مەزنن) شتێکی تەواونەکراویان تێدایە. برۆخ تەنیا لە ڕێی هەموو ئەو شتانەوە ئیلهاممان پێنابەخشێ کە سەرکەوتوانە بەجێی هێناوە، بەڵکو لە ڕێی ئەو شتانەیشەوە، کە وەکو بنتکە ئامانج لە چاویانی گرتووە، بەڵام پێیان نەگەیشتووە. ئەوی لە کارەکەیدا جێبەجێ نەکراوە ئاماژەیە بۆ: 1. پێویستیی بوونی هونەرێکی نوێی دانسقەیی ڕادیکال (کە بە هۆیەوە دەتوانین لە ئاڵۆزیی بوون لە جیهانی مۆدێرندا بگەین، بە بێ ئەوەی ڕوونیی بیناسازیی هونەریی لە دەست بدا)؛ 2. پێویستیی هونەرێکی فرەدەنگیی نوێی ڕۆمان (کە فەلسەفە، گێڕانەوە خەون بۆ تاقە یەک مۆسیقایەک ئامێتە دەبن)؛ 3. پێویستیی بوونی هونەرێکی وتارگەرانەی تایبەتمەند بە ڕۆمان(واتا وتاێک بلاوانی ئەوە نەکا بەیامێکی یەقینی بەیاندەکا، بەڵکو گریمانەیی، گەمە ئامێز یان تەوسگەرا دەمێنێتەوە).» من وام بۆ دەردەکەوێ، ئەم سێ خاڵە بەرنامەی هونەریتانی لە خۆ گرتووە. با بە یەکەم خاڵ دەست پێبکەین: دانسقەیی ڕادیکال.

**میلان کوندێرا:** بۆ ئەوەی لە ئاڵۆزیی بوون لە جیهانی مۆدێرندا تێبگەین، بە ڕای من تەکنیکێکی ناتەواوکردن پێویستە، تەکنیکێکی چڕکردنەوە. ئەیگینا مرۆڤ دەکەوێتە داوی

درێژییەکی بێکۆتاوە. *پیاوە بێ خەسڵەتەکە* یەکێکە لەو دوو، سێ ڕۆمانەی لە هەموویان زیاتر بە دڵمن. بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە من بە قەوارە فراوانەکەی و ئەو حەقیقەتەی کە کتێبەکە تەواو نەکراوە سەرسامم. وێنای کۆشکێک بکە کە هێندە گەورەیە، مرۆڤ ناتوانێ نەیبینێ. وێنای کۆنسێرتێکی چوار ژەنیاریی بکە کە نۆ سەعات دەخایەنێ. سنووری مرۆڤناسانە (ئەنترۆپۆلۆژی) هەیە، مرۆڤ نابێ بیانبەزێنێ، بۆ نموونە سنوورەکانی یادەوەری. لە کۆتایی خوێندنەوەدا دەبێ مرۆڤ بکارێ سەرەتاکەی بیر بکەوێتەوە. ئەیگینا ڕۆمان بێشێوە دەبێ، «ڕوونیی بیناسازیی» لێڵ دەبێ.

**کرستیان سالمۆن:** کتێبی سەبارەت بە پێکەنین و لە بیرچوونەوە لە حەوت بەش پێکدێ. گەر جقابێتان کەمتر پوختەکارانە مامەڵەتان لەگەڵ کردبا، حەوت ڕۆمانی جیاوازی درێژتان لێ پێک دەهات.

**میلان کوندێرا:** بەڵام گەر من حەوت ڕۆمانی بە یەک ناوابەستەم بنووسیبا، ڕەنگبوو بۆم نەلوایە ئومێدی ئەوە بکەم، «ئاڵۆزیی بوون لە جیهانی مۆدێرندا» لە تەنیا یەک کتێبدا دەربیڕم. من هونەری پوختەکردنەوە زۆر بە پێویست دەزانم. ئەم هونەرە داوا دەکا کە مرۆڤ

ڕاستەوخۆ بەرەو چەقی شتەکان بئاژوێ. لێرەدا بیر لەو ئاوازانەرە دەکەمەوە، کە هەر لە منداڵیمەوە بە جۆشو خرۆشەوە پێی سەرسامم: لیۆش یاناچەک. ئەو یەکێکە لە هەرە مەزنەکانی مۆسیقای مۆدێرن. لە سەردەمێکدا کە هێشتا شوێنبێرگو شتراڤینسکی ئاوازیان بۆ ئۆرکسترای گەورە دادەنا، ئەم بۆی ڕوونە کە پارتیتورێک (نۆتەی مۆسیقا) بۆ ئۆرکسترا لە ژێر باری قورسی نۆتەی بێکەڵکدا دەناڵێنێ. لە گەڵ ویستیدا بۆ پوختیی شۆڕشەکەی دەست پێکرد. وەکو دەزانرێ لە دانانی ئاوازی مۆسیقادا تەکنیکێکی فرە لە ئارادایە: نمایشکردنی بابەتێک، پەرەپێدان، گۆڕانکارییەکان، زۆر جار کارکاریی میکانیکیی فرەدەنگیی، بە ئامرازکردنە لاوەکییەکان، گواستنەوەکان، هتد. ئەمڕۆ مرۆڤ دەتوانێ بە کۆمپیوتەر مۆسیقا دروست بکا، بەڵام کۆمپیوتەر لە سەری ئاوازدانەردا هەمیشە هەبووە. دەیانتوانی لە کاتی تەنگانەدا سۆناتەیەک بە بێ تاقە یەک بیرۆکەیەکی ڕەسەن بنووسن، بەوەی بە سانایی «بە تۆژینەوەیەکی سیستەمەکییانە» ڕێساکانی ئاواز دانانیان پەرە پێدا. فەرمانی یاناچەک ئەمە بوو «کۆمپیوتەر» بشکێنن!

لە جیاتی گواستنەوە، ڕیزکردنێکی دڵڕەقانە، لە

جیاتی هەمەچەشنەیی، دووبارەکردنەوە، هەمیشەیش بەرەو چەقی شتەکان شەقاو بهاوێژێ: تەنیا ئەو دەنگەی کە شتێکی جەوهەری گوزارشت لێدەکا شایستەی بوونە. ڕۆمانیش هاوشێوەیە: ئەویش لە ڕێی«تەکنیک»ەوە، لە ڕێی ئەو ڕێکەوتنانەوە، کە لە جیاتی نووسەر کار دەکەن بار کراوە: گەشەکردنی فیگورێک، وەسفکردنی دەورو بەرێک، تێهەڵکێشکردنی ڕووداوێک لە بارو دۆخێکی مێژوویی، ئامادەکردنی کاتی ژیانی فیگورەکان بە ڕووداوی ناپێویست؛ هەموو گۆڕانێکی شانۆی ڕووداو پێویستی بە نواندنی نوێ، وەسفی نوێ، ڕوونکردنەوەی نوێ هەیە. دروشمی من «یانەچەکییە»؛ ڕۆمان دەبێ لە خۆکاریی تەکنیکی ڕۆمان، لە سەروەریی وشە لە جیاتی شتی ڕۆمانگەرایی خۆی ڕزگار کا، دەبێ چڕ بێت.

**کرستیان سالمۆن:** *بە پلەی دووەم پلەی «فرە دەنگیی نوێی ڕۆمان دەکەی».*
*ئەمە لای بڕۆخ بە تەواوەتی دڵت ڕازی ناکا.*

**میلان کوندێرا:** دووا ڕۆمانی خەوڕۆکان وەرگرە. ڕۆمانەکە لە پێنج ڕەگەز پێکهاتووە، لە پێنج «ڕایەڵ»ی بە دەستی ئەنقەست ناهاوئاهەنگ: 1. لە بەشی ڕووداوی ڕۆمان،

کە لە سەر بنەمای سێ فیگورە سەرەکییە سێکوچکەییەکە دامەزراوە: پاسێتۆڤ، ئێش، هوگیەناو ؛ 2. لە *نۆڤێلەی ئینتیمیدا* دەربارەی هانا ڤێندلینگ؛ 3. لە *ڕێپۆرتاژ* دەربارەی نەخۆشخانەیەکی سەربازی؛ 4. لە *چیرۆکێکی شاعیرانە* (هەندێ بەشی بە شیعر) دەربارەی کچێکی لاوی خێرەومەند؛ 5. لە *وتارێکی فەلسەفی* (بە زمانێکی زانستییانە داڕێژراو) دەربارەی داڕووخانی بەهاکان. هەر یەک لەم پێنج ڕایەڵانە بۆ خۆی گەشاوەیە. لە گەڵ ئەوەشدا بە هاوکاتیی و، لە گۆڕانێکی بەردەوامدا مامەڵە دەکرێن (واتە بە ئاشکرا بە مەبەستی «فرەدەنگیی»، گشتێکی دابەشنەبوو پێک ناهێنن؛ یان بە شێوەیەکی دیکە گوزارشتی لێکەین مەبەستی فرەدەنگیی هونەرییانە بە ناکاملی دەمێنێتەوە.

**کرستیان سالمۆن:** *دەستەواژەی «فرە دەنگیی» گەر مەجازییانە لە ئەدەبدا بە کار بهێنرێ، نابێتە هۆی ئەوەی ئەو شتانەی لە ڕۆمان داوادەکرێن، ڕۆمان ناتوانێ بەجێیان بهێنێ؛*

**میلان کوندێرا:** فرەدەنگیی مۆسیقایی پەرەسەندنی هاوکاتیی دوو یان چەند دەنگێکە (تانوپۆی میلۆدی)، کە لە گەڵ پێکەوەبەستراوی قووڵیان، ناوابەستەیی ڕێژەیەک خۆیان

دەپارێزن. فرەدەنگیی لە ڕۆماندا؟ با یەکەمجار بزانین پێچەوانەکەی چییە: ئاوازی یەکدەنگیی. ڕۆمان هەر لە دەسپێکی مێژووی خۆیەوە دەیەوێ خۆی لە یەکدەنگیی قورتار بکاو دەلاقە لە گێڕانەوەی بەردەوامی چیرۆکێکدا بکاتەوە. سێرڤانتەس باسی سەفەری ڕاستەیی دۆن کیخۆتە دەکا. بەڵام لە ڕێ دۆن کیخۆتە تووشی دەبێ بە تووشی خەڵکی ترەوە، کە چیرۆکی خۆیان دەگێڕنەوە. لە بەرگی یەکەمدا چوار جار ئەمە ڕوو دەدا. چوار دەلاقە کە بینای ڕاستەیی ڕۆمان دەبڕن.

**کرستیان سالمۆن:** *بەڵام ئەمە فرەدەنگیی نییە!*

**میلان کوندێرا:** لە بەر ئەوەی لێرەدا هاوکاتیی لا ئارادا نییە. گەر بگەڕێینەوە بۆ چەمکگەرایی شکلۆکۆڤسکی: ئەمانە نۆڤێلی لە «سندووقی» ڕۆماندا «سندووقکراون». ئەم میتۆدی «سندووقکردنە» لای زۆر ڕۆمانتووسی سەدەی 17 و سەدەی 18 دەبینینەوە. سەدەی 19 شێوەو جۆرێکی دیکەی پەرە پێدا بۆ ئەوەی ڕاستەگەرایی بیەزێنێ؛ لە بەر نەبوونی شتێکی دیکە مرۆڤ دەتوانێ فرەدەنگیی ناو بنێ. شەیتانەکان. گەر مرۆڤ تەنیا لە دیدەی تەکنیکییەوە ڕاڤەی بکا، دەتوانێ بۆی دەرکەوێ،

لە سێ تانو پۆ پێکدێ، کە هاوکات گەشە دەکەنو لە کاتی تەنگانەدا دەیانتوانی لە سێ ڕۆمانی بە یەک ناوابەستە پیکبێن: 1. ڕۆمانێکی ***گەپێامایزی*** ئەڤینداریی نێوان ستاڤرۆگیناو ستێپان ڤێرخۆڤێنسکی؛ 2. ڕۆمانێکی ***ڕۆمانتیکی*** ستاڤرۆگینو پەیوەندییە ئەوینداریییەکانی؛ 3. ڕۆمانی ***سیاسی*** گروهێکی شۆڕشگێڕ. لە بەر ئەوەی هەموو فیگورەکان یەکتر دەناسن، لە ڕێی تەکنیکێکی ژیرانەی گرێچنیکاریی ڕووداوەکانەوە ئەم سێ تانو پۆیە لە گشتێکی لە پارچە پارچە بوون نەهاتوو یەکانگیر کراوون. با ئەم فرەدەنگییە دۆستۆیەڤسکییە لە گەڵ ئەوی برۆخدا بەراوورد بکەین. زۆر لەوە زیاتر دەڕوا. لە کاتێکدا سێ تانو پۆکەی ***شەیتانەکان*** لە گەڵ ئەوەش بە ***خەسڵەت*** جیاوازن، سەر بە هەمان ***نەژادن*** (سێ چیرۆکی ***ڕۆمان ئامێز***)، لای برۆخ نەژادی تانو پۆکانی هەر لە بنەماوە جیاوازن: ڕۆمان، نۆڤێل، ڕاپۆرت، شیعر، وتار. ئاوێتەکردنی ژانری ناڕۆمانگەرا لە فرەدەنگیی ڕۆماندا نوێگەرییانەی شۆڕشگێڕانەی برۆخە.

**کرستیان سالمۆن:** *بەڵام بە ڕای ئێوە ئەم پێنج تانو پۆیانە بە تەواوەتی بە یەکەوە نەبەستراون. هانا ڤێندلینگ ئێش بە ڕاستی نانلسێ، کچە گەنجە خێرومەندەکە هیچ دەربارەی بوونی هانا ڤێندلینگ*

*نابیستێ. واتە تەکنیکێکی ڕوودلو ئاڵۆزتن لە گۆڕێدا نییە، بۆ ئەوەی ئەم پێنج تانوپۆیە جیاوازانە، کە بە یەکتر ناگەن و یەکتر نابڕن نابێ لە گشتێکدا بکرێن بە یەك.*

**میلان کوندێرا:** ئەوان تەنیا بە تێمایەکی هاوبەشەوە بە یەکەوە بەستراون. بەڵام من ئەم تێما هاوبەشە بە تەواوەتی بە بەس دەزانم. گرفتی نەگونجان لە شوێنێکی دیکەدایە. با ئەنجامگیریی بکەین: لای بڕۆخ هەر پێنج تانو پۆکەی ڕۆمان لە هەمانکاتدا پەرەیان پێدەدرێ، بە بێ ئەوەی تووشی یەکتر بنو، بە یەک تێما یان بە چەند تێمایەک بە یەکەوە بەستراون. ئەم شێوەی بیناسازییەم بە وشەی لە زانستی مۆسیقاوە وەرگیراوی فرەدەنگییم ناوزەد کردووە. دەبینن، کە بێ مانا نییە، ڕۆمان بە مۆسیقا بەراوورد بکەی. لە ڕاستیدا یەکێک لە پرینسیپە بناغەییەکانی پسپۆڕە گەورەکانی فرەدەنگیی ***هاوسەنگیی دەنگەکان*** بوو: هیچ دەنگێک نابێ سەروەر بێ، هیچ دەنگێک نابێ تەنیا وەکو دەنگ بۆ هاودەنگیی بە کار بهێنرێ. بە ڕای من ناهاوسەنگیی پێنج «دەنگەکە» خەوشێکی ڕۆمانی سێیەمی ***خەوڕۆکانە***. ڕایەڵەی یەکەم (چیرۆکی «ڕۆمانگەرانەی» ئێشو هوگیەناو) ڕوویەرێکی زۆر زیاتر ڕایەڵەکانی دیکە داگیر

دەکاو بە چۆنیەتیش لەو لایەنەوە لە ئەوانی دیکە بە باشتر دەزانرێ کە لە ڕێی ئێش و پاسێتۆڤەوە بەو دوو ڕۆمانەی پێشەوە بەستراوەتەوە. لە بەر ئەوە بە تایبەتی سەرنجێکی زۆر بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ، ئەمەش خەتەری ئەوە دەهێنێتە گۆڕێ کە ڕۆڵی چوار «ڕایەڵەکەی» دیکە تەنیا بۆ «هاوڕێیی» کورتبکرێتەوە. شتێکی دیکەیش: لە کاتێکدا پارچە مۆسیقایەکی باخ ناتوانێ دەستبەرداری تاقە دەنگێک بێ، مرۆڤ دەتوانێ تۆڤێلەی دەربارەی هانا ڤێندلینگ یان وتار دەربارەی داڕووخانی بەهاکان وەکو دەقی سەربەخۆ وێنا بکا، بە بێ ئەوەی لە مەغزاو تێگەیشتن لە ڕۆمان زەدە بکەن گەر لە گۆڕێ نەبان. بەڵام ***مەرجە هەرە پێویستەکانی*** ڕۆمانی فرە دەنگ بۆ من ئەمانەن: 1. هاوسەنگیی «تانو پۆکان»؛ 2. دابەشنەبوونی گشت. ئەو ڕۆژەم بیر دەکەوێتەوە کە بەشی سێیەمی *کتێبی پێکەنین و بیر چوونەوەم* تیدا تەواو کرد، کە ناوی *فریشتەکانە*. دەبێ دانی پێدا بنێم، کە زۆر بە خۆمەوە دەنازیم لەو قەناعەتەدا بووم، شێوەو جۆرێکی نوێم بۆ بیناکردنی چیرۆک دۆزیوەتەوە. ئەم دەقە لەم ڕەگەزانە پێکهاتووە: 1. بەسەرهاتێکی پێکەنیناوی دوو کچە

خوێندکارەکەو هاتن و چوونی جەستەیان لە پانتاییەکی خاڵیدا؛ 2. لە ڕاپۆرتێکی خۆژینینامە (ئەوتۆبایۆگرافیی)ەوە؛ 3. وتارێکی ڕەخنەگرانە دەربارەی کتێبێکی فێمینیستی؛ 4. لە ئەفسانەیەک دەربارەی فریشتەو شەیتان؛ 5. لە گێڕانەوەی خەونی ئێلوارد کە بە سەر پراگدا دەفڕێ. ئەم ڕەگەزانە ناتوانن بە ناوابەستەیی لە یەک لە ئارادا بن؛ ڕەونەق بە یەک دەدەن و یەکتر ڕووندەکەنەوە بۆ تاقە یەک تێما، بۆ تاقە یەک پرسیار تەرخانکراون: «فریشتە چییە؟» تەنیا ئەو تاقە پرسیارە بە یەکیانەوە دەبەستێ. بەشی شەشەم کە ئەویش ناوی *فریشتەکانە* بەم جۆرە بینا کراوە: 1. گێڕانەوەی خەونێک دەربارەی مردنی تامینا؛ 2. ڕاپۆرتێکی ئەوتۆبایۆگرافی دەربارەی مردنی باوکم؛ 3. تاوبانەوەی زانستی مۆسیقا؛ 4. ڕامان لە بیرچوونەوە، کە باڵ بە سەر پراگدا دەکێشێ. چی پەیوەستێک لە نێوان باوکم و تامینادا هەیە کە منداڵان ئازاری دەدەن؟ ئەمە ئەو ڕستە لە لایەن سوریالیستەکانەوە بەرز نرخێندراوەیەو ئێمە بیری دەخەینەوە، «بە یەکگەیشتنی مەکینەیەکی دروومان لە گەڵ چەترێکدا» لە سەر مێزی تەشریحی

تێمایەکی هاویەش. فرە دەنگیی ڕۆمانگەرا پتر شیعرە لەوەی تەکنیک بێ.

**کرستیان سالمۆن:** *لە سانایی بووردەبارنهکراوی بوون‌دا فرە دەنگیی هێشتە ڕوون نییە.*

**میلان کوندێرا:** لە بەشی شەشەمدا فرە دەنگیی ڕوونو ئاشکرایە: حیکایەتی کوڕەکەی ستالین، بیرکردنەوەیەکی لاهوتیی، ڕووداوێکی سیاسیی لە ئاسیا، مردنی فرانتس لە بانکۆکو ناشتنی تۆماس لە مۆراڤیا بەو پرسیارە هەمیشە چەند بارە بووەوە «کیچ چییە؟» دەبەسترێنەوە. ئەم بەشە فرە دەنگییە بەردی کۆتایی بیناکارییە. لێرەدا سەرتاپای پەنهانیی هاوسەنگیی ساختمانسازیی حەشار دراوە.

**کرستیان سالمۆن:** *کامە پەنهانیی؟*

**میلان کوندێرا:** دوو پەنهانیی هەن. یەکەم: ئەم بەشە لە سەر بناغەی حیکایەتێک بینا نەکراوە، بەڵکو لە سەر بناغەی وتارێک (دەربارەی کیچ). لەم وتارانەدا پەرشو بڵاویی ژیانی چەند فیگورێک وەکو «نموونە»، وەکو «بارو دۆخ بۆ ڕاڤەکردن» هەڵبژێنراون. بەمجۆرە مرۆڤ

«لاوەکیانـە» چـەنـد شـتێک هـەڵـدەکرێنـێ بـە کـورتیی، کۆتـایی ژیـانی فـرانتس، سـابینا، هـەڵـوەشـانەوەی پـەیـوەنـدیی نێـوان تۆمـاس و کـوڕەکـەی. ئـەم کورتکردنـەوەیـە بیناکـەی زۆر سـوکو ئاسـان کـردەوە. دووەم: پـێشرو پاشخـستنی کرۆنۆلـۆژی (بـە دوای یـەکـدا هاتن). پێشهاتەکانی بـەشـی شـەشـەم پـاش ڕووداوەکانی بەشـی حـەوتـەم (دووا بـەش) ڕوو دەدەن. لـە سایەی ئـەم پـێشرو پاشخـستنەوەیـە دووا بـەش لـە گـەڵ ئیـدیلیک (وێنـەی خۆشـنوود) بوونیدا بـە میلانخۆلیـا (خـەمۆکییـەک) داپۆشـراوە، کـە لـە زانخوازیمانـەوە بـۆ ئاینـدە سـەرچـاوەی گرتووە.

**کرستیان سەلمۆن:** *دەگەڕێمەوە بۆ ئەو دەقەت دەربارەی خەوڕۆکان. ئێوە دەربارەی ئەو وتارەی دەربارەی داڕووخانی بەهاکان بە بارێزەوە گوزارشتتان کردووە. بە هۆی تۆنە بنەبڕکەرانەکەیەوە، بە هۆی زمانە زانستییەکەیەوە دەتوانێ خۆی بە ڕای ئێوە وەکو کلیلی ئایدۆلۆژی ڕۆمان پێشکەش بکا، وەکو «حەقیقەتی»و، سەرجەمی سیانەی خەوڕۆکان بگۆڕێتە تاوانەوەیەکی گەورەی نمایشێکی ڕووتی ڕۆمان. لە بەر ئەوە بلەی پێویستیی «وتارێکی تایبەت بە هونەری ڕۆمان» دەکەی.*

**میلان کوندێرا:** لە پێشاندا ڕوونکردنەوەیەک: گەر مرۆڤ بەرەو ناخی ڕۆمانێک ڕۆچێ، لە پڕ بیرکردنەوە جەوهەری خۆی دەگۆڕێ. لە دەرەوەی ڕۆمان مرۆڤ خۆی لە بواری بانگاشەکاندا دەبینێتەوە: هەموو کەسێک، سیاسییەک، فەیلەسوفێک، دەرگاوانێک، لە خۆیدا ئەوەی دەیڵێ لێی دڵنیایە. لە پانتایی ژیانی ڕۆماندا بانگاشە لە ئارادا نییە: پانتایی ژیانی یاریو گریمانە (هیپۆتێز)ەکانە. لە بەر ئەوە بیرکردنەوەی ڕۆمانگەرانە بە سروشتی خۆی پرسیارکەرانەو گریمانەییە.

**کرستیان سالمۆن:** *بەڵام بۆچی ڕۆمانووسێک دەستبەرداری ئەو مافەی خۆی بێ، لە ڕۆمانەکەیدا ڕاستەوخۆ گوزارشت لە فەلسەفەکەی بکا، وەکو بانگەشە؟*

**میلان کوندێرا:** جیاکارییەکی بنچینەیی لە نێوان شێوەی بیرکردنەوەی فەیلەسوفێکو شێوەی بیرکردنەی ڕۆماننووسێکدا هەیە. زۆر جار مرۆڤ باسی فەلسەفەی چێخۆڤ، فەلسەفەی کافکا، فەلسەفەی موزیل، هتد. دەکا. بەڵام هەولبدە جارێک لە نووسینەکانیانەوە فەلسەفەیەکی لە خۆیدا بنەبڕکەر هەڵهێنجی! تەنانەت گەر بیرۆکەیەک لە ناکاو لە یاداشتنامەدا یاداشت کرابێ، پتر مەشقێکی بیرکردنەوەیە، گەمەیەکی پارادۆکس

(دژوار)انـەیـە، پتـر ئیرتجالـە وەکـو لـەوەی بانگاشـەی بیرۆکەکان بێ.

**کرستیان سالمۆن:** *بەڵام دۆستۆیفسکی لە یاداشتنامەی نووسەرێکدا بە تەواوەتی بانگەشە پیز دەکا.*

**میلان کوندێرا:** بەڵام مەزنیی بیری وی لـەوێـوە سـەرچاوە نـاگرێ. ئـەو هزرمەنـدێکی گـەورەیـە تـەنیـا وەکـو رۆمـاننووس. واتـە: لـە رێـی فیگـورەکانییـەوە چـەنـدان جیهـانی نـاوازەی دەولـەمـەنـدو، نـوێی رۆشـنبیریی دەخـولقێنێ. مـرۆڤ لـە فیگورەکانیـدا بـە جـۆش‌و خـرۆشـەوە بـە دووای رەونـەقـی بیرۆکـەکانیـدا دەگـەرێ. بـۆ نموونـە لـە چاتۆڤـدا. بـەڵام دۆستیەڤسکی هـەمـوو یـەدەکـەکـانی ئاگـاداریی وەرگرتبـوو. یـەکسەر لـە کـاتی یـەکـەم دەرکـەوتنیـدا چـاتۆڤ زۆر دلـرەقانـە کاراکتـەر دەکـرێ: «ئـەمـە یـەکێـک بـوو لـە ئایدیالیسته رووسـەکـان، کـە بـە پـەیـامێکی لـە پـڕ بـە بیرۆکـەیـەکـی دژوار زۆر جـار بـۆ هـەمیشه بـەر شـەوارە کەوتوونه. هەرگیـز بۆیـان نـالوێ بـە سـەر ئـەم بیرۆکـەیـەدا زاڵ بـن، بــە جــۆش‌و خرۆشــەوە بڕوایــان پێیــەتــی‌و، لێـرەیـشەوە تـا رادەیـەک سـەرجـەمـی بوونیـان تـەنیـا گیانـەلایـەکـی ژێـر ئـەو بـەردەیـە کـە نیواونیـو هـاڕیونی.»

تــەنانــەت گــەر دۆســتۆیەڤــسکی ویــستبێتی بیرۆکــەکــانی خــۆی لــە چارتۆڤــدا ڕەنــگ پێبداتــەوە، لــە هــەمــان کاتــدا جارێکی دیکــە ڕێــژەییــانی کردۆتــەوە. بــۆ دۆســتۆیەڤسکیش هــەمــان ڕێــسا دەیخــوا: گــەر مــرۆڤ بیــەوێ ڕۆچێتــە نــاو نــاخی ڕۆمانێکــەوە، لــە پــڕ بیرکردنــەوە جــەوهــەری خــۆی دەگــۆڕێ: بیرێکــی دۆگماتیــک (عقائــدي) دەبێتــە بیرێکــی گریمانەیی (افتراضي). ئەمە ئەوەیە کە فـەیلەسوفەکـان لـە دەستیان دەچێ گـەر هـەوڵـی ڕۆمـان بدەن. بـە ڕیزپـەڕیـی دیدرۆ. *ژاک لو فاتالیست*! کە شایانی سـەرسامییە ئـەم ئینسکلۆپیدیـستە جیییــە هــەر لــە گــەڵ دەروازەی ڕۆمــان تێــدەپــەڕێنــێ دەبێتــە هزرڤــانێکی گــەمــەســاز: هــیچ ڕستەیەکی ڕۆمانەکەی جیدی نییـە، هـەمـووی یارییـە. هـەر لە بەر ئەمەشە لـە فـەرەنسا ئـەم ڕۆمانـە بـە شێوەیـەکی ئابڕوویــەرانــە نرخــی خــۆی بــۆ دانــانرێ. ئــەم کتێبــە بــە ڕاستی هەموو ئەو شتانە چڕ دەکاتـەوە، کـە فـەرەنسا لـە دەستی چـوونو بـە دەسـتیان ناهێنێتـەوە. ئـەمڕۆ مـرۆڤ بیرۆکەکـان پێشی کـارەکـان دەخـا. *ژاک لـو فاتالیـست* تەرجەمە ناکرێتە سەر زمانی بیرۆکە.

**کرستیان سالمۆن:** *ئەوە پارۆسلاڤە کە لە گەمەدا بەرە بە تیۆری زانستی مۆسیقا دەدا. بەمە گریمانەیی ئەم تواناوەیە لە ئارادایە. بەڵام لە*

*ڕۆمانەکانتدا شوێنێ وا دەدۆزرێتەوە کە ڕاستەوخۆ خۆی خۆت قسە دەکەی.*

**میلان کوندێرا:** هەتا ئەگەر خۆیشم قسە بکەم، تاوبانەوەم بە فیگورێکەوە بەستراوە. من دەمەوێ لە جیاتی فیگور، ڕەفتاری، شێوەی لە شت وردبونەوەکانیان تەتەڵە بکەمەوەو، ورد تر لەوەی کە خۆی دەیتوانێ. پاژی دووەمی *سانایی بووردەبارنەکراوی بوون* بە تاوبانەوەیەکی درێژ دەربارەی پەیوندیی نێوان جەستەو ڕۆح دەست پێدەکا. بەڵێ، نووسەر قسە دەکا، بەڵام هەموو ئەوەی دەیڵێ لە بواری موگناتیسی فیگورێکدا دەیخوا: تێرێزا. شێوەو جۆری تێرێزایە شتەکان دەبینێ (لە گەڵ ئەوەیش خۆی هەرگیز گوزارشتی لێناکا).

**کرستیان سەلمان:** *بەڵام تێرامانەکانت زۆر جار بە فیگورێکەوە نەبەستراونەتەوە: تاوبانەوەکانی زانستی مۆسیقا لە کتێبی پێکەنین و بیر چوونەوە یان ڕامانەکانت لە مردنی کوڕەکەی ستالین لە سانایی بووردەبارنەکراوی بوون...*

**میلان کوندێرا:** دروستە. من هەندێ جار بە خۆشحاڵییەوە ڕاستەوخۆ

دەست تێوەردەدەم، وەکو نووسەر، وەکو خودی خۆم. لەم حاڵەتانەدا هەموو شتێ وابەستەی تۆنە. لە یەکەم وشەوە تاودانەوەم تۆنێکی گەمەئامێز، تەوساوی، شەڕەنگێزیی، ئەزموونگەرانە یان پرسیارکەرانەی هەیە. سەرجەمی بەشی شەشەمی *سانایی بووردەبارنەکراوی بوون* (مارشی گەورە) وتارێکە دەربارەی کیچ، تێزەی سەرەکیی لەوێدا: »کیچ نەرێکردنی ڕەهای گووە«. ئەم تێڕامانە دەربارەی کیچ بۆ من بایەخێکی زۆری هەیە. تاودانەوە، ئەزموون، تۆژینەوە، هەتا جۆشو خرۆشێکی زۆری لە پشتەوەیە، بەڵام تۆنەکە هەرگیز جدی نییە: شەڕەنگێزییانەیە. ئەم وتارە لە دەرەوەی ڕۆمان مەحاڵە، ئەمە ئەوەیە کە من «وتاری تایبەتمەندی ڕۆمانگەرا»م ناو ناوە.

**کرستیان سالمۆن:** *ئێوە باسی فرەدەنگیی ڕۆمانتان وەکو خەسڵەتی بە یەکەوە بەستنی فەلسەفە، حیکایەت و خەون کرد. با لای خەون ئێستێ بکەین. گێڕانەوەی خەون سەرجەمی بەشی دووەمی ژیان لە شوێنێکی دیکەیەی داگیر کردووە؛ بەشی شەشەمی کتێبی پێکەنین و بیرچوونەوەیش لە خەونەوە سەرچاوە دەگرێ، لە ئاسانیی بووردەبارنەکراوی بوونیشدا جارو بار بە دەردەکەوێ (خەونەکانی تێرێزا).*

**میلان** گێڕانەوەی خەون. باشتر وایە بڵێین: ئەو خەیاڵەی

**کوندێرا:** خۆی لە کۆنترۆڵی مەنتیق، لە خەمی ئەگەر قورتار کردووە، کە خۆی دەگەیەنێتە شوێنگەلێکی کە بیرکردنەوەی عەقڵانی پێی ناگا. خەون تەنیا مۆدێلی ئەم جۆرە خەیاڵەیە، کە من بە گەورەترین دۆزینەوەی هونەری مۆدێرنی دەزانم. بەڵام مرۆڤ چۆن دەتوانێ خەیاڵی *کۆنترۆڵنەکراو* ئاوێتەی رۆمان بکا، کە بە پێی پێناسەکەی بێ دەبێ تاقیکردنەوەی *روون‌وئاشکرای* وجود بێ؟ مرۆڤ چۆن دەتوانێ رەگەزی وا ناهاوئاهەنگ بە یەکەوە کۆ بکاتەوە؟ ئەمە بە راستی پێویستی بە کیمیایە! یەکەم کەس کە بە روونیی بیری لەم کیمیایە کردۆتەوە نۆڤالیسە. لە بەرگی یەکەمی رۆمانەکەیدا *هاینریش فۆن ئۆفتەردینگن* سێ خەونی درێژی تێدا هۆنیوەتەوە. ئەمانە لاساییکردنەوەیەکی «واقیعیانە»ی خەون نین وەکو لای تۆلستۆی یان تۆماس مان، بەڵکو شیعری بەرزی، لە لایەن «تەکنیکی خەیاڵ» تایبەت بە خەونەوە بەهرە پێدراون. بەڵام ئەمەی بۆ بەس نییە. ئەم سێ خەونە بە رای وی لە ناو رۆماندا دوورگە پێکدەهێنن. لە بەر ئەوە دەیویست زیاتر بڕواو بەرگی دووەم وەکو چیرۆک بنووسێ، کە خەونو راستیی بە یەکەوە دەبەسترێنو وا بەیەکدا دەچن، کە لە یەکدی

جیاناکرێتــەوە. بــەڵام ئــەم بــەرگــی دوەمــەی هــەرگیــز نەنووسی. تـەنیـا چـەند تێبینیـەکـی بـۆ بـە جێهێشتووین، کە گوزارە لـە مـەبـەستی ئیستاتیکی دەکـا. ئـەمـە سـەدو بیــست ســاڵ دوواتــر لــە لایــەن فــرانتس کافکــاوە بــە واقیعکـرا. ڕۆمانـەکـانی ئاوێتـە بـوونی سـەروکـۆی خـەونو واقـیعن. لـە هـەمـان کاتـدا نیگایـەکـی ڕوونو ئاشـکرایە، بـە سـەر جیهـانی مۆدێرنـدا دەڕوانێـت و خـەیاڵێکـە خـۆی لـە کـۆتـو پێـوەنـد ڕزگـار کـردووە. کافکـا بـە پلـەی یـەکـەم شۆڕشــێکی ئیــستاتیکی گــەورەیــە. مــوعجیزەیــەکــی ئەدەبییە. بۆ نموونە لـەو بـەنـدە مـەزنـەی ***کۆشـک*** بڕوانـە، کە بۆ یەکـەمجار ک... لـە گـەڵ فریدا دەخـەوێ. یـان ئـەو بەندەی کـە ژووری پۆلێـک لـە قوتابخانـەیـەکـی سـەرەتاییـدا بــۆ خـــۆیو فریـــداو دوو شـــاگردەکــەی دەکاتــە ژووری نووستن. پێش کافکا چرپیـەکـی ئـاوای خـەیـاڵ جێـی بـاوەڕ نەبوو. بێگومان مایـەی پێکـەنـین دەبـوو لاسـایی بکرێتـەوە. بــەڵام مــن وەکــو کافکـا (و نۆڤــالیس) پێویـستم بــەوەیـە خـــەونو خـــەیـــاڵی خـــەون ئـــامێز بترنجێنمـــە نـــاو ڕۆمانـەکانمـەوە. لای مـن لـە ڕێـی «ئاوێتـە کردنـی خـەونو واقیعــەوە» ڕوو نـادات، بـەڵکـو لـە ڕێـی بـە یـەکـدادانی فـرەدەنگییـەوە. «گێڕانـەوەی خـەون» یـەکێکـە لـە تـانو

پۆکانی فرەدەنگیی.

**کرستیان سەلمۆن:** *با بچین بۆ شتێکی دیکە. دەمەوێ بگەڕێمەوە بۆ یەکێتی بینای کاری هونەریی. ئێوە کتێبی پێکەنین و بیر چوونەوەتان وەکو «ڕۆمانێک لە گۆڕاندا» ناوزەد کردووە. ئەمە هێشتا ڕۆمانە.*

**میلان کوندێرا:** ئەوەی ڕواڵەتی ڕۆمان لەم کتێبە دەستێنێتەوە نەبوونی یەکێتیی ڕووداوەکانە. مرۆڤ خەریکە نەتوانێ وێنای ڕۆمانێک بە بێ ئەم یەکێتییە بکا. تەنانەت ئەزموونی «ڕۆمانی نوێ» دەگەڕێتەوە بۆ یەکێتی ڕووداو (یان نا-ڕووداو). ستێرنە و دیدەرۆ بەزم بۆ خۆیان دروست دەکەن بەوەی ئەم یەکێتییە زۆر ناسک بخەملێنن. سەفەری جاکو ئاغاکەی بەشی بچووکی ڕۆمانەکە داگیر دەکا، ئەمە تەنیا بەهانەیەکی کۆمیدییە، بۆ ئەوەی حیکایەتی خۆش، گێڕانەوە، بیرکردنەوەی دیکەی تێ بترنجێنرێ. لە گەڵ ئەوەشدا ئەم بەهانەیە، ئەم «سندووقە» پێویستە، بۆ ئەوەی ڕۆمان وەکو ڕۆمان هەستی پێبکرێ یان بە لای کەمەوە وەکو لاساییکرنەوەی ڕۆمان. بەڵام من لەو بڕوایەدام، کە هاوپەیوەندیی ڕۆمان قووڵترە، واتە لە یەکێتی تێماوە سەرچاوەی گرتووە. بەڵام هەمیشە وا بووە. هەرسێ

تانو پۆکەی گێڕانەوە، کە ***شەیتانەکانی*** لە سەر چنراوە، لە ڕێی هەمان تەکنیکی ڕووداو ئاژۆتنەوە، بەڵام پێش هەموو شتێک بە هەمان تێماوە بەستراون: تێمای شەیتانەکان، کە دەبنە سەروەری ئەو مرۆڤانەی، کە خوبلیان لە دەستداوە، . لە هەموو تانو پۆیەکی گێڕانەوەدا ئەم تێمایە دەبێتە شتێکی کە لە سێ ئاوێنەدا ڕەنگ دەداتەوە، لە گۆشەنیگایەکی دیکەوە تێی دەڕوانرێ. ئەم شتەیش (ئەم شتە ئەبستراکتەی من تێمای ناودەنێم) بە شێوەیەکی گشتیی هاوپەیوەندییەکی ناوەکی بە ڕۆمان دەدا، کە بە حاڵ دەبینرێ، بەڵام بە تایبەتی گرنگە. لە ***کتێبی پێکەنین و بیرچوونەوە*** هاوپەیوەندیی هەمووی ***تاکو تەنیا*** لە یەکەی گۆڕینی تێماکان (وپاڵنەرەکان)دایە. ئەمە ڕۆمانە؟ بە ڕای من بەڵێ. ڕۆمان تێڕامانە دەربارەی بوون لە ڕێی ڕوانگەی فیگورە خەیاڵیەکانەوە.

**کرستیان سەلمۆن:** *گەر مروڤ بینینەکە هێندە بەر فراوان بکا دەتوانێ دێکامێرۆنەیش وەکو ڕۆمان ناوزەدبکا! هەموو نۆڤێلەکان بە یەکەو هەمان تێما بە یەکەوە بەستراون، تێمای خۆشەویستی و لە لایەن هەمان دە حیکایەتخوانەوە دەگێڕرێنەوە...*

**میلان** من نامەوێ شەڕەنگێزییەکە هێندە بەر فراوان بکەمو

**کوندێرا:** بانگەشەی ئەوە بکەم کە گولیە ***دێکامێرۆنە*** ڕۆمانە. لە لایەکی دیکەوە بەڵێ ڕاستە کە ئەم کتێبە لە ئەورووپای مۆدێرندا یەکێکە لە هەوڵە یەکەمەکان بۆ ئەوەی بینایەکی پەخشانی گێڕانەوە بخوڵقێنێ، وەکو هەوڵ ***بە لای کەمەوە*** وەکو ڕێخۆشکەرێکی بەهرەمەند سەر بەو مێژووەی ڕۆمانە. ئێمە دەزانین کە مێژووی ڕۆمان ئەو ڕێیەی گرتە بەر کە گرتییە بەر. دەیشیتوانی ڕەوتێکی دیکە بگرێتە بەر. فۆرمی ڕۆمان ئازادییەکی تا ڕادەیەک بێ سنوورە. بەڵام ڕۆمان لە ڕەوتی مێژوویدا سوودی لەم ئازادییە نەبینیوە. ئەم ئازادییەی بە فیڕۆدا. ئەگەرێکی شێوەیی زۆری بە کارنەهێنراوی هێشتەوە.

**کرستیان سالمۆن:** *بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا لە ڕۆمانەکانتدا، گەر ئێمە کتێبی پێکەنین و بیرچوونەوە بخەینە لاوە، یەکێتی ڕوودو هەیە، گەر بە شێوەیەکی توند و تۆڵیش نەبێ.*

**میلان کوندێرا:** من ڕۆمانەکانم هەر لە سەرەتاوە لە سەر دوو ئاست بینا کردووە: جارێک ئاستی بینای چیرۆکی ڕۆمان؛ لە سەرییەوە پەرە بە تێماکان دەدەم. بە بێ پچڕان ***لە*** حیکایەتی ڕۆماندا و ***لە ڕێی ئەوانەوە*** کاری تێدا دەکرێ. لە هەر شوێنێ ڕۆمان لە تێماکانی لابدا و بەوە بەس بکا چیرۆکەکانی بگێڕێتەوە، ڕووکەش دەبێ. لە لایەکی

دیکەوە تێمایەک بە جیا دەتوانرێ، لە دەرەوەی حیکایەت پەرەی پێبدرێ. ئەم جۆرەی تێمایەکی پێ موعامەلە بکرێ پێی دەڵێم *لە ڕێلادان. لە ڕێلادان* دەیەوێ بڵێ، کە حیکایەتی ڕۆمان بۆ چاوتروکانێک لە کار دەکەوێ. بۆ نموونە لە **سانایی بووردەبارنەکراوی بوون***دا* سەرجەمی تاوبانەوە دەربارەی کیچ لە ڕێلادانە: حیکایەتی ڕۆمان لە کار دەکەوێ، لە بەر ئەوەی من تێماکەم (کیچ) *ڕاستەوخۆ* دەست دەدەمێ. گەر وا تێی بنوانرێ، لە ڕێلادان لاوازکردن نییە، بەڵکو بە هێزکردنێکی دیسپلینی بینای کاری هونەرییە. من جیاوازی دەکەم لە نێوان تێماو *مۆتیڤ* (پاڵنەر)دا: مۆتیڤ لە ڕەوتی ڕۆمانێکدا توخمێکی زۆر جار گەڕاوەی تێمایەک یان حیکایەتێکە لە هاوپەیوەندییەکی دیکەدا؛ بۆ نموونە مۆتیڤی کوارتێتی بیتهۆڤن، کە لە ژیانی تێرێزادا دەردەکەوێ، وەردەچەرخێتە سەر تاوبانەوەکانی تۆماسو بە نێو تێما جیاوازەکانیشدا دەکشێ: تێمای قورسیی، تێمای کیچ؛ یان تێمای شەپقەکەی سابینا، لە دیمەنی سابینا-تۆماس، سابینا-تێرێزاو سابینا-فرانتس، ئەمەش جارێکی دیکە لە گەڵ «وشە تێنەگەیشتووەکان» هاوپەیوەندە.

**کرستیان** *بەڵام ئێوە بە تەواوەتی چۆن لە وشەی تێما تێدەگەن؟*

**سالمۆن:**

**میلان کوندێرا:** تێمایەک پرسیاری وجودە. و هەتا دێ پتر بۆم ڕوون دەبێتەوە کە پرسیارێکی بەو جۆرە لە هەڵسەنگاندنی یەک بە یەکی وشەکان، وشەکان وەکو تێما ڕەوتدەگرێ. ئەوەیە پاڵم پێوە دەنێ پێ لە سەر ئەوە داگرم، کە ڕۆمان بە پلەی یەکەم لە چەند وشەیەکی بنەماییەوە سەرچاوە دەگرێ. وەکو ئاوازێکی شوێنبێرگ، کە لە سەر زنجیرەیەک تۆن بیناکراوە. لە ***کتێبی پێکەنین و بیر چوونەوە*** «زنجیر»ەکە بەمجۆرە ڕەوتدەکا: بیرچوونەوە، پێکەنین، فریشتەکان، «لیتۆست»، سنوور. ئەم پێنج وشە گرنگە لە ڕەوتی ڕۆمانەکەدا ڕاڤە دەکرێن، دەتوێژرێنەوە، پێناسە دەکرێن، جارێکی دیکە پێناسە دەکرێن و بەم شێوەیە دەگۆڕدرێنە سەر خانەبەندییەکانی وجود. ڕۆمان وەکو خانوویەکی سەر ستوون وایە، لە سەر ئەم چەند خانەبەندییە بیناکراوە. ستوونەکانی سانایی بووردەبارنەکراوی بوون: قورسیی، سووکیی، ڕوح، جەستە، مارشی درێژ، گوو، کیچ، هاوسۆزیی، سەرسوورانەوە، بە هێزیی، بێ هێزیی.

**کرستیان** *با لای پلانی بیناسازیی ڕۆمانەکانت بووەستین.*

**سالمۆن:** *هەموویان. بە ڕیزبەڕی یەکێکیان لە حەوت بەش پێکدێن.*

**میلان** کاتێ ***گەمە*** تەواو بوو، هیچ هۆیەکم نەدەبینی، پێم

**کوندێرا:** سەیر بێ کە لە حەوت بەش پێکهاتووە. ئەمجا ***ژیان لە شوێنێکی دیکەیەم*** نووسی. ڕۆمانەکە لە تەواو بووندا بوو لە شەش بەش پێکهاتبوو. نارازیبووم. چیرۆکەکەم ساکار دەبینی. لە پڕ ئەو بیرۆکەیەم بۆ هات، حیکایەتێک بترنجێنمە ناو ڕۆمانەکەوە، کە سێ ساڵ پاش مردنی پاڵەوانەکە ڕوو دەدا (واتە لە دەرەوەی کاتی ڕۆمان). بەشی پێش کۆتاییە، بەشی شەشەم: چلەمین. لە پڕ هەموو شتێک دروست بوو. دووا تر بۆم ڕوونبوویەوە کە ئەم بەشی شەشەمە بە سەیرو سەمەرەیی بەشی شەشەمی ***گەمە*** (کۆستکا)یە، کە بە هەمان جۆر فیگورێک لە دەرەوەی ڕۆمان دەهێنێ و لە شوورەی ڕۆمان پەنجەرەیەکی پەنهان دەکاتەوە. ***کتێبی ئەڤینی تەوساوی*** لە سەرەتاوە لە دە نۆڤێلە پێکهاتبوو. کاتێ بەرگی کۆتاییم ئامادە دەکرد، سیانم لێ دەرهێنا؛ سەرجەمی زۆر هاوپەیوەندیدار بوو؛ بە جۆرێکی پێش بینای هونەریی ***کتێبی پێکەنین و بیرچوونەوە*** کەوت: هەمان ئەو تێمایانە ( بە تایبەتی تێمای تەسەوف) سێ چیرۆک بۆ یەکەیەک بە یەکەوە گرێ دەدەن، کە جگە لەوە بەشی چوارەم و شەشەم بە «کەوانە»ی هەمان بەشدار بە یەکەوە بەستراوون: دکتۆر هاڤێل. لە ***کتێبی***

***پێکەنین‌و بیرچوونەوە***شدا بە هەمان شێوە بەشی چوارەم‌و شەشەم بە فیگورێک بە یەکەوە گرێدراون: تامینا. کاتێ ***سانایی بووردەبارنەکراوی بوونم*** نووسی، ویستم خۆم لە حەوتی نەگبەت بە دوور بگرم. ڕۆمانەکە ماوەیەکی زۆر بۆ شەش بەش بەرنامەڕێژیی کرابوو. بەڵام بەشی یەکەمم لە باری بیناسازییەوە ناتەواو دەهاتە بەرچاو. لە دواییدا دەرکم کرد، کە ئەم بەشە لە ڕاستیدا لە دوو بەش پێکهاتبوو، تا ڕادەیەک لە جمکەی سیامێزی، کە مرۆڤ دەبوو لە ڕێی نەشتەرکارییەکی تەقینەوەئاسا لە یەکیان جودا بکاتەوە. هەموو ئەم شتانە دەگێڕمەوە، بۆ ئەوەی گوزارشت لەوە بکەم کە لای من نە چاوبڕکێیەکی خورافییانەیە لە گەڵ ژمارەیەکی ئەفسووناویی نەیش حسابێکی عەقڵانییە، بەڵکو شتێکی قووڵی جەبرییە، نائاگاییە، نامەفهومە، شێوازێکی وێنەی هەرە کۆنە کە من ناتوانم لێی دەرباز بم. ڕۆمانەکانم نموونەیەکی هەمان بیناسازیین، کە لە سەر ژمارەی حەوت بینا کراون.

**کرستیان سالمۆن:** *ئەم ڕێسا ماتماتیکییە تا چەند بڕ دەکا؟*

**میلان کوندێرا:** بۆ نموونە ***گەمە***. ئەم ڕۆمانە لە لایەن چوار کەسەوە دەگێڕدرێتەوە: لودڤیگ، یارۆسلاڤ، کۆستکاو هێلێنا.

مەنەلۆگەکەی لوبڤیگ 2/3 کتێبەکەی داگیر کردووە، مەنەلۆگەکانی ئەوانی دیکە سەرجەم 1/3 کتێبەکەیان داگیرکردووە (یارۆسلاڤ 1/6، کۆستکا 1/9، هێلێنا 1/81)، لە ڕێی ئەم بنەما ماتەماتیکییەوە ئەوە دیاریدەکرێ کە من حەز دەکەم بە ***تیشک خستنە سەر فیگورەکان*** ناوزەدی بکەم. لوبڤیک بە تەواوەتی لە ڕووناکیدا ڕاوەستاوەو لە ناوەوە (لە ڕێی مەنەلۆگەکانی خۆیەوە)و لە دەرەوە (هەموو مەنەلۆگەکانی دیکە پۆرتریتی ئەو دەنەخشێنن) ڕووناکی دەخرێتە سەر. یارۆسلاڤ لە ڕێی مەنەلۆگەکانییەوە شەشیەکی کتێبەکە دەگرێ، پۆرتریتێکی خۆی لە ڕێی مەنەلۆگی لوبڤیگەوە لە دەرەوە ڕاست دەکرێتەوە. هەتا دوایی.

هەموو فیگورێک بە چرییەکی دیکەی تیشکو بە شێوەیەکی جیاواز ڕووناکی دەخرێتە سەر. لوتسی، یەکێک لە هەرە فیگورە گرنگەکان، مەنەلۆگی نییەو تەنیا لە دەرەوە ڕووناکیی دەخرێتە سەر، لە ڕێی مۆنۆلۆگی لوبڤیگو کۆستکاوە. کە تیشکی ناوەوەی نییە، شتێکی پڕ نهێنیو نابەرجەستەی پێدەبەخشێ. لە هەمان کاتدا لەودیوی پەنجەرەوەیە. مرۆڤ ناتوانێ دەستی لێبدا.

**کرستیان سەلمان:** *ئەم بنەما ماتماتیکییە بە دەستی ئەنقەستە؟*

**میلان کوندێرا:** نەخێر. هەموو ئەم شتانەم پاش دەرچوونی ***گەمەم*** لە پراگ دۆزییەوە، ئەویش لە سایەی وتارێکی رەخنەگرێکی ئەدەبی چیکییەوە: ***ئەندازەکاریی (جیومەتری) «گەمە»***. دەقێک کە چاوی کردمەوە. بە جۆرێکی دیکە گوزارەی لێکەم، ئەم «رێسا ماتماتیکییە» بە شێوەیەکی ئاسایی وەکو فۆرمێکی جەبری دێتە ئاراوەو پابەندی حیسابکاریی نییە.

**کرستیان سالمۆن:** *ئالوودەییت بۆ ژمارە لێرەوە سەرچاوەی گرتووە؛ بەشەکان و کاپیتلەکانی رۆمانەکانت هەموو ژمارەیان بۆ دانراوە.*

**میلان کوندێرا:** من دەمەوێ کە دابەشکردنی رۆمان بۆ بەش، بەش بۆ کاپیتل، کاپیتل بۆ پەرەگراف، بە جۆرێکی دیکە بڵێین، ***دابەشکردنی*** رۆمان هەتا دەکرێ، روون بێ. هەموو بەشێک لەو حەوت بەشە یەکەیەک بۆ خۆی پێکەهێنێ. هەر یەکەو لە رێگەی ***شێوازی گێڕانەوەی*** خۆی ئەدگاری گرتووە: بۆ نموونە لە ***ژیان لە جێیەکی دییە***: بەشی یەکەم: گێڕانەوەی «بەردەوام» (واتە: بە یەکەوە بەستنێکی هاوپەیوەندییانەی کاپیتلەکان)؛ بەشی دووەم: خەون گێڕانەوە؛ بەشی سێیەم: گێڕانەوەی نا

بــەردەولم (واتــە: بــە بــێ بــە یــەکــەوە بــەســتنی هاوپــەیــوەندیانــەی کاپیتڵــەکــان)؛ بــەشــی چــوارەم: گێڕانــەوەی فــرەدەنگیــی؛ بــەشــی پێنجــەم: گێڕانــەوەی بـەردەولم؛ بـەشـی شـەشـەم: گێڕانـەوەی بـەردەولم؛ بـەشـی حــەوتــەم: گێڕانــەوەی فــرەدەنگیــی. هــەمــوو بــەشــێک *ڕوانگەی* خۆی هەیە (لە دیدی ئێگۆیەکی خـەیاڵی دیکـەوە دەگێڕدرێتەوە).

هـەریـەکـەو *مـەودای* خـۆی هـەیـە: نـەزمـی مـەودا لـە *گـەمـەدا*: زۆر کــورت؛ زۆر کــورت، درێــژ، کــورت، درێــژ، کورت، درێژ. لە *ژیان لە شوێنێکی دیکەیە نەزمەکە* بە پێچــەوانــەوەیــە: درێــژ، کــورت، درێــژ، کــورت، درێــژ، زۆر کورت، زۆر کورت. دەمشبێ هـەمـوو کاپیتڵـێک یـەکـەیـەکـی بچـووکی لـە خۆیدا داخراو نمـایش بکـا. لـە بـەر ئـەوە لای پەخشکەرەکانم پێ لـە سـەر ئـەوە دادەگرم، کـە ژمـارەکـان بـاش دیـار دەربخــەنو کاپیتڵــەکــان زۆر ڕوونو ئاشـکرا لــە یـەکتـر جیـا بکـەنــەوە. (گالیمـار ئـەو داوایـەی نموونـەییانـە جێبەجێکردووە: هـەمـوو کاپیتڵـێک بـە لاپـەڕەیـەکـی نـوێ دەسـت پێـدەکـا.) دەمــەوێ جـارێکی دیکـە ڕۆمــان بــە مۆسـیقا بـەراورد بکـەمــەوە. بـەشـێک لـە تێگـەیـشتنی مۆسیقیدا ڕسـتەیـەکـە. کاپیتڵـەکـان تاکتـەکانن. تاکتـەکـان

یان کورتن یان درێژ یان مەودلیەکی ناڕێسایان هەیە. ئەمەش دەمانگەیەنێتە پرسی خێرایی. هەر بەشێکی ڕۆمانەکانم دەتوانێ ناوێکی مۆسیقی هەڵگرێ: ***مۆدەراتۆ، پرێستۆ، ئاداجیۆ***، هتد..

**کرستیان سالمۆن:** *کەواتە خێرایی لە لایەن پەیوەندیی نێوان مەودای بەشێک و ژمارەی کاپیتڵەکانی ئەو بەشەوە دیاریدەکرێ؟*

**میلان کوندێرا:** لەم نیگایەوە با جارێک لە ***ژیان لە جێیەکی دیکەیە*** بڕوانین:

بەشی یەکەم: 11 کاپیتڵ لە سەر 71 لاپەڕە؛ ***مۆدەراتۆ***[1]

بەشی دووەم: 14 کاپیتڵ لە سەر 31 لاپەڕە، ***ئەللێگرێتۆ***[2]

بەشی سێیەم: 28 کاپیتڵ لە سەر 82 لاپەڕە؛ ***ئەللێگرێتۆ***[3]

بەشی چوارەم: 25 کاپیتڵ لە سەر 30 لاپەڕە؛ ***پرێستیسیمۆ***[1]

---

[1] لە زانستی مۆسیقاداو بە زمانی ئیتالی تۆنەکانی دەنگ بۆ چەند چینێک دابەشدەکرێن، ئەم چیذانەش گوزارشت لە خێراییو هێواشیی تۆنەکان دەکەن. من هەوڵدەدەم لێرەدا ماناکانیان بۆ زمانی کوردی وەربگێڕم.

[2] کەمۆکەیەک خێرا (لە ئەلێگرۆ هێواشتر)

[3] خێرا، بە بەزم

بەشی پێنجەم: 11 کاپیتڵ لە سەر 96 لاپەڕە؛ **مۆدەراتۆ**[2]

بەشی شەشەم: 17 کاپیتل لە سەر 26 لاپەڕە؛ **ئاداجیۆ**[3]

بەشی حەوتەم: 23 کاپیتڵ لە سەر 28 لاپەڕە؛ **پرێستۆ**[4]

دەبینن: بەشی پێنجەم 96 لاپەڕە درێژە، بەڵام 11 کاپیتڵی هەیە؛ بە هێمنی دەڕوا، هێواشە: مۆدەراتۆ. بەشی چوارەم 25 کاپیتڵی هەیە لە سەر 30 لاپەڕە! ئەمە گوزارشت لە هەستی ڕەوتێکی زۆر خێرامان دەکا: **پرێستیسیمۆ**.

**کرستیان سالمۆن:** *بەشی شەشەم 17 کاپیتڵی هەیە لە سەر تەنیا 26 لاپەڕە. واتە گەر بە دروستی تێتگەیشتبم کە شەپۆلەکەی زۆر بەرزە. لە گەڵ ئەوەشدا ئاداجیۆی ناونەنێی!*

**میلان کوندێرا:** لە بەر ئەوەی خێراییەکەی لە لایەن شتێکی دیکەیشەوە دیاریدەکرێ: لە پەیوەندی نێوان ماوەی بەشێکو کاتی «ڕاستەقینە»ی گێڕانەوەی ڕووداوێک.

---

1 زۆر خێرا

2 لە سەرخۆ، هێواش

3 خاو، هێمن

4 خێرا

بەشی پێنجەم، ***شاعیرەکە ڕژدە***، ساڵێکی تەواوی ژیانی لە خۆ گرتووە، لە کاتێکدا بەشی شەشەم، تەمەن چل ساڵە، تەنیا چەند سەعاتێکی لە خۆ گرتووە. کورتیی کاپیتڵەکان ئەو وەزیفەیەیان هەیە، کات هێواش بکەنەوە، تەنیا یەک چاوتروکانی گرنگ خەست بێتەوە... من ئاوارتەیی خێراییەکان زۆر بە گرنگ دەزانم! بۆ من زۆر جار سەر بەو یەکەم وێنایانەن کە بۆ ڕۆمانەکەم هەمە، ماوەیەکی زۆر پێش ئەوەی بینووسم. لە بەشی شەشەمی ***ژیان لە جێگەیەکی دیکەیە***، ***ئاداجیۆ*** (ئەتمۆسفێری ئاشتیو هاوهەستی) بەشی حەوتەمی بە دوودا دێ، ***پرێستۆ*** (ئەتمۆسفێرێکی وروژاوو، سامناک). دەمویست سەرجەمی وزەی عاتیفی لە ئاوارتەیی کۆتاییدا چڕ بکەمەوە. ڕەوشی سانایی بووردەبارنەکراوی بوون بە تەواوەتی بە پێچەوانەوەیە، کاتێ دەستم بە کار کرد دەمزانی کە دووا بەشی دەبێ ***پیانیسیمۆ***[1] و ***ئاداجیۆ*** بێ (***زەردەخەنەی کارینین***: ئەتمۆسفێرێکی هێمنو میلانکۆلی بە ڕووداوێکی کەمەوە)و، دەبێ ***فۆرتیسیمۆ***[2]، ***پرێستیسیمۆ***[3]ی پێش

---

1 زۆر نزم

2 زۆر بەرز

3 زۆر خێرا

بکەوێ (مارشێکی درێژ، ئەتمۆسفێرکی درندە، تەوسئامێز بە ڕووداوێکی زۆرەوە).

**کرستیان سالمۆن:** *کەواتە گۆڕینی خێرایی گۆڕینی ئەتمۆسفێری عاتفی بە دوی خۆیدا دەهێنێ.*

**میلان کوندێرا:** جارێکی دیکەیش وانەیەکی گرنگی دیکەی مۆسیقا. هەموو بەشێکی بینای مۆسیقی لە ڕێی گوزارشتی عاتفی یان وا یان وا کار لە ئێمە دەکا. زنجیرەی بە دوای یەکدا هاتنی ڕستەکانی سیمفۆنیایەک یان سۆناتەیەک هەمیشە لە لایەن ڕێسایەکی نەنووسراوەی گۆڕان لە نێوان ڕستە لەسەرخۆو ڕستە خێراکان دیاریکراون، ئەمەش خۆکارانە واتە: لە لایەن ڕستەی خەمبار و ڕستەی خۆشنوودەوە. ئەم ئاوارتە عاتفییانە زۆر زوو بوونە هۆی دووبارە بوونەوەیەکی نەگبەتانە، تەنیا وەستا گەورەکان (و ئەوانیش هەمیشە نا) توانیان بە سەریدا زاڵ بن. لەم بارەیەوە من زۆر سەرسامم بە، بۆ ئەوەی نموونەیەکی ناسراوتان بۆ بێنمەوە، بە سۆناتەی شۆپان، کە ڕستەی سێیەمی مارشێکی پرسەیە. مرۆڤ لە پاش ئەم ماڵئاواییە گەورەیە دەیتوانی گوزارشت لە چی دیکە

بکا؟ وەکو باوە سۆناتەکە بە *ڕۆندۆ*[1]یەکی خێرا کۆتایی پێبێنێ؟ تەنانەت بیتهۆڤن لە سۆناتەی ئۆپ. 26 نەیتوانی خۆی لەم نەریتە قورتار بکا؛ ئەو مارشەی پرسە (ئەمیش ڕستەی سێیەمە) کۆتاییەکی خۆشنوودی بۆ زیاد دەکا. ڕستەی چوارەمی سۆناتەی شۆپان سەیرە: *پیانی‌ـسیمۆ*، خێرا، کورت، بە بێ هیچ میلۆدییەک، بێ هیچ سۆزێک: باهۆزێکی دووراو دوور، لە بیرچوونەوەیەکی خنکاوی، کۆتایی دەنگەدەنگێکی جاڕدراو. هاوتەنیشتی هەردوو ڕستەکە (سۆزداری- بێسۆزی) دڵ خاو دەکاتەوە. بە تەواوەتی ڕەسەنە. لە بەر ئەوە ئەمە دەڵێم، چونکە دەمەوێ گوزارشت لەوە بکەم کە ڕۆمان دانان واتا ڕوویەرە جیاوازە عاتفییەکان بە تەنیشت یەکەوە دابنێیو، بە ڕای من هونەری وردەکاریی ڕۆماننووسێک لەمەدایە.

**کرستیان سالمۆن:** *فێربوونی مۆسیقاییت زۆر کاریگەری بە سەر نووسینتەوە هەبووە؛*

**میلان کوندێرا:** هەتا تەمەنی بیستو پێنج ساڵەم مۆسیقا زۆر پتر لە ئەدەب ڕایدەکێشام. باشترین شت ئەو کاتە کردبێتم

[1] شێوەیەکی مۆسیقایە، کە چەند کۆپلەیەکی شوێنەکانیان لە سۆناتادا دەگۆڕێو دووبارە دەکرێنەوە.

ئـاواز دانـانم بـوو بـۆ چـوار ئـامێری مۆسـیقا: پیـانۆ، براچـە، کلارنێـتو تـەپـڵ. بـە شـێوەیـەکـی کاریکاتۆریانـە پـێش بیناسـازیی ڕۆمانـەکـانم کـەوت، کـە مـن ئـەو کاتـە بـە هـیچ جۆر مەزەندەی بوونیانم نەدەکـرد. ئـەم ئـاوازە بـۆ چـوار ئـامێر، وێنـای بکـە، لـە حـەوت بـەش پێکهـاتووە! وەکـو ڕۆمانەکانم هـەمـووی لـە بـەشـی فۆرمـال زۆر ناهاوئاهـەنـگ ئاوازیـان بـۆ دانـراوە (جـاز؛ لاسـاییکردنەوەی ڤاڵـسێک؛ ڕسـتەیـەکـی فـرەدەنگـی؛ کـۆراڵ هتـد.)، هـەر بـەشـەش ئـامێری جیـاوازی هـەیـە (پیـانۆ؛ براچـە؛ پیـانۆ سـۆلۆ؛ براچـە؛ کلارنێـت؛ تـەپـڵ؛ هتـد.). ئـەم جیاوازییـە شـێوەییـە بـە یـەکێتییـەکـی گـەورەی تێمـا هاوسـەنـگ دەکـرێ: لـە سـەرەتـاوە تـا کۆتـایی دوو تێمـا کاریـان تێـدا دەکـرێ: A و B. سـێ بـەشـی دووایـی لـە فـرەدەنگییـەوە سـەرچـاوە دەگـرن، کـە مـن ئـەوسـا زۆر بـە داهێنـەرانـەم دادەنـا: لـە سەر گەشەسـەندنێکی هاوکـاتیی دوو تێمـای جیـاوازی، لـە لایەنی عاتفییـەوە نـاکۆک؛ بـۆ نموونـە لـە بـەشـی دووایـیدا: لێـرەدا لـە سـەر ریکـۆردەر تـەسجیلکردنی ڕسـتەی سـێیەم

[1] سەمایەکی کۆنی فۆلکلۆری سەردەمی بارۆکی فەرەنسییە

[2] نێوبڕێکی مۆسیقاییە لە نێوان دوو پارچەمۆسیقا یان دوو نمایشی مۆسیقا یان ئۆپرادا

[3] مۆسیقایەکی زۆر هێواشو خاو

دووبـاره دەکرێتــەوه (ئـەوەی وەکـو کـۆراڵێکی ئاهــەنگـامێز بۆ کلارنێـت، براچـەو پیـانۆ بـەرنامـە بـۆ دارێـژراوی تێمـای A ) لـە هـەمـان کاتـدا تـەپـڵو شـەیپـور (کلارنێـت ژەن دەبـوو کلارنێتـەکـە بـە شـەیپورێـک بگۆڕێتـەوە) بـە جـۆرێکی (لـە شــێوازی «باربـــارۆ») دەســت بـــە تێمـــای B بکـــاو. لـــە یـەکچـوونێکی سـەیری دیکـەیش: لـە بـەشـی شـەشـەمدا تـەنیـا یـەک جـار تێمایـەکـی نـوێ دەردەکـەوێ، C ،بـە تەواوەتی وەکو کۆستکا لە ***گەمە***دا یان تەمـەن چـل سـاڵە لە ***ژیان لە شوێنێکی دیکەدایە***. ئاماژە بەم شتانە دەکەم بۆ ئـەوەی پیـشانی بدەم، کـە شـێوەی رۆمـان، «بنـەمـای ماتـــەمـــاتیکی»، شـــتی بـــەرنامـــە بـــۆ دارێـــژراو نییـــە، فـەرمـانێکی نـەسـتە، وێنایـەکـی جـەبرییـە. زوو ولم بیـر دەکـردەوە، کـە ئـەم شـێوازەی منـی خـەملانـدووە جـۆرە پێناسـەیـەکـی ئـەنـدازەگـەریـی کـەسـایەتـی خۆمـە، بـەڵام رۆژێک، پێش چـەند سـاڵێک، کـاتێ خـۆم بـە قـووڵیی بـە کـوارتێتی ئـۆپ 131ی بیتهۆڤنــەوه ســەرقـاڵ کردبــوو، دەبـوو خــۆم لــەم بــەرنامــەڕێژیــی نــەرجــسی، زاتییــەی شێوازەوە بە دوور بگرم. دەبینن:

ڕســتەی یـــەکـــەم: لــەســـەرخـــۆ؛ لـــە شـــێوەی فرەدەنگییەکدا؛ 7، 21 خولەک.

ڕستەی دووەم: خێرا، شێوەیەکی نادیار؛ 3,26 خولەک.

ڕستەی سێیەم: لەسەرخۆ؛ بەجێهێنانی ساکاری یەک تێما؛ 0,51 خولەک.

ڕستەی چوارەم: لەسەرخۆو خێرا؛ چەند جۆرێک؛ 13,48 خولەک.

ڕستەی پێنجەم: زۆر خێرا؛ خۆشنوود؛ 5,35 خولەک

ڕستەی شەشەم: زۆر لەسەرخۆ؛ بەجێهێنانی ساکاری یەک تێما؛ 1,58خولەک.

ڕستەی حەوتەم: خێرا، شێوەی سۆناتە؛ 6,30خولەک.

لەوانەیە بیتهۆڤن گەورەترین ئەندازیاری مۆسیقا بێ. ئەو لە سۆناتەیەکەوە دەست پێدەکا، کە وەکو بازنەیەکی لە چوار ڕستەی زۆر جار بە ئەنقەست پێکهاتبوو، کە سەرە ڕستە (لە شێوازی سۆناتەدا) هەمیشە سەنگی زیاتر بوو لەو ڕستانەی بە دوواییدا دەهاتن.

(ڕۆندۆ، مینوێت[1]، هتد). گەشەی سەرجەمی هونەری بیتهۆڤن بەو خواستە خەملاوە ئەم پێکهاتە بگۆڕێتە سەر یەکێتییەکی ڕاستەقینە. بەو جۆرە لە

سۆناتەکانی پیانۆدا بەرە بەرە قورسایی لە ڕستەی یەکەمەوە دەگوازێتەوە بۆ دووا ڕستە، زۆر جار سۆناتەکە بۆ تەنیا دوو بەش کورت دەکاتەوە (کە هەندێ جار، وەکو سۆناتەی ئۆپ. 27 ژمارە 2و ئۆپ. 53 لە ڕێی ڕستەیەکی-(ئینتەرمێتسۆ) 2 لە یەک جیا دەکاتەوە، بەڵام هەندێ جاریش ڕاستەوخۆ بە تەنیشت یەکترەوە دانراون وەکو سۆناتەی ئۆپ.111)، کار لە هەمان تێمادا لە ڕستەی جیاوازدا دەکا، هتد. بەڵام لە هەمان کاتدا هەوڵدەدا بەرزترین ئاستی جیاوازیی فۆرماڵ بهێنێتە ناو ئەم یەکەیەوە. بەوجۆرە چەند جارێک ڕستەی فرەدەنگیی مۆسیقی گەورە دەخاتە ناو سۆناتەکانییەوە، ئەمەش نیشانەی بوێرییەکی ناوازەیە، چونکە لە کاتی خۆیدا لە سۆناتەیەکدا ڕستەی فرەدەنگیی مۆسیقی دەبوو ناهاوئاهەنگ بێ وەکو وتاری دارمانی بەهاکان لە ڕۆمانەکەی برۆخدا. چوارەی ژێدار (Streichquartet) ئۆپ. 131 لووتکەی تەکامولی بیناسازییە. دەمەوێ سەرنجتان بۆ تەنیا وردەکارییەک ڕابکێشم، کە پێشوو تر باسمان کرد: جیاوازیی مەوداکان. ڕستەی سێیەم پازدەجار لە ڕستەی دوویی کورتترە!و هەر ئەم دوو ڕستە کورتە سەیرەش (سێیەمو

شەشەم)، ئەم حەوت بەشە زۆر جیاوازە بە یەکەوە دەنووسێن! ئەگەر هەموو بەشەکان یەک مەودایان هەبایە، یەکێتی وێران دەبوو. بۆچی؟ من ناتوانم ئەمە ڕوون بکەمەوە. بە سووکو سانایی ئاوهایە

ئاوەهایە. حەوت بەشی وەکو یەک درێژ، وەکو حەوت دۆلابی گەورە وان، کە بە تەنیشت یەکیانەوە دابنێی. بۆ ئەمەش نموونەیەکی دیکەیش؛ یەکەم قەوانی ژیانم کۆنسێرتی باخ بوو بۆ چوار پیانۆ لە سەر ڕەوتی ڤیڤالدی. ئەوسا دە ساڵ دەبووم و بە تەواوەتی شاگەشکەی ڕستەی دووەم بووم، **لارگۆ**[3]. چی لەم ڕستەیەدا هێندە ناوازەیە؟ شێوەی A-B-A. تێمای A: دیالۆگێکی زۆر سادە لە نێوان پیانۆیەکو ئۆرکسترادا- 70 چرکە. تێمای B: چوار پیانۆکە بە بێ ئۆرکسترا، بە بێ مێلۆدی، زنجیرەیەکی بە دووای یەکداهاتووی ئاکۆرد، وەکو ئاوێکی مەنگ- 105 خولەک. و ئەمجا دووبارەبوونەوەیەکی تێمای A، بەڵام تەنیا بە یەک دوو تاکت- 10 چرکە! وێنای ئەوە بکە، کە ئەم لارگۆیە تەنیا لە دوو بەش پێکبهاتایە: A-B بە بێ ئەم 10 چرکە دووبارەوە بوونە بە سووکو سانایی شتێکی نادروست پێکدەهات. یان وێنای ئەوە بکەن، کە تێمای

A بـه سـەر و مـرِی جـارێکی دیکـه وەربگیرایـه: 70 چرکـە- 105 چرکـە- 70 چرکـە. هاوشـێوەیـەکی دزێو. بـه ڕاسـتی دەبـوو هاوشـێوەیـی شـێوازی (A-B-A) بـه ناهاوشـێوەییـەکی ڕادیکـالی مـەودا جێـی بکرێتـەوە! بـەڵام ئـەوەی وەکـو منـداڵ ئـەم ***لارگۆیـە*** شـاگەشـکەی دەکـردم، جـوانیی بـەشـەکـان بـوو. جوانییـەکـی ماتمـاتیکی. 70-105-10؛ ئەمەش واتا:

10*7-15-7*10-7-10*7/7؛ئـەمـەش مانـای: 2-3- 7/2

بەڵام با واز لەمە بێنین.

**کرستیان سالمۆن:** *بەڵام هیچتان دەربارەی ڤاڵسی ماڵئاوایی نەگوت.*

**میلان کوندێرا:** لە گەڵ ئـەوەشـدا بـۆ مـن ئـەم ڕۆمانـە بـە مانایـەک لـە ماناکـان خۆشـەویـستترینیانە. ***ڤاڵـسی ماڵئـاوایی*** کـاتێ کتێبیەکەم نووسی، وەکو ***کتێبی ئەڤینی تەوساوی*** زیاتر خۆشیی، زیاتر لـەزەتـی پـێ بـەخـشیم وەکـو لـە هـەمـوو کتێبەکـانی دیکـە. مـن لـە وەزعێکـی ڕوحـی دیکـەدا بـووم. زۆر خێراتر نووسیم.

**کرستیان سالمۆن:** *ڤاڵسی ماڵئاوایی تەنیا پێنج بەشی هەیە.*

**میلان** ***ڤاڵـسی ماڵئـاوایی*** دەگـەڕێتـەوە بـۆ شـێوازێکی هـەرە

**کوندێرا:** کۆن، کە لە ڕۆمانەکانی دیکەم بە تەواوەتی جیاوازە. ئەم کتێبە بە تەواوەتی هاوئاهەنگە، بە بێ ئەملاو ئەولا، بە تەنیا مادەیەک بینا کراوە، هەمیشە بە هەمان خێرایی گێڕدراوەتەوە، زۆر شانۆئامێزانەیە، شێوازگەرلیەو قەرزاری فۆرمی ڤاودەڤیلە. لە کتێبی *ئەڤینی تە وەساویدا* نۆڤیلەی *سیمپۆزیۆم*(خوان) هەیە، ئاماژەیەکی لاسایی ئامێزی سیمپۆزیۆم پلاتۆنە. مشتومڕێکی زۆر دەربارەی ئەڤین تێدایە. ئەم سیمپۆزیۆمە، بە تەواوەتی وەکو *ڤاڵسی ماڵئاوایی* وەکو ڤاودەڤیل لە پێنج دیمەن پێکهاتووە.

**کرستیان سالمۆن:** *وشەی ڤاودەڤیل بۆ ئێوە چی دەگەیەنێ؟*

**میلان کوندێرا:** ڤاودەڤیل شێوەیەکە کە داوێونانەوە بە هەموو دەزگاکانییەوە بە ڕێکەوت بەریەککەوتنە چاوەڕوانتەکراو و زیادپێوەنانەکان بایەخێکی زۆری هەیە. لابیش. هیچ شتێک لە ڕۆماندا لەو کاتەوە گومانلێکراوتر، تەساویتر، کۆنتر و بێ زەوقتر نەبووە وەکو داوێونانەوەی بێ سنووری ڤاودەڤیل. لە فلاوبێرتەوە ڕۆماننووسەکان هەوڵدەدەن نەشتەرکاریی داوێونانەوە ئافەرۆز بکەن، بەمەش زۆر جار ڕۆمان لە سەرجەمی ژیانێک کڵۆڵتر دەردەکەوێ. ڕۆماننووسە بەرلییەکان ویژدانیان لە مەڕ

ناشیمانەیی بە پێچەوانـەوە نـەبـوو. لـە یـەکـەم کتێبـی *دۆن کیخۆتـەدا* لــە شــوێنێک لــە نــاوەڕاســتی ئیــسپانیادا چاخانەیەک هەیە، کە بـە ڕێکـەوت هـەمـوو یـەکتـر دەبیـنن: دۆن کیخۆتــە، ســانچۆ پانــسا، هاوڕێکانیــان، دەلاکــەکــەو قـەشـەکـە، ئـەمجـا کـاردینیۆ، لاوێـک کـە دۆن فێرناندۆیـەک دەزگیرانــەکــەی لــێ زەوت کــردووە، هــەر دووای ئــەوە دۆرۆتیــا، دەزگیرانــە بــە جێهێڵــراوەکــەی دۆن فێرنانــدۆ، کـەمێـک دواییتـر دۆن فێرنانـدۆ خـۆی لـە گـەڵ لوتـسیندە، ئــەمجـا ئــەفــسەرێــک، کـە لــە زینـدانێکی شــوورەدارەوە هـەڵهـاتووە، لـە کۆتاییـدا براکـەی، کـە چـەنـد ساڵێکە بـە دوویدا دەگـەڕێ، کـلارای کچیشی، لـە کۆتـایی هـەمووشـیا دۆستەکەی کلارا، کـە دوای کـەوتـووە، ئـەویـش لـە لایـەن دەربـارەکـانی باوکییـەوە ڕاو دەنـرێ... کۆمـەڵێـک ڕێکـەوتـو بەیەکگەیشتنی چاوەڕوننەکراو، کـە بـە تـەواوەتـی مـەحـاڵن. بــەڵام لای ســێرڤانتەس ئــەمــە نــە ســاکارییە نــە بــێ سەلیقەیی. ڕۆمانەکانی ئەوسـا هێـشتا پـەیمـانی شێمانەیـان لـە گـەڵ خوێنــەردا نـەبـەسـتبوو. نـەیانـدەویـست لاسـایی واقیــع بکــەنــەوە، دەیانــەویــست لــەزەت ئامــادەکــەن، سەرسامبکەن، سەرسووڕمێنن، جادوویکەن. *گـەمـەئـامێز* بـوون، ناياببیـان لـەمـەدا بـوو. سـەرەتـای سـەدەی نـۆزدە

گۆڕانکارییەکی گەورە لە مێژووی ڕۆماندا لە گەڵ خۆیدا دەهێنێ. من دەتوانم بڵێم شۆکێک. لاساییکردنەوەی واقیع وەکو جەبر چاخانەکەی سێرڤانتەس دەکاتە جێگای پێکەنین. سەدەی بیست زۆر جار شۆڕش دژی میراتی سەدەی نۆزدە بەرپا دەکا. لە گەڵ ئەوەشدا گەڕانەوە بۆ چاخانەکەی سێرڤانتەس مەحاڵە. ئەزموونی ڕیالیستییانەی سەدەی نۆزدە خۆی خزاندە نێوان ئەوانو ئێمەوە، بە جۆرێکی گەمەی ڕووباوە ڕێکەوتە مەحاڵەکان ناتوانن ئیدی بێگوناه بن. یان بە دەستی ئەنقەست پێکەنیناوی، تەوساوی، لاساییکەرەوە (بۆ نموونە ***ڕێگومکەکانی ڤاتیکان*** یان ***فێردیدەرک***) یان فەنتازی، خەون ئامێز) بن. ئەمە لە ڕۆمانی یەکەمی کافکادا: ***ئەمەریکا*** ڕوو دەدا. کاپیتڵی یەکەم بخوێننەوە، بە یەکگەیشتنی مەحاڵی کارل ڕۆسمان لە گەڵ خاڵیدا: جۆرە یادەوەرییەکی نۆستالژییانەی چاخانەکەی سێرڤانتەس. بەڵام لەم ڕۆمانەدا ڕەوشە نەشیاوەکان (یان تەنانەت مەحاڵەکان) بە ڕێکو پێکییەکی واوە، بە وەهمێکی واقیعی واوە دەنەخشێنرێن، کە مرۆڤ ئەو هەستەی لا دروست دەبێ، دەچێتە ناو جیهانێکەوە، کە مەحاڵە، بەڵام لە

واقیع واقیعیتره. با ئەنجامگیریی بکەین: کافکا له چایخانەکەی سێرڤانتەسەوە یان له دەرگاکەی ڤاوبەڤیلەوە چووە ناو یەکەم گەردوونی «سوریالی» خۆیەوە (له یەکەم «ئاوێتەبوونی واقیع بە خەون»).

**کرستیان سالمۆن:** *وێنەی ڤاوبەڤیل وێنەی «ڕابواردن»مان لێ نزیك دەکاتەوە.*

**میلان کوندێرا:** لە سەرەتاکانیدا ڕۆمانی گەورەی ئەورووپا ڕابواردن بوو، هەموو ڕۆماننووسە ڕاستەقینەکان فرمێسکی بۆ دەڕێژن! ڕابواردن جیەت ئافەرۆز ناکا. لە **ڤاڵسی ماڵئاوایی**دا مرۆڤ له خۆی دەپرسێ: مرۆڤ شایستەی ئەوەیە لە سەر ئەم زەوییە بژی، مرۆڤ نابێ «ئەم هەسارەیە لە چرنووکی مرۆڤ ڕزگار بکا»؟ من هەر لە سەرەتاوە هەوڵمداوە ئەوپەڕی جیەتی پرسیارێک بە ئەوپەڕی ڕواڵەتێکی شێوەیی ساناییەوە ببەستمەوە. ئەمە کۆششێکی تەنافبازییانە نییە. بەستنەوەی شێوەیەکی ڕووکەش بە بابەتێکی جیەوە پەردە لە سەر دراماکانمان دادەماڵێ (ئەوانەی لە ناو جێی نووستنەکانماندا ڕوو دەدەن و ئێمە لە سەر شانۆی گەورەی مێژوودا یاری دەکەین) لە ترۆزترین بێماناییدا.

**کرستیان سالمۆن:** *کەواتە دوو فۆرمی هەرە کۆن لە ڕۆمانەکانتدا هەن: 1. بینەی فەرهەنگیی، کە تۆخمە ناهاوئاهەنگەکان لە ڕێی بینەی*

*ساختمانی لە سەر ژمارە حەوت دامەزراو کورت دەکاتەوە: 2.*
*بینەی هاوئاهەنگ- شانۆئامێزی ڤاودەڤیلی، کە مەحاڵ دەبێ.*

**میلان کوندێرا:** من هەمیشە خەون بە خیانەتێکی گەورەی جاوەڕواننەکراوەوە دەبینم. بەڵام لەم چرکەساتەدا بۆم نەلواوە، خۆم لە دووژنیی ئەم دوو شێوازە ڕزگار بکەم.

# بەشی پێنجەم

## لە شوێنێک لە پشتەوە

شاعیرەکان شیعر دادەهێنن
شیعر لە شوێنێک، لە پشتەوەیە
لە مێژە لەوێیە،
شاعیر تەنیا دەیدۆزێتەوە
یان سکاسێل

## 1

یۆسف سکڤۆرێتسکی هاوڕێم لە یەکێک لە کتێبەکانیدا ئەم چیرۆکە ڕاستەقینەیە دەگێڕێتەوە:

ئەندازیارێکی خەڵکی پراگ بۆ کۆنفرانسێکی زانستیی لە لەندەن بانگهێشت دەکرێ. دەچێ بۆ ئەوێ، بەشداری لە موناقەشەدا دەکاو دەگەڕێتەوە بۆ پراگ. چەند کاژێرێک پاش گەڕانەوەی لە نووسینگەکەیدا **ڕودە پراڤۆ** هەڵدەداتەوە-ڕۆژنامەی فەرمی پارتی چیک- تیایدا دەخوێنێتەوە: ئەندازیارێکی چیکی، نێردراو بۆ کۆنفرانسێک لە لەندەن، لە بەردەم میدیای ڕۆژئاوادا ڕوونکردنەوەیەکی داوە، لەوێدا بوختان بۆ وڵاتە سۆسیالیستەکەی هەڵدەبەستێ، بە دوای ئەوەشدا بڕیار دەدا لە ڕۆژئاوا بمێنێتەوە.

کۆچێکی نارەسمی هاوپەیوەند بە ڕوونکردنەوەیەکی ئاواوە هەروا شتێکی بچووک نییە. بیست ساڵ زیندانی بە دواوەیە. ئەندازیارەکە بڕوا بە چاوەکانی خۆی ناکا. بەڵام بێگومان وتارەکە باسی ئەم دەکا. ژنە

سکرتێرەکەی دێتە نووسینگەکەوە، کاتێ دەیبینێ دادەچڵەکێ: دەڵێ خوای گەورە، گەڕاویتەتەوە! من ئەمە زۆر بە جەسوریی دەزانم؛ ئەی نەتخوێندۆتەوە چییان دەربارە نووسیوی؟

ئەندازیارەکە ترس لە چاوی ژنە سکرتێرەکەیدا دەبینێ. چی بکا؟ ڕادەکاتە نووسینگەی *ڕودە پراڤۆ*. لەوێ ڕۆژنامەوانە بەرپرسیارەکە دەبینێتەوە. ئەو داوای لێبووردنی لێدەکاو، ئەم مەسەلەیە بە ڕاستی مایەی شەرمە، بەڵام ئەم هیچ گوناهێکی نییە، ئەو دەقی ئەو وتارەی ڕاستەوخۆ لە وەزارەتی ناوخۆوە بۆ هاتووە.

ئەندازیارەکە دەچێتە وەزارەتی ناوخۆ. پێی دەوترێ بەڵێ، بێگومان ئەمە سەهوێکە، بەڵام لە وەزارەت هیچ پەیوندییەکیان بم مەسەلەیەوە نییە، ئەم ڕاپۆرتەی دەربارەی ئەندازیارەکە لە دەزگای هەواڵگریی باڵیۆزخانە لە لەندەنەوە پێگەیشتووە. ئەندازیارەکە داوای ڕاستکردنەوەی فەرمی ئەم هەواڵە دەکا. پێی دەوترێ نە خێر شتی وا ناکرێ، بەڵام دڵنیای دەکەنەوە، هیچی بە سەر نایەت، دەتوانێ دڵنیا بێ.

بەڵام ئەندازیارەکە دڵنیا نییە. بە پێچەوانەوە، زۆر زوو هەست دەکا کە لە پڕ بە خەستی چاودێریی دەکرێ، گوێ لە تەلەفۆنەکەی دەگیرێو لە جادە یەکێک بە دوولیەوەیەتی. ناتوانێ بخەوێ، خەونی مۆتەکەیی دەبینێ، ڕۆژێک تەحەمولی ئەم شپرزەییەی نامێنێ؛ سەرکێشییەکی زۆر و حەقیقی دەخاتە بەر خۆیو بە قاچاخ وڵات بەجێدەهێڵێ. بەمەیش بووە ڕەوەندێکی ڕاستەقینە.

2

ئەم چیرۆکەی گێڕامەوە، بە بێ سڵڵێکردنەوە مرۆڤ دەتوانێ بە ***کافکاگەرا*** ناوزەدی بکا. ئەمەی لە کارێکی هونەری هەڵهێنجراوی، تەنیا بە وێنای ڕۆماننووسێک خەملێنراوی چەمکێک وەکو تەنیا شتێکی هاوبەشی (لایەنی هونەریو لایەنی حەقیقی) بارو دۆخێک، کە بە هیچ وشەیەکی دیکە کارەکتەریزە نەکراونو نە زانستی سیاسەت نە کۆمەڵناسی نە دەروونناسی کلیلێکمان بە دەستەوە دەدەن.

بەڵام بە ڕاست ***کافکاگەرایی*** چییە؟

با هەوڵ بدەین چەند لایەنێکی وەسف بکەین:

***یەکەم:***

ئەندازیارەکە ڕوو بە ڕووی هێزیک بۆتەوە، کە بە گوێرەی ئادگارەکەی ***ڕێگومکەیەکی ناسیارە***. هەرگیز بە کۆتایی ڕەوتگە بێکۆتاییەکان ناگا، و هەرگیز بۆی دەرناکەوێ کێ ئەم حوکمە کارەسات ئامێزەی فۆرمولە کردووە. ئەو لە هەمان بارودۆخی وەکو یوسف ک... بەرامبەر دادگا، یان ک..ی پێوەر(مەساح) بەرامبەر بە کۆشک. هەرسێکیان خۆیان لە جیهانێکدا دەبیننەوە، کە لە تەنیا دەزگایەکی ڕێگومکەیی گەورە زیاتر هیچی تر نییە، نە دەتوانن خۆیانی لێ دەرباز کەن، نە دەتوانن لێی تێبگەن.

ڕۆمانتووسەکانی پێش کافکا زۆر جار پەردەیان لە سەر دامەزراوەکان وەکو زۆرانگە هەڵداوەتەوە، لەو شوێنانەی بەرژەوەندییە شەخسی و کۆمەڵایەتییەکان بە یەکدا دەدەن. لای کافکا دامەزراوە میکانیزمێکە، کە

گوێرپیەڵی ئەو یاسا خۆبیانەن ڕۆژێ لە ڕۆژان لە لایەن یەکێکەوە دانراون، لە گەڵ بەرژەوەندی مرۆڤ تەبا نین، لە بەر ئەوە کەس لێیان تێناگا.

**دوەم:**

لە بەشی پێنجەمی **کۆشکدا** لێپرسراوی گوندی ک... چیرۆکی درێژی ئەجنداکانی بە هەموو وردەکارییەکەوە ڕووندەکاتەوە. بە کورتی: پێش دەیان ساڵ پێشنیارێکی گوند دەخرێتە بەردەم لێپرسراوی گوند پێوەرێک (مساح) دامەزرێنێ. وەڵامی نووسراوی لێپرسراوی گوند نەرێیە (کەس پێویستی بە پێوەر نییە)، بەڵام لە کارمەندگەیەکی دیکە دا وەڵامەکە ونەبێ، و بە هۆی ئەم گەمە ڕێک و پێکەی بەد حاڵیبوونە بیرۆکراتییەوە، کە چەندان ساڵ دەخایەنێ، ڕۆژێک لە ڕۆژان بە ڕاستی داوەتنامەیەک بۆ ک... دەنێردرێ، بەڵام لە کاتێکدا هەموو کارمەندە تێوەگلاوەکان خەریکی پووچەڵکردنەوەی پێشنیارە بێرەولجەکانی پێشوویانن. ک... پاش سەفەرێکی درێژ بە هۆی سەهوێکەوە دەگاتە گوند: لە سەر ئەوەشەوە: بەو مەرجەی، کە کۆشکو گوند ***سەرجەمی*** جیهانی شیاوە، سەرجەمی بوونی ک... تەنیا سەهوێکە.

لە جیهانی کافکادا ئەجنداکان لە بیرۆکەی ئەفلاتون دەچن. واقیعی ڕاستەقینە نمایش دەکا، لە کاتێکدا مرۆڤ لە بوونی سایکۆلۆژیدا تەنیا کاردانەوەیەکی لە سەر شاشەی وەهم تیشک پێدراوەیە. ک...ی پێوەر و ئەندازیارە پراگییەکە لە ڕاستیدا تەنیا سێبەری فایلەکانیانن، بەڵێ زۆر

کەمتر لەوەیش: ئەوان سێبەری *سەهۆڵێکن* لە فایلێکدا، سێبەرێک، کە تەنانەت مافی بوونی سێبەربوونیشیان نییە.

بەڵام گەر ژیانی مرۆڤ تەنیا سێبەرێکو واقیعی ڕاستەقینە لە شوێنێکی دیکە، لە شوێنە عاسییەکان، نامرۆڤانەکانو سەروو مرۆڤانەکان بێ، مرۆڤ لە پڕ دەکەوێتە بەر ڕەحمەتی زانستی لاهوت. ڕاڤەکەرە بەراییەکانی کافکا ڕۆمانەکانیان وەکو ڕەمزی ئاین تەفسیر دەکرد.

من ڕاڤەکردنێکی ئاوا بە هەڵە دەزانم (لە بەر ئەوەی مەجازێک دەبینێ، کە کافکا خۆی بە بارو دۆخی کۆنکریتی ژیانی مرۆڤەوە سەرقاڵ کردووە)، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا ئەنجامێکی ڕوونکەرەوە: لە هەر شوێنێ، هێز خۆی بکاتە خوا، خۆکردانە زانستێکی ئاینی خۆی دەخوڵقێنێ؛ لە هەر شوێنێکی وەکو خوا دەریکەوێ، هەستێکی ئاینی بێدار دەکاتەوە؛ جیهان دەتوانرێ بە وشەگەلی زانستی ئاینی وەسف بکرێ.

کافکا مەجازی ئاینی نەنووسیوەتەوە، بەڵام **کافکاگەرایی** (چی لە واقیع و چی لە خەیاڵدا) لە لایەنی ئیلاهیات (یان زۆر تر *بەناو ئیلاهیات*) جیا ناکرێتەوە.

*سێیەم:*

ڕاسکۆلنیکۆڤ ناتوانێ باری تاوان هەڵگرێو سزا قبووڵ دەکا، بۆ ئەوەی بگا بە ئارامیی. ئەمە ئەم بارو دۆخە ئاشنایەیە کە ***تاوان بە دوای سزادا دەگەڕێ***.

لای کافکا ئەم لۆژیکە بە پێچەوانەوەیە. ئەوەی سزا دەدرێ، هۆی سزاکە نازانێ. بێمانایی سزاکە هێندە بێ بووردەبارە، کە داوا لە سەر تۆمارکراوەکە، بۆ ئەوەی بە ئارامیی بگا، بۆ پاساوێک دەگەڕێ بۆ سزا: ***سزا بە دوای تاوانیا دەگەڕێ.***

ئەندازیارە پراگییەکە لە ڕێی چاودێری توندی پۆلیسەوە سزا دەدرێ. ئەم سزایە قیژە بۆ تاوانێک دەکا، کە بەجینەهێنراوە، ئەو ئەندازیارەی تاوانی کۆچکردنی دراوەتە پاڵ، لە دوواییدا بە ڕاستی کۆچدەکا. ***سزا لە کۆتاییدا تاوانی دۆزییەوە.***

لە بەر ئەوەی ک... نازانێ لە سەر چی شکاتی لێکراوە، لە کاپیتڵی حەوتەمی ***دادگا***دا بڕیار دەدا، سەرجەمی ژیانی، سەرجەمی ڕابردووی «لە بچووکترین ڕەفتارو ڕووداودا»بخاتە بەر تیشکی لێکۆڵینەوە. مەکینەی «خۆ تاوانبارکردن» بە گەڕ دەکەوێ. ***شکاتلێکراوەکە بە دوای تاوانێکدا دەگەڕێ.***

ڕۆژێک ئامالیا لە کارمەندێکی کۆشکەوە نامەیەکی بێشەرمانەی پێدەگا. بە تووڕەییەوە دەیدڕێ. کۆشکەکە تەنانەت سەرزەنشتی ڕەفتارە بە جەرگانەکەی ناکا. ئەو ترسەی (کە ئەندازیارەکە لە چاوی ژنە سکرتێرەکەشیدا بینی) لە خۆوە کاریگەر دەبێ. بە بێ هیچ فەرمانێک، بە بێ هیچ ئاماژەیەکی هەستپێکراوی کۆشک، هەموو کەسێک خۆی لە کەس و کارەکەی ئامالیا بە دوور دەگرێ، وەکو تاعونیان هەبێ. باوکی ئامالیا دەیەوێ داکۆکی لە خێزانەکەی بکا. بەڵام کۆسپێک لە ڕێگادایە:

نەک هەر بڕیاردەری حوکمەکە نادۆزرێتەوە، بەڵکو هیچ حوکمێک لە ئارادا نییە! بۆ ئەوەی ئیستیئناف بکەی، بۆ ئەوەی داوای لێبووردن بکەی، دەبێ پێشووتر مرۆڤ تاوانبار کرابێ! باوک لە کۆشک دەپاڕێتەوە، تاوانەکە دیارییکەن. کەواتە مرۆڤ لە شتەکە کەمدەکاتەوە گەر بڵێ سزا بە دوای تاوانباردا دەگەڕێ. لەم جیهانی بە ناو ئاینییەدا ***سزادراو دەپاڕێتەوە، بۆ ئەوەی وەکو تاوانبار دانی پێدا بنرێ!***

زۆر جار ڕوو دەدا، کە ئەمڕۆ پراگییەکی ژێر بێبەزەیی کەوتوو ئیتر کار نادۆزێتەوە. بێئەنجام بە دوای بەڵگەیەکدا دەگەڕێ، کە پشتڕاستیی لەوە بکا، کە گوناهێکی کردووەو نابێ دامەزرێنرێ. حوکمەکە نادۆزرێتەوە. لە پراگیش لە یاسادا نووسراوە کە هەموو کەسێک دەبێ کار بکا، بە مشەخۆریی تاوانبار دەکرێ، ئەمەش واتە، تاوانبارە لە بەر ئەوەی خۆی لە کار دەدزێتەوە. ***سزا تاوانی خۆی دەدۆزێتەوە.***

**چوارەم:**

چیرۆکی ئەندازیارە پراگییەکە خۆش دێتە بەر گوێ، وەکو نوکتەیەک، بۆ پێکەنین دەمان وروژێنێ.

دوو پیاوی نادەرکەوتە (کەس هەست بە بوونیان ناکا) (نەک «پشکنەر» وەکو وەرگێڕانە فەرەنسییەکە بە گوێماندا دەچرپنێ)، لە نێو جێگادا هەڵدەکوتنە سەر یۆسف ک... پێی دەڵێن کە دەستبەسەرکراوەو، بەرچاییەکەی دەخۆن. ک...، کارمەندێکی زۆر بە دیسپلین، لە ماڵەکەی وەدەریان نانێ، بەڵکو بە جلی خەوەوە دەست

بەوە دەکا بە گەنجینەیەکی وشەی دەوڵەمەندەوە داکۆکی لە خۆی بکا. کاتێ کافکا کاپیتڵی یەکەمی ***دادگای*** بۆ بۆ هاوڕێکانی خوێندەوە هەموو پێکەنین، خۆیشی پێکەنی.

فیلیپ ڕۆت خەون بەوەوە دەبینێ ***کۆشک*** بکرێتە فیلم: گروخۆ مارکس لە دەوری ک..ی پێوەر و چیکۆو هارپۆ لە دەوری دوو یارمەتیدەرەکە. بەڵێ زۆر حەقیەتی: شتی کۆمیدی لە جەوهەری **کافکاگەرایی** جودا ناکرێتەوە.

بەڵام بە ئەندازیارەکە یارمەتیدەر نییە کە چیرۆکەکەی کۆمیدییە. ئەو لە نوکتەی ژیانی خۆیدا بەندە وەکو ماسی لە ناو حەوزدا؛ ئەمە هەرگیز کۆمیدی نایەتە بەرچاوی. لە ڕاستیدا نوکتە تەنیا بۆ ئەوانە کۆمیدییە کە لە ***دەرەوەی*** حەوزەکەدان؛ ***کافکاگەرایی*** بۆ ناوەوە، بۆ ناخی نوکتە، بۆ ناو جەرگو دڵی نوکتە، بۆ ناو دژواریی کۆمیدیا ڕۆ دەچێ.

لە جیهانی ***کافکاگەرا***دا کۆمیدیا ناکۆکیی لە گەڵ تراژیدیادا پەیدا ناکا (نەک تراژیکۆمیدیا) وەکو لای شەکسپیر؛ لێرەدا کۆمیدیا لە ئارادا نییە تاکو تراژیدیا لە ڕێی ئاسانیی تۆنێکەوە بووردەبار تر بکا؛ ***هاوڕێیەتی*** تراژیدیا ناکا، بەڵکو ***لە منداڵدانا دەیخنکێنێ***و بەمەش تاقە دڵنەوایی لە قوربانییەکان دەدزێ، کە بۆیان بمێنێتەوە:: گەورەیی (ڕاستەقینە یان ڕووڵەت) تراژیدیا. ئاندازیارەکە نیشتمانی دایکی لە دەست چوو، هەموو بینەرانیش پێدەکەنن.

3

له مێژووی هاوچه‌رخدا هه‌ندێ قۆناغ هه‌یه ژیان تیایدا له ڕۆمانه‌کانی کافکا ده‌چێ.

چه‌ندان جار، که هێشتا له پراگ ده‌ژیام، گوێم لێ بوو، که باره‌گای حیزب (ساختمانێکی درێو، زۆر مۆدێرن) به «کۆشک» ناوی ده‌برا. چه‌ند جار به چاوی خۆم بینیم، که شه‌خسی پله دووی حیزب (هه‌ڤاڵ هێندریخ ناوێک) نازناوی «کلام»یان لێنابوو (له هه‌مووی جوانتر له چیکیدا «کلام» به مانای «سه‌راب» یان «ساخته» دێ).

A.، که‌سایه‌تییه‌کی کۆمۆنیستی ناسراو، له میانه‌ی دادگایه‌کی کۆمۆنیستیی ستالینیدا له ساڵانی په‌نجاکاندا به به‌ندیخانه حوکم درا. له زینداندا ئه‌و شیعرانه‌ی نووسی که له گه‌ڵ دژواریی ئه‌و شتانه‌ی که به سه‌ری هاتبوون، هه‌ر جه‌ختی له سه‌ر کۆمۆنیست بوونی خۆی ده‌کرده‌وه. نه‌ک له به‌ر ترسنۆکیی. ئه‌و ئه‌و دانپیانانه‌ی له دڵسۆزییدا نووسی (دانپێدانانی دڵسۆزی بۆ جه‌لاده‌کانی) وه‌کو نیشانه‌ی ئازایه‌تی، وه‌کو نیشانه‌ی ڕه‌وایه‌تی. هاوڕێ پراگییه‌کانم که ئه‌م که‌شکۆڵه‌یان خوێنده‌وه به ته‌وسێکی جوانه‌وه ناویان نا **سوپاسگوزارییه‌کانی یوسف ک...**

وێنه‌کان، هه‌ندێ ڕه‌وش‌و ته‌نانه‌ت هه‌ندێ ڕسته له ڕۆمانه‌کانی کافکادا به‌شێک بوون له ژیانی پراگ.

ڕەنگبێ مرۆڤ هەوڵبدا ئەو ئەنجامگیرییە بە دەست بهێنێ: وێنەکانی کافکا لە پراگ زیندوون، لە بەر ئەوەی پێشبینی کۆمەڵگایەکی تۆتالتیتاری بەرجەستە دەکەن.

بەڵام بانگاشەیەکی ئاوا پێویستی بە ڕاستکردنەوە هەیە: **کافکاگەرایی** چەمکێکی سۆسیۆلۆژی یان سیاسەتزانی نییە. هەوڵدرا ڕۆمانەکانی کافکا وەکو ڕەخنە لە کۆمەڵگای پیشەسازی، لە ڕووتاندنەوە، لە نامۆ بوون، لە ئەخلاقی برژوازی، بە کورتی وەکو ڕەخنە لە سەرمایەداریی ڕاڤە بکرێ. بەڵام لە جیهانی کافکادا هیچ شتێک لەو شتانەی کاپیتالیزم پێکدەهێنن نابینرێتەوە: نە پارەو هێزی پارە، نە بازرگانیی، نە مۆڵکدارییو خاوەن موڵک، نە خەباتی چینایەتی.

**کافکاگەرایی** پێناسەی تۆتالیتاریزمیش ناگرێتەوە. لە ڕۆمانەکانی کافکادا نە حیزب، نە ئایدۆلۆژیاو نە ئەلفو باکانی، نە سیاسەت، نە پۆلیسو نە سوپا ناویان دێ.

مرۆڤ دەتوانێ پتر بڵێ، **کافکاگەرایی** ئەگەرێکی جەوهەری مرۆڤو دنیاکەی بەرجەستە دەکا، ئەگەرێکی لە باری مێژووییانە سنووردار، کە لە هەمان کاتدا هەمیشە هاوڕێی مرۆڤە.

بەڵام وردبینییەکی ئاوەها هێشتا چارەسەری ئەو پرسە نییە، بۆ لە پراگدا ڕۆمانەکانی کافکا دەڕژێنە نێو ژیانەوە، لە کاتێکدا لە پاریس وەکو گوزارشتێکی داخراوی تەنیا جیهانێکی زاتی نووسەر لێی تێدەگەن. ئەمە دەیەوێ بڵێ، کە وزەی ناوەوەی مرۆڤو جیهانی مرۆڤ، کە مرۆڤ بە

***کافکاگەرا*** ناوزەدی کردووە، لە پراگ زووتر دەبێتە چارەنووسێکی بەرجەستە وەکو لە پاریس؟

لە مێژووی هاوچەرخدا ئادگارگەلێک هەن، کە **کافکاگەرایی** لە رووبەرێکی کۆمەڵایەتی گەورەدا بە واقیع دەکەن: چڕکردنەوەیەکی گەشەکردووی هێزێکی خۆ بە خوا کردوو، بە بیروکراتیکردنی چالاکیی کۆمەڵایەتی، کە هەموو دامەزراوەکانی کردۆتە **رێگومکەی نادیارو**، لە کۆتاییدا بێکەسایەتیکردنی تاک.

لە دەوڵەتە تۆتالیتارییەکاندا، لەو شوێنانەی ئەم ڕەوتانە بە پلەیەکی بەرز دەردەکەون، پەیوەندی تەنگی نێوان رۆمانە کافکاگەراکانو ژیانی واقیع بۆتە بەرچاو. لە رۆژئاوادا نەبینینی ئەم هاوپەیوەندییە لە بەر ئەوە نییە کە کۆمەڵگا بە ناو دیموکراتییەکان کەمتر کافکاگەران وەکو کۆمەڵگای ئەمڕۆی پراگ، بەڵکو لە بەر ئەوەیش، وەکو بۆم دەردەکەوێ، لە بەر ئەوەی لێرە هەست بۆ واقیع بە شێوەیەکی کارەساتئامێز لە دەستدراوە.

چونکە کۆمەڵگای بە ناو دیموکرات بە هەمان شێوە پرۆسیسی بێکەسایەتیکردنو بیرۆکراتیزەکردن دەناسێ؛ هەموو ئەم هەسارەیە شانۆیە، کە لە سەری نمایش دەکرێ. رۆمانەکانی کافکا گوزارشتێکی موبالەغە پێوەکراوی خەونئامێز- فەنتازین، دەوڵەتی تۆتالیتار گوزارشتێکی موبالەغە پێکراوی پەخشان ئامێزی مادی ئەم پرۆسێسەیە.

بەڵام بۆچی کافکا ئەم ڕەوشەی کە لە سەر شانۆی مێژوو بە هەموو ڕوونییو دڕەندەیی خۆیەوە وەکو یەکەم ڕۆماننووس هەستپێکرد سەرەڕای ئەوەی دوای مردنی دەرکەوتن؟

4

هەر کەسێ نەکەوێتە داوی فڕوفێڵو ئەفسانەو داستانەوە، لای کافکا جێپێی گرنگی مەیلی سیاسی نابینێتەوە؛ لەم دیدەوە پێش هەموو شتێک لە هاوڕێ پراگییەکانی ئاوارتە دەبێ، لە ماکس برۆد، فرانتس ڤێرفڵ، ئیگۆن ئێرڤین کیشو ئەو پێشڕەوانەی لەوبڕوایەدا بوون، ڕەوتی مێژوو دەناسنو بە عەشقەوە سوێندیان بە سیمای ئاینە دەخوارد.

کەواتە چی وا دەکا، کە نەک کارەکانیان، بەڵکو هی هاوڕێ تەنیا، ناخگەرا، لە ژیانی خۆو هونەر تێڕامێنەکەیان ئەمڕۆ وەکو پێشبینی سۆسیۆ- سیاسی سەیری دەکرێو لە بەشێکی گەورەی گۆی زەویدا قەدەغەیە؟

بیرم لەم هەڵهێنە (حزورە)یە دەکردەوە، کاتێ ڕۆژێ لە ماڵی ژنە هاوڕێیەکی کۆنم شاهیدی دیمەنێکی بچووک بووم. ژنەکە لە کاتی دادگاییە ستالینییەکاندا لە ساڵی 1951دا گیرابوو، لە بەر تاوانێک کە نەیکردبوو، حوکم درابوو. سەدان کۆمۆنیست لەو کاتەدا وەکو ئەو لە هەمان بارو دۆخدا بوون. بە درێژایی ژیانیان لە گەڵ حیزبدا یەک گیانو یەک جەستە بوون. کاتێ لە پڕ حیزب وەکو شکاتلێکەر لە بەرامبەریان دەرکەوت، وەکو یوسف ک... ئامادە بوون سەرجەمی ژیانی ڕابردوویان

«لە بچووکترین ڕەفتارو ڕووداو» بکۆڵنەوە، بۆ ئەوەی گوناهە شاراوەکان بدۆزنەوەو دان بە تاوانە خەیاڵییەکاندا بنێن. بۆ ژنە هاوڕێکەم لوا ژیانی خۆی قورتار بکا، چونکە لە سایەی جورئەتە ناوازەکەیەوە ڕەفزی کردبۆوە وەکو هاوڕێکانی، وەکو A.ی شاعیر خۆی بداتە دەست بە «گەڕان بە دوای تاواندا». لە بەر ئەوەی قبووڵی نەکردبوو یارمەتی جەلادەکانی بدا بۆ ژاوەژاوی دادگاییکردنی کۆتایی بە کار نەدەهات. لە بەر ئەوە هەڵنەواسرا، بەڵکو تەنیا بە زیندانی هەتاهەتایی حوکم درا. پازدە ساڵ دوواییی تر بە تەواوەتی لێی بووردراو ئازاد کرا.

ئەم ژنە کە دەست بەسەرکرا منداڵەکەی تەمەنی یەک ساڵ بوو. دوای ڕزگار بوونی کوڕێکی شازدە ساڵی بینی، بەختی هەبوو کە توانیان دوو بە دوو بە دارایی بە یەکەوە بژین. تێدەگەین کە بە جۆشو خرۆشەوە پابەندی ئەو بوو. کوڕەکەی تەمەنی بیستو شەش ساڵ بوو کە ڕۆژێ سەردانم کردن، دایکەکە دڵشکاوو تووڕە بووو دەگریا. هۆیەکەی زۆر بێبایەخ بوو: کوڕەکەی بەیانی درەنگ لە خەو هەستابوو، یان شتێکی لەو بابەتە. بە دایکەکەم وت:«بۆچی لە بەر شتێکی وا بچووک تووڕە دەبی؟ لە بەر شتێکی ئاوا مرۆڤ ناگری! تۆ موبالەغە دەکەی!»

لە جیاتی دایک کوڕەکە وەڵامی دامەوە:«نەخێر، دایکم موبالەغە ناکات. دایکم ژنێکی ناوازەی بە جەرگە. بەرخۆدانی لە شوێنێکدا کرد کە هەموو کەسێک تووشی نسکۆ بوو. دەیەوێ ببمە پیاوێکی ڕێزدار.

دروستە، من درەنگ ڕابووم، بەڵام ئەوەی دایکم سەرکۆنەمی پێدەکا، لەوە قووڵترە. هەڵسو کەوتم. ڕەفتاری خۆپەرستانەم. بەڵام دەمەوێ بەو جۆرەم لێبێ کە دایکم دەیەوێو. لە بەردەم تۆدا ئەو بەڵێنەی پێدەدەم.»

ئەوەی هەرگیز بۆ حیزب لای دایک نەلوا، بۆ دایک لای کوڕەکەی لوا. ناچاری کردبوو، کراسی تاوانێکی پووچ لە بەربکا، بە «دوای گوناهەکەیدا بگەڕێ»، هەستێ بە دانپێدانانێکی گشتی. بە نیگەرانییەوە دیمەنی ئەم دادگا-بچووکە ستالینییەم بینی لە پڕ دەرکم بەوە کرد، کە میکانیزمە سایکۆلۆژییەکان لە ڕووداوە (بە ڕوواڵەت دژوارو نامرۆڤانەکان) مێژووییەکاندا کاریگەر دەبن، هەمان شتن کە لە دۆخە (زۆر ساکارە مرۆڤییەکاندا) لە بواری شەخسیدا کار دەکەن.

5

نامە بەناوبانگەکەی بۆ باوکی، کە کافکا هەرگیز نەینارد، بە تەواوەتی دەریدەخا، کە خێزان، پەیوەندی منداڵو دەستەڵاتی بە خوداکراوی دایکوباوک، پشتینەی ئەزموونی ئەو تەکنیکی تاوانبارکردنە بوو، کە بووە یەکێک لە تێما گەورەکانی ڕۆمانەکانی. لە دادگادا، یەکێک لەو چیرۆکانەی کە ڕاستەوخۆ بە پەیوەندیی خێزانیی نووسەرەوە خەملاوە، باوک شکات لە کوڕەکەی دەکاو فەرمانی پێدەکا خۆی بخاتە ئاوەوەو خۆی بخنکێنێ. کوڕەکە تاوانە خەیاڵییەکە قبووڵ دەکاو خۆی دەخاتە ڕووبارەکەوە، هێندە گوێڕایەڵ وەکو دواییتر یوسف ک... کە لە لایەن

ڕێکخراوێکی گومانلێکراوەوە تاوانبار دەکرێو وا دەکا چەقۆ ئاژنی بکەن. لەیەکچوونی هەردوو شکاتەکە، هەردوو خۆ تاوانبارکردنەکە، هەردوو کوشتنەکە بەردەوامیی کاری کافکا لە نێوان «تۆتالیتاریزم»ی تەنگیی خێزانییو خەیاڵی گەورەی کافکا پیشاندەدا.

کۆمەڵگەی تۆتالیتێر، بە تایبەتی لە شێوە هەرە توندو تیژەکانیدا دەیەوێ سنووری نێوان «گشتیی»و «پریڤات» لە ناوبەرێ؛ دەستەڵات کە خۆی هەمیشە نا شەفاف تر دەبێ، داوا لە هاووڵاتی دەکا، کە ژیانی هەتا بکرێ شەفاف بێ. ئەم ئایدیالەی ژیانێکی بێ پەنهانیی لە گەڵ خانەوادەیەکی نموونەییدا وێک دێتەوە: هاووڵاتی وەکو منداڵێک لای دایکو باوکی، مافی ئەوەی نییە، هیچ شتێک لە حیزب یان لە دەوڵەت بشارێتەوە. کۆمەڵگا تۆتالیتارەکان لە پرۆپاگەندەکانیاندا زەردەخەنەیەکی ئیدیلیش نمایش دەکەن: دەیانەوێ وەکو «تاقە خێزانێکی گەورە» دەرکەون.

زۆر جار بانگەشەی ئەوە دەکرێ، ڕۆمانەکانی کافکا گوزارشتن لە داواکارییەکی بە جۆشو خرۆشانە بۆ بە هەرەوەز و پەیوەندی مرۆڤانە؛ ک..، بوونێکی لە ڕەگەڵکەنراو، تەنیا بۆ یەک ئامانج تێدەکۆشێ: بە سەر نەفرەتی تەنیا بووندا زاڵبێ. ڕاڤەیەکی ئاوەها نەک تەنیا کلێشەیەکە، نەک تەنیا سنووردارکردنی مانایە، بەڵکو سەرەو قوچکردنەوەی مانایە بۆ پێچەوانەکەی.

ک..ی پێوەر بە هیچ جۆرێک لە گەڕاندا نییە بۆ سۆزی مرۆڤانە، ئەو نایەوێ وەکو ئۆرەستەس لای سارتەر، «مرۆڤ لە ناو مرۆڤەکان» دا بێ؛ ئەو نایەوێ لە لایەن بوونەوەرێکەوە، بەڵکو لە لایەن دامەزراوەیەکەوە دانیپێدابنرێ. بۆ ئەوەی بەمە بگا، دەبێ حیسابێکی قورس بدا: دەبێ دەستبەرداری تەنیایی خۆی بێ. هەر ئەمەش دۆزەخەکەیەتی: هەرگیز بە تەنیا نییە، هەر دوو شاگردەکەی کە لە کۆشکەوە نێردراون، پەیەرپەی بە دوولیەوەن. لە یەکەم ئاکتی خۆشەویستی لە گەڵ فریدا لە گەڵیدان، بە سەر ئەو دوو ئەویندارەوە لە سەر مێزی چاخانەکە دانیشتوونو لەم چرکە ساتەوە هەردوکیان لە نوێنیشدا بە جێناهێڵن.

نەک نەفرەتی تەنیایی، بەڵکو تەنیابوونی زۆرگیرکراو وێنای تۆپزی کافکایە!

کارڵ ڕۆسمان بە بەردەوامی لە لایەن کەسێکەوە وەڕەس دەکرێ: جلەکانی دەفرۆشن، تاقە وێنەیەکی دایکو باوکی کە هەیەتی لێی دەدزن؛ لە هۆڵی نووستندا لە پاڵ قەرەوێڵەکەیەوە هەرزەکارەکان شەڕە بۆکس دەکەن، هەندێ جار یەکێکیان بە سەریدا دەکەوێ؛ ڕۆبینسۆنو دێلامارخە، دوو خێڕوو لە ماڵەکەی خۆیاندا دەستبەسەریدەکەن، هەناسەبڕکێیی برونێلدای قەڵەو تەنانەت دەگاتە ناو خەوەکەی.

چیرۆکی یوسف ک..یش بە زۆرگیرکردنی فەزای نهێنی دەست پێدەکا: دوو پیاوی نەناسراو لە نوێنەکەیدا دەستگیریدەکەن. لەو ڕۆژەوە

هەرگیز هەست ناکا کە بە تەنیایە: دادگا بە دوواوەیەتی، چاودێری دەکاو قسەی لە گەڵدا دەکا. ئیدی ژیانی تایبەتی نامێنێ؛ لە لایەن ئەو رێکخراوە پڕ نهێنییەی بە دواوەیەتی چاودێری دەکرێ.

ئەو ڕوحە شاعیرانانەی کە بە خۆشحاڵییەوە بانگی نەهێشتنی پەنهانی شەفافیەتی ژیانی شەخسی دەدەن، هیچ پاساوێک بۆ ئەوە ناهێننەوە ڕێ بۆ چی گەشەسەندنێک خۆش دەکەن. پنتی دەستپێکی تۆتالیتاریزم بە پنتی دەستپێکی **دادگا** دەچێ: لە ناو جێگەکەتدا غافڵگیر دەکرێی. یەکێک دێتە سەر جێگاکەت وەکو چۆن پێشوو تر باوکت یان دایکت هاتۆتە سەر قەرەوێڵەکەت.

هەندێ جار مرۆڤ لە خۆی دەپرسێ، ئایا ڕۆمانەکانی کافکا ڕەنگدانەوەی کێشە زۆر شەخسیو تایبەتییەکانی نووسەرن یان وەسفی «ئامێرێکی کۆمەڵایەتی» مەوزوعین.

**کافکاگەرایی** نە خۆی بە فەزای نهێنی، نە خۆی بە بواری گشتییەوە سنوور دار دەکا؛ هەردوو لایەن بە خۆ دەگرێ. بواری گشتیی ئاوێنەی باڵانمای بواری تایبەتە، لە بواری تایبەتدا بواری گشتیی ڕەنگ دەداتەوە.

6

کاتێ من باسی پراکتیکە میکرۆ(وردە)سۆسیالەکانم کرد، کە **کافکگەرایی** بەرهەمیان دەهێنێ، بیرم لە خێزان، بەڵام بیریشم لەو ڕێکخراوە کردەوە کە کافکا بە درێژایی ژیانی گەورەیی ئەندام بوو تێیدا: نووسینگە.

مرۆڤ دەیەوێ پاڵەوانەکانی کافکا زۆر جار وەکو تاودانەوەی ڕەمزی ڕۆشنبیر پەنجەنوما بکا، بەڵام گرێگۆر سامسا هیچ شتێکی ڕۆشنبیرانەی نییە. کاتێ بێدار دەبێتەوەو دەبێتە سیسرکێک، تەنیا یەک خەمێکی هەیە: چۆن بەم بارو دۆخەوە بۆی دەلوێ لە کاتی خۆیدا بگاتە نووسینگەکەی. جگە لە گوێڕایەڵیو دیسپلین، کە لە ماوەی ژیانی پیشەکەیدا فێر کراوە، هیچی دیکەی لە مێشکدا نییە: وەکو هەموو فیگورە کافکاگەراکان، مووچەخۆرێکە، **کارمەندێکە**، کە وەکو نموونەیەکی سۆسیۆلۆژی تەوزیف نەکراوە (لای زۆلا بەم جۆرە دەبوو)، بەڵکو دەبێ وەکو ئەگەرێکی مرۆڤانە، وەکو دید، وەکو جیهانبینیی تێبیگەین.

لە جیهانی بیرۆکراتی کارمەندا **یەکەم** دەستپێشکەریی نییە، بیرۆکە نییە، ئازادیی ڕەفتار نییە؛ تەنیا فەرمانو ڕێسا هەیە **فەرمانگە جیهانی گوێڕایەڵییە**.

**دووەم** کارمەند تەنیا بە بەشێکی بچووکی پرۆسیسی گەورەی ئیدارییەوە سەرقاڵە، کە ئەو ناتوانێ ئامانجو ئاسۆکانی ببینێ؛ فەرمانگە ئەو جیهانەیە کە ئاماژەکان میکانیکی بوونەو، مرۆڤەکان مانای ئەو

شتەی دەیکەن نایزانن‌و سێیەم کارمەند تەنیا کاری بە نەناسیاو و فایلەکان هەیە: **جیهانی ئەبستراکتە**.

ڕۆمانێک لەم جیهانی گوێڕایەڵی، میکانیکی‌و ئەبستراکتەدا جێگە بکەیتەوە، لەو شوێنەدا تاقە سەرکێشیی مرۆڤ لەوێدایە، لە نووسینگەیەکەوە بچێ بۆ نووسینگەیەکی دیکە، بەوە دەچێ پێچەوانەی ئەدەبی گێڕانەوە بێ. بۆیە ئەم پرسیارە: چۆن بۆ کافکا لوا، لەم مادە بۆرە، ناشاعیرییەوە ڕۆمانی سەرسووڕهێنەر بخوولقێنێ.

وەڵامەکەی لە نامەیەکیدا بۆ میلێنا دەبینینەوە: «... نووسینگە دامەزراوەیەکی گەمژە نییە... پتر فەنتازییە وەکو لە گەمژە». ئەم ڕستەیە یەکێک لە گەورەترین نهێنیەکانی کافکای لە خۆ گرتووە. ئەو درکی بەو شتە کرد، کە کەسی دیکە درکی پێ نەکردبوو: نەک تەنیا ئەو مانا گەورەیەی، کە دیاردەی بیرۆکراتیزم بۆ مرۆڤ، بۆ پێگەی کۆمەڵایەتی‌و ئایندەی هەیەتی، بەڵکو هەروەها (ئەمەیان غافڵگیرانەتریشە) وزەی ناوەکی شاعیرانەیش کە لە ئادگاری خێوانەی دائیرەدا حەشار دراوە.

بەڵام مانای چییە: نووسینگە فانتازییە؟

ئەندازیارە پراگییەکە تێی دەگەیشت: هەڵەیەک لە مەلەفەکەیدا ئەوی بۆ لەندەن گواستەوە؛ لە پراگ لە ڕاستیدا وەکو خێو سەرگەردان بوو، لە گەڕاندا بە دووای جەستەی ونبوودا، ئەو نووسینگایانەی دیداری دەکردن

وەکو رێگومکەیەکی بێسەروبن دەهاتنە بەرچاوی، کە هی ئەفسانەیەکی نەناسراو بن.

لە سایەی ئەو شتە فەنتازییانەی لە جیهانی بیرۆکراتییەوە هەستی پێدەکردن، شتێک بۆ کافکا لوا کە پێش ئەو جێگای وێنا کردن نەبوو: مادەی هەتا بڵێی ناشاعیرانەی کۆمەڵگایەکی فرە بیرۆکراتی بۆ ئەدەبی گەورەی رۆمان بگوازێتەوە؛ چیرۆکی زۆر سادەی پیاوێک، کە جێگای کارێکی کە گفتی پێدرابوو پێ رەوا نابینرێ (لە راستیدا ئەمە رلیەڵی کۆشکە)، بگۆرێتە سەر ئەفسانەیەک، سەر مەلحەمەیەک، بۆ سەر جوانییەکی تا هەنووکە نەبینراو.

لە رێی فراوانکردنی جیهانی ناوەوەی دائیرەوە بۆ گەردوونی مەزن، بە بێ ئەوەی مەزەندەی ئەوە بکا، کافکا گەیشتە ئەو وێنەیەی کە سەرسامامان دەکات لە رێی بەیەکچوونی لە گەڵ کۆمەڵگای ئەمرۆی پراگدا، (کە خۆی نەیبینی).

لە بنەمادا دەوڵەتێکی تۆتالیتاری لە تاقە ئیدارەیەکی زەبەلاح زیاتر هیچی دیکە نییە: لە سۆنگەی وەی کە هەموو کارێک بە دەوڵەتی کراوە، هەموو کارگەرێک بۆتە کارمەند. ئیدی کرێکارێک کرێکار نەماوە، دادوەرێک دادوەر نەماوە، بازرگانێک بازرگان نەماوە، قەشەیەک قەشە نەماوە، هەموویان سەرجەم کارمەندی دەوڵەتن. «کەواتە من سەر بە دادگام»، پیاوە روحانییەکە لە دێردا بە یوسف دەڵێ. پارێزەرەکانیش لای کافکا لە خزمەتی دادگادان. پراگییەک ئەمرۆ بە هیچ جۆرێک سەری

پێی سووڕ نامێنێ. ئەویش لە ک... باشتر داکۆکی لێناکرێ. لەوێش پارێزەرەکان لە خزمەتی شکاتلێکراودا نین، بەڵکو لە خزمەتی دادگادان.

7

لە چامەیەکی چوار خشتەکیدا، کە بە ساکارییەکی منداڵانە لە شتی زۆر جدی، زۆر ئاڵۆز دەکۆڵنەوە، شاعیری گەورەی چیک یان سکاچێل دەنووسێ:

شاعیرەکان شیعر داناهێنن
شیعر لە شوێنێک، لە پشتەوەیە
لە کەوارەوە لەوێیە،
شاعیر تەنیا دەیدۆزێتەوە

بۆ شاعیر نووسین واتە، بە نێو دیوارێکدا ڕۆچی، لە پشتیەوە لە سێبەردا شتێکی لە گۆڕان نەهاتوو («شیعر») حەشار دراوە. لە بەر ئەوە (لە سایەی ئەم پەردە لەسەر هەڵدانەوە لە ناکاوەوە) «شیعر» وەکو دێوجامەیەک کار لە ئێمە دەکا.

من کۆشکم بە چواردە ساڵی بۆ یەکەمجار خوێندەوە، هەرگیز جارێکی دیکە ئەم کتێبە ناتوانێ بەم پلەیە سەرسامم بکا، لە گەڵ ئەوەی من ئەو کاتە هێشتا بە ناخی مەعریفەدا قووڵ

ڕۆچووەکانی (مەودای سەرجەمی بەر فراوانی واقیعی **کافکاگەرایی**) نەدەگەیشتم: من بەر شەوارە کەوتبووم.

دووایيتر چاوەکانم خۆیان بە تیشکی «شیعر» ڕاهێنا، بەرە بەرەیش بۆم دەرکەوت ئەو شتەی کە بە شەوارەی دەخستم، ئەو ژیانە بوو کە ژیابووم؛ تیشکەکە بەڵام نەکوژاوەتەوە.

«شیعر» چاوەڕوانمانە، یان سکاچێل وا دەڵێ، نەگۆڕە، «کاتە کەوناراکان». بەڵام شتێکی نەگۆڕ لەم جیهانە پەی دەر پەی گۆڕاوەدا وەهمێکی ڕووت نییە؟

نەخێر. هەموو ڕەوشێک لە لایەن مرۆڤەوە دەخولقێنرێ، دەتوانێ تەنیا ئەوە بە خۆی بگرێ، کە لە خۆیدا هەڵیگرتووە؛ کەواتە وێناناکرێ ( کە لە گەڵ میتافیزیکیەکەیدا) وەکو وزەی ناوەوەی مرۆڤ «کاتە کەوناراکان» بوونیان هەبوو بێ.

بەڵام ئەی مێژوو (نا-نەگۆڕ) بۆ شاعیر چییە؟

سەیرە لە دیدی شاعیرەوە مێژوو ئەرکێکی هەیە، کە وەکو ئەرکی خۆی ولیە: دادەهێنێ، دەدۆزێتەوە. بە هۆی ئەو ڕەوشانەوە، کە هێشتا نەهاتوونەتە ئاراوە، پەردە لە سەر ئەوە هەڵدەداتەوە، مرۆڤ چییە، چی «کاتە کەوناراکان»ی تیا سەقامگیرە، پەردە لە سەر ئەگەرەکانی هەڵدەداتەوە.

گەر «شیعر» لێرە بێ، نامەنتیقییە پێشبینیکردن بدەینە پاڵ شاعیر؛ نەخێر ئەو «تەنیا» ئەگەرێکی مرۆڤانە «دەدۆزێتەوە» (ئەو

«شیعر»ەی لە «کاتە کەوناراکان»ەوە لێرەیە)، کە ئەمجا ڕۆژێک لە ڕۆژان لە لایەن مێژووەوە دەدۆزرێتەوە.

کافکا پێشبینیی نەکردووە. تەنیا دەیبینی چی لە «پشتەوەیە». بە بێ ئەوەی بزانێ بینینەکەی پێش-بینینە. مەبەستی ئەوە نەبووە پەردە لە ڕووی سیستەمێکی کۆمەڵایەتی هەڵماڵێ. ئەو میکانیزمەگەلێکی ئاشکرا کرد، کە لە ڕێی پیادەکاریی بواری تایبەتو پیادەکاریی بواری میکرۆ(ورده)سۆسیالی مرۆڤەوە دەیناسین، بە بێ ئەوەی مەزەندەی ئەوە بکا، کە گەشەکردنی مێژوو دواتر ئەمە لە سەر شانۆی گەورەی خۆی نمایش دەکا.

نیگای هیپنۆسیانە(خەواندنی موگناتیسییانە)ی دەسەڵات، گەڕانی درێژنگانە بە دوای گوناهی خۆدا، دوورەپەرێزیو ترسی دوورە پەرێزخستن، نەفرەتی خۆ گونجاندن، ئاکاری خێولەی واقیع، واقیعی سیحریی ئاکتەکان، زۆرگیریی بەردەوامی ژیانی بواری تایبەتیی هتد.، هەموو ئەم ئەزموونانەی کە مێژوو لە کەمۆلە شووشەییە نژوارەکانی خۆیدا لە گەڵ مرۆڤدا پیادەی کردووە، لە ڕۆمانەکانی کافکادا(چەند ساڵێک پێشووتر) بوونەتە واقیع.

بە یەکگەیشتنی دنیای واقیعی دەوڵەتە تۆتالیتێرەکانو «شیعر»ی کافکا هەمیشە شتێکی پەنهانی هەیە؛ دەبێتە بەڵگەی ئەوەی کە ئاکتی شاعیرانە بە جەوهەر حیساب بۆ نەکراوە؛ پارادۆکس(ناکۆک)یشە: بەرفراوانیی گەورەی کۆمەڵایەتی، سیاسی، «پەیامبەرانە»ی ڕۆمانەکانی

کافکا لەوێوە سەرچاوە دەگرێ، کە «نەرووەست-نین»، لە سەربەخۆیی تەواویان بەرامبەر هەموو پرۆگرامە سیاسییەکان، هەموو چەمکە ئایدۆلۆژییەکان هەموو پێشبینییە ئایندەییەکانەوە سەرچاوە دەگرن.

ئەگەر شاعیر لە جیاتی ئەوەی بە دوای «شیعر»دا بگەڕێ کە لە «شوێنێک لە پشتەوە» حەشار دراوە، خۆی بەو ئاڕاستەیە «نەرووەست بکا»، بە حەقیقەتێکی هەر لە سەرەتاوە چەسپاو خۆی بخاتە خزمەتەوە (کە هەر لە خۆیەوە خۆی بخاتە بەردەست، کە لە «پێشەوە»یە)، دەستبەرداری پەیامی خودی شیعر دەبێو. هیچ دەورێکی ولیش نابینێ، ئایا واقیعی پێشمەرجکراو ناوی شۆڕشە یان یاخیبوون، باوەڕی مەسیحییە یان ئیلحادەو ئایا کەم تا زۆر ڕاستە یان هەڵە؛ ئەو شاعیرەی خۆی دەخاتە خزمەتی حەقیقەتێکی دیکەوە، جگە لەو واقیعەی کە وا خۆی نمایش دەکا کە ***دەبێ بدۆزرێتەوە*** (ئەمەش مانای ***دێوجامە***یە)، شاعیرێکی ڕاستەقینە نییە.

گەر من شێلگیرانە جەخت 0

لە میراتی کافکا دەکەم، گەر من وەکو میراتی شەخسی خۆم داکۆکی لێدەکەم، نەک لە بەر ئەوەی، چونکە من بە ئامانجداری دەزانم، ئەوەی لاسایی ناکرێتەوە لاسایی بکرێتەوە (و بۆ ئەوەی جارێکی دیکە ***کافکاگەرایی*** بدۆزرێتەوە)، بەڵکو لە بەر ئەوەی ئەمە نمونەیەکی نایابی ***سەربەخۆیی ڕادیکالانەی*** ڕۆمانە (ئەو ئەدەبەی کە ڕۆمانە). ئێمە سوپاسگوزاری ئەو ئەدەبەین کە کافکا دەربارەی ڕەوشی

مرۆڤانەمان (وەکو لە سەدەکەماندا دەردەکەوێ) توانی بیلێ، ئەوەی نە هیچ تاوتوێکردنێکی سۆسیۆلۆژی یان سیاسی ناتوانێ پێمانی بلێ.

# بەشی شەشەم

## شەستو یەک وشە

لە ساڵانی 1968 و 1969 دا گەمە وەرگێڕدرایە سەر هەموو زمانە ڕۆژئاواییەکان. بەڵام چی غافڵگیرییەک! لە فەرەنسا وەرگێڕەکە ڕۆمانەکەی منی تا ڕادەیەکی زۆر نووسیبووەوەو شێوازەکەمی ڕازاندبۆوە. لە ئینگلتەرا پەخشکارەکە هەموو بەندە تاویدانەوەکانی لابرد بوو، کاپیتڵی زانستە مۆسیقییەکانی ئافەرۆز کردبوو، زنجیرەی بەشەکانی گۆڕیبوو و ڕۆمانەکەی بە جۆرێکی دیکە داڕشتبوو. وڵاتێکی دیکە. وەرگێڕەکەم دەبینم: تاقە یەک وشەیەک چیکی نازانێ. «ئەی چۆنت توانی وەریگێڕی؟ وەڵامم دەداتەوە: «بە دڵم»، وێنەیەکی من لە جزدانەکەی دەردەهێنێو پیشانم دەدا. ئەو هێندە میهرەبان بوو، خەریک بوو بڕوا بکەم، کە مرۆڤ بە ڕاستی دەتوانێ لە ڕێی گۆڕینەوەی ویژدانیی دڵەوە وەریگێڕێ. بێگومان ئاسانتر بوو: لە نووسینەوە فەرەنسییەکەوە وەریگێڕابوو، وەرگێڕە ئەرژەنتینییەکەیش بە هەمان شێوە. وڵاتێکی دیکە: لێرەدا لە چیکییەوە وەرگێڕدرابوو. بە ڕێکەوت کتێبەکە لای مەنەلۆگی هێڵێنا دەکەمەوە. ڕستە درێژەکان، کە لای من هەر یەکەو پەرەگرافێک دەگرنەوە، دابەشکراونەتە سەر چەند ڕستەیەکی کورتی ساکار... ئەو شۆکەی وەرگێڕانی گەمە هۆکاری بوو وایکرد بۆ هەمیشە کاریگەریی لە سەرم هەبێ. بۆ خۆشحاڵیی لە دوواییدا تووشی وەرگێڕی دەستپاک بووم، بەڵام بە داخەوە تووشی کەمتر دەستپاکیش بووم... و لە گەڵ ئەوەشدا، لە بەر ئەوەی من جەماوەری چیکیم

نەماوە، وەرگێڕانەکان بۆ من هەموو شتێک بەرجەستە دەکەن. لە بەر ئەوە پێش چەند ساڵێک بڕیارمدا نەزم بخەمە ناو کتێبەکانم کە بە زمانی بێگانە بڵاو دەبنەوە. ئەمە بە بێ تەگەرەو سەریەشە نەبوو: خوێندنەوە، چاوپێخشاندن، پێداچوونەوەی ڕۆمانە کۆنو نوێیەکانم بەو سێ یان چوار زمانەی دەتوانم پێیان بخوێنمەوە، سەرجەمی قۆناغێکی ژیانمیان لێ داگیر کردم...

ئەو نووسەرەی سەریەشە بۆ خۆی دروستکاو چاودێری وەرگێڕانی ڕۆمانەکانی بکا، وەکو شوانێکی دوای مێگەلێکی مەڕی بەلەسە کەوتبێ بە دوای وشە بێ شومارەکاندا ڕا دەکا؛ فیگورێکی کڵۆڵ لە دیدی خۆیەوەو مایەی پێکەنین بۆ ئەوانی دیکە. من ئەو گومانەم هەیە، پیەر نۆرای هاوڕێم، کە گۆڤاری لو دێبات دەردەکا، دڕکی بە ڕەهەندی خەمبار- کۆمیدی وجودی شوانانەم کردووە. ڕۆژێک بە بەزەییەکەوە کە بە حاڵ بۆی دەشاردرایەوە پێی وتم:« ئازارەکانت لە بیر کەو باشترە شتێک بۆ من بنووسی. وەرگێڕانەکان ناچاریان کردووی بیر لە هەموو وشەکانت بکەیتەوە. کەواتە فەرهەنگێکی شەخسی خۆت بنووسە. فەرهەنگێکی ڕۆمانەکانت. کلیلی ووشەکانت، وشە تەگەرەکانت، ئەو وشانەی لات خۆشەویستن...»

منیش ئەمەم کرد.

**پیریی**. «زانیاره پیرەکە لە هەرزەکارە ژاوە ژاو کەرەکانی دەڕوانی، بۆی دەرکەوت خۆی وەکو تاقە کەس لە هۆڵەکەدا مزە (امتیاز)ی ئازادیی هەیە، لە بەر ئەوەی پیر بوو؛ کە مرۆڤ پیر بێ، پێویستی بەوە نییە هۆڵی ڕای خەڵکەکە بێ، خەمی ڕای جەماوەرەکەو خەمی پاشەڕۆژ بخوا. ئەو لە گەڵ مەرگی نزیکیدا بە تەنیایە، کە نە گوێو نە چاوی هەیە، پێویستی بەوە نییە بە دڵی ئەو بێ؛ دەتوانێ بکاو بدوێ، بەو جۆرەی خۆی دەیەوێ» (ژیان لە شوێنێکی دیکەیە). ڕێمبراندو بیکاسۆ. بروکنەر و یاناچەک. هونەری فرەدەنگیی باخ.

**قسەی نەستەق** (ئەفۆریزم). لە ئەفۆریزمۆسی یۆنانییەوە هەڵهێنجراوە، کە «پێناسە» دەگەیەنێ. ئەفۆریزم: شێوەی شاعیرانەی پێناسە. (بەراوردی پێناسە بکە.)

**پێناسە**. ڕایەڵەی تێڕامێنەرانەی ڕۆمان لە ڕێی ستوونی چەند وشەیەکی ئەبستراکتەوە پاڵپشت دەکرێ. گەر بمەوێ ڕێ لەوە بگرم لە نادیاریدا ونبم، لەوێی هەموو کەسێک، بێ ئەوەی هیچ تێبگا، لەو بڕوایەدایە هەموو شتێک تێدەگا، دەبێ ئەم وشانە نەک هەر زۆر بە تەواوەتی هەڵبژێرم، بەڵکو من دەبێ هەمیشە پێناسەیان بکەمەوە. (بەراوردی گەمژەیی، چارەنووس، سنوور، سانایی، شیعر، خیانەت بکە.) بە بڕوای من ڕۆمانێک زۆر جار تەنیا گەڕانێکی درێژە بە دووای چەند پێناسەیەکی کە بە زەحمەت خۆیان بە دەستەوە دەدەن.

**گەمژەیی**. «نزیکەی ساڵێک پێش مردنی باوک ئەو پیاسە عادەتیەمان بە دەوری ڕیزە خانووەکاندا دەکرد. لە هەموو گۆشەکاندا بڵندگۆ دانرابوون، کە گۆرانیان لێوە دەبیسترا. هەتا مرۆڤەکان خەمبار تر بن، پتریان بۆ لێدەدرێ [...]. باوک وەستا، سەری بۆ یەکێک لە بڵند گۆکان بەرز کردەوە، ئەو بڵندگۆیانەی ژاوە ژاوەکەیان لێوە دەهاتو، هەستم کرد دەیەوێ شتێکی گرنگم پێڕابگەیەنێ. بیری چڕ کردەوە، زۆری لە خۆی کرد، بۆ ئەوەی گوزارشت لەوە بکا کە بە زەینیدا هات؛ ئەمجا بە عەزیەتەوە وتی ‹گەمژەیی مۆسیقا››» (کتێبی پێکەنینو لە بیر چوونەوە).

وەرگێڕە فەرەنسییەکەم و من خۆم لە سەرەتاوە بۆ «گەلحۆیی مۆسیقا بووین!». بەڵام «گەلحۆیی» وشەیەکی ئەگرەسیڤانە، عاتفی، سووکایەتیپێکەرە. مرۆڤ دەبێ بڵێ: گەمژەیی. ئەمە ئەنجامگیرییەکی تەواوی، ناعاتیفیانەیە، کە لە ڕێی ئەو ڕستانەوە، کە بە دوای وشەکانی باوکمدا دێن، ڕوونیدەکەنەوە:«لەو بڕوایەدلم باوکم دەیویست پێم بڵێ، کە ڕەوشێکی ئەسڵی مۆسیقا هەیە، ڕەوشێک کە پێش مێژووەکەی دەکەوێ، ڕەوشێک پێش کردنی یەکەم پرسیار، ڕەوشی یەکەم تاو توێکردن، پێش دەستپێکی گەمەی پاڵنەرو تێماکان. لەم بارو دۆخە بنەماییەی مۆسیقادا (مۆسیقای بێ بیرکردنەوە) جەوهەری گەمژەیی بوونی مرۆڤ دەردەکەوێ.»

زمان هەیە وشەی «گەمژەیی» تەنیا لە ڕێی وشەی ئەگرەسیڤی وەکو: بێعەقڵی، گەوجی، گەلحۆیی هتد وەردەگێڕرێ. وەکو گەمژەیی شتێکی ناوازە بێ، نسکۆ بێ، یان شتێکی نائاسایی بێو نەوەکو «ڕەوشێکی جەوهەری بوونی مرۆڤ».

**دەستەبژێر**. وشەی دەستەبژێریی (êlitisme) بۆ یەکەمجارساڵی 1967 دەردەکەوێ، وشەی هەڵبژاردە (êlitiste) ساڵی 1968. بۆ یەکەم جار لە مێژوودا لە ڕێی زمان خۆیەوە تیشکێکی نێگاتیڤ (نەرێتی) یان تەنانەت قێزەوەر ئاڕاستەی چەمکی دەستەبژێر دەکرێ.

پرۆپاگەندەی فەرمی لە وڵاتە کۆمۆنیستەکان لە هەمان ئەو چرکەساتەدا دەستی پێکرد، کە دەستەبژێر و دەستەبژێریی دژێو بکا. ئەم وشانە ئیدی مەبەستی نەبوو کارگێڕانی پیشەسازیی، وەرزشەوانی ناودار یان سیاسەتمەدار بپێکێ، بەڵکو بە تاقی تەنیا مەبەستیان دەستەبژێری کولتوور، فەیلەسوف، نووسەر، پرۆفیسۆر، مێژوونووس، فیلماز و شانۆساز بوو.

لە یەکچوونێکی هاوکاتیی سەیر بوو. ئەو هەستە دەوروژێنێ، کە دەستەبژێرە کولتوورییەکان لە سەرجەمی ئەوروپادا بە کاوەخۆ جێگاکانیان بۆ هەڵبژاردەی دیکە چۆڵ دەکەن. لەوێ: بە هەڵبژاردەی دەزگای پۆلیس. لێرە: بە هەڵبژاردەی دەزگای ماس میدیا. کەس

سەرکۆنەی ئەم هەڵبژاردە تازەیە ناکا کە سەربژێرن. بەم جۆرە وشەی هەڵبژاره هەر زوو لە بیر دەکرێ. (بەراوردی ئەوروپا بکە.)

**وروژان**. هەوەس نا، لەزەت نا، هەست نا، جۆشو خرۆش نا. وروژان بنەمای ئێرۆتیکە، مەتەڵی قووڵیەتی، کلیلی وشەیەتی.

**ئەوروپا**. لە چاخی ناوەڕاستدا یەکێتی ئەوروپا لە سەر ئایینی هاوبەش بنجی گرتبوو. ئەمە لە سەردەمی نوێدا جێی بۆ کولتور چۆڵکرد (بۆ داهێنانی کەلتووریی)، کە بووە هۆی بە واقیعکردنی بەرزترین بەهاکان، بە وزەی ئەمەوە ئەوروپیەکان خۆیان ناسی، خۆیان پێناسە کرد، لە گەڵیدا خۆیان هاوپێناس کرد. ئەمڕۆ کەلتوور جێگاکەی خۆی چۆڵ دەکا، بەڵام کێ یان چی جێی دەگرێتەوە؟ لە چی بوارێکدا بەها بەرزەکان، کە دەتوانن ئەوروپا بە یەک بکەن خۆیان بە واقیع دەکەن؟ دەسکەوتە تەکنیکییەکان؟ بازاڕ؟ سیاسەت بە ئایدیالە دیمۆکراتییەکانییەوە، سەرەتاگەی تۆلەرانس؟ بەڵام ئەم تۆلەرانسە، گەر پارێزگاری پتر بۆ ئەفراندنی بە پیتو هزری ژیرانە دابین نەکا، بەتاڵو بێکەڵک نابێ؟ یان خۆ کێشانەوەی کولتوور وەکو فریادڕەسێک دەرک پێبکەین، کە دەبوو بە جۆشو خرۆشەوە بۆ خۆی بە جێبهێڵرێ؟ من نازانم. تەنیا من ولم بۆ دەردەکەوێ، کە کەلتوور جێگای خۆی چۆڵ کردووە. بەمەش وێنەی ناسنامەیەکی ئەورۆپا بۆ ڕابردوو دەگوازرێتەوە. ئەوروپییەک: ئەوەی تاسەی ئەوروپا دەکا.

**خورپ**. شۆپان لە نامەیەکیدا وەسفی مانەوەی لە ئینگلتەرا دەکا. لە هۆڵەکان کۆنسێرت پێشکەش دەکا، خانمەکان سەرسامیی خۆیان هەمیشە بە هەمان ڕستە گوزارشت پێدەکەن:«ئۆ، چەند جوانە! خورپە وەکو ئاو!» شۆپان پێی پەست دەبوو، بەو جۆرەی کە من پەست دەبم، کە وەرگێڕانێک بەمجۆرە ستایش دەکرێ:«هێندە جوانو ڕەوان دێتە بەر گوێ.» هەوادارەکانی وەرگێڕانی «خورپ» زۆر جار سەرکۆنەی وەرگێڕەکانم بەوە دەکەن کە:« مرۆڤ بەو جۆرە لە ئەڵمانیدا (ئینگلیزیدا، ئیسپانیدا هتد) گوزارشت ناکا!» ڕۆبێرت کالاسۆ، پەخشکەری ڕێزداری ئیسپانیم، دووبارە دەیگوت: وەرگێڕانێکی باش بەوە ناناسرێتەوە، کە خورپە، بەڵکو بەوەدا، کە وەرگێڕەکە جورئەتی ئەوەی هەبووە، فۆرمولەو گوزارشتە ناوازەکانی دەقی ئەسڵی (ئەوەی، «مرۆڤ بەو جۆرە گوزارشتی پێناکا») وەرگرێو داکۆکی لێبکا. خاڵبەندییەکی ناوازەیش. من جارێکیان لە دەزگایەکی بڵاو کردنەوە جیا بوومەوە تەنیاو تەنیا لە بەر ئەوەی هەوڵیدا خاڵوێرگوڵ (؛)ەکانم بگۆڕێتە خاڵ.

**تووڕەیی نووسین**. ئەمە ئالودەیی نییە، «نامە، یاداشت، کرۆنۆلۆژیای خێزان بنووسی (واتە بۆ خۆ یان بۆ کەسو کار)، بەڵام کتێب بنووسی (بۆ ئەوەی جەماوەرێکی خوێنەری نەناسراوت هەبێ)» ( کتێبی پێکەنینو لە بیر چوونەوە). ئالودەیی نییە شێوەیەک دابهێنی، بەڵکو

خود بە سەر ئەوانی دیکەدا بسەپێنی. ئەمە تەوساویترین شێوەی ویستی دەستەڵاتە.

**سنوور**. «هێندە کەم پێویست بوو، بێکۆتا کەم، بۆ ئەوەی خۆت لەو بەری سنوورەوە ببینیتەوە، ئەو شوێنەی هیچ شتێک مانایەکی نەبوو: نە ئەڤین، نە قەناعەت، نە باوەڕ نە مێژوو. هەموو نهێنی ژیانی مرۆڤ لەوەدایە کە لە نزیکییەکی ڕاستەوخۆ، بەڵێ لە دەستلێدانی ڕوو دەدا، کە چەندان کیلۆمەتر لێیەوە دوور نییە، بەڵکو چەند میلیمەترێک...» (کتێبی پێکەنین و لە بیر چوونەوە).

**دزێو**. پاش ئەوەی زۆر جار لە لایەن مێردەکەیەوە خیانەتی لێکراوە و پاش ئەو هەموو بەسەرهاتە ناخۆشانەی لە گەڵ پۆلیسدا تێرێزا دەڵێ: «پراگ ناشیرین بووە.» هەندێ وەرگێڕ دەیانەوێ وشەی ناشیرین بە «دزێو» یا بە «تەحەمولنەکراو» بگۆڕن. بە نامەنتیقی دەزانن، پەرچەکرداری ڕەوشێکی *مۆراڵی* حوکمێکی *ئیستاتیکی* بێ. بەڵام وشەی ناشیرین بە هیچ وشەیەکی دیکە جێی ناکرێتەوە: ناشیرینیی لە هەموو شوێنێ ئامادە، بە ڕاهاتن بە بەزەیی داپۆشراوی دنیای مۆدێرن لە بێبایەخترین چرکەساتەکانی گومانیشماندا دڕندانە دەردەکەوێ.

**شەپقە**. ئۆبژێکتێکی سیحری. خەونێکم بیر دەکەوێتەوە: هەرزەکارێکی دە ساڵی لە کەناری گۆمێک وەستاوە و شەپقەیەکی گەورەی ڕەشی لە سەرە. خۆی دەخاتە ناو ئاوەکەوە. بە خنکاوی دەریدەهێنن. شەپقە ڕەشەکەی هێشتا لە سەرە.

**بیرۆکە(و کار)**. ئەو ڕقەی بەرامبەر ئەوانە هەمە کە کارێک تەنیا بۆ بیرۆکەکانی کورتدەکەنەوە. ئەو قێزەونییەی کە دەخرێتە نێو «بیر و ڕا گۆڕینەوە»وە. ئەو گومانەی، کە کاتێک دەمداتێ بە بیرۆکە شلوێ بووە و بێ پەروایە بەرامبەر کارەکان.

**ئیدیلە**. وشەیەکی لە فەرەنسا کەم بە کارهێنراو، بەڵام بۆ هێگل، گوێتەو شیلەر دەستەواژەیەکی گرنگ بوو: بارو دۆخی جیهان لە یەکەم کێشمەکێشەوە؛ یان لە دەرەوەی کێشمەکێشەکان؛ یان لە گەڵ کێشمەکێشەکاندا، بەڵام کە تەنیا بەد حاڵیبوون بوونن، واتە کێشمەکێشی نائەسڵین. «لە گەڵ ئەوەیش ژیانێکی ئێرۆتیکی ڕەنگینی بە سەر دەبرد، پیاوە چل ساڵییەکە لە بنەمادا مرۆڤێکی ئیدیلی بوو...«ژیان لە شوێنێکی دیکەیە»». ئەم پێویستییە، سەرکێشیی ئێرۆتیکی لە گەڵ ئیدیلەدا ئاشت بکەیتەوە، جەوهەری کۆششە بۆ لەزەت خۆیو- هۆی ئەوەیشە کە مەحاڵە.

**ئەندێشە**. لێم دەپرسن دەتەوێ چی گوزارشت پێبکەی لە چیرۆکی تامینا لە دوورگەی منداڵاندا؟. ئەم چیرۆکە لە سەرەتادا خەونێک بوو، کە سەرسامی دەکردم، ئەمجا بە بێداریی ئەم خەونەم بینیو بە دەم نووسینەوە فراوانو قووڵمکردەوە. مەغزاکەی؟ با جارێ بڵێین: وێنەی خەونی ئیدیالیی ئایندەیی منداڵێک کە بە سەر مرۆڤایەتیدا دەسەپێنرێ (بەراوردی خەونی ئیدیالیی پاشەڕۆژیی منداڵێک بکە). بەڵام ئەم مانایە پێشی خەونەکە نەکەوت، خەونەکە پێش ماناکە لێرە بوو. کەواتە مرۆڤ

دەبێ، کە ئەم چیرۆکە دەخوێنێتەوە خۆی بداتە دەستی خەیاڵەوە. پێش هەموو شتێک نابێ وەکو مەتەڵێک بخوێنرێتەوە، کە دەبێ هەڵبهێنرێ. کافکالۆژەکان بەوە کافکایان کوشت، کە خۆیان ماندوو دەکرد بۆ ئەوەی حینجەی بکەن.

**خەونی ئیدیالیی** (**ئینفانتۆکراتی**). «ماتۆڕسوارێک ماتۆڕەکەی بە جادە چۆڵەکەدا سەر بەرەوخوار دەئاژوێ، دەستو قاچی فش کربوونەوە و بە فڕە فڕێکەوە بە جادەکەدا سەر کەوتەوە؛ سەرو چاوی جدییەتی منداڵێکی تێدا بوو، کە گرنگییەکی گەورە بە قریشکەی خۆی دەدا» (موزیل لە پیاوە بێ خەسڵەتەکەدا). جدییەتی منداڵێک: سیمای چاخی تەکنیکی. ئینفانتۆکراتی: ئیدیالی منداڵییەک کە بە سەر مرۆڤایەتیدا دەسەپێنرێ.

**تەوس**. کێ لە سەرحەقە، کێ لە سەر حەق نییە؟ ئێما بۆڤاری تەحەمول ناکرێ؟ یان بوێرو خرۆشێنەرە؟ ئەی ڤێرتەر؟ بە هەستو نەجییە؟ یان مرۆڤیکی ئەگرەسیڤ، خۆ ئەڤینی هەست ناسکە؟ هەتا مرۆڤ ئاگادار تر ڕۆمانەکە بخوێنێتەوە، وەلام مەحاڵ تر دەبێ، چونکە ڕۆمانەکە *بۆ خۆی* هونەری تەوساوییە: «حەقیقەت»ەکەی شاراوەیە، دەرنەبڕاوە، دەرنابڕێ. «ڕازو

مۆڤ بیری لێ بکەرەوە، ، کە ژنو، منداڵو شۆڕشگێڕان قێز لە تەوس، ئەم نەرێکردنەی هەموو غەریزە بەرزەکان، هەموو باوەڕێک، هەموو قوربانییەک، هەموو ڕەفتارێک دەکەنەوە!» ژنە شۆڕشگێڕێکی

ڕووسی ***لە گەڵ چاوەکانی ڕۆژئاوادای*** یوسف کۆنراد ئاوا دەڵێ. تەوس چەواشە دەکا. نەک لە بەر ئەوەی بە شتێک ڕادەبوێرێ یان هێرش دەکاتە سەر شتێک، بەڵکو لە بەر ئەوەی لە ڕێی کەشفکردنی جیهانەوە وەکو فرە مانایی یەقینەکانمان لێ دەدزێ. لیۆناردۆ سجاسجیا: «هیچ شتێک وەکو تەوس زەحمەت نییە بۆ تێگەیشتن، هیچ شتێک وەکو تەوس ئاوا کەم کۆدەکانی ناکرێتەوە.» زیادەیە گەر بتەوێ ڕۆمانێک بە شێوەی دەستکرد <زەحمەت> بکەی؛ هەموو ڕۆمانێک، ئەوەندەی شایستەی ئەم ناوە بێ، لە گەڵ هەموو سانایییەکیدا هێشتا بە هۆی جەوهەری تەوساوییەوە بۆ خۆی قورسە.

**هەرزەکاریی**. «لاقاوێکی توورەیی دژی خۆم بردمی، توورەیی دژی تەمەنی ئەو کاتەم، دژی تەمەنی گەمژانەی شاعیرانەم...» (***گەمە***).

**کیچ**[1]. کاتێ ***سانایی بووونەبارنەکراوی بوونم*** نووسی، ئەوەی کەمێک نیگەرانی دەکردم ئەوە بوو کە وشەی (کیچ) یەکێک لە کۆڵەکە هەڵگرەکانی ڕۆمانەکەی پێکەهێنا. بە ڕاستیش ئەم وشەیە لە فەرەنسا پێش ماوەیەکی کەم یان نەدەناسرا، یان بە مانایەکی سنووردار ناسراو بوو. لە دەقە فەرەنسییەکەی وتارە بەناوبانگەکەی برۆخدا وشەی «کیچ» بە «زبڵ» وەرگێڕدراوە. ئەمە ناکۆکییە، چونکە برۆخ پیشانی دەدا، کە کیچ هەروا بە ئاسانیی کارێکی بێ زەوقانە نییە. دیدگایەکی کیچگەرا هەیە. ڕەفتارێکی کیچگەرا هەیە. پێویستیی بۆ کیچی ***مرۆڤی***

---

[1] بڕوانە پەراوێزی لاپەڕە 9 (وەرگێڕ)

کیچ: پێویستییەک لە ئاوێنەی درۆ جوانکراوەکانی لە خۆی بڕوانێ‌و تیایدا خۆی بە شادمانییەکی هەست بزوێنەوە بناسێتەوە. بە ڕای برۆخ کیچ لە ڕوانگەی مێژووییەوە بە ڕۆمانتیکی سۆزاوی سەدەی نۆزدەوە بەستراوە. لە بەر ئەوەی لە ئەڵمانیاو ئەوروپای ناوەڕاستدا سەدەی نۆزدە زۆر ڕۆمانتیکی تر بوو (و فرە کەمتر ڕیالیستی بوو) وەکو لە شوێنی دیکە، لەوێ کیچ بە بێ پێوانە بەرفراوان بوو؛ لەوێش وشەی کیچ سەری هەڵداو هێشتا زۆر جار بە کار دەهێنرێ. بۆ ئێمە لە پراگ کیچ نەیاری سەرەکی هونەر بوو. لە فەرەنسا بە جۆرێکی دیکەیە. لێرە مرۆڤ هونەری ڕاستەقینە بە پێچەوانەی سەرگەرمکردن دەبینێ و. هونەری مەزن بە پێچەوانەی هونەری سانا، هونەری بچووک دەبینێ. بەڵام ئەوەندەی پەیوەندی بە منەوە هەیە، ڕۆمانە کریمییەکانی ئەگاثا کریستی هەرگیز وەڕەسیان نەکردووم! بەڵام چایکۆڤسکی، ڕاخمانینۆڤ، هۆرۆڤیتس لە سەر پیانۆ، فیلمە گەورەکانی هۆلیوود، ***کرامەر دژی کرامەر***، ***دۆکتۆر شیڤاگۆ***(ئای پاستەرناکی داماو!)، زۆر ڕقم لێی دەبێتەوە، ڕاشکاوانە. بەرە بەرەیش ڕۆحی کیچ چەواشەم دەکات، کە لە کارگەلێکدا دەردەکەوێ، کە بە شێواز خۆیان مۆدێرن دەردەخەن. ( ئەمەیشی دەخەمە سەر: ئەو ڕقەی نیتشە بەرامبەر «وشە جوانەکان»و «پاڵتۆ نایابەکان»ی ڤیکتۆر هوگۆ هەیبوو، ڕق بوو بەرامبەر بە کیچ، پێش ئەوەی ئەو چەمکە هەر هەیشبێ.)

**ئاسقی جل**. بابەتێکی ئەفسووناوی. لودڤیک لەو چرکە ساتەدا دەبینێ، کە بە دوای هێلێندا دەگەڕێ‌و بیر دەکاتەوە کە خۆی کووشتووە: «ئاسقییە مەعدەنییەکە بە سەر سێ پێوە لە سەرەوە دابەشبوویبووە سێ هەڵگرەوە؛ جلی بە سەرەوە نەبوو؛ هەر چی چۆنێک بێ تارماییە مرۆڤانەکەی شتێکی هەتیوانەی لە خۆ گرتبوو؛ ڕووتیی میتاڵی‌و دەستە پێکەنین ئامێز بەرزەوە بووەکان لێوان لێویان دەکردم بە ترس.» لە خوار ترەوە: «..ئاسقی مەعدەنی، بنێسی جل، کە وەکو سەربازێک بیەوێ تەسلیم بێ دەستەکانی بەرز کردۆتەوە». بە سەر بەرگی گەمەوە، خەونم ئەوە بوو، وێنەی ئاسقیەکی جلی پێوە بێ.

**وڵاتفرۆش**. بارو دۆخە مێژوویە هەمیشە نوێیە دووبارە بووەوەکان پەردە لە سەر ئەگەرە هەمیشە وەکو خۆ ماوەکانی مرۆڤ هەڵدەماڵن، بە جۆرێکی ئێمە دەتوانین ناویان لێبنێین. بۆ نموونە وشەی وڵاتفرۆشی لە میانەی جەنگی دژە نازیزم مانایەکی نوێی بە خۆوە گرت: خۆ ویست خۆت بخەیتە خزمەتی دەستەڵاتێکی قێزەوەرەوە. دەستەواژەیەکی بنەمایی! چۆن مرۆڤایەتی هەتا 1944 بە بێ ئەم وشەیە هەڵیکردووە؟ ئێستا، کە ئەم وشەیە دۆزراوەتەوە، هەتا بێ مرۆڤ پاکانەی ئەوە دەکا، کە ڕەفتاری مرۆڤ بە جەوهەری خۆی وڵاتفرۆشییە. هەموو ئەوانەی، کە سەرسامدەبن بە هاتو هوتی ماسمیدیا، بە بزەی گەمژانەی ڕیکلام، بە لە بیر کردنی سروشت، بە

ڕادەی فەزیلەت بڵندکراوەی نهێنی نەپاراستن، دەبێ مرۆڤ وەکو وڵاتفرۆشی مۆدێرنێتە ناوزەدیان بکا.

**کۆمیدیا**. تراژیدیا وەهمی جوانی مەزنیی مرۆڤ و بەمەیش دڵنەوایمان بۆ دەخوڵقێنێ. کۆمیدیا سامناکترە: وەحشیانە پەردە لە سەر بێپەروایی گشتیی هەڵدەماڵێ. من شیمانەی ئەوە دەکەم، کە هەموو شتێکی مرۆڤ لایەنێکی کۆمیدی هەیە، کە لە هەندێ حاڵەتدا دەناسرێ، ڕێی پێدەدرێ، پارچە، پارچە دەکرێ، لە حاڵەتەکانی دیکەدا دادەپۆشرێ. نەک ئەوانەی، کە زۆرترین جار دەمانهێننە پێکەنین بلیمەتی ڕاستەقینەی کۆمیدیان، بەڵکو ئەوانەی پەردە لە سەر ***بوارێکی نەناسراوی کۆمیدیا*** هەڵدەدەنەوە. مێژوو هەمیشە وەکو تەنیا بوارێکی جدی تێی ڕامێنراوە. لە گەڵ ئەوەشدا کۆمیدیای نەناسراوی مێژوو هەیە. هەروەکو کۆمیدیا (بەزەحمەت قبووڵکراو)ی سێکسیش هەیە.

**پێکەنین** (ئەوروپی). بۆ ڕابەلییە ئاسوودەیی و کۆمیدیا هێشتا هەمان شت بوون. لە سەدەی 18دا گەمەی ستێرنەس و دیدەرۆ هێشتا بیرەوەرییەکی ناسکی نۆستالژییە بۆ ئاسوودەیی ڕابەلییە. گۆگۆل لە سەدەی 19دا کۆمیدییەوانێکی میلانخۆلییە، گۆگۆل دەڵێ: «گەر مرۆڤ لە چیرۆکێکی کۆمیدی بە درێژی و ئاگاداریی ورد ببێتەوە، هەمیشە خەمبار تر دەبێ». ئەوروپا هێندە بە درێژیی لە مێژووی کۆمیدی وجودی خۆی وردبووەوە، کە مەلحەمەی خۆشنوودی ڕێبەلییە لە سەدەی بیستەمدا خۆی گۆڕییە سەر کۆمیدیای دڕۆنگی ئیۆنیسکۆ:

«هیچ شتێکی وا نییە، کە سامناک لە کۆمیدی جیا بکاتەوە.» (ئیۆنیسکۆ). مێژووی پێکەنینی ئەوروپا کۆتایی پێهاتووە.

**ژیان** (بە ژ یەکی گەورەوە). لە بەیاننامەیەکی سوریالیستەکاندا ***لاشەیەک*** (1924) پاول ئێلوار جنێو بە جەستە مردووەکەی ئەناتۆل فرانس دەدا: «هاوشێوەکانی تۆ، تۆ ئەی لاشە، هەر هیچ حەزمان لێیان نییە...» هتد. من وام بۆ دەردەکەوێ لەم شەق لە دارەمەیتدانە گرنگتر ئەم پاکانەیەیە: «ئەوەی لەوە زیاتر ناتوانم وێنای بکەم، بە بێ ئەوەی فرمێسک بڕێتە چاوانمەوە، واتە ژیان، ئەمڕۆیش هێشتا لە شتی چکۆلە و تەوساویدا دەردەکەوێ، ئەو شتانەی تەنیا میهرەبانی دەتوانێ ڕایانگرێ. گومانگەرایی، تەوس، ترسنۆکیی، فرانس، ڕۆحی فەرەنسی، ئەمە یانی چی؟ هەناسەیەکی گەورەی بیر چوونەوە زۆر بە سەریا بەرزترم دەکاتەوە. لەوەیە هەموو ئەو شتانەی شەرەف لە ژیان دەستێنێتەوە، هەرگیز هیچم نەخوێندبێتەوە، هەرگیز هیچم نەبینیبێ؟» ئێلوار شتە بچووکو پێکەنیناوییەکان بەرامبەر گومانگەرایی‌و تەوس دەکاتەوە، فرمێسکەکان، نەرمو نیانی، شەرەفی ژیان، بەڵێ ژیانی بە ژ ی گەورە نووسراو! لە پشتی ئاماژەیەکی نایابی خۆ نەگونجاندنەوە نزمترین ئەقڵی کیچە.

**سانایی**. سانایی بووردەبارنەکراوی بوون خۆی لە ***گەمەدا*** دەبینێتەوە: «بە سەر قیرە تۆزاوییەکەدا هەنگاوم دەناو هەستم بە سووکیی خاڵێتی دەکرد، کە بە سەر ژیانمەوە بوو بوو بە بار.»

له ***ژیان له جێیەکی دیکەیە***:«یارۆمیل هەندێ جار خەونی دەبینی، کە دەبێ شتێکی زۆر سووک بەرز بکاتەوە، پیاڵەیەک، کەوچکێک، پەڕێک، وەلێ کە نەیدەتوانی، لە بەر ئەوەی خۆی ئەوەندە بێ هێز تر دەبوو، هەتا شتەکە سووکتر بوولیەو، ***لە ژێر سووکییا نەوی دەبووەوە***.»

له ***ڤاڵسی ماڵئاواییدا***:«ڕاسکۆلنیکۆف تاوانەکەی وەکو تراژیدیا دەبینیو لە کۆتاییدا لە ژێر باری کەتنەکەیدا تووشی نسکۆ بوو. یاکۆب پێی سەیرە کە کەتنەکەی هێندە سووکە، کە وەڕسی ناکا، کە کێشی نییەو لە خۆی دەپرسێ، ئایا ئەم سووکییە زۆر لە هەستە هیستریەکانی پاڵەوانە ڕووسییەکە سامناکتر نییە.»

***کتێبی پێکەنینو بیر چوونەوە***:«خاڵێتیو پووچێتی لە ورگیدا نەبوونی تەحەمول نەکراوی قورسایی بوو. وەکو چۆن هەموو ئێکستریم (پەڕگر)ێک هەموو کاتێک دەتوانێ خۆی بگۆڕێتە سەر پێچەوانەکەی، ئاوا بڕی زۆری سووکیی بووە ***قورسایی*** سامناکی ***سووکیی***. تامینا دەیزانی، کە بۆی مەحاڵە، لەمە زیاتر تەحەمولی ئەمە بکات.»

کاتێک وەرگێڕانەکانی هەموو کتێبەکانم جارێکی دیکە خوێندەوە، بە نیگەرانییەوە تێبینی ئەم دووبارە بوونەوانەم کرد! ئەمجا دڵی خۆم دایەوە: هەموو ڕۆماننووسەکان ڕەنگبێ دەربارەی شێوەیەکی ***تێما*** بنووسن (یەکەم ڕۆمان) بە جۆری جیاواز جیاوازەوە.

**لیتانای**[1]. دووباره بوونەوە: بنەماگەی دانانی مۆسیقا. لیتانای: ئاخاوتنی بە مۆسیقا بوو. من دەمەوێ کە ڕۆمان لە پێگە تاوبلنەوەکانیدا جار و بار بگۆڕێتە گۆرانی. لێرەدا، لیتانایەک، لە *گەمە*دا، لە ڕێی وشەی *لە ماڵەوە* دانراوە:

«..و من ولم بۆ دەرکەوت، سەرەتای من لە ناوەوەی ئەم گۆرانیانەدایە، خەملێنی سەرەتام، *ماڵەوە*، کە من خیانەتم لێکرد، هەر لە بەر ئەوەش **پتر** ماڵی من بوو (لە بەر ئەوەی ماڵی خیانەتلێکراو بە تایبەتی پڕ لە ژان گازاندە دەکات)؛ بەلام لە هەمان کاتدا تێگەیشتم کە ئەم ماڵە هی ئەم دنیایە نییە (بەلام ئەمە چۆن ماڵێکە گەر هی ئەم دنیایە نەبێ؟)، ئەو گۆرانییەی دەمانگووت تەنیا یادەوەری بوو، پەیکەرێک، هەڵگرتنێکی خەیاڵی ئەو شتانە بوو، کە نەماوەتەوەو، هەستم دەکرد چۆن زەمینەی ئەم ماڵەم لە ژێر پێدا ڕاکێشراو منیش چۆن من، کلارنێت بە دەمەوە بە قووڵایی ساڵاندا، بە قووڵایی سەدەکاندا ڕۆچووم، بۆ قووڵییەکی بێ بنو، بە سەر سوورمانەوە بە خۆم گوت کە تاقە ماڵم ئەم حاڵەتی ئێستا گەڕانە، چڵێسانەیەیە، ئەم ڕۆچوونە بوو و، خۆم دایە دەستی ئەوو لەزەتی سەرسووڕانەوەی خۆمەوە».

لە وەرگێڕانە بەراییە فەرەنسییەکەدا هەموو دووبارە بوونەوەکان بە هاو واتا وەرگێڕدرابوون:

---

[1] نوێژێکە لە کلیسە لە نێوان قەشەو نوێژکەراندا هەر جارەو لەیەکیان پێی هەڵدەستێ (وەرگێڕ)

«..و ولم بۆ دەركەوت، كە من لە ناخەوە ئەم شیعرە هەجوەی ***ماڵەوە***، كە من لێی دەرچووبووم، كە جەوهەریان ئاماژەی ئەسڵم، ئاماژەی وڵاتم بوو، كە ***زیاتر سەر بە من بوو***؛ ئەوەندەی خیانەتەكەمی دەسڕییەوە (كە لە هێلانەوە، كە لێی وەرگەڕابووینو گوناهمان دەرهەق كرد، سكاڵایەكی تایبەتی پڕ ئازار دەردەبڕێ)؛ بێگومان یەكسەر تێگەیشتم، كە هی ئەم جیهانە نەبوو (بەڵام ئەمە چی ماڵێكە گەر هی ئەم دنیایە نەبێ؟)، كە جەستەی گۆرانیو مێلۆدیەكانمان تەنیا وەكو یادەوەری مابوونەوە، وەكو پەیكەر، وەكو پاشماوەی حەقیقەتێكی ئەفسانەیی، كە نەماوەو؛ هەستم كرد چۆن ژێرخانی كیشوەریی ئەم ماڵە لە ژێر پێم ڕادەكێشرا، هەستم كرد، چۆن كلارێنت بە دەمەوە دادەچۆڕام، بەرەو خەرەندی ساڵانو، ڕۆچوونێكی بێ بنو ، بە سەر سوورمانەوە بە خۆم وت، كە ئەم كەوتنە تاقە پەناگەم بوو، ئەم كەوتنە گەڕیدە، چڵێسەو بە تەواوەتی دامیە دەستی لەزەتی سەرەگێژەمەوە» .

هاوواتاكان نەك هەر مێلۆدیای تێكستەكەیان شێواندووە، بەڵكو ماناكەشی شلوێ كردووە.( بەراوردی دووبارەبوونەوەكان بكە.)

**شیعر** (و شۆڕش). «شیعر مەستییەو، مرۆڤ خۆی مەست دەكا بۆ ئەوەی ئاسانتر لە گەڵ جیهاندا ئاوێتە بێ. شۆڕش نایەوێ لێی بتۆژرێتەوەو تێی ڕابمێنرێ، دەیەوێ مرۆڤ لە گەڵیدا یەكبێ؛ لەم مانایەوە دەیەوێ شاعیرانە بێو شیعری دەوێ» (***ژیان لە جێیەكی دیكەیە***). ئەو دیوارەی مرۆڤەكانی لە پشتەوە بەند كرابوو، تەنیا بە

شیعر دڵپۆشراوبوو و لە بەردەم ئەم دیوارەدا سەما دەکرا. نەخێر سەمای مردووان نەبوو. لێرەدا بێگوناهیی سەمای دەکرد! بێگوناهیی بە زەردەخەنە خوێناویەکەیەوە» (*ژیان لە شوێنێکی دیکەیە*).

**شیعرییانە**. لە ئاسانیی بوودەبارنەکراوی بوون*دا* دوو تیپی مێیاز دێنە قسە: شاعیرانەکان (لە هەموو ژنێکدا بە دووای ئیدیالی خۆیاندا دەگەڕێن)و مێبازە مەلحەمییەکان (لای ژنان بە دووای فرەڕەنگیی بێکۆتایی جیهانی مێینەدا دەگەڕێن). ئەمە بە تەواوەتی جیاکاریی کلاسیکی شاعیرانە، مەلحەمی (و درامییە)، جیاکارییەک کە لە سەرەتادا دەورویەری کۆتایی سەدەی هەژدە لە ئەڵمانیا دەرکەوت لە *ئیستاتیکای* هێگلدا وەستایانە پەرەی پێدرا: شیعر گوزارشتی سوبیەکتیڤیتێتی (ناتی) دانپێنەرانەیە؛ ئەرکی بە جۆشو خرۆشی مەلحەمەیە بە سەر ئۆبیەکتیڤیتێتی (مو×وعی) ئەم جیهانە بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە. بۆ من چی شاعیری، چی مەلحەمی بواری ئستاتیکی دەبەزێنن، نمایندەی دوو دیدی ئەگەری مرۆڤ دەربارەی مرۆڤ خۆی، دەربارەی جیهانو ئەوانی دیکە دەکەن (تەمەنی شاعیری=تەمەنی لاوێتی). مخابن ئەم بەرنامەڕێژییە شاعیریی و مەلحەمییە بۆ فەرەنسییەکان هێندە باو نییە، کە بە ناچاریی دەبوو قبووڵی بکەم، کە لە وەرگێڕانە فەرەنسییەکەدا مێیازی فەرەنسی دەبێتە گانکەری ڕۆمانتیکیو مێیازی مەلحەمی دەبێتە گانکەری بەنەخوێن شل. ئەمە باشترین چارەسەرە، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا کەمێک نیگەرانی کردم.

**ماچۆ**(و دژەژن). ***ماچۆ*** سوجدە بۆ ژنایەتی دەباو، دەیەوێ ئەوەی سوجدەی بۆ دەبا، پاوانی بکا، بەوەی مێیایەتی ڕەسەنی ژنە پاوان کراوەکە (دایکایەتی، بە پیتیی، لاوازیی، ماڵێتیی، جەخدی هەستو نەستی هتد.) جوانبکا، پیاوەتی خۆی جوان دەکا. بە پێچەوانەوە دژەژن لە مێیایەتی دەترسێ، خۆی لە ژنە زۆر مێیینەکان لادەدا. ئیدیالی ***ماچۆ***: خێزانە. ئیدیالی دژەژن: ڕەبەنی بە ڕووخسارێکی زۆرەوەیە؛ یان: ژن و مێردایەتی لە گەڵ ژنێکدا خۆشی بوێ بە بێ منداڵ.

**تێڕامان**. سێ ئەگەری سەرەکی ڕۆماننووس: چیرۆکێک ***دەگێڕێتەوە*** (فیلدینگ)، چیرۆکێک ***وەسف دەکا*** (فلاوبێرت)، چیرۆکێک ***بیر دەکاتەوە*** (موزیل). وەسفی ڕۆمان ئامێز خۆی لە سەدەی نۆزدەیەمدا بە هاوەنگی لە گەڵ ڕۆحی سەردەم (پۆزیتیڤیستی، زانستی)دا بینییەوە. بەڵام ڕۆمانێک لە سەدەی بیستەمدا بە درێژە پێدانێکی تێڕامان بینا بکەی لە گەڵ ڕۆحی سەردەمدا ناکۆکە، کە بە خۆشحاڵییەوە بیر ناکاتەوە.

**دژە ژن**. ئێمە هەموومان هەر لە ڕۆژە بەراییەکانی ژیانمانەوە لە گەڵ دایکێکو لە گەڵ باوکێک، لە گەڵ مێینەیەکو لە گەڵ نێرینەیەک ڕوو بە ڕوو دەبینەوەو بەمەش بە پەیوەندییەکی هارمۆنی یان ناهارمۆنی ئەم دوو ڕەگەزە دەخەملێین. گینۆفۆب (میسۆگێنە) (دژەژن) تەنیا لە ناو پیاواندا نییە، بەڵکو لە ناو ژنانیشدا هەیە؛ بە هەمان شێوەیەش هێندە

دژەژن‌و دژەپیاو هەیە (ئەو پیاوانەی یان ئەو ژنانەی لە گەڵ ڕەگەزی پیاودا لە ناهارمۆنیادا دەژین). ئەم هەڵوێستانە ئەگەری جیاوازو زۆر شەرعی هەڵو مەرجی مرۆڤن. ئاوێتەی فێمینیستی، کە هەرگیز پرسیاری دژەپیاویی لە خۆی نەکردووە، دژەژنایەتی بە سووکایەتییەکی سادە دەزانێ. بەمەش مرۆڤ بەهای سایکۆلۆژی ئەم چەمکەی پشتگوێ خست، تەنیا ئەمەش تاقو تەنیا گرنگە.

**ئەوروپای ناوەڕاست**. سەدەی حەڤدە: وزەی مەزنی بارۆک بە سەر فرەناسیۆنال‌و بەمەش دەڤەری فرەسێنتەر لە گەڵ خۆیدا یەکەیەکی کەلتووریی گۆڕاوی، سنوور دیارینەکراودا دەسەپێنێ. سێبەری درەنگی کاتۆلیزمی بارۆکی دەپەڕێتەوە بۆ سەدەی هەژدە: نە ڤۆلتێر و نە فیدلینگ. لە هەرەمی هونەرەکاندا مۆسیقا پێگەیەکی پێشڕەوانەی هەیە. لە هاینەوە (و هەتا شوێنبێرگو بارتۆک) چەقی قورسایی مۆسیقای ئەوروپی لێرەدایە. سەدەی نۆزدە: چەند شاعیرێکی گەورە، بەڵام نەک فلاوبێرت؛ ڕۆحی بیدەرمایەر: واقیعی بە پەردەی ئیدیلە داپۆشراو. لە سەدەی 20دا شۆڕش. عەقڵە مەزنەکان (فرۆید، ڕۆمانسییەکان) شتە چەندان سەدە دانیپێدانەنراوو نەزانراوەکان بەرز دەکەنەوە: شەفافییەتی عەقڵانی‌و لە ئەفسانە ڕەها کراو؛ هەست بۆ واقیع؛ ڕۆمان. شۆڕشەکەیان بە تەواوەتی پێچەوانەی مۆدێرنیزمی فەرەنسایە، کە دژە عەقڵانییەت، دژە واقیعو شاعیرانەی (کە دەبێ بەدحاڵیبوونیکی فرە بێنیتە ئاراوە).

ئەستێرەگەشەکانی ڕۆماننووسە گەورەکانی ئەورووپای ناوین: کافکا، هاشەک، موزیل، بروّخ، گۆمبرۆڤیچ: قێزهاتنەوەیان لە ڕۆمانتیک؛ خۆشەویستییان بۆ ڕۆمانی پێش بەلزاکو بۆ پاشاگەردانیی (بروّخ کیچی وەکو پیلانی پوریتانیزم[1]ی تاکژنیی دژی ڕۆشنگەریی ڕاڤە دەکرد)؛ بەدگومانییان دەربارەی مێژوو و دەربارەی جوانکردنی ئاییندە؛ مۆدیرنیزمەکەیان لە دەرەوەی وەهمی ئەڤەندگارد (نوخبە)ەوە.

داڕووخانی پادشایەتی هابسبورگو، لە 1945ەوە پێگەی پەراوێزیی نەمساو نەبوونی سیاسیانەی دەوڵەتی دیکە ئەورووپای ناوینیان دەکردە ئاوێنەیەکی ئینزاردەری چارەنووسێکی شیاوی هەموو ئەورووپا، دەیکردە لابۆرێکی لە ناوچوون.

**ئەورووپای ناوەڕاست**(و ئەورووپا). پەخشکەری بروّخ دەیەوێ بە کورتەیەکی ڕیکلام بروّخ لە ناوکۆییەکی زۆر ئەورووپای ناویندا خانەبەندی بکا: هۆفمانستال، سڤێڤۆ. بروّخ ناڕەزایی دەردەبڕێ. گەر یەکێ دەیەوێ لە گەڵ یەکێکی دیکە بەراوردی بکا، با لە گەڵ جیدو جۆیسدا بەراوردی بکا! دەیویست بەمە سەر بە ئەورووپای ناوین بوونی خۆی نکۆڵی لێبکا؟ نەخێر، بەمە دیویست تەنیا گوزارشت لەوە بکا، کە هاوپەیوەندیی نەتەوەیی و ناوچەیی هیچ ناگەیەنن، گەر بتەوێ لە ماناو بەهای کارێک تێبگەی.

---

[1] دنیا بینیو ڕێساکانی هەوادارانی بزاوتی ڕیفۆرمخوازانەی کلیسەو سیاسی-برژوازیانەی سەدەکانی 16 و 17ی ئینگلتەرا. وەکو دەستەواژەیەک بۆ وابەستەیی بە نەریتیشەوە بە کار دەهێنرێ (وەرگێڕ).

**مۆدێرن** (هونەری مۆدێرن، جیهانی مۆدێرن). هونەری مۆدێرن هەیە کە خۆی لە سۆزی *لیریکیی* جیهانی مۆدێرندا پێناسە دەکا. ئەپۆلۆنێر. سەرسامبوون بە تەکنیک، شاگەشکەبوون لە ڕێی ئاینەوە. لە گەڵیداو لە پاش ئەوەوە: مایاکۆڤسکی، لێگێر، فوتوریستەکان، ئەڤەندگاردەکان. بەڵام کافکا بە پێچەوانەی ئەپۆلێنێرەوە وەستاوە. جیهانی مۆدێرن وەکو ڕێگومکە، کە تیایدا مرۆڤ ڕێی لێ وندەبێ. مۆدێرنیزمی دژەلیریکی، دژەڕۆمانتیکی، بەدگومان، مۆدێرنیزمی ڕەخنەیی. لە گەڵو پاش کافکا: موزیل، برۆخ، گۆمبرۆڤیچ، بیکێت، ئیۆنیسکۆ، فیلینی... بەو ئەندازەیەی، کە مرۆڤ خۆی لە ئاینەدا نقووم دەکا، میراتی „مۆدێرنیزمی دژەمۆدێرن“ گرنگتر دەبێ.

**مۆدێرن** (بوون). „ نوێ، نوێ، ئەستێرەی کۆمۆنیزم نوێیە، لە دەرەوەیشی مۆدێرنیتی لە ئارادا نییە“، لە دەوروبەری ساڵی 1920دا ڕۆماننووسی گەورەی ئەڤانگاردی چیکی ڤلادیسلاڤ ڤانچورا ئەمەی نووسی. هەموو وەچەکەی چوونە پارتی کۆمۆنیستەوە بۆ ئەوەی ئەوانیش مۆدێرن بن. نسکۆی مێژوویی پارتی کۆمۆنیست بڕیاری لە سەر درابوو، هەر لە گەڵ خۆی „لە دەرەوەی مۆدێرنێتە“ ببینییەوە. چونکە وەکو ڕامبۆ وتی „مرۆڤ دەبێ بە تەواوەتی مۆدێرن بێ“. ئارەزووی مۆدێرن بوون، داواکارییەکی ڕەسەنی، ناعەقڵانی، بە قووڵیی لە ناخماندایە، شێوەیەکی جەخت لێکراوەی گۆڕاوی، ناوەڕۆک نادیارە: مۆدێرن ئەو شتەیە کە خۆی بە مۆدێرن ناو زەد دەکاو وەکو مۆدێرن

دانی پێدا دەنرێ. لە *فێردیدارکدا* دایکە لێژوێن یەکێک لە نیشانەکانی مۆدێرنێتی „ڕەفتاری بێشەرمانەی دەنواند، کاتێک دەچوو بۆ ئاودەست، ئەو شوێنەی مرۆڤ زوو تر بە حەیاوە خۆی دوورەپەرێز دەگرت". *فێردیدارکی* گۆمبرۆڤیچ: لە ئەفسانە داماڵینی گەشی ڕەسەنیی مۆدێرن.

**فریودان** (Mystifikation). خۆی لە خۆیدا وشەیەکی خۆشی (لە وشەی Mystère نهێنیی هەڵهێنجراو) نوێ داهێنراوی زمانەوانیی، کە لە سەدەی هەژدەدا لە میلیۆی عەقڵی لیبەرتینی لە فەرەنسا وەکو ناولێنان بۆ تەزویر سەرهەڵدا، کە مەودای بڕکردنی تەنیا سروشتی کۆمیدییە. بە چل و حەوت ساڵی بۆ دیدەرۆ گەمەیەکی ڕیزپەڕ دەلوێ، بەوەی مارکیس دی کرۆسمار فریو دەدا کە ڕاهیبەیەکی گەنجی بەدبەخت داوای یارمەتی لێ دەکا. چەند مانگێک بۆ مارکیز، کە شڵەژاوە، نامە بە ناوی ژنێکەوە واژۆ دەکا کە لە ئارادا نییە. *ڕاهیبەکەی* دیدەرۆ- بەرهەمی فڕوفێڵێک: هۆیەکی دیکەی زیاتر دیدەرۆو سەدەکەیت خۆش بوێ. فڕوفێڵ: شێوەو جۆری کارا دنیا بە جدی وەرنەگری.

***سەردەمی نوێ.*** دەستپێکی سەردەمی نوێ. خاڵی بڕیاردەری مێژووی ئەوروپایە. خودا دەبێتە *خودای پەنهان*و مرۆڤ دەبێتە پێودانگی شتەکان. فەردگەرایی ئەوروپی لە دایکدەبێ‌و لە گەڵیدا ڕەوشێکی نوێی هونەر، کەلتوور، زانستە سروشتییەکان. لە وەرگێڕانی ئەم چەمکەدا لە ئەمەریکا تووشی ئاستەنگ دەبم. گەر مرۆڤ modern times وەربگرێ

له ئەمەریکا به کاتی ئەمڕۆ، ئەم سەدەیەمانی تێدەگەن. نەزانیی ئەم چەمکەی سەردەمی نوێ له ئەمەریکا ئاماژەی ئەو چاڵە قووڵەی نێوان ئەو دوو کیشوەرەیە. له ئەورووپا له کۆتایی سەردەمی نوێدا دەژین: کۆتایی تاکگەرایی؛ کۆتایی شتێک وەکو گوزارشتێک بۆ بێ ئەلتەرناتیڤی ڕەسەنایەتیی کەسێتی هونەرێکی بەرنامە بۆ دارێژراو؛ کۆتاییەک، که کاتێکی هاوشێوەییەکی بەدینەهاتوو جاڕ بۆ دەدا. ئەمەریکا هەست بەم باری کاتی کۆتاییە ناکا؛ له دلیکبوونی کاتی نوێی نەبینیو تەنیا میراتی دواییتریێتی. پێودانگی دیکەی هەیە، بۆ ئەوەی سەرەتا چییەو بۆ ئەوەی کۆتایی چییە.

**نەبوون** (non-être). »..مەرگ، شینباوێکی ناسک وەکو نەبوون« *(کتێبی پێکەنینو بیر چوونەوە)*. مرۆڤ ناتوانێ بڵێ: »شینباوێک وەکو هیچ (néant)«، چونکه هیچ شینباو نییە. ئەمە بەڵگەی ئەوەیە، که هیچو نەبوون دوو شتی جیاوازن.

**بێڕوویی**. مرۆڤ به زمانی بێگانه وشەی بێئابڕووانه به کار دەهێنێ، بەڵام وەکو وشەی بێڕوو هەستیان پێناکا. گەر مرۆڤ وشەیەکی بێڕوو به ئەکسێنتێکی (تلفx)ێکی بێگانەوە بڵێ، تەوساوی دەبێ. سەختیی له گەڵ ژنێکی بێگانەدا بێڕوو بوون. بێڕوویی: قووڵترین ڕەگ، که به نیشتمانی دلیکمانەوە دەبەستێتەوە.

**ئۆکتاڤیۆ**. له کاتێکدا من سەرقاڵی ئەم فەرهەنگۆکەم، له چەقی مەکسیکدا ئەو بوومەلەرزە دڵوارە ڕوودەدا، ئەو شوێنەی ئۆکتاڤیۆ پاثو

ماری‌-جۆی ژنی دەژین. تۆ ڕۆژ بە بێ هەواڵی ئەوان. لە 27. سێپتەمبەردا تەلەفۆن لێدەدا: هەواڵ لە ئۆکیاڤیۆوە. بووتڵێک شەراب بە سیحەتی دەکەمەوەو. ناوەکەی کە من هێندە حەزم لێیە، لێیە دەکەمە چلەمی ئەم وشانە.

**ئۆپوس**. خوویەکی نایابی ئاوازدانەرەکان، تەنیا بە ئەو کارە هونەرییانە ژمارەی ئۆپوس دەبەخشن کە بە <ڕەواجدار>ی بزانن، ئەو کارانەی کە دەکەونە کاتی نەگەییینەوە، بەرهەمی بۆنەیەکی سەرپێیین یان تەنیا مەشقی پەنجە نمایش دەکەن، ژمارەیان بۆ دانانێن. یەکێ لە نمرە نەکراوەکانی بیتهۆڤن بۆ نموونە ڤاریاتسیۆنەکانن کە لە سەر ئەوانەی سالیری دایناوون، بە ڕاستی لاوازن، بەڵام مایەی دڵساردیی نین، ئاوازدانەر خۆی ئاماژەی پێداوون. پرسیاری بنەمایی بۆ هەموو هونەرمەندێک: بە چی کارێک بەرهەمە <ڕەواجداریی>ەکەی دەست پێدەکا؟ یاناچەک لە سەرووی چلو پێنجەوە زمانی خۆی دۆزییەوە. ئازار دەچێژم کە چەند ئاوازێکی لە قۆناغی پێشووی ماوەیم گوێلێبێ. دێبووسی پێش مردنی هەموو بەرنامەڕێژییەکان، هەموو کارێکی ناتەواوی لە ناو برد. نووسەرێک دەتوانێ ئەم ئەرکە بچووکە بە ڕاستی بۆ کارەکانی بە جێبهێنێ: هەموو ئەو شتانەی دەورو بەری لە ناو بەرێ.

**نووسینەوە**. هەڤپەیڤین، گفتوگۆ، قسەی کۆکراوە، گۆڕینەکان، دەستکاریکردنەکان، شێوازی فیلم، نواندنی تەلەفزیۆنی. **نووسینەوە**

وەکو ڕۆحی ئەم سەردەمەمان. «ڕۆژێ لە ڕۆژان سەرجەمی کەلتووری ڕابردوومان جارێکی دیکە دەنووسرێتەوەو لە پاش ***نووسینەوەی*** بە تەواوەتی لە بیر دەچێتەوە» (پێشەکی شانۆنامەیەکم لە سەر نەسقی دیدەرۆ ***ژاکو وەستاکەی***و. :«هەموو ئەوانەی خۆیان لە نووسینەوەی ئەو شتانەی نووسراون بە دوور دەگرن، دەبێ بەرەو هەڵدێر بچن! دەبێ لە شیش بدرێن و لە سەر گڕێکی بچووک ببرژێنرێن! دەبێ مرۆڤ بیانخەسێنێ و، گوێیان ببڕێ!» (وەستا لە ***ژاکو وەستاکەی***دا).

**ڕیتم**. لەوە دەترسم گوێ لە لێدانی دڵم بگرم، چونکە بەردەوام بیرم دەخرێتەوە کە کاتی ژیانم حیسابی بۆ کراوە. لە بەر ئەوە هەموو هێڵە کێشراوەکانی نێو پارتیتورەکان لە سامناک زیاترم دەبینی. بەڵام وەستا گەورەکانی ڕیتم تێگەیشتن ئەم نەزمە مۆنۆتۆنە چاوەڕوانکراوە بێدەنگ بکەن و مۆسیقاکەیان بگۆڕنە بوارێکی بچووکی «کات لە دەرەوەی کات». فرەدەنگکارە گەورەکان: بیرکردنەوەی تاکدەنگیی، ئاسۆیی مانای تاکتەکان لاواز دەکا. بیتهۆڤن: لە دووا قۆناغیدا مرۆڤ بە حاڵ ڕەچاوی تاکت دەکا، ڕیتم هێندە ئاڵۆزە، پێش هەموو شتێک لە ڕستە لە سەرخۆکاندا. سەرسامیم بۆ ئۆلیڤیر مێسیاین: لە سایەی تەکنیکی خستنە سەر یان لابرنی یەکەی ڕیتمی بچووک، بنەمایەکی کاتیی چاوەڕوانەکراو دەدۆزێتەوە، کاتێکی بە تەواوەتی سەربەخۆ (کاتێک دووای «کۆتایی کات»، بۆ ئەوەی ناونیشانی کوارتێتەکەی دەست پێبکا). شوێنێکی پەنهان: ژێریی ڕیتم لە ڕێی جەخت کردنەوەی

شێلگیرانەی نەزمەوە خۆی دەخاتە کار. ئەمە سەهووە. ساکاریی قێزەونی ڕیتمی مۆسیقای ڕۆک: لێدانی دڵ بە هێز دەکا، بۆ ئەوەی مرۆڤ ڕێی مەرگی لە هیچ چاوتروکانێکدا لە بیر نەچێ.

**ڕۆمان**. فۆرمی گەورەی پەخشان، کە نووسەر بە هۆی ئێگۆ (فیگور)ی ئەزموونکارییەوە دەچێتە بنچو بناوانی تێما گەورەکانی بوونەوە.

**ڕۆمان** (و شیعر). 1857: گەورەترین ساڵی سەدە. ***گوڵی بەدەکان***: پەخشانە شیعر بواری ڕەسەنی خۆی دەدۆزێتەوە، جەوهەری خۆی. ***مەدام بۆڤاری***: بۆ یەکەم جار ڕۆمانێک دەیکاتە ئەرکی خۆی بەرزترین داواکارییەکانی شیعر بەجێبهێنێ (ئەو ئامانجەی «پێش هەموو شتێک بە دووای جوانیدا گەڕان»؛ مانای یەکە بە یەکەی وشەکان؛ میلۆدی چڕی دەق؛ ئەو داواکاریی ڕەسەنایەتییەی پشت بە هەموو وردەکارییەک دەبەستێت). لە 1857ەوە مێژووی ڕۆمان مێژووی «ڕۆمانی بە شیعر بوو»ە. بەڵام ***بەجێهێنانی داواکارییەکانی شیعر*** بە تەواوەتی لە ***نووسینی ڕۆمانێکی لیریکی*** جیاوازە (دەستبەرداربوون لە جەوهەری تەوساوییانەی ڕۆمان، پشت لە جیهانی دەرەوە کردن، وەرچەرخاندنی ڕۆمان بۆ دانپێدانانێکی شەخسی، ڕۆمان بە ڕازاندنەوە بار کردن). «شاعیرە گەورە بە ڕۆماننووسبووەکان» بنەبڕکەرکەرانە ***دژەلیریکییەتن***: فلاوبێرت، جۆیس، کافکا، گۆمبرۆڤیچ. ڕۆمان= شیعری دژەلیریکی.

**ڕۆمان** (ئەوروپی). مێژوویەکی (یەکگرتوو و بەردەوام) ڕۆمان (هەموو ئەوەی بە ڕۆمان ناو دەبرێ) لە ئارادا نییە. تەنیا ***مێژووەکانی*** ڕۆمان هەیە: هی چینی، هی یۆنانی-ڕۆمی، ژاپۆنی، چاخەکانی ناوەڕاست، هتد. ئەو ڕۆمانەی من بە ئەوروپی ناوی دەبەم لە سەرەتای سەردەمی نوێدا لە ئەوروپای باشوور سەرهەڵدەداو بوونێکی مێژوویی لە خۆدا داخراو بەرجەستە دەکا، کە دوا تر بواری خۆی بۆ دەرەوەی ئەوروپای جوگرافی فراوان دەکا (بە تایبەتی بۆ ئەمریکای باکوورو باشوور). لە بەر دەوڵەمەندیی فۆرمەکانی، لە بەر جۆری قووڵیی سەرسووڕهێنەریی و چڕیی پەرەسەندنو لە بەر ڕۆڵی کۆمەڵایەتیی ڕۆمانی ئەوروپی (هەروەکو مۆسیقای ئەوروپی) لە هیچ کەلتوورێکی دیکەدا هاوشێوەی نییە تا بەراوردی پێ بکەی.

**ڕۆماننووس** (و نووسەر). وتارە کورتەکەی سارتەر «نووسین چی دەگەیەنێ» جارێکی دیکە دەخوێنمەوە. تەنیا یەکجاریش وشەی ***ڕۆمان***، ***ڕۆماننووس*** بە کارناهێنێ. تەنیا باسی نووسەری پەخشان دەکا (écrivain de la prose). جیاوازیکردنێکی دروستە. نووسەر بیرۆکەی ڕەسەنو دەنگی لاسایی نەکراوەی هەیە. دەتوانێ فۆرمێک (فۆرمی ڕۆمانیشی لە گەڵدا) بە کار بهێنێ، هەموو شتێکیش کە دەینووسێ سەر بە کارەکەیەتی، چونکە بە بیری خەملاوە، بە دەنگی هەڵدەگیرێ. ڕۆسۆ، گوێتە، چاتەبریا، جید، کامۆ، مالرۆ، مۆنتەرلا.

ڕۆمانتووس هەڵایەکی زۆر بۆ بیرۆکەکانی ناکا. ئەو دۆزەرەوەیە، کە بە تاقیکردنەوەوە هەوڵدەدا پەردە لە سەر لایەنێکی نەناسراوی بوون هەڵداتەوە. ئەو سەرسامی دەنگی خۆی نییە، بەڵکو سەرسامی فۆرمێکە، کە بە دووای شوێنپێکانیەوەیەتی‌و، تەنیا ئەو فۆرمانەی بە کاری خەونەکانی دێن، سەر بە کارەکانین. فیدلینگ، ستێرن، فلاوبێرت، پرۆست، فۆکنەر، سێلین، کالڤینۆ.

نووسەر ناوی خۆی لە سەر کارتی هزری سەردەمەکەی دەنووسێ، لە سەر کارتی نەتەوەکەی، لە سەر کارتی مێژووی بیرۆکە.

تاقە هاوپەیوەندی کە مرۆڤ لە ڕێیەوە دەتوانێ ڕۆمانێک بنرخێنێ هاوپەیوەندیی مێژووی ڕۆمانی ئەورووپییە. ڕۆمانتووس جگە لە سێرڤانتەس قەرزاری پاساودانەوە بۆ کەس نییە.

**ڕۆمانتووس** (و ژیانی). لە کارڵ چاپەکی ڕۆمانتووس دەپرسن، بۆچی شیعر نانووسێ. وەڵامەکەی: «لە بەر ئەوەی ڕقم لەوە دەبێتەوە باسی خودی خۆم بکەم.»

هێرمان برۆخ دەربارەی خۆی، دەربارەی موزیل، دەربارەی کافکا:«لە ڕاستیدا هەرسێکمان بیۆگرافیامان نییە...» ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە ژیانیان بە بێ ڕووداو گوزەراندووە، بەڵام ژیانیان بۆ ئەوە دیارینەکرابوو لە لایەن خەڵکییەوە وەکو بیۆ-گرافیا هەستی پێبکرێ. «ڕقم لەوە دەبێتەوە لووت لە ژیانی بە نرخی نووسەرە گەورەکان بژەنم، هەرگیز بیۆگرافیانووسێک پەردەی ژیانی تایبەتیم هەڵبداتەوە»، نابۆکۆڤ

ئاوەهای گوت. فۆکنەریش حەز دەکا، «وەکو مرۆڤ بسڕێتەوە، مێژوو بە سەریدا بڕواو هیچ شوێن پێیەکی تێدا بە جێنەهێڵێ، تەنیا کتێبە چاپکراوەکانی نەبێ».

خوازە (مجاز)ێکی زانراو: ڕۆماننووس خانووی ژیانی دەڕووخێنێ، بۆ ئەوەی بە بەردەکانی خانووی ڕۆمانەکەی بینا بکا. بیۆگرافیانووسەکانی ڕۆماننووس ئەوە دەڕووخێننەوە کە ڕۆماننووس بینای کردوە، ئەوە بینا دەکەنەوە کە ڕۆماننووس رووخاندوویەتی. کارەکەیان ناتوانێ بەهاو مانای ڕۆمانێک رووناک بکاتەوە، ناتوانێ چەند بەردێکی پێناسە بکەن. ئەو چرکەساتەی کافکا زۆرتر لە یوسف ک... سەرنج بە لای خۆیدا ڕادەکێشی، سەرەتای ئەو پرۆسێسەیە، کە لە دواییدا مەرگی کافکا دەگەیەنێ.

**چارەنووس**. ئەو چرکەساتە دێ، کە وێنەی ژیانمان خۆی لە ژیانمان جیا دەکاتەوە، خۆی سەربەخۆ دەکاو بە کاوەخۆ دەست پێدەکا سەروەریمان بکات. لە **گەمەدا**: «...هیچ ئامرازێک نەبوو، ئەو وێنەی کەسایەتییەم کە لە ژووری بەرزترین دادگای چارەنووسی مرۆڤانەدا بە جێمهێشتبوو ڕاستبکەمەوە؛ تێگەیشتم کە ئەم وێنەیە (لە گەڵ ئەوەیشدا هاوشێوە نەبوو) بێکۆتا لە خودی خۆم واقیعی تر بوو؛ کە بە هیچ شێوەیەک سێبەری من نەبوو؛ بەڵکو من خۆم سێبەری وێنەکەم بووم؛ کە بە هیچ شێوەیەک مەبەست ئەوە نەبوو، سەرکۆنەی ئەوەی بکەم کە بە من ناچێ، بەڵکو من خۆم لەم هاوشێوە نەبوونەدا گوناهبار بووم...»

لە ***کتێبی پێکەنین و بیر چوونەوە***دا: «چارەنووس بیری لەوە نەدەکردەوە سەری خۆی بە میرەکەوە بیەشێنێ (بۆ بەختەوەریی، بۆ دڵنیایی، بۆ میزاجی باشی و تەندروستیی)، بە پێچەوانەوە میرەکە ئامادە بوو، بۆ چارەنووسی هەموو شتێک بکا، بۆ گەورەیی، بۆ ڕوونیی، جوانیی، شێوەو ئاشکرایی. خۆی بۆ چارەنووسی بە لێپرسراو دەزانی، بە پێچەوانەوە چارەنووسی خۆی بۆ ئەو بە لێپرسراو نەدەزانی.»

بە پێچەوانەی میرەکەوە فیگوری لەزەتگەرای چلساڵی (***ژیان لە جێگایەکی دیکەیە***) « بێچارەنووسیی ئیدیلی» خۆی بە لاوە گرنگە (بەراووردی ئیدیلە بکە). لە ڕاستیدا لەزەتگەرا (Hedonis)ێک بەرەنگاری گۆڕینی ژیانی بە چارەنووس دەبێتەوە. چارەنووس وەکو زەروویەک خوێنمان دەمژێ، بارە بە سەرمانەوە، جۆرە تۆپێکی قورقۆشمییەو بە ڕەقێتەی پێمانەوە بەستراوە. (چلساڵە، دەمەوێ بە ڕەمەکیی ئاماژە بۆ ئەوە بکەم، لە هەموو فیگورەکانم لە منەوە نزیکترە.)

**جوانیی**(و مەعریفە). هەرکەسێ وەکو بڕۆخ بڵێ مەعریفە تاقە مۆراڵی ڕۆمانە، لە گەڵ وزەی مادی کاریگەریی وشەی «مەعریفە»دا تووشی ئاستەنگیی دەبێ، کە ئەم وشەیە بە هۆی بەسترانەوەیەوە بە زانستە سروشتییەکانەوە ناو و دەنگی خراپ بووە. مرۆڤ دەبێ ئەمەی بخاتە سەر: هەموو لایەنەکانی بوون کە ڕۆمان دەیاندۆزێتەوە وەکو جوانیی دەیاندۆزێتەوە. ڕۆماننووسە بەراییەکان سەرچڵییان دۆزییەوە. سوپاسی

ئەوان دەکەین، گەر ئەم سەرچڵییە بۆ ئێمە جوانە، بەڵێ کە حەز لە سەرچڵیی دەکەین. کافکا ڕەوشی مرۆڤ کە تراژیدیانە بە داوەوە بووە وەسفکردووە. کافکاناسەکان زوو تر مشتومڕێکی زۆریان کرد، ئایا نووسەرەکەیان ئومێدێکی بۆ هێشتووینەتەوە یان نا. نەخێر ئومێد نا. شتێکی دیکەیە. تەنانەت لە دۆخێکی ناچیزی ئاوەهادا کافکا جوانییەکی سەیری ڕەش دەدۆزێتەوە. جوانیی دووا سەرکەوتنی شیاوی مرۆڤ کە ئیدی ئومێدی نەماوە. جوانیی لە هونەردا: تیشکێکی لە پڕ بریقاوەی هەرگیز نەگوتراو. ئەو تیشکەی کە لە ڕۆمانە گەورەکانەوە دەردەچێ، کات ناتوانێ تاریکیان بکا، چونکە بوونی مرۆڤ لە لایەن مرۆڤەوە بەردەوام لە بیر کراوە، دۆزینەوەکانی ڕۆماننووسەکان، هەرچەندە کۆنیش بن، دەتوانن هەمیشە سەرسوورمانمان لە لا بخوڵقێنن.

**قەبارەی پیت**. کتێبەکان تا دێ بە پلەی پیتی بچووکتر بڵاو دەکرێنەوە. من پێشبینی کۆتایی ئەدەب دەکەم: بە کاوەخۆ، بە بێ ئەوەی کەس هەستی پێبکا، پلەکانی پیت هێندە بچووک دەبنەوە کە نادیار بن.

**سۆڤیەتی**. ئاوەڵناوێک کە من بە کاری ناهێنم. یەکێتی کۆمارە سۆسیالیستەکانی سۆڤیەت:«چوار وشە، چوار درۆ» (کاستۆریادیش). گەلی سۆڤیەت: پاڵتۆیەکی فەرهەنگیی، کە دەبێ هەموو نەتەوە بە ڕووسیکراوەکانی ئیمپراتۆرییەت داپۆشێ. دەستەواژەی «سۆڤیەتی» تەنیا لە گەڵ ناسیۆنالیزمی بە زەبروزەنگی کۆمۆنیستی ڕووسیای مەزن

یەک نایەتەوە، بەڵکو لە گەڵ نۆستالژیای ناسیۆنالیستی بەرەنگارەکانیش یەک دێتەوە. ئەمە ڕێگا بەوە دەدا خۆ بەوەوە هەڵواسن کە بە پێودانگی ئاکتێکی ئەفسوونی ڕووسیا (ڕووسیای ڕاستەقینە) سەر بەو دەوڵەتە نییە کە سۆڤیەتی پێدەووترێ، کە خۆ بەوەوە هەڵدەواسن کە وەکو جەوهەرێکی دەستلێنەدراوی پاکیزە، دژی هەموو تاوانبارکردنێک دڵنیا بکرێو بەردەوامبێ. هۆشیاریی ئەڵمانی: پاش کاتی نازییەکان بە خەونو هەست بە گوناهکردن وێران بوو؛ تۆماس مان: خستنە ژێر پرسیارەوەی سامناکی سەرچەمی عەقڵی ئەڵمانی. پێگەیشتوویی کەلتووری پۆڵۆنیی: گۆمبرۆڤیچ، کە بە لەزەتەوە زەبر و زۆر بەرامبەر «پۆڵۆنیبوون» بە کاردەهێنێ. مەحاڵە بۆ ڕووسییەکان بەرامبەر «ڕووسیبوون»، جەوهەرێکی دەستلێنەدراوی زەبر و زۆر بە کاربهێنن، نە تۆماس مان، نە گۆمبرۆڤیچیان لە نێواندا نییە[1].

**شەفافیەت**. لە زمانی سیاسەتو ڕۆژنامەوانیدا ئەم وشەیە واتە: نیگای گشتیی بۆ ژیانی تایبەتیی برەخسێنی. کە ئەمە ئێمە ئاراستەی ئەندرێ بریتۆنو خواستەکەی دەکا، لە بەرچاوی هەموو چاوەکاندا لە ***ماڵێکی شووشەییدا*** بژی. ماڵە شووشەییەکە: ئوتۆپیایەکی کۆنو لە هەمان کاتدا لایەنێک لە لایەنە هەرە سامناکەکانی ژیانی مۆدێرن. ڕێسا: هەتا کار و

1 بێگومان ئەمڕۆ ئەدەبێک بە ناوی ئەدەبی سۆڤیەتییەوە لە ئارادا نییە، ئەم تێبینیەش بەسەرچووەو هەنوکەیی نییە، بەڵام وەکو بە ئاگابوون لە تاودانەوەی کوندێرا بۆ ئەو ئەدەبە ڕەسمییەی ئەو کاتە لە سۆڤیەتدا سەروەر بوو و وەکو ئەمانەتێکی ئەخلاقیش نەمویست لە فەرهەنگۆکەکەی دەربهێنم (وەرگێڕ)

بارەکانی دەوڵەت ناشەفافتر بن، دەبێ کار و بارەکانی تاک شەفاف تر بن؛ بیرۆکراتی نهێنییە، پەنهانە، کۆد دلخراوە، نادیارە، لە گەڵ ئەوەشدا کە ***شتێکی گشتیی*** نمایش دەکا، لە کاتێکدا ***پیاوی پریڤات*** ئەرکی سەر شانێتی، پاساوی تەندروستیی، دارایی، باری خێزانی بداتەوە، گەر حوکمی ماسمیدیا وای بوێ، ئەوەی پەیوەندیی بە خۆشەویستیی، نەخۆشیو مەرگەوە هەبێ یەک تاقە چاوتروکانێک بۆ ئینتیمیتێتی (پەنهانگەرایی) نابینێتەوە. ئەو ئارەزووەی ئینتیمیتێتی ئەوانی دیکە بریندار بکەی، شێوەیەکی هەرە کۆنی ئەگرەسیڤیتێتە (توندوتیژیی)، کە ئەمڕۆ بە دەزگا کراوە (بیرۆکراتیەت بە مەلەفەکانییەوە، ڕۆژنامەوانی بە ڕاپۆرتنووسەکانییەوە)، ئەخلاقیانە ڕەوایە (مافی بە زانیاری گەیشتن بۆتە گرنگترین مافی مرۆڤ)و بە شاعیرانە کراوە (لە ڕێی وشەی جوانی شەفافیەتەوە).

**چیکوسلاڤاکیا**. من وشەی چیکوسلاڤاکیا هەرگیز لە ڕۆمانەکانمدا بە کار ناهێنم، لە گەڵ ئەوەشدا بە گشتی ڕووداوەکان لەوێ ڕوو دەدەن. ئەم وشە لە یەکدراوە (لە ساڵی 1918دا سەری هەڵداوە) نوێیە، نە لە کاتدا ڕەگی داکوتاوە نە جوانەو ئاماژە بۆ ئەو مەدلوولە لە یەکراوە، نوێیە (لە کاتدا ئەزموونەکراوە) دەکا. لەوانەیە مرۆڤ بتوانێ لە کاتی پێویستدا وڵاتیک لە سەر وشەیەکی ناتۆکمەی ئاوەها بینا بکا؛ بەڵام ناتوانێ ڕۆمانێکی لە سەر بینا بکا. لە بەر ئەوە، بۆ ئەوەی ناوی وڵاتی فیگورەکانم بهێنم هەمیشە وشەی کۆنی مۆراڤیا بە کار دەهێنم. لە

ڕوانگەی جوگرافیای سیاسییەوە ناتەواوە (زۆر جار وەرگێڕەکانم یاخی دەبن)، بەلام لە ڕوانگەی شیعرییەوە تاقە ناولێنانێکی شیاوە[1].

**بێئەزموونیی**. وەکو یەکەم سەردێڕ بۆ ئاسانیی بێبوورەدەباری بوون «پلانیتی بێئەزموونیی»م ڕەچاو کرد. بێئەزموونیی، خەسڵەتێکی ئەسڵییە بۆ پێگەی مرۆڤ لە جیهاندا. مرۆڤ لە دایکبووە، مرۆڤ هەرگیز ناتوانێ ژیانێکی دیکە بە ئەزموونەکانی پێشووەوە دەست پێبکا. مرۆڤ لە منداڵییەوە گەورە دەبێ، بە بێ ئەوەی بزانێ، لاوێتی چییە، ژن دەهێنێ یان شوو دەکا بە بێ ئەوەی بزانێ ژنو مێردایەتی چییەو، تەنانەت کە مرۆڤ بەکاوەخۆ پیریش دەبێ، نازانێ بۆ کوێ دەڕوا: پیرەکان منداڵی بێگوناهی تەمەنیانن. بەم مانایە زەمینی مرۆڤ ئەستێرەی بێئەزموونییە.

**ئۆنیفۆرم** (یەک-شێوە). «لە بەر ئەوەی واقیع لە هاوشێوەیی حیسابی پلان بۆ کراودایە، دەبێ مرۆڤیش بچێتە نێو یەکشێوەییەوە، بۆ ئەوەی دەرۆستی واقیع بمێنێتەوە. مرۆڤێکی نایەکشێوە ئەمڕۆ هەستی ناحەقیقەت، هەستی لە دەرەوەبوونمان لە لا دەبزوێنێ» (Heideger, Überwindung der Metaphysik). ک...ی پێوەر لە گەڕاندا نییە بە دوای هاوڕێیەتیدا، بەڵکو لە گەڕانێکی دڕدۆنگدایە بە دوای یەک-شێوەییدا. بە بێ ئەم یەک-شێوەییە، بێ یەکشێوەیی کارمەندەکان

[1] ئەوی لە پەراوێزی پێشوودا نووسراوە دەکرێ لێرەشدا دووبارە بکرێتەوە، لە ساڵی 1990 چیکۆسلۆڤاکیا هەڵوەشایەوەو دەوڵەتی چیکو سلۆڤاکیای بە یەک ناوابەستە لە یەکتر جودابوونەوە (وەرگێڕ)

«دەرۆستی واقیع نایە»، «هەستی ناحەقیقەتمان لە لا دەبزوێنێ».
کافکا یەکەم کەس بوو (پێش هایدێگەر!)، کە دەرکی بەم ڕەوشە گۆڕاوە کرد: پێشوو تر مرۆڤ دەیتوانی لە فرەیی، لە خۆلادان لە یەکشێوەیی ئیدیالێک، شانسێک، سەرکەوتنێک بە دیبکا؛ بەڵام هەر زوو لە دەستدانی یەکشێوەیی نەگبەتییەکی ڕەها بەرجەستە دەکا، دوور خستنەوەیەک لە جیهانی مرۆڤ. لە کافکاوە لە سایەی ئامرازە گەورەکانەوە، کە حسێب بۆ ژیان دەکەنو پلانی بۆ دادەنێن، یەکشێوەکردنی جیهان زیادیکردووە. بەڵام گەر دیاردەیەک گشتی بوو، ڕۆژانە بوو، لە هەموو شوێنێک ئامادە بوو مرۆڤ ئیدی زۆر هەستی پێناکا. لە شاگەشکەیی یەکشێوەیی ژیانیاندا مرۆڤەکان ئەو یەکشێوەییەی هەڵیدەگرن هەست پێناکەن.

**لە بیرکردن**. «خەباتی مرۆڤ دژی دەسەڵات خەباتی یادەوەرییە دژی بیرچوونەوە.» ئەم ڕستەیەی فیگوری میرەک لە ***کتێبی پێکەنینو بیرچوونەوە***دا دەیڵێ زۆر جار وەکو پەیامی ڕاستەقینەی ئەم ڕۆمانە سیتات (اقتباس) دەکرێ. چونکە خوێنەر لە ڕۆمانێکدا یەکەمجار شتە «پێشووتر زانراوەکان» دەدۆزێتەوە. «پێشووتر زانراوەکان»ی ئەم ڕۆمانە تێمای بەناوبانگی ئۆروێلە: بیرچوونەوەی لە لایەن دەسەڵاتی تۆتالیتارەوە دارێژراوەوە. بەڵام بە ڕای من شتی ئەسڵیی لە چیرۆکی میرەکدا لە جێیەکی دیکەدایە. ئەم میرەکەی بە هەموو وزەی بەرگری لە خۆی دەکا بۆ ئەوەی لە بیر نەکرێ (خۆیو هاوڕێکانیو خەباتی

سیاسییان) لە هەمان کاتدا هەموو شتێکی لە توانای مرۆڤدا بێ دەکا بۆ ئەوەی یەکێکی دیکە لە بیر بکرێ (ژنە دۆستەکەی پێشووی، کە شەرمی بۆ دەکا). پێش ئەوەی ویستی بیرچوونەوە ببێتە گرفتێکی سیاسی، گرفتێکی ئەنترۆپۆلۆژییە: لە کەونارەوە مرۆڤ هەستی بەو داواکارییە کردووە، بیۆگرافیای خۆی بنووسێتەوە، ڕابردوو بگۆڕێ، شوێنپێی بسڕێتەوە، چی هی خۆیەو چی هی ئەوانی دیکە. ویستی بیرچوونەوە تەنیا هەوڵێکی خۆ هەڵخەڵەتاندن نییە. سابینا (*ئاسانیی بووریەبارنەکراوی بوون*) هیچ هۆیەکی نییە، هیچ شتێک بشارێتەوە، لە گەڵ ئەوەشدا ئەو خواستە ناعەقڵانییە پەرێشانی دەکا، خۆی لە بیری خەڵکی بەرێتەوە. بیرچوونەوە: لە هەمان کاتدا ناعەدالەتییەکی ڕەهاو دڵنەوایییەکی ڕەهایە. مامەڵەکردنی ڕۆمانگەرانەی ئەم تێمای بیرچووونەوەیە بێکۆتایەو بە بێ ئەنجام دەمێنێتەوە.

**خیانەت**. «بەڵام خیانەت یەعنی چی؟ خیانەت واتە مرۆڤ کە لە ڕیز دەردەچێو ڕوو دەکاتە نادیار. سابینا هیچ لەوە بە جوانتر نازانێ لەوەی ڕوو لە نادیار بکا»

(*ئاسانیی بووریەبارنەکراوی بوون*).

**کار**. «ڕێگای داڕشتن تا کار مرۆڤ لە سەر ئەژنۆ دەڕوا.» ئەم شیعرەی ڤلادیمیر هۆلانم هەرگیز لە بیر ناچێو. ئەوە ڕەت دەکەمەوە نامەکان بۆ فێلیتسەو ***کۆشک*** بخرێنە هەمان ئاستەوە.

**بەها**. بنەماگەریی سالآنی شەستەکان پرسی بەهای ئافەرۆز کردبوو، لە گەڵ ئەوەشدا کە دامەزرێنەری ئیستاتیکای بنەماگەریی دەڵێ: «تەنیا پێشمەرجی بەهایەکی ئیستاتیکی مەوزوعی مانا بە گەشەکردنی مێژوویی هونەر دەبەخشێ» ( Jan Mukarovsky, Funktion, Norm und ästhetischer Wert als soziale Gegebenheiten, Prag 1934). پرسیار لە خۆکردن دەربارەی بەهای ستاتیکی واتە: دۆزینەوەو نوێکارییەکانی کارێک، هەروەها ڕووناکییەکی نوێ، بەوەی جیهانی مرۆڤ لە ڕێی ئەوەوە دەردەکەوێ بازنەی بە دەوردا بکێشرێ‌و ناوی بنرێ. تەنیا کارێکی وەکو بەها دانی پێدا بنرێ(کارێک کە لە تازەیی درکی پێکرابێ‌و ناوی لێنرابێ)، دەتوانێ ببێتە بەشێک لە «گەشەکردنی مێژوویی هونەر»، کە تەنیا بە دواییەکداهاتنێکی دراوەکان نییە، بەڵکو ڕاوەدوونانی بەهاکانە. گەر مرۆڤ پرسی بەها ئافەرۆز بکا خۆی بە وەسفێکی(تێمایی، سۆسیۆلۆژی، شێوەخوازیی) کارێکەوە (قۆناغێکی مێژوویی، کەلتوورێک، هتد) بەس بکا، گەر مرۆڤ نیشانەیەکی یەکسانیی لە نێوان هەموو کەلتوورەکان‌و چالاکییە کەلتوورییەکاندا دابنێ(باخ‌و ڕۆک، کۆمیکو پرۆست)، گەر ڕەخنەی ئەدەبی (تێڕامان لە بەها) جێگای نەمابێ، بۆ ئەوەی گوزارشت لە خۆی بکا، «گەشەی مێژوویی هونەر» پەردە بە سەر مانای خۆیدا دادەدا، بە سەر خۆیدا دەپوکێتەوە، دەبێتە عەمبارێکی گەورەی ئەبسووردی کارەکان.

**دووبارە بوونەوەکان**. نابۆکۆف ئاماژە بۆ ئەوە دەکا، کە لە سەرەتای *ئانا کارێنینا*دا وشەی «ماڵ» لە دەقە ڕووسیەکەدا لە شەش ڕستەدا هەشت جار دەردەکەوێ و ئەم دووبارەبوونەویە هونەرێکی ئاگایی نووسەرە. بەڵام لە وەرگێڕانە فەرەنسییەکەیدا وشەی «ماڵ» تەنیا یەکجار دەردەکەوێ، لە وەرگێڕانە چیکییەکەیدا تەنیا دووجار. لە هەمان کتێبدا: لە هەر شوێنێک تۆلستۆی «سکاسال» («گوتی») دەنووسێ، لە وەرگێڕانەکەدا «تەعبیری کرد»، «دەربڕی»، «وتبییەوە»، «وەڵامیدایەوە»، «هاواریکرد»، «ئەنجامگیریی کرد» هتد دەبینمەوە. وەرگێڕەکان ئالودەی هاواتان. (من دەستەواژەی «هاوواتا» ڕەت دەکەمەوە: هەموو وشەیەک مانای خۆی هەیەو لە واتاکەیەوە جێگرەوەی نییە). پاسکاڵ: «گەر لە وتارێکدا وشە دووبارە بینەوەو مرۆڤ هەست بکا کە لە جێی خۆیاندان، گەر لە کاتی هەوڵدان بۆ ڕاستکردنەوەیان هەست بکا وتارەکە دەشێوێ، دەبێ مرۆڤ وەکو خۆی بیانهێڵێتەوە، چونکە ئەم وشانە وتارەکە بنەبڕکەرانە دەخەملێنن.» ژیریی گەمەئامێزی دووبارەکردنەوە لە بەشی یەکەمی یەکێک لە جوانترین دەقە پەخشانەکانی سەدەی هەژدە: «من کۆمتێس دە...م بەهەموو خرۆشێکەوە خۆشدەویست؛ من تەمەنم بیست ساڵان بووو، کاڵفام بووم؛ خیانەتی لێکردم؛ پێی پەست بووم. بە جێی هێشتم. من کاڵفام بووم، حەسرەتیم دەکرد؛ تەمەنم بیست ساڵان بوو، لێم بوورا: لە بەر ئەوەی تەمەنم بیست ساڵان و کاڵفام بووم، هێشتا خیانەتی لێدەکردم، بەڵام

ئیدی بە جێی نەهێشتم، خۆم بە عاشقێکی بە گەرمیی خۆشویستراو دەزانی، بەمەش خۆم بە بەختەوەر ترین مرۆڤ دەزانی... » ( Vivant Denon: Point de lendemain). (بەراوردی لیتانای بکە).

# بەشی حەوتەم

## وتاری ئورشەلیم:

## ڕۆمانو ئەوروپا

کە ئیسرائیل گرنگترین خەڵاتێکی دەیبەخشێ، بۆ ئەدەبی جیهانی تەرخانکردووە بە رێکەوت نییە، بەڵکو ترادیتسیۆن)نەریت)ێکی کۆنە. کەسایەتییە جووە مەزنەکانیش، کە لە وڵاتەکانی زێدیانەوە دوور بوون و جۆش و خرۆشی ناسیۆنالیستیان رەتەکردەوە، هەستەوەرییەکی تایبەتییان بۆ ئەورووپای بانناسۆنالیستی هەبووە، ئەورووپایەک کە بۆ ئەوان تەنیا ناوچەیەک نەبووە، بەڵکو کەلتوور بووە. لە بەر ئەوەی جووەکان تەنانەت پاش ئەو دڵساردییە تراژیدییەی لە ئەورووپا ئەزموونیانکرد، بۆ ئەم هاووڵتیبوونە جیهانییە ئەورووپییە بە ئەمەک ماونەتەوە، ئیسرائیل وەکو نیشتمانێکی بچووکی، دووبارە دۆزراوە وەکو دڵی راستەقینەی ئەورووپا دەردەکەوێ، دڵێکی سەیر لە دەرەوەی جەستە.

لە ناخەوە خرۆشاو ئەمرۆ ئەم خەڵاتە وەردەگرم، کە ناوی ئورشەلیمی هەڵگرتووەو بە رۆحی گەورەی کۆسمۆپۆلیتی (گەردوونیی) جوو خەملاوە. من ئەم خەڵاتە وەکو رۆماننووس وەردەگرم. بە ئەنقەست دەڵێم وەکو رۆماننووس، من ناڵێم وەکو نووسەر. بە رای فلاوبێرت رۆماننووس یەکێکە، کە دەیەوێ خۆی لە پشتی کارەکانییەوە بشارێتەوە. خۆی لە پشتی کارەکانییەوە دەشارێتەوە واتە دەستبەرداری رۆڵی کەسایەتی گشتیی دەبێ. ئەمرۆ دەبێ ئەمە شتێکی ئاسان نەبێ، کە هەموو شتێکی تا رادەیەک گرنگ لە سەر شانۆی زۆر رووناکی

ماسمییادا دەردەکەوێ، کە بە پێچەوانەی مەبەستی فلاوبێرتەوە کارەکە لە پشتی ناوبانگی نووسەرەوە دەشاردرێتەوە. لەم بارو دۆخەدا، کە کەس ناتوانێ بە تەواوەتی خۆی لێبدزێتەوە، تێبینییەکەی فلاوبێرتم وەکو وەبیرخستنەوەیەک دێتە بەر چاو: ئەو ڕۆماننووسەی فریوی ئەوە دەخوا ڕۆڵێکی گشتیی ببینێ، دەبێ حسێبی ئەوە بکا، کە کارەکەی وەکو پاشکۆی ئەوە تێی دەنوانرێ کە دەیکا، وەکو پاشکۆی ڕوونکردنەوەو دەربڕینەکانی. بەڵام ڕۆمانووس جۆقی زمانی کەس نییە، تەنانەت هێندە زیاد دەڕۆم و بانگەشەی ئەوە دەکەم کە هەتا جۆقی زمانی ئیدێکانی خۆیشی نییە. لە یەکەم داڕێژی ***ئانا کارێنینای*** تۆڵستۆیدا ئانا ژنێکی زۆر خوێنتاڵ بووە، کۆتایی تراژیدیانەی حەقو شایستەی بووە. دەقی کۆتایی ڕۆمانەکە بە تەواوەتی جیاوازە؛ بەڵام من لەو بڕوایەدا نیم، کە تۆڵستۆی لەم میانەدا وێنای مۆراڵی گۆڕیبێ؛ دەتوانم زیاتر بڵێم، کە لە کاتی نووسیندا پتر گوێی لە دەنگێکی دیکە گرتووە وەکو لەوەی لە دەنگی قەناعەتی مۆراڵیی خۆی. گوێی لەوە دەگرت کە من حەز دەکەم حیکمەتی ڕۆمانی ناو بنێم. هەموو ڕۆمانووسە ڕاستەقینەکان گوێ لەم حیکمەتەی سەرووی شەخسییەوە دەگرن، لە بەر ئەوە ڕۆمانە گەورەکان هەمیشە تۆزێک لە نووسەرەکانیان زرنگترن. ئەو ڕۆمانووسانەی لە کارەکانیان زرنگترن دەبێ بە دوای کاری دیکەدا بگەڕێن.

بەڵام ئەم حیکمەتە چییە، ڕۆمان چییە؟ پەندێکی نایابی جوو دەڵێ: **مرۆڤ بیر دەکاتەوە، خودا پێدەکەنێ**. بە بەهرە وەرگرتن لەم

پەندە، بە خۆشحاڵییەوە وێنای فرانسوا ڕابەلییە دەکەم، کە چۆن ڕۆژێک گوێی لە پێکەنینی خودا بوو و بیرۆکەی یەکەمین ڕۆمانی گەورەی ئەوروپا لە دایکبوو. ئەو بیرۆکەیەم بە دڵە کە هونەری ڕۆمان وەکو زایەڵەی پێکەنینی خودا چاوی بۆ دنیا هەڵهێنا.

بەڵام بۆ خودا بە مرۆڤی بیرکەرەوە پێدەکەنێ؟ چونکە مرۆڤ بیر دەکاتەوەو و لەو میانەدا حەقیقەتی لە دەست دەچێ. چونکە بیرکردنەوەی یەکێک لە بیرکردنەوەی ئەوی دیکە دوور تر دەکەوێتەوە هەتا مرۆڤ پتر بیر بکاتەوەو. لە دواییشدا مرۆڤ هەرگیز ئەوە نییە کە بیری لێدەکاتەوە. لە سەرەتای سەردەمی نوێدا ئەم بارودۆخە بنەماکییەی مرۆڤی پاش چاخەکانی ناوەڕاست ڕووندەبێتەوە: دۆن کیخۆتە بیر دەکاتەوە، سانچۆ بیر دەکاتەوەو، نەک تەنیا حەقیقەتی جیهان، بەڵام حەقیقەتی خودی خۆیشیان لە دەست دەردەچێ. ڕۆماننووسە ئەوروپییە بەراییەکان ئەم بارودۆخە گۆڕاوەی مرۆڤیان بینی، لێی تێگەیشتنو هونەرێکی نوێیان بنیات نا، هونەری ڕۆمان.

فرانسوا ڕابەلییە شتی نوێکاریی زمانەوانیی زۆری دۆزییەوە کە لە دوواییدا ڕەوتی خۆیان لە زمانی فەرەنسیو زمانی دیکەدا دۆزییەوە، بەڵام بە دڵخەوە یەکێک لەم وشانە لە بیر چۆتەوە. ئەویش وشەی Agelaste یە، ئەم وشەیە یۆنانییەو بە یەکێک دەگوترێ کە هەرگیز پێنەکەنێو لە گەمە تێنەگا. ڕابەلییە ڕقی لە ئەگێلاستەکان دەبووەوە، لێیان دەترسا. گازندەی ئەوەی کرد کە ئەگێلاستەکان «هێندە بە

دژوارییو درێوانە مامەڵەیان لە گەڵ کردووە» کە خەریکبووە بۆ هەمیشە دەست لە نووسین هەڵگرێ.

لە نێوان ڕۆمانتووسو ئەگێلاسدا ئاشتی بەرقەرار نابێ. چونکە ئەگێلاستەکان هەرگیز گوێیان لە پێکەنینی خودا نەبووە، لەو بڕوایە دان، کە حەقیقەت ڕوونو ئاشکرایە، هەموو مرۆڤەکان دەبێ هەمان جۆر بیر بکەنەوە، خودی خۆیانیش هەر ئەوەن کە خۆیان بیری لێدەکەنەوە. بەڵام هەر لە بەر ئەوەی مرۆڤ ناتوانێ لە یەقینی حەقیقەتو سەلماندنی ئەوانەی دیکە دڵنیا بێ، دەبێتە فەرد. ڕۆمان بەهەشتی خەیاڵیی تاکەکانە. لە بواری خۆیدا هیچکەس بە تەنیا خودان حەقیقەت نییە، نە ئاناو نە کارێنین، بەڵام هەموویان، چی ئاناو چی کارێنین، مافی ئەوەیان هەیە کە مرۆڤ تێگەیشتنی بۆیان هەبێ.

لە کتێبی سێیەمی گارگانتواو پانتاگرۆێل، پانورگە، یەکەم ڕووخساری گەورەی ڕۆمانی ئەورووپی، ئەو پرسیارە ئازاری دەدا، ئایا زەماوەند بکا یان نا. دکتۆر، فالگرەوە، پرۆفیسۆر، شاعیر و فەیلەسووف دەکاتە ڕاوێژکار، ئەوانیش لە لای خۆیانەوە هیپۆکرات، ئەرستۆ، هۆمەر، هیراکلیت و پلاتۆن زیتات دەکەن. بەڵام پاش ئەم هەموو کنە درێژ و فراوانانانەی زاناکان، کە سەرجەمی کتێبەکە داگیر دەکەن، پانورگا هێشتا نازانێ ژن بێنێ یان نا. ئێمەی خوێنەریش نازانین، بەڵام ئێمە لە نێوان هەموو گۆشە نیگا شیاوەکاندا بیرمان لە باری لە هەمان کاتدا تراژیدیو جەوهەری مرۆڤێک کردەوە کە نازانێ ژن بێنێ یان نا.

فێرکاریگەرلیی ڕێیەلییە، هەر چەندە گەورەیە، مانایەکی لە فێرکاریگەرلیی دیسکارت جوداوازی هەیە. حیکمەتی ڕۆمان جیاوازە لە حیکمەتی فەلسەفە. ڕۆمان لە عەقڵی تیۆرییەوە لە دایکنەبووە، بەڵکو لە عەقڵی گەمەوە لە دایکبووە. ئەوروپا تووشی نسکۆ بوو بەوەی کە هەرگیز لە ڕۆمان کە لە هەموو هونەرەکانی دیکە ئەوروپیترە تێنەگەیشت، نە لە ڕۆحی، نە لە مەعریفە و نە لە دۆزینەوە سەروەمرەکانی، نە لە سەربەخۆیی مێژووەکەی. ئەم هونەرەی لە لایەن خەندەی خوداوە بەهرەی پێبەخشراوە بە جەوهەری خۆی لە یەقینی ئایدیۆلۆژی ناوابەستەیە، بەڵێ تەنانەت پێچەوانەشێتی. وەکو پێنۆلۆپە شەوانە ئەو داوانە دەکاتەوە کە لە ڕۆژی پێشوودا تیۆلۆگ (ئاینزان)ەکان، فەیلەسووف و زاناکان چنیبوویان.

لەم دواییانەدا بۆتە عادەت، سەدەی هەژدە بە نەفرەت بکرێ، مرۆڤ بووردەباری ئەو کلێشەیەش بووە، گولیە بەدبەختیی تۆتالیتاریزمی ڕووسی کارێکی ئەوروپایە، دەیگێڕنەوە بە تایبەتیی بۆ عەقلانییەتی ئەتایست (نکۆڵیی لە بوونی خوداکردن)ی ڕۆشنگەریی، دەیگێڕنەوە بۆ بڕوا بوونیان بە دەستەڵاتی ڕەهای مەنتیق. من خۆم بە شارەزا نازانم لە گەڵ ئەو خەڵکانەدا مشتومڕ بکەم، کە ڤۆڵتێر بۆ گولاگ بە لێپرسراو دەزانن. بەڵام من خۆم بە شارەزا دەزانم بڵێم: سەدەی هەژدە تەنیا سەدەی ڕۆسۆ، ڤۆڵتێر و دو هۆلباخ نییە، بەڵکو (ئەگەر پێش هەموو شتێکیش نەبێ) سەدەی فیدلینگ، ستێرن، گوێتەو لاکلۆێسە.

لە هەموو ڕۆمانەکانی ئەو کاتە **تریسترام شاندی** لاورێنس ستێرنم لە هەموو پێخۆشترە. ڕۆمانێکی سەیرە. ستێرنە بە پارانەوە لە شەو دەست پێدەکا، ئەو شەوەی کە تریسترامی تێدا خولقێنراوە، وەلی هێشتا دەستی بە گێڕانەوەی نەکردووە، بیرۆکەیەکی نوێ لاسی دەدا، کە بۆ هاوپەیوەندکردنێکی ئازادانەی بیرکردنەوەیەکی دیکە ئاراستەی بکا، کە لە دواییدا لە گێڕانەوەیەکی کورتی خۆشدا سەرچاوە دەگرێ، بە جۆرێکی لادانێک بۆ ئەوی دیکە دەگوازرێتەوەو تریسترام، پاڵەوانی کتێبەکە نزیکەی سەد لاپەڕە لە بیر دەکرێ. مرۆڤ دەتوانێ لەم جۆرە گێڕانەوە سەیر و سەمەرەیە وەکو گەمەیەکی ساکاری شێوە بڕوانێ. بەڵام لە هونەردا شێوە هەمیشە لە شێوە زیاترە. هەموو ڕۆمانێک بمانەوێ‌و نەمانەوێ وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە: بوونی مرۆڤ چییە؟ شیعری ئەم بوونە لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە؟ هاوچەرخەکانی ستێرنێ، بۆ نموونە فیدلینگ، پێش هەموو شتێک دەیانزانی لەزەت لە سەرنجڕاکێشانی ڕووداو و سەرچڵیی وەرگرن. ئەم وەڵامەی کە مرۆڤ دەتوانێ لە ڕۆمانی ستێرنێ بیچنێتەوە، بە جۆرێکی بە تەواوەتی دیکەیە: بە ڕای وی شیعر لە ڕووداودا نییە، بەڵکو لە **بڕینی ڕووداو**دایە.

لەوانەیە دیالۆگێکی گەورە ناڕاستەوخۆ لە نێوان ڕۆمان و فەلسەفەدا ڕێچکەی بەستبێ. عەقڵانییەتی سەدەی هەژدە لە ڕستە ناودارەکەی لایبنیتسەوە سەرچاوە دەگرێ nihil est sine ratione . **هیچ**

**شتێك لەوەی هەیە بێ هۆ نییە**. ئەو زانستەی لەم قەناعەتەوە بزوێنراوە شێلگیرانە **چییەتی** هەموو شتێک دەپشکنێ، بە جۆرێکی هەموو شتێکی کە هەیە، مایەی ڕوونکردنەوەیە، واتە حیسابی دەربەکەوێ. ئەو مرۆڤەی کە دەیەوێ ژیانی مانایەکی هەبێ، دەستبەرداری هەموو ڕووداوێکی بێ هۆکار و بێ ئامانج دەبێ. هەموو بیۆگرافیاکان لە سێبەری ئەم گۆشە نیگایەوە داڕێژراوون. ژیان لە هەمان کاتدا وەکو جێپەنجەی تیشکی هۆکار، کاریگەریی، نسکۆ و سەرکەوتن دەربەکەوێو، مرۆڤیش کە بێتەحەمولانە دووی زنجیرەی هاوپەیوندییەکانی ڕووداوەکانی دەکەوێ، ڕاکردنی شێتانەی بەرەو مەرگ خێراتر دەکا.

بە هۆی ئەم سنووردارکردنەی جیهان بۆ بە دوواییەکداهاتنێکی هاوپەیوەندیی ڕووداوەکان ڕۆمانەکەی ستێرنەس لە ڕێی شێوەکەیەوە دەیسەلمێنێ، کە شیعر لە ڕووداودا نییە، بەڵکو لەوێدایە کە ڕووداو کۆتایی دێت؛ لەوێدایە کە پردی نێوان هۆکار و کاریگەریی ڕووخاوەو بیرکردنەوە لە ئازادییەکی تەمەڵانەی نایابدا دێت و دەچێ. ڕۆمانەکەی ستێرنەس دەڵێ شیعری وجود لە گەڕاندایە. لە حیساب بۆ نەکراودایە. لە دەرەوەی هاوپەیوەندیدایە. Sine ratione، بێ هۆیە. لە دەرەوەی دۆزەکەی لایبنیتسدایە.

کەواتە مرۆڤ ناتوانێ حوکم بە سەر عەقڵی سەدەیەکدا تەنیا بە ئیدێکانی، تەنیا بە بەرنامەڕێژییە تیۆرییەکانی بداو هونەر، بە تایبەتی

ڕۆمان ڕەچاو نەکا. سەدەی نۆزدە شەمەندەفەری دۆزییەوە و هێگل لەو قەناعەتەدا دەرکی بە سەرجەمی عەقڵی مێژووی جیهان کردووە. فلاوبێرت گەمژەیی دۆزییەوە. دەمەوێ بانگاشەی ئەوە بکەم کە ئەمە گەورەترین دۆزینەوەی سەدەیەکە، کە هێندە شانازیی بە مەنتیقی زانستییەوە بکا.

بێگومان لە پێش فلاوبێرتیشەوە بوونی گەمژەیی گومانی لێنەدەکرا، بەڵام مرۆڤ بە جۆرێکی دیکە لێی تێدەگەیشت: سووکو ئاسان وەکو کەمیی زانست، وەکو هەڵەیەکی کە لە ڕێی فێرکردنەوە لابرێ. بە پێچەوانەوە لە ڕۆمانەکانی فلاوبێرتدا گەمژەیی ڕەهەندێکی لە بوونی مرۆڤ جودا نەکراوەیە. گەمژەیی بە درێژایی ژیانی هاوڕێی ئێمای داماوە هەتا نوێنی خۆشەویستیو هەتا نوێنی مردنیشی، کە دوو ئاگێلاستی دژوار، هۆمایسو بورنیزیان بە سەرییەوە وەستاوونو وەکو وتاری مەرگ بە درێژدادرپی کاڵفامیی بێمانا دەکەن. بەڵام ڕاچڵەکێنترین، ئابڕووبەرانەترین لایەنی وێنای فلاوبێرت بۆ گەمژەیی دەبێ ئەوە بێ، کە گەمژەیی لە لایەن زانست، تەکنیک، پێشکەوتن، مۆدێرنێتەوە چەپەر ناکرێ، بەڵکو بە پێچەوانەوە لە گەڵ گەشەسەندندا ئەم خۆیشی گەشە دەکا!

فلاوبێرت بە بەدبییەکی پڕ جۆشو خرۆشەوە ئاراستەی ستیریۆتیپی کۆدەکردەوە، ئەو خەڵکانەی دەورویەری کە ڕوویان تێدەکرد، بۆ ئەوەی وەکو ژیر و خانەدان حسێبیان بۆ بکرێ. بەم جۆرە **فەرهەنگی ئاخاوتنە**

**پووچەکانی** بەناوبانگەکەی سەریهەڵداوە. با ئەم سەربێڕە بەکاربهێنین بۆ ئەوەی بڵێین: گەمژەیی مۆدێرن نە-زانیی نییە، بیر-نەکرنەوەیە، بیر-نەکرنەوەیە لە ئاخاوتنە پووچەکان. دۆزینەوەی فلاوبێرت بۆ پاشەڕۆژی جیهان لە بیرۆکە شۆڕشگێڕییەکانی مارکس و فرۆید گرنگترن. چونکە مرۆڤ دەتوانێ ئاینده بە بێ خەباتی چینایەتیو دەروونشیکاریی وێنا بکا، بەڵام نەک بە بێ پەرەسەندنی بەردەوامی ئەو ئاخاوتنە پووچەی دەرخواردی کۆمپیوتەرەکان دەدرێو لە لایەن ماسمیدیاوە بڵاو دەکرێنەوە، کە لەوانەیە بەم زووانە ببنە دەستەڵاتێک، کە هەموو شتێکی ئەسڵیو بیرکرنەوەی تاک بە ژێرەوە دەکات، بەمەش جەوهەری ڕاستەقینەی کەلتووری ئەورووپی سەردەمی نوێ دەخنکێ.

نزیکەی هەشتا ساڵ پاش ئەوەی فلاوبێرت ئێما بۆڤارییەکەی بیر لێکردەوە، لە سییەکانی ئەم سەدەیەماندا، ڕۆمانتووسێکی گەورەی دیکە، هێرمان برۆخ، باسی خەباتی پاڵەوانانەی ڕۆمانی مۆدێرن دژی شەپۆلی کیچ دەکا، کە لە دواییدا دەبێتە قوربانیی. وشەی کیچ تەعبیر لە هەڵوێستی مرۆڤێک دەکا، کە بە هەر نرخێک بێو هەر چی چۆنێ بێ بە دڵی خەڵکێکی زۆر بێ. بۆ ئەوەی پەسەند بکرێ، دەبێ هەموو ئەو شتانە بسەلمێنرێ کە هەموو کەسێک ئارەزووی گوێلێبوونی هەیە، مرۆڤ دەبێ ستایشی ئاخاوتنە پووچەکان بکا. کیچ گواستنەوەی گەمژەیی ئاخاوتنە پووچەکانە بۆ زمانی جوانییو عاتیفە. دەمانگەیەنێتە ڕشتنی فرمێسکی نیگەرانیی بۆ خودی خۆمان، دەربارەی ئەو شتە هیچو

پووچانەی بیری لێدەکەینەوەو هەستی پێدەکەین. ئەمڕۆ، دوای پەنجا ساڵ ڕستەکەی برۆخ لە هەموو کاتێک ڕاستترە. چونکە مرۆڤ لە هەموو حاڵەتێکدا ویستی بە دڵی خەڵک بێو چاودێرییەکی زۆری شیاو بۆ لای خۆی بووروژێنێ، ئیستاتیکای ماسمیدیا بۆتە ئیستایکای کیچو، بەو ئاستەی ماسمیدیا سەرجەمی ژیانمان پاوانو سەرجەمی ژیانمان دەسمێ کیچ دەبێتە ئیستاتیکای ڕۆژانەو مۆراڵمان. تا ماوەیەکی کەمی پێش ئێستا مۆدەرنیزم واتای: شۆڕشی خۆنەگونجاندن دژی ئاخاوتنە پووچەکانو کیچی دەگەیاند. ئەمڕۆ مۆدێرنێتی لە لایەن ماسمیدیای زۆر زیندووەوە هەڵدەمژرێو، مۆدێرن بوون واتا،، زۆر زۆر لە خۆ بکەی بۆ ئەوەی هاوچەرخ بی، گونجاو بی، گونجاوتر لە هەموو گونجاوەکان. مۆدێرنیتی خۆی بە بەرگی کیچ پۆشیوە.

ئەگەلاستەکان، بیرنەکردنەوەی ئاخاوتنە پووچەکانو کیچ هەمان دوژمنی سێسەری هونەرن، کە وەکو زایەڵەی پێکەنینی خودا سەریهەڵداوە و دەیەوێ ئەو پانتاییە خەیاڵییە سەرنجڕاکێشە بخولقێنێ، لەوێدا کە کەس خودان حەقیقەت نییەو هەموو کەس مافی ئەوەی هەیە لێی تێبگەین. ئەم پانتاییە خەیاڵییە هاوکات لە گەڵ ئەوروپای مۆدێرندا سەریهەڵدا، وێنەی ئەوروپایە یان بە لای کەمەوە خەونی ئێمەیە بۆ ئەوروپا، خەونێکی هەمیشەو دووبارە خیانەتلێکراو، بەڵام خەونێکی خەملێنەر، کە ئێمە هەموومانی لە برایەتییەکدا یەکخست، کە باڵی بۆ مەودای فراوانی دەرەوەی ئەم کیشوەرە بچووکەی ئەوروپادا کێشاوە.

بەڵام ئێمە دەزانین، کە ئەم جیهانەی کە تاک تیایدا ڕێزی لێدەگیرێ (جیهانی خەیاڵیی ڕۆمانو جیهانی واقیعی ئەوروپا)، شکستەیەو بە ئاسانیی شلوێ دەبێ. لە ئاسۆدا پۆلە ئەگەلاست وەستاون، خۆیان ماتداوە. منیش لەم قۆناغەی شەڕە جارِ بۆ نەدراوە بەردەوامەکاندا، لەم شارەدا بە چارەنووسە دراماتیکیو دژوارەکەیەوە بڕیارمدا تەنیا باسی ڕۆمان بکەم. لەوانەیە ڕوونبوویێتەوە، کە مەبەستی من نەبوو چاوم لە ئاست پرسیارە بە ناو گرنگەکانەوە دابخەم. چونکە لە گەڵ ئەوەیش ولم بۆ دەردەکەوێ کە کەلتووری ئەوروپی لە دەرەوەڕاو لە ناوەوەڕا ، لە ژێر هەڕەشەدایە لە بەنرخترین، واتە لە ڕێزگرتنی لە تاک، لە ڕەسەنایەتی بیرکردنەوەی و مافی لە ژیانێکی تایبەتی دەستلێنەدراودا، بە ڕای من بە نرخترین جەوهەری ڕوحی ئەوروپی لە مێژووی ڕۆماندا، لە حیکمەتی ڕۆماندا بۆ هەتا هەتایە هەڵگیراوە. من خۆم لەم وتاری سوپاسگوزارییەمدا بە قەرزاریاری ئەم حیکمەتە دەزانم. بەڵام کاتی ئەوە هاتووە بگەمە کۆتایی. بەڵام خەریکبوو ئافەرۆزی ئەوە بکەم، کە خودا پێدەکەنێ کە من لە بیرکردنەوەدا دەبینێ.